مامۆستای کورد

١٠



پاییزی ١٩٩٠

Mamostay Kurd

10



Autumn 1990

مامۆستای کورد

ژمارە ١٠
پاییزی ١٩٩٠

سەرنووسەر:
فەرهاد شاکەلی

ناونیشان: Address
Mamostay Kurd
Box 615
191 26 Sollentuna
Sweden

ژمارەی پۆستگیرو:
Postal Giro Nr. / Postgironr 43 55 59 – 0

ناوەڕۆک

٣	نامە	٥٠	لە بناری زاگرۆسەوە دەهاتیت: دۆست
٧	یادێکی نهێنی: سەیید تاهیری هاشمی	٥١	مووسا گەرمیانی
٨	ڕێنووسی مامۆستای کورد	٥٢	هەڵۆی بەرزەفڕ: مووسا گەرمیانی
١٠	نامەکانی شێخ مەحموود: محەمەد حەمەباقی	٥٤	بەرد لە جێگای خۆی سەنگینە: ن. ڕەزازی
١٦	لەودیو پەرژینی تەمەوە: کاکەوەیس	٥٨	دەیەم مۆمی ئەوین: دایکی ئامانج
٢٢	نۆما: نەجیبە ئەحمەد	٥٩	ڕانانی کتێبان
٢٥	مەزن: پشکۆ	٦٤	کاک ئەمیر چۆن ...: پ. موکریانی
٢٦	خۆپاراستن لە نەخۆشی...: د. عەلائەددین	٦٨	دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی
٣٤	ژوانی ئاغا: هێمن	٧٠	ئاش هەر دەگەڕێ و ...: بەهادین نووری
٣٨	چەند ڕامانێک لە کتێبی مەحووی: ر. سیوەیلی	٧٥	پرسیار: نەزەندەگی خانی
٤٦	عیففەتی قازی	٧٥	بێدەنگیی پرسیارێک...: بەختیار
٤٧	بروسکە: ئامانج شاکەلی	٧٦	بەسەرکردنەوە
٤٩	شۆڕەبی: مارف ئاغایی	٧٧	وەرامی دۆستان
٤٩	بەجێم مەهێڵە: عەزیز کەیخوسرەوی	٧٩	کتێبخانەی مامۆستای کورد

مامۆستای کورد – ژمارە ١٠ – لاپەڕە ٢

نامـە

...سۆسیالیزم نیشانەی دواکەوتن و وەستانە لە شوێنی خۆدا، دژی گۆڕان و گۆڕانکارییە... هەر خەریکی جاسووسی و دژی مافی مرۆڤایەتین، دژی ئازادین، دژی دەنگدانن.

بەسە بەس، ئەوانەی دیفاع لە کۆمۆنیزم دەکەن، با بچن لەوێ ببنە پەنابەر، تا پرۆلیتاریا و کرێکار حوکمیان بکات. با ئەوەندە لافی مارکسیزم لێ نەدەن لەناو وڵاتی سەرمایەداریدا.

زانا– هێلسینکی– فینلەندا
١٩٩٠/٥/٢٣

* * *

لە هەمووی زیاتر هەڵوێستەکەی هەڵەبجەم بەدڵ بوو. من وەک خوێندکارێک نەئەچووە ئەقڵمەوە کە یەکێک چەک هەڵبگرێ و ناو لەخۆی بنێ شۆڕشگێڕ، دەست بکات بە تاڵانکردنی مردووان. من لێرەدا باسی شەڕی براکوژی هەر ناکەم کە هەردەم لە سوودی پێشەواکانمان و لە بەرژەوەندیی ئەوان و دوژمنەکانمان بووە، دەبێت زۆرجار بگەڕێینەوە سەر ئەو باسە و قەت نەڵێین با کای کۆن بە بادا نەکەین. گەر دەمانەوێ مێژووی گەلەکەی خۆمان بنووسین و ئەوەی داهاتوومان پێ بگەیەنین، دەبێت ڕاستییان تێبگەیەنین. با چیتر پاڵەوانە دلێرەکانمان لە پێناوی سەرۆک پارتەکاندا گیانیان فیدا نەکەن، با گیانیان لە پێناوی کوردستاندا فیدا بکەن، جا با ئەو کاتە بزانین پاسدار ئەگاتە کەرکووک و هەولێر و یا دەستی بۆگەنی بەعس ئەگاتە مەهاباد و ورمێ!!

بە ئەرکی سەرشانی خۆمی دەزانم وەڵامی هاوڕێی پەنابەری ئەسفەهان بدەمەوە کە دەڵێ: دەبێ رووس بە دوژمنی کورد دابنێین! جا کاکە گیان، وادیارە دوژمنان کەمن تا سۆڤیەتیشی بخەینە پاڵ، بمانەوێ و نەمانەوێ سۆڤیەت یەکێک لە پێنج ئەندامە سەرەکییەکانی وڵاتە (نەتەوە) یەکگرتووەکانە. لام وابێت پێویستە زیاتر خۆمان لێیان نزیک بکەینەوە باشترە لەوەی دژایەتییان بکەین.

دوا هیواشم ئەوەیە کە پێش ئەوەی دەست بدەینە شۆڕشی چەکداری پێویستە ڕوو لە شۆڕشی ڕۆشنبیری بکەین بۆ ئەوەی زیاتر تێبگەین لە پێناوی چ جۆرە کوردستانێکدا گیانمان فیدا ئەکەین.

کاروان– وارشۆ– پۆلۆنیا
١٩٩٠/٥/١٩

* * *

بە بیروڕای من و زۆر لەو کەسانەی کە مامۆستای کوردیان دیوە و خوێندووە دەشێ بڵێین: گۆڤارەکە زۆر ڕێکوپێک و سەرکەوتووە و جێگای ڕێز و سوپاسە. هیوادارین هەر بەو شێوەیە کە تا ئێستا بووە و دەردی دڵی گەلی زۆرلێکراوی کوردی پێشان داوە و بەدوای چارەسەرکردنی ئەم دەردە هەوڵی داوە، بەردەوام بێ. تەنها تکامان ئەوەیە کە بە داهاتوو هیوادارمان کەن و مەهێڵن سەبارەت بە داهاتووی گەلی کورد، بەتایبەت لەم ئاڵۆگۆڕەی ئێستادا کە دەورانی چارەسەرکردنی دەردی میللەتگەلە (دەورەی ڕزگاربوونی میللەتەکان لە ژێر چەپۆکی ئەمپریالیزم و کۆمۆنیزم)، هیوای ئێمە ڕەنگزەرد بێت.

ع.– سنە، کوردستان
٦٩/٢/٦

* * *

برایان: نامەکەتان بە ئادرێسی مەهاباد بەدەستم گەیشت، بەڵام بەداخەوە گۆڤاری دەگەڵ نەبوو، لەپێست ڕایان گرتووە. داواتان لێ دەکەم بە ئادرێسی مەهاباد هیچ مەنێرن، چوون بەدەستم ناگات.

س. ح. مەهاباد

* * *

... زۆر بە دڵخۆشی و دڵفراوانییەوە پیرۆزبایی لە مامۆستای کورد دەکەم، بە هیوای تەمەنی درێژم بۆ گۆڤارەکە. ئەو مامۆستای کوردەی توانیوێتی جێی خۆی لەنێو لاوانی کوردی ئاوارەدا بکاتەوە و بۆتە مایەی شانازی بۆ هەموو لایەک، ئەویش بە هۆی دیموکراسییەتەوە. ئەوەی ڕاستی بێت دیموکراسی بووەتە نان و ئاو بەسەر زاری لاوانی کوردەوە. هەر بەهۆی نەبوونی دیموکراسی لەناو ڕێزەکانی پارت و ڕێکخراوە کوردییەکاندا، بۆیە لاوان ڕوو دەکەنە مامۆستای کورد و ئەوەی دەیانەوێت زۆر بە ئازادانە و زۆر بە دڵفراوانییەوە دەری ببڕن. ئەوەی چەند ساڵە ویستوویانە باسی بکەن و لەناو مێشکیاندا پەنگی خواردووەتەوە، نەیانتوانیوە بەقەدەر نووکی دەرزییەک هیچ شتێک باس بکەن. ئەوەتا ئێستا بەرچاومان دەکەوێت و بەوپەڕی ئازادییەوە ئەوەی دەیانەوێت باسی دەکەن.

ح. ئاوات– دانمارک
١٩٩٠/٨/٣

* * *

شتێکی بەڵگە نەویستە کە تا چینایەتی و ناکۆکییە چینایەتییەکان و نەتەوەی سەردەست و ژێردەست هەبێ، دوو سەنگەری دژ بەیەکیش دەبن:

– سەنگەری شۆڕشگێڕی و نوێخوازی و بەرەی چەوساوە و

مامۆستای کورد – ژمارە ١٠ – لاپەڕە ٣

ژێردەست و زۆرلێکراو، لە بوارەکانی خەباتی چەکداری، رامیاری، «ئایدۆلۆژی» بیروباوەڕ، ئابووری، وێژە، هونەر.

– سەنگەری تاوان و ناپاکی و کۆنەپەرستی و دژ بە شۆڕش و سەگی پاسەوانی داگیرکەران و ئیمپریالیزم، لە خەباتی چەکداری، رامیاری... هتد.

لەناو ئەتەوە ژێردەستەکەی ئێمەشدا ئەم دوو سەنگەرە بە ئاشکرا دەبینرێن و کار دەکەن. تەنانەت لەو کۆمەڵە خەڵکەی کە وەک پەنابەر روو دەکەنە وڵاتانی ئەورووپا و ئەمەریکا لە هەردوو سەنگەرەکانی تێدایە و درێژە بە کارەکانی خۆیان ئەدەن. بەڵام گۆڤاری مامۆستای کورد، وەک دەڵێن ناوی زل و دێی وێران، زۆربەی نووسەرەکانی دوژمنی کورد و کوردستان و دڵسۆزی کۆنەپەرستان و بەکرێگیراوی داگیرکەران و خامە (قلم) فرۆشانی کوردستانن. ئەمانە بیانەوێ یان نەیانەوێ، خۆشیان بێ یان ترشیان بێ، بەم نووسین و کارانەیان لە خزمەتی کۆنەپەرستان و داگیرکەرانی کوردستانن و لەلای خەڵکی شۆڕشگێڕ و ئەتەوەی کوردیش بێزلێکراو و رووڕەشن.

کۆمەڵێ کەسانی خۆفرۆش و ترسنۆک و بەزیو و هەڵاتوو و دوور لە گۆڕەپانی خەباتی ئەتەوە ستەمدیدەکەیان لە گۆڤاری مامۆستای کورددا تۆوی دووبەرەکی و ئاژاوە نانەوە بڵاودەکەنەوە و لە بڵندگۆ (مکبرە)ی مامۆستای کوردەوە بانگی نارەوا و دژایەتیکردنی کورد و شۆڕشەکەی بە گوێی دڵسۆزانی کورد و رای گشتی جیهانیدا ئەدەن.

گۆڤاری جاش و بەکرێگیراوە کوردەکانی بەزیو لە گۆڕەپانی خەبات و تێکۆشان، «مامۆستای کورد»، هاوپەیمانێتی و کلکایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان– عێراق لەگەڵ رژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران کە راوی کەسانی شۆڕشگێڕ و پێشمەرگەکانی کۆمەڵە و دیموکراتی دەکرد بە راست و رەوا دەزانێ، بەڵام هاوپەیمانێتییەکی دامەزراو لەسەر ستراتیژی خزمەت بە ئەتەوەی کورد و شۆڕشە رەواکەی لەلایەن یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران، بە نارەوا و سووری بەر لەشکر دەزانێ.

تێبینی: ئەم نامەیەم بۆ ئەوە نەنووسیوە کە بڵاوی بکەنەوە، بۆ ئەوەی ئاگاداری نرخی خۆتان و گۆڤارەکەتان بن. لەناو خەڵکی چاوساوە و ستەمدیدەی کوردستان نرختان زۆر دابەزیوە.

هاوڕێ ئەحمەد محەمەد
کانی دینار– مەریوان
١٩٩٠/٦/١٥

* * *

من هەر لەو رۆژەوە کە کوردستانی خۆشەویستم جێهێشتووە و لە سوێد نیشتەجێ بووم، هەر کوتە کاغەز و کۆنە رۆژنامەیەک، یان گۆڤار و کتێبێکی کە لە دەرەوەی وڵات بە کوردی نووسرابێ و بەرچاوم کەوتبێ، یان لێرولەوێ لە ئەم و ئەوم بیستبێ خێرا قۆزتوومەتەوە، کۆم کردوونەتەوە، شانم لێ داخستووە و بەرم لێ گرتووە. بە لەسەرەخۆیی لە سەر هەتا خوارێیم خوێندۆتەوە، چەندجار بە وردی دێر بە دێرم وەرداوەتەوە، لام وایە هەتا ئێستا گۆڤارەکەی مامۆستای کورد تەنیا نووسراوەیەکە کە بە تێڕادیوی و راشکاوی، بەبێ دابێژان و پاڵاوتن یان سانسۆر و سەروگوێ قرتاندن بڵاوکەرەوەی بیر و بۆچوونە جۆربەجۆر و رەنگاوڕەنگەکانە. بوونی وەها گۆڤارێک بۆ ئێمەی کورد لە دەرەوەی وڵات، کە هەمیشە لە لایەن دوژمنانەوە لە ترسان یان لە برسان بێدەنگ کراوین، زەمانمان بەستراوە، هاوارمان لە گەروودا خنکێنراوە، خامە شکاو و دەفتەر دڕاوین، شتێکی زۆر باش و بەکەڵکە. فرسەتێکی لەبار و هەڵکەوتووە بۆ ئەوەی رووناکبیرە ژیر و زاناکانمان دوور لە ناوچەگەرایی و شەخس پەرستی و تەعەسوباتی گروهی بیروباوەڕی راستەقینەی خۆیانی تێدا ئاڵ و گۆڕ بکەن، بە شێوەیەکی زانستیانە و هەمەلایەنە و خزماڵییانە لە شکست و نشستەکانی گەلەکەمان بکۆڵنەوە، هۆ سەرەکییەکانی بدۆزنەوە و لەبەر تیشکی ئەو زانیارییانە و بە کەڵک وەرگرتن لە ئەزموونی گەلانی سەرکەوتوو و پێشکەوتووی ئەم سەردەمییە رێگایەک بۆ رزگاریی کوردی هەژار ببینەوە.

هیوا کەریمی– سالا– سوێد
١٩٩٠/٨/٦

* * *

دەردی دڵێکی سادقانە

ئەو کەسانەی شتێکیان لە دنیا لێ حاڵی بووە و خزمەتێکیان بۆ گەلی خۆیان یا بۆ دنیا لەدەست هاتووە، بەو ئەتیجەیە گەیشتوون کە «ئینسان» ئەسڵ و بناغەیە و باقی شتەکان (وەک: حکوومەت، سیاسەت، دین، حیزب، ئیقتیساد و ... هتد) هەمووی فەرعن و لە خزمەت ئەسڵەکەدان. هەرکام لەوانە ئەگەر رۆژێک بە کاری ئینسان نەهاتن زۆر بە بێ ترس و نیگەرانی دەبێ شەقێکیان لێ دەین و دووریان فڕێ دەین. پێم وایە ئەوە راستەقینەیەکە کە هیچ کەس ناتوانێ نەیسەلمێنێ. پیاوی تێگەیشتووی وەک جەواهر لەعل نەهرۆ کە فیکری سۆسیالیستی هەبوو، هەرگیز حازر نەبوو میللەتەکەی لە پێناو ئەو باوەڕە سیاسییەوە بنێ، بەڵکە بە ئاشکرا لە وتوێژێک کە لەگەڵ –تیبورمەند– کردوویەتی و لە کتێبی (اندیشەهای نهرو – ترجمەء محمود تفضلی) چەندین جار چاپ و بڵاوکراوەتەوە، دەڵێ: ئەمن بیروباوەڕە سیاسییەکەی خۆم بە وەبەرچاوگرتنی فەرهەنگی گەلی هیند، دینی گەلی هیند، ئاداب و نەریتی گەلی هیند دەبێ و هەرگیز حازر نیم گەلەکەم فیدای ئەو مەکتەبە بێ، بەڵکوو دەبێ ئەو مەکتەبە لە خزمەت گەلی هینددا بێ.

لەوەتا مەسەلەی داگیرکرانی ئێران لە شەهریوەری ساڵی ١٣٢٠ی هەتاوی (١٩٤١ی زایینی) هاتۆتە پێش و لە کوردستانی ئێران تۆوی مەرامەی کومونیستی چێندراوە، تا ئەوڕۆ هیچ بزووتنەوەیەکی کوردی نەبووە کە یا موستەقیمەن یا غەیرە موستەقیمەن لە ژێر نفووزی ئەو بیروباوەڕە نەبووبێ. لە ئاخری هەر بزووتنەوەشدا لەو فیکرەدا غەیری زیان و زەرەر و خەیانەت هەرگیز شتێکی دیکە نەبینراوە، زۆر سەیرە کە بۆ گەلی کورد، بەتایبەت ئەوانەی خۆیان کردۆتە رێبەر و مام ئورتکی ئەو گەلە دەرس وەرناگرن؟ بۆ ناڵێن کە خەڵک لە خزمەتی ئەو فیکرەدا نییە، بەڵکو ئەو فیکرە دەبێ لە خزمەت خەڵکدا بێ؟ ئایا ئەو راستییە ناسەلمێنن کە فیکر و مەکتەب و حیزب دەبێ لە خزمەت خەڵکدا بێ؟

یا پێیان وایە کە تەواوی خەڵکی کورد دەبێ فیدا بکرێ و لەناو بچێ تا حیزبی کومونیست بمێنێ؟ ئەو حیزبە نزیک (٧٠) ساڵی ئیمتحان دا، نیزیک بە سی ساڵ لە رۆمانیا ئەو حیزبە بە طەریقی عیلمی وڵاتی بەڕێوە برد، تەواوی گۆشە و کەناری مەملەکەتی بە چەنگاوە بوو، لە کودەکستان و مەدرەسەی سەرەتایی و ناوەندییەوە بگرە تا دەگاتە ئاخرین پلەی دانشگا و ئیدارات و ئەرتەش و رادیۆ و تەلەڤزیۆن و رۆژنامە و مانگنامە و ...هتد، پۆلیسی مەخفی (وەک ئیستخبارات و ساواک و ...) ئەفەسیان لە هەموو نەفەسکێشێکی موخالیف چنی بوو، ئەدی بۆ وای لێ بەسەرهات؟

ئەلئانیش لەناو ئێمەی ئەگبەت، دەستەیەکی لە پاپ کاتۆلیکتر حازر نین ددان بەو راستییەدا بنێن و بڵێن بابە ئەشهەدو ئەو فیکرە دیارە جێگەیەکی عەیبدارە دەنا بۆچ وای لێ بەسەرهات؟ ئەوە کە عەقڵی سەلیم دەیسەلمێنێ. بەڵام وەکو لە لایەن ئەحزابی لەناوچووی رۆمانیا و باقی وڵاتەکانی دیی بەکرێ گیرابن، لە ئێران و لە کوردستان کە بە سەدان کیلۆمەتر لەو وڵاتانە دوورن، وەها مەسەلەکە لێک دەدەنەوە کە باوەڕ بفەرموون لە خودی ئاغای گۆرباچیف بپرسی ئاوای وەڵام پێ نادرێتەوە!

حازر نین بڵێن کە رێگەکە هەڵەیە، دەڵێن خەڵکی رۆمانیا جارێ نەگەیشتۆتە ئەو پایە و پلەیە کە لیاقەتی حکوومەتی کومونیستیان بێ!! (نامەکە جێی نابێ دەنا دەبوو پازدە عەلامەتی تەعەجووبم بەدوای یەکدا دانابا)، یان دەڵێن سەدان فاکتور باعیسی ئەو رووداوە بوون کە لە رۆمانیا هاتە پێش. بەڕاستی رێبەرانی گیراو و هەڵاتووی رۆمانیا بۆچ نایەنە ئێرە و ئەو تاقمە بەوەکیل (پاریزەر)ی خزیان ناگرن؟

تا ئەوڕۆ زیاتر لە چل ساڵە کە گەلی کوردی بێچارە لەو رێبازەوە زەرەر وزیانی گەورە دەبینێ، زیانی وا کە جوبران کردنەوەی مەحاڵە. ئایا حەیف نییە کە لاوی تازە پێگەیشتووی کورد، لەبەر خاتری چەند فۆرمول و قسەی کۆنەشەیی کە هەر ئێستا لە خودی سۆڤیەت و باقی وڵاتە کومونیستەکان ئەو فورمولانەیان بەو سوورمەتە قەبووڵ نییە و خەریکن راستە و پاستەی دەکەن، لە ئێران یان عێراق یان تورکیا بچنە بن داری ئیعدام و یان بن گوللەی جوخەی ئیعدام؟ لە حاڵێکدا کە سەروەت و ئەساسی میللەتی کورد ئەو لاوە تازە پێگەیشتووانە و ئەو جەوانە پڕ شۆڕ و خوێنگەرمانەن؟ بەڕاستی بەس نییە؟ کەنگێ وەخەبەر دێین؟ لەنێو تەواوی گەلانی پێشکەوتووی دنیادا مەکتەب و فیکر لە خزمەت خەڵکدایە، تا کەنگێ لە نێو ئێمەی بێچارە خەڵک بە پانەوە لە خزمەت مەکتەب و حیزب و فیکری سیاسیدا بن؟ ئەویش ئەو فیکرە خاوێنە؟ زۆر سەیرە کەسێکی لە ئەوسەری دونیا دانیشتووە لە خۆشترین جێگا، ئازاد بە مەعنای تەواوی کەلیمە، دوور لە خەتەر، هەرگیز لە رۆژی خەتەر و تەنگانەدا لەناو گەلی خۆیدا نەبووە، لە هیچ ئینتیخابات و دەنگدانێکدا خەڵک ئەویان بە نوێنەری خزیان هەڵنەبژاردووە، لەوێش را دەست لەکۆڵ ئەو خەڵکە نەگبەتە ناکاتەوە، قسەی رەنگ و روو چووی ٦٠ یا ٧٠ ساڵ لەوەپێشی یەکێتی سۆڤیەت بۆ خەڵک کاوێژ دەکاتەوە وەک نۆبەرەی بۆ هێنابن. گۆرانی نیشتمان پەروەر، گۆرانی شاعیر، گۆرانی کومونیست!! نازانم ئەو تەقسیمکردنەی شاعیری نەمر گۆرانیان چۆن درووست کردووە؟

مەنزوور لەو دەردی دڵە، خوا خۆی ئەزانێ کە دوژمنایەتی لەگەڵ هیچ کەس نییە، تەنیا دیتنی ئەو هەموو تاڵی و سوێریی گەلی بێ ئەوای کوردە ئاوری تێبەردەوم. کورد خۆی تاریخی هەیە، فەرهەنگی هەیە، فۆلکلۆری هەیە، زمان و ئەدەبی هەیە، وڵاتێکی پڕ بەرەکەتی هەیە، ئەگەر ئەحزابی بە قسەی خۆیان سیاسی ئەوەندەی وەدووی کاڵوی لارکەوتووەن، نیو ئەوەندەی وەی وەدوای کوردایەتییکی ساف و راست (بۆ کورد، بە ئاداب و رێ و شوێنی خۆی، بە کەڵک وەرگرتن لە تاریخ و رابردووی خۆی) کەوتبان، یەقینەن ئەوڕۆ کاری ئەو گەلە باو تاریکی و رەشبیە نەدەگەیشت کە ئێستا گەیشتۆتێ. ئەحزاب و دەستەجاتی سیاسی (هەموویان) واز لە خەڵکی کورد بێنن، چی دی سەر لە خەڵک نەشێوێنن، بێ شک ئەو گەلە ئەوەندەی روشد هەیە کە رێگەی راستی ژیانی (فەردی و کۆمەڵایەتی) خۆی بدۆزێتەوە. ئیتر خۆشیتان.

لە مەهابادەوە
ب. ساسان / بەهاری ١٣٦٩

* * *

نیوەڕۆی ١٩٨٧/١١/٢٨ بوو، لە گوندی (شێخ وەسان)ی سەر بە ناوچەی شەقڵاوە بووم، پێشمەرگەی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان–عێراق بووم. هەمووی پازدە دەقیقە بوو لە کۆبوونەوە هاتبوومە دەرێ، هەر هێندەمان زانی دەنگی فڕۆکە هات، ئێمەش بە پەلەپەل، هەر پێشمەرگەی بۆ شوێنێک دەچوو. ئەوی بە (کونە فڕۆکەکان) راگەیشتبا کەمێک باشتر بوو.

من و دوو لە هەڤاڵان چووینە ژێر خانوویەکی نزیکی بارەگاکەمان. لەبەر دەنگی فڕۆکەکان گوێم لە بۆردومان کردنەکە نەبوو، چونکە فڕۆکەی (سۆخۆی) بوون، کە دەزانن دەنگیان چەند زۆرە.

هەستم دەکرد لاقم کەوتووە و لاقی چەپیشمە، بەڵام لەبەر تۆز و خۆڵ دووجار چاویشم کردەوە، کەچی هیچم نەدیت. پاش چەند دەقیقەیەک چاوم کردەوە، هەموو لەشم خەڵتانی خوێن بوو، لاقم دەلەرزی. لاقی راستیشم لەخوار ئەژنۆوە شکابوو. بەڵام هەستم پێ نەکرد، چونکە جێگری فەرماندەکەمان (هیوا حەمەد ئەمین)، کە لە تەنیشتماوە بوو، سەری کەوتبووە سەر رانی راستی من و شەهید بووبوو. تەنها سەریم بۆ دەناسرایەوە. لەشی هەمووی شەڵاڵی خوێن و تۆز و خۆڵ بوو. هەڤاڵەکەی ترمان، سابیر ئەسعەد سابیر، کە بەرامبەر ئێمە دانیشتبوو، بریندار بوو بوو، پارچەیەکی ساچمە بەر قورگی کەوتبوو. نیزیکەی پێنج دەقیقەیەک ژیا و پاشان گیانی پاکی ئاویش دەرچوو.

ئاگام لێ بوو هەڵیان گرتم بۆ چاڵێک کە بۆ کونە فڕۆکە ئامادە کرابوو. دکتۆرەکەمان گەیشتە سەرم و گوتی با دەرزییەکی خوێنپژان (نەزیف)ی لێ بدەم. منیش بێ ئەوەی هەست بە هیچ شتێک بکەم و بێ یەک و دوو خۆم بۆ لای چەپ خوارکردەوە و دەرزییەکی لێ دام. سواری تراکتۆرێکیان کردم و کەمێک رۆیشتین. سەیارەکەی جێگری فەرماندەی لقەکەمان گەیشتە لامان و ئەوجا سواری (لاندکرۆزەر) کرام و بۆ نەخۆشخانەی (خاتی)یان بردم. خاتی گوندێکە لەگەڵ شێخ وەسان یەک چیایان بەینە و ماوەکەی ١٠ دەقیقە دەبێت. منیان یەکسەر بۆ عەمەلیات ئامادە



کرد و پێش هەموو شتێک ئاوی مقەتەریان لە لەش کردم. لەو کاتەدا وەکو چۆلەکە دەلەرزیم، زۆرم سەرما بوو. بێ ئەوەی تێک بچم، قسەم دەکرد. بانگی دکتۆر و هەڤاڵەکانی دەور و پشتم دەکرد، کە سەرمامە، بەڵام کەس وەڵامی نەدەدامەوە؛ دەیانزانی سەرماکەم هی ئەوەیە خوێنم لە لەشدا نەماوە. حاوت کیسە خوێنیان بۆ ئامادەکردم و لەلەشیان کردم. دوکتۆر هەرگیز بەتەمای ئەوە نەبوو کە بژیم. نەخۆشخانەکە هی برادەرانی یەکێتی نیشتمانی بوو، دکتۆری سەرەکیم کاک زریان بوو.

پاش چوارده رۆژ لە نەخۆشخانە دەرچووم و بۆ مەقەر گەڕامەوە. دوای چوارده رۆژی دیکە گەیشتمە ئەودیوی سنوور، لەبەرئەوەی حاوت رۆژ باران بوو، نەمانتوانی درێژە بە ریگا بدەین.

لە ماوەی نێوان ١٩٨٨/٢/٢وە هەتا ١٩٨٩/٩/١٢ چوارده جار لە نێوان شنۆ – ورمێ– تەوریز– تاران و شنۆدا هاتوچۆم کردووە، تا رۆژی ١٩٨٩/٩/١٢ قاچی مەسنووعیم وەرگرت و ١٩٨٩/٩/٢٤ گەڕامەوە بۆ شنۆ.

ئەبوبەکر حوسێن حاجی (هۆشیار)
شنۆ – کوردستانی ئێران

* * *

پەنابەرانی کوردی عێراق لە شاری ئەسینای پێتەختی یۆنان نێزیکەی ٨٠٠ کەس دەبن. رەنگە ژمارەکە لەمەش زیاتر بێت، بەڵام سەرژمێرێکی راست بە دەستەوە نییە. ئەمەی دەیڵێین بەلای کەمەوەیە. هەشتا لە سەد (٨٠٪)ی ئەم خەڵکانە ئەوانەن کە پێشتر لە ئوردوگایەکانی رژێمی فاشیستی تورکیادا بوون و لە ترسی گیانی خۆیان و بۆ دۆزینەوەی ژیانێکی هێمن رووبان کردۆتە یۆنان. وایان دەزانی یۆنان سەرچاوەی دێموکراسییە و ئیدی هەموو شتێک تەواوە. بەڵام هەموو شتێک بۆ کورد، وەک هەمیشە، بە پێچەوانەوە بوو، رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان (UNHCR) بەهیچ جۆرێک هاوکاریی پێویست ناکات. پارەیەکی یەکجار کەم (١٠٠ دۆلار)یان بۆ سەرف دەکەن کە بەشی ١٥ رۆژی کرێی هوتێلیان دەکات و ئیتر هیچ.

حکوومەتی ئێرەش نەک تەنیا هاوکاری ناکات، بەڵکە کورد بە قەرەج و کاولییش دادەنێ و چەندین جار کوردەکانیان تووشی دەردەسەری و مەترسیی گەڕاندنەوە کردووە. ئێستاش هەر لەسەر ئەم رێبازە بەردەوامە و هەموو رێگایەک لە کورد گیراوە. چوونی رۆژنامەگەران بۆ هوتێلەکان قەدەغەیە و بە هیچ چەشنێک باسی کورد ناکرێت.

لە رووی ئابوورییەوە دەتوانم بڵێم هەزاران پلە لەژێر سفرەوەین. خانوو نییە، ئاو و کارەبا لە هەندێ هوتێل (بۆ نموونە کایرۆسیتی Kairo city) لە سەعات ١١ی بەیانییەوە تا ٦–٧ی ئێوارە دەبڕێت. خاوەنی ئوتێلەکە دەڵێت ئەمە بڕیاری پۆلیس و حوکمەتە، چیتان پێ خۆشە بیکەن. هوتێلەکان پیس و بۆگەنن. ژن و پیاو ناچارن بە کەمترین کرێ و رۆژانە کار بکەن (چونکە بێکارن) بەڵام ناشتوانن لەم بارە نالەبارە خۆیان رزگار بکەن. وەزعی زۆربەی خێزانەکان هێندە خراپە، پیاو گریانی دێ بۆیان.

لە هەموو ئەمانەش خراپتر ئەوەیە ئورگانێ، رێکخراوێکمان نییە، جارێک باسی دەردی ئەم خەڵکە بکات، بێژێت: ئەرێ خەڵکینە، لەم وڵاتەشدا، لە یۆنان، چەند کوردێک دەژین، بەڵام لێرەش بەشخوراو و بندەستن. ئەدی مافی مرۆڤ لە کام وڵات هەیە؟!

پارتە رەنگاورەنگ و حیزبە جۆراوجۆرەکان، پیاوە سیاسی و قسە زلەکانیش، کە دیارە چۆنن و چین (آنچە عیان است، چە حاجت بە بیان است). ئەوان لەو بابەتانەن کە دەڵێن: «با گیرفانی من پڕ بێ، ... بە گۆڕی باوکی فەقیر). □

فاخر نایف عەبدولقادر
ئەسینا، یۆنان، ١٩٩٠/٨/٢٢

مامۆستا سەییید تاهیری هاشمی

یادێکی نهێنی

بۆ ساڵمەرگی هێمن

تیشکی پڕ تینی هەتاوی گیان بەخش
لە گەلی پڕ پەلی ئێمە ئەنگووت
پرشە و ورشە و پرشنگ و درەخش
لەگەڵ ئاو تیشکە جوانە بوون جووت
زەردەیی کاوتە چیا
لە خاوی بێ سەر و سامانی و لێکەوتن و رەنج
پەنجەی رووتی لە تاریکەیی سینە
کرد بە شەمی شەوی شادی و
خۆری خستە نساران.

* * *

دڵەکەی قوژبنەکەی سینەمەکان
تۆزی چەند ساڵە ئەسەر نوێن نیشتوو
کەس و ناکەس بە درێژایی زەمان
رقی بێ سووچ بەسەردا رشتوو
لەخاوی راچینا.
هێزی لەش، دیتنی چاو، تالعی بێ لارە و لەنج
پاک و رزگار لە سزا و سزنگ و لە کینە
نە لەسەر باری جەفا ئاخ
نەلەدڵ چووزەیی خاران

* * *

رۆیی و سەیری چیا و دەشتی کرد
بیستی قاسپەی کاو و سوێسکی کێوان،
هاتە نێو شار و کەمێ گەشتی کرد
رووی رووتی دی و، بزگەی لێوان
کاوتە خۆشی و سەما
وتی: نەگبەت کە ئەما حاسڵی رەنجی منە گەنج
عەقڵ و بازووی بەهێز مایەی ژینە
بێ خوتە و بۆڵە و سەخڵەت
هەر وەکو ژینی هەژاران

* * *

شیعری خاوەن هونەرە تیشکی هەتاو
بە هەوای لالە و رێحان دەڕوێ
شەونمی تەبعی دەپژێنێ ئاو
لە گوڵ و بولبولی باغان دەدوێ
بە ئەوا و بە هەوا
گوێ دەبیسێ، دڵ وەری دەگرێ بەسەد عیشوە و غەنج
بووکی دیمەن جلەکەی قرمز و شینە
گەشەیی دادە، ستەم قرچە
لەدەس بادی بەهاران

* * *

خاوەنی ئەم نەفەسە کێیە کاوا
هۆی شادیی دڵ و ژینی بەدەنە
بە ئەوا خێڵی خەفەت دەردەس ئەکا
زۆر بە هێمن تەرەبی گیان و تەنە
لە تەمەن تاڵی ئەبا
رۆیی هێنایەوە رەنگ خستیە مواوول و شکەنج
ناسکی و بێنی خۆشی کەم بە جیهان وێنە
تار و مارە لە نوای دەرد و
بەلای کۆمەڵی یاران

بانەمەڕی ١٣٦٧– کرماشان

ڕێنووسی مامۆستای کورد

ئەو سەختی و گیروگرفتەی دەمانەوێ لێرەدا لێی بدوێین باسێکی تازە نییە، نە بۆ ئێمە و نە بۆ ئەوانەی لەگەڵ نووسین و بەکارهێنانی زمانی کوردیدا هەڵسوکەوتیان کردبێت. هەر لەسەرەتاوە، لەگەڵ پەرەسەندنی بەکارهێنانی زمانی کوردیدا بۆ نووسین پێویستییەکەش دەستی پێ کردووە؛ چۆن بنووسین؟ کام شێوە نووسینە راستە و کامە چەوتە؟ بۆچی وا بنووسین؟ ئایا هەر ئەلفوبێکە خۆی دەست دەدات؟ و گەلێ پرسیاری لەم بابەتە.

زمانزانان و نووسەران و ڕۆژنامەنووسانی کورد لە سەرەتای ئەم سەدەیەوە بە گەلێ شێوە، بە وتار و لێکۆڵینەوە و نووسین، بە گفتوگۆی ڕووبەڕوو، بە گێڕانی سێمینار و کۆڕ بەشدارییان کردووە، بیروڕای خۆیان تۆمار کردووە و دەربڕیوە. ئامانج هەمیشە ئەوە بووە ئەلفوبێی کوردی بەشێوەیەکی ڕاست و زانستانە بەکاربێرێ و زمانەکەی پێ بنووسرێ. لەم بوارەدا نەک هەر کورد بەڵکە بێگانەش، بە هەر نیازێک بووبێ، بەشدار بوون.

نامانەوێ لێرەدا پاشخان و مێژووی ئەم هەوڵدان و کۆششانە باس بکەین. کار و خەباتی زانایان و نووسەرانی کورد، پێشتر و ئەمڕۆش، دیارە و بەرهەمەکانیان لەبەرچاون و بۆمان ماونەتەوە. لەوانەی کۆچیان کردووە مامۆستایان تۆفیق وەهبی و عەلائەددین سەججادی، لە نەوەی ئەمڕۆش مامۆستایان مەسعوود محەمەد، جەمال نەبەز و ئەوڕەحمانی حاجی مارف کاری گرنگ و شایانی ڕێزیان، تیوری بێت یان پراکتیک، پێشکێش کردووە.

ئێمە نیازمان وا نییە ڕێنووسێکی تازە بۆ زمانی کوردی بێنینە کایەوە، بەڵکە دەمانەوێ چەند بنەمایەک بخەینە بەر چاوی خوێنەران. ئەم بنەمایانە ئەو شێوە نووسینەن کە لەم گۆڤارەدا بەکاری دەبەین و هەوڵ دەدەین هەموو وتار و بابەتەکانی گۆڤارەکە بێنینە سەر ئەو شێوە ڕێنووسە. دیارە ئەمە لە ڕووی کات و توانست و وزە بەکارهێنانەوە گوشارێکی زۆر دەخاتە سەر کاری بڵاوکردنەوەی مامۆستای کورد، بەڵام، لەگەڵ ئەوەشدا، پێمان وایە هەنگاوێکی هێژایە و دەبێتە بەشداربییەکی بچکۆلەی گۆڤارەکەمان بۆ بنەبڕ کردنی ئەو بەرەڵایی و بێسەروبەرییەی لە زۆربەی گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا و لای گەلێ نووسەر بەدی دەکرێ. هەروەها دڵنیاشین بەم جۆرە کاری زمانزانانی کورد جەخت دەکەین و بەسەر ڕێگەی نیاز و ئامانجەکانی ئەواندا هەنگاوێکی دیکە هەڵدێنین.

بە پێویستی دەزانین ئەوەش بڵێین کە بەشێک لەو بنەمایانەی لێرەدا باسیان دەکەین و لەسەریان دەڕۆین هەر ئەوانەن کە پێشتر زمانزانانی کورد و هەندێ دەزگای فەرهەنگیی کورد، بۆ نموونە کۆڕی زانیاریی کورد، دایانڕشتوون و کاریان پێ کردوون، بەڵام بەشێکیش ئەوانەن کە خۆمان لە ئەنجامی چەندان ساڵ کاری فەرهەنگی و دەرزۆتنەوە بە کورد و بێگانە و لێکۆڵینەوەی زمانناسی و زمانی کوردیدا پێی گەیشتووین.

لێرەدا تەنیا ئەو لایەنانە باس دەکەین کە دەتوانین بە ڕوونی هەڵوێست و بیری خۆمانیان لە بارەوە دیاری بکەین. لایەنەکانی دیکە دەهێڵینەوە بۆ داهاتوو، تا ئەو کاتەی لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەدا دەگەینە هەڵوێستێکی وا کە بتوانین، لە ڕووی زانستییەوە، جەختی بکەین و پشتی بگرین. کە ئەمەش دەڵێین حەز دەکەین ئەوە لای هەمووان ڕوون بێت کە هیچ بەشێکی بیروڕاکانمان دۆگما نین و سەرلەبەریان تەنیا پێشنیاز و بۆچوونی ئێمەن و دەکرێ بخرێنە پێش پرسیار و گفتوگۆیان لەسەر بکرێ.

فۆنۆلۆگی و ئەلفوبێ

١- بزوێنی درێژی Ū ، فۆنێمێکی سەربەخۆیە و دەبێ نیشانەی سەربەخۆشی هەبێ. نووسینی ئەو بزوێنە بە (وو) ڕاستە و هەر وشەیەک ئەو دەنگەی تێدا هەبێ، دەبێ بە ڕوونی بە (وو) بنووسرێ: زوو، کووڕ، لووت، نووسین... هتد.

٢- کۆنسنانتەکانی (ح، ع، غ، ق)، لە هەر کوێوە هاتبن و ڕەسەنیان هەرچییەک بێت، لە ئەلفوبێی کوردیدا هەن و بەکار دەبرێن. هەوڵدان بۆ گۆڕینی ئەم فۆنێمانە و دانانی (هـ، ئ، خ، ک) لە جێگەیان هیچ بەڵگەیەکی زانستیی نییە.

٣- دەنگی (ڤ) فۆنێمێکی سەربەخۆیە و دانانی تیپی (ڤ) بۆ نووسینی ڕاستە و نووسینی ئەو دەنگە بە تیپی (و) هەڵەیە: هەڤاڵ، مرۆڤ، گۆڤەند، ڤێتنام، سۆڤیەت.

٤- کۆنسنانتی (هـ) لە کوردیدا بە شێوەی (هـ) و (ـهـ) دەنووسرێ. لە کۆتاییی وشەشدا دەبێ هەر بە شێوەی (هـ) بنووسرێ: گەواهـ، شاهـ، دەهـ. بەکارهێنانی (ه، ـه) لە جێگەی (هـ) هەڵەیە، چونکە (ه، ـه) لە کوردیدا بزوێنن نەک کۆنسنانت.

٥- تیپی کاف لە کۆتاییی وشەدا بە شێوەی (ک، ـک)، نەک (ك،ـك)، بنووسرێ ڕاستترە (ئەمە پێوەندیی بە کەرەسەی تەکنیکەوە هەیە).

مۆرفۆلۆگی

١- دەبێ نیشانەی ئیزافە (ی) لەگەڵ ئەو ناوانەی لە دۆخی ئیزافەدان، بە ڕوونی بنووسرێ. ئەمە زیاتر پێوەندیی بەو وشانەوە هەیە کە بە (ی) تەواو دەبن: ڕزگاریی گەل، خانیی مەزن، قازیی نەمر، هەینیی داهاتوو، کوردیی خواروو. ئەو وشانەی کە هەر لە بنەڕەتدا بە (یی) تەواو دەبن، لە دۆخی ئیزافەدا وا چاکترە بە شێوەی سەربەخۆی خۆیان بنووسرێن و پاشان (ی)ی ئیزافە بە دوایاندا بە جیا بنووسرێ: سەربەخۆییی نیشتمان، کۆچی دواییی هێمن، حاجی قادری کۆییی نەتەوە پەرست.

٢- پۆستپۆزیشنی (دا)، کە بە هۆی پرەپۆزیشنی (بە، لە، دە) وە پەیدا دەبێ، پێویستە لەگەڵ وشەکەی پێش خۆیدا بنووسرێ، نەک بە جیا، بۆ جیاکردنەوەی ئەم (دا) یە کە پۆستپۆزیشنە، لە (دا) کە کرداری ڕابوردووی سادەیە و لە چاوگی (دان) هوە هاتووە:

دا: پۆستپۆزیشن

هیوادارم لە ژیاندا سەرکەوتوبیت.

بە قسەکەی ئاشتیدا بۆم دەرکەوت.

لە بازاڕەکەی سلێمانیدا بینیم.

دا: کرداری ڕابوردووی سادە

هیوا دارێکی لە ژیان دا.

ئەم خەڵاتە ڕەنگوڕوویەکی تازەی بە ئاشتی دا.

فڕۆکەی دوژمن بۆمبێکی لە بازاڕەکەی سلێمانی دا.

٣- پرەپۆزیشنی دارێژراوی (پێ، لێ، تێ) کە لە (بە، لە، دە) وە وەرگیراون، کە خرانە سەر جێناوی لکاو (م-ت-ی-مان-تان-یان) هەردوو بەشەکە پێکەوە بنووسرێن ڕاستترە: پێی / پێیان بڵێ.

لێی / لێیان بپرسە.

تێیدا / تێیاندا نەماوە.

٤- (بێ) لە کوردیدا بە دوو مانای جیاواز دێت و دەبێ بە دوو شێوەی جیاوازیش بنووسرێت:

ئا- (بێ) وەک پرەپۆزیشن، بە مانای (بێجگە) (بەبێ) (ئینگلیزی without، ئەڵمانی ohne، سوێدی utan). ئەمە دەبێ سەربەخۆ و بە تەنیا بنووسرێت:

کابرا بێ وڵات ناتوانێ بژی

تۆ بێ یارمەتی هیچت پێ ناکرێ

منداڵ بەبێ باوک باش گەورە نابێ

ب- (بێ) وەک پێشگر prefix لەگەڵ ناودا دێت و مانای نەبوونی، نەمانی ئەو شتە دەدات (لە ئینگلیزیدا less -، ئەڵمانی los -، سوێدی löS -، پاشگرە). ئەمە دەبێ لەگەڵ ناوەکەی پاش خۆیدا پێکەوە بنووسرێن:

مرۆڤی بێوڵات/ منداڵی بێباوک/ هەژار و بێماڵ/ بێدەنگ/ بێئەنجام/ بێهێز.

٥- ناوی لێکدراو، کە دەکرێ لە (ناو+ ناو)، (ناو+ ئاوەڵناو) و (ناو+ڕەگی ڕانەبوردووی کردار) دروست بکرێت، وەک یەک وشە دەنووسرێت:

دەستنوێژ/ شوێنپێ/ زماندرێژ/ جلڕەش/ خوێنمژ/ فێڵباز/ نیشتمانفرۆش/ چیرۆکنووس.

٦- پاشگری ئاوەڵناوی بەراورد (تر) و ئاوەڵناوی باڵا (ترین) لەگەڵ ئاوەڵناودا وەک یەک وشە دەنووسرێ:

جوانتر: جوانترین/ خۆشتر: خۆشترین/ ناسکتر: ناسکترین.

بەڵام ئاوەڵناوی (تر) کە بە مانای (دی، دیکە) بەکار دەبرێ دەبێ بە جیا بنووسرێت:

خەڵکی تر، ژنێکی تر.

٧- ئەو ناوانەی کە بە (ی) تەواو دەبن و دەچنە سەر جێناوی لکاوی سێهەم کەسی تاک و کۆ (ی، یان) دەبێ هەردوو (ی) بە ڕوونی بنووسرێن:

ئەو هاوکاریی نەدەکرد/ ئەوان هاوکارییان نەدەکرد

جیاوازیی هەیە/ جیاوازییان هەیە.

٨- نووسینی دوو واو (وو) لە سەرەتای وشەدا ڕاست نییە، ئەو دەنگە لە کۆنسنانتی (و) و بزوێنی (i = بزرۆکە، کە لە ئەلفوبێی کوردیدا نیشانەی بۆ دانەنراوە) پێک هاتووە، لەبەر ئەوە دەبێ هەر بە یەک واو (و) بنووسرێ: وشک، وشە، ورد، وڵات، وتن. ئەگەر سەرنجی ئەو وشە فارسییانە بدەین کە بە کۆنسنانتێک و بزوێنێک دەست پێ دەکەن، هاوماناکانیان لە کوردیدا دەبن بە کۆنسنانتێک و بزوێنی بزرۆکە (کە نانووسرێ):

فارسی	کوردی
سُست	سست
بُردَن	بردن
زَبان	زمان
دِل	دڵ

هەر بەم پێیەش:

فارسی	کوردی
خُشک	وشک
خُرد	ورد
گُفتن	وتن

٩- ئامرازی پێوەستی (و) هەر وەک (و) بنووسرێ ڕاستترە، نەک (وە). لە هەندێ ڕستەدا دەکرێ (- ش، یش) جێگەی (و) بگرێتەوە.

١٠- ئەو چاوگانەی لە پێشگرەکانی (هەڵ، دا، ڕا، دەر، ڕۆ، وەر) و (کردارێکی سادە) پێک دێن، چ وەک چاوگ و چ لە کاتی گەردان کردندا، هەر پێکەوە دەنووسرێن و پێویست بە جیاکردنەوەی بەشەکان ناکات (ئەمە بە تایبەتی پێشگری «هەڵ» دەگرێتەوە):

هەڵفڕین: هەڵدەفڕێ، هەڵنەدەفڕی.

هەڵگرتن: هەڵتدەگرت، هەڵماندەگرت... هتد.

محەمەد حەمە باقی

نامەکانی شێخ مەحموودی حەفید بۆ سەیید عەبدولقادری دۆزەخدەرە

وتەیەکی پێویست

سەرەتای بەهاری ١٩٨٨ز، کە لەبەر شالاوی ئیقلیمگیری کیمیاوی بارانی ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستانی عێراق، هاتمە کوردستانی ئێران و لە شاری سەقزی شیرین و جوانکیلەدا گیرساموە، هەر زوو بەهۆی هەندێ دۆستموە لەگەڵ بنەماڵەی شێخەکانی گوندی «دۆزمخدەرە» ناسیاویم پەیدا کرد و ئەوانیش لوتفیان نوواند، نەوازشێکی زۆری کوردانە و جگەرسۆزانەیان کردین و لە سنووری توانای خۆیان بەدەربارمەتییان داین... گوندی دۆزمخدەرە گوندێکی زۆر بچکۆلەی سەر بە شاری سەقزە و نزیکەی (٥) کیلۆمەترێک لە خۆرهەڵاتی باکووری سەقزەوە دوور ئەبێ. گوندەکە لە دەمێکەوە بەهۆی ماڵە باوانی بنەماڵەی (سەید عەبدولقادر)ەوە (١٨٧٣ز- ١٩٥٧ز) لەگەڵ بنەماڵەی (کاک ئەحمەدی شێخی سلێمانی)یەوە دۆستایەتیی دێرین و راستەقینە و پتەویان پەیدا کردووە و ئێتر ئەوە دوای ناوە و تا ئێستاش ئەم دۆستایەتییە هەر بەردەوامە. ئەم دۆستایەتییە لە سەردەمی (شێخ مەحموودی نەمردا ١٨٨١-١٩٥٦/١٠/٩) زیاتر گەشەی کردووە، کە هاوتەمەنی (سەید عەبدولقادر بووە. دۆستایەتییەکەیان ئەوەندە توند و پتەو بووە، زۆرجار لە سنووری پەیوەندیی نێوان شێخ و خەلیفەی تێپەڕاندووە و وەک نەوەکانیان ئەیگێڕنەوە، لە هەموو کات و سەردەمێکی خۆشی و ناخۆشیدا، لەسەردەمی ئەوپەڕی دەسەڵاتی شێخدا، کە حوکمداری کوردستان بووە، تا ئەوپەڕ بێدەسەڵاتیی شێخی نەمر، کە لە دوای ژیانی ئاوارەیی و دەست بەسەرییەکەی هەڵهاتووە و گەڕاوەتەوە نیشتمان و لە گوندی (داریکەلی) گۆشەگیر بووە، هەمیشە بەسەر سنووری توند داخراو و قایمکراودا نامەی بەردەوام و هاتووچۆ لە نێوانیاندا بووە. هەر نەوەکانی (سەید عەبدولقادر) ئەیگێڕنەوە کاتێ کە هەواڵی کۆچی دوایی‌ی شێخی نەمر، گەیشتۆتە (شێخ عەبدولقادر) ئێتر لە سوێی شێخی نەمر، زۆر ناژیاوە و نەخۆش کەوتووە و لە ١٩٥٧/١٢/٢٣ز - ١٣٤٩/١٠/٢ هەتاوی کۆچی دوایی‌ی کردووە... ئەوانەش کە لە نزیکی شێخەوە ئاگاداری دۆستایەتیی هەمەلایەنەی (شێخ مەحموود) بوون، چاکتر شارەزای ئەم پەیوەندی و دۆستایەتییە قووڵە بوون، بۆیە شاعیرێکی میللیی وەک (بەنگینە- حاجی باقی)، کە شێخی نەمری خۆش ئەویست، لەو شیعرە بلاوەیدا، کە بۆ کۆچی دوایی‌ی (شێخ مەحموود)ی نووسیوە، سەرەتاکەی بەم جۆرە دەست پێ دەکات:

ئەی دڵ، کۆستی وا هەر ئەبینراوە،
بۆ هەڵناقرچێی، بەدەم جەفاوە!
هاوار، بەندی دڵ بڕا بە جارێ
قەڵای قاومی کورد، رووخایە خوارێ

لە بەیتێکیا ئاماژەی بۆ ئەو دۆستایەتییە قووڵەی نێوان (شێخ مەحموود) و بنەماڵەی شێخانی (دۆزمخدەرە) کردووە و ئەڵێت:

هەواڵێک بەرن بۆ «دۆزمخدەرە»
شێخ وەفاتی کرد، بۆ کورد خەتەرە!

لە ماوەی تەمەنی دۆستایەتیی (شێخ مەحموود) و (سەید عەبدولقادر)دا ١٣ نامەی شێخی نەمر، لەلای نەوەکانی (سەید عەبدولقادر) پارێزراوە، کە هەندێ لەم نامانە ئەوەندە بە پیرۆزی و ڕێزەوە هەڵگیراون، تەنانەت زەرفی نامەکان وەک خۆیان بە تازەیی ماون، بە جۆرێکیش پارێزراون کە ئەگەر هەر سەیری پشتی زەرفەکان بکرێ و سەیری مێژووی سەر نامەکانی ناویان نەکرێ وا ئەزانی هەر چەند مانگێکە نێردراون، لە کاتێکا دوو نامەیان، کە هی سەردەمی حوکمداری کوردستانە، مێژوویان نزیکەی ٧٠ ساڵێک لەمەوبەرە... سەیر لەوەدایە شێخی نەمر ئەوەندە گوندی «دۆزمخدەرە»ی لا شیرین بووە دڵی نەهاتووە لەسەر پشتی زەرفەکان و سەردێڕی هەندێ لە نامەکان بنووسێ «دۆزمخدەرە»، بەڵکو لای خۆیەوە ناوی ناوە «جەننەت دەرە» و تکای لە نزیکەکانی خۆشی کردووە کە هەر وای ناوبەرن.

شایانی باسە، پەیوەندیی (شێخی نەمر) و بنەماڵەی شێخانی «دۆزمخدەرە» لە سنووری ئەم نامانە بەربڵاوتر و چڕترە، کە وەک نەوەکانی (سەید عەبدولقادر) ئەگێڕنەوە، لە کاتی جەنگی یەکەمی جیهاندا، کاتێ لەشکری ڕووسی لە خۆرئاوای ئێرانەوە، ڕووە و مەریوان و پێنجوێن بەرەو کوردستانی باشوور ئەهاتن، شێخی نەمر بۆ بەرهەڵستییان هاتۆتە نزیک پێنجوێن و گەلێک لە جەماوەری کوردستانی ئێران لە لەشکری شێخی نەمردا پێشمەرگە بوون...کە ئەندامان و خزمانی بنەماڵەی شێخانی «دۆزمخدەرە»ش لەم هەڵوێستەدا بە دڵ و بە گیان لەگەڵی بوون... دوای ئەمەش لە

تێکشکانەکەی شەڕی «دەربەندی بازیان»دا کە ژمارەیەکی زۆری لەشکرەکە و بنەماڵەی شێخی نەمر، ڕوویان کردۆتە کوردستانی ئێران و لە مەریوان و سەقز گیرساونەتەوە، لەلایەن بنەماڵەی «دۆزمخدەرە»وە نەوازشێکی زۆریان لێ کراوە... دواتریش لە کاتی حوکمدارییەکەیدا، ڕۆشنبیری ناسراوی وەک (سەیید ڕەئووفی ضیائی) کە ئەویش هەر سەقزییە و لەگەڵ شێخانی «دۆزمخدەرە»دا خزمە، لای شێخ لە سلێمانی هەمەکارە بووە. هەرچەندە بەداخەوە ئەم پەیوەندییە بەربڵاوەی شێخی نەمر، لای هەندێ خوێنەوار و شاعیرمان حیسابی تر و بە چاوێکی تر سەیر کراوە و لە دیدی دووربینانەی «شێخ»ەوە بۆ ئەو پەیوەندییە کوردستانییە نەکراوە، کە چاوی ڕەخنەگرانەی شاعیرێکی وەک «شێخ محەمەدی خالیصی»ی لەو قەسیدە توانج ئامێزەیدا، کە بۆ شێخی نووسیوە و سەرەتاکەی بەم بەیتە دەست پێ ئەکات:

لەپاش پا ماچکردن و، عەرزی دوعا و سەنا خوانی،
وەرین دەست پێ ئەکات، بەچکەی گەماڵی پیری گەیلانی...

لە بەیتێکی تریا، توانجێکی توند ئەگرێتە (سەیید ڕەئووفی ضیائی)... بەهەرحاڵ نامەکانی (شێخ مەحموود) هەموویان بۆ (سەید عەبدولقادر)ی «دۆزمخدەرە»ن و تێکڕای ناوەڕۆکی نامەکان دۆستایەتی ئامێزن و بریتین لە کاروباری تایبەتی هەردوو دۆست، کە هەندێکیان بۆ کاروباری موڵک و موڵکایەتی (سەید عەبدولقادر)ن، کە لەو سەردەمەدا لە لایەن دەوڵەتی ئێرانەوە زەوت کراون و داوا لە شێخی نەمر ئەکات بەهۆی کەسایەتیی خۆی و دۆستایەتییەوە لەگەڵ کاربەدەستانی ئەوسای عێراق و ئێراندا، بۆی ڕەت بکرێتەوە.. ئەوەی جێی سەرنج و دڵخۆشییە چوار لەم نامانەی شێخ بە کوردی نووسراون، بۆ دۆستێکی وەک (سەید عەبدولقادر) لە پارچەیەکی تری کوردستاندا، کە لەو سەردەمەدا زمانی کوردیی تیا قات و قڕە کراوە و نیشانەی ئەوەشە کە (سەید عەبدولقادر) زانیوێتی کوردی بخوێنێتەوە... دیسان شایانی باسە کە (سەید عەبدولقادر) ڕووناکبیرێکی زۆر گەورە بووە و زمانی عەرەبیشی زۆر بە باشی لە پاڵ زمانی کوردی و فارسیدا زانیوە و چەند نووسراوێکیشی دەربارەی گەردووننناسی و ماتماتیک بە عەرەبی لەپاش بەجێ ماوە، کە هێشتا چاپ نەکراون... (سەید عەبدولقادر) لە دوای خۆی (سەید بەهائەدین)ی کوڕی جێنیشینی بووە و (سەید بەهائەدین)یش (١٩٢٤ -١٩٧٠ز) سێ کوڕ: شێخ عەبدولڕەحمان، شێخ ئەبووبەکر، شێخ ئازاد و دوو کچیشی لە پاش بەجێ ماوە، کە ئێستا لە ژیاندان و لە شاری سەقز ئەژین.. ئەبێ ئەوەش بڵێم کە (سەید عەبدولقادر) کوڕی (حاجی سەید محەمەد - لە مەککە وەفاتی کردووە) و ئەمیش کوڕی (سەید ئیسماعیلی دووەم) بووە.

وەک لە سەرەوە وتم، لەبەر ئەوەی ناوەڕۆکی نامەکان تایبەتن بە کاروباری دۆستایەتیی هەردوولاوە، بە گرنگم نەزانی فارسییەکان بکەمە کوردی، بەڵام وەک گرنگیی ئەوەی کە نامەی شێخی نەمرن و بۆ دۆستایەتیی پارچەیەکی تری کوردستان نووسراون، بە چاکم زانی لە شاردنەوە و فەوتان ڕزگار بکرێن و بڵاوبنەوە بۆ بەر چاوی خوێنەرانی خۆشەویست.

١٩٩٠/٤/٢٤

□

مقامی منیع خلیفی پیر روشن ضمیر خالوی شیخ عبدالقادر افندی

جنت دره انشاء الله فی جنت عالیه

پس از اهدای اخلاصیت و محبت چوی شاوتدی دارثیت التفات نامه را
بدو دست اعتزاز گرفته و بدیده ی اشتیاق خوانده هر وقت دعاله
دوام و بقا تان از حق تعالا تمنا دارم . امید دارم هیچ وقت
در حینی حضور داعی را فراموش نه مایند و بحضوری قلبی ارتد
چشمی مخدومان می بوسم از رب منان در طلیم بر دوام بیطول عمر
بچشم رانی مرتبی در روی شی و سرافراز گردند

انشاء الله امید دارم بخدا بدو رکعت ادای سنت بر سری بجاده ی
مبارکتان بمرتبی در روی شی برم ـ به کوردی عرقت الکی
گوره و بید کانت له یاکم له دست نجم پشت بخوا

عرض اخلاصیت و محبت در خدمت بهاالدین بر بها دارم
کاکه بهاالدین اگا هداری عالی با کاک عبدالله رجا دارم

۹۴۷/۴

بخدمت جناب شیخ عبدالقادر دام عمره

[illegible]

کاغذت رسید از مژده سلامتی آن محب صحیح مسرور و خرسندم از حضور
جمع خرج هر چند ممکن باشد سعی نمایم که [illegible]
زیرا معتمد خصوصم جناب پوزباشی [illegible] نوشته که در حیلت
سفر سعی و تسهیلات بکند [illegible]
حال باره برای خریدن املاک ندارم آن باره که املاک
صرف کنم در راه جهاد اکبر و برای محبت صرف میکنم
زیاده در حفظ خدا باشید محبتم [illegible]

ملک کوردستان

بو یادگاری حضرتی پیر روشن ضمیر سید عبدالقادر دام عمره

دروا عرضی اقرای لائقه کاغذی پر دوعا و پرکلستان گیشت له همت
و لطفتان طلب اکه ین دائما بهومان له دوعای غافلمان نه لق و کو
نه تان کردوین . حاملی کاغذ سید احمد بیانی ناساغی کردخوا
له ایمه ت نه هینی . هدیه ی درویشانه تان که زیاتره له کرمی
پادشاهیه گیشت بو جهتی مکه کان نشیب بی شلی اکم
به قونسلوسی سلیمانی .
عرضی سلام له خالو شیخ امیه تقدیم اکم . جیاد کوره کان
ماچ اکم دوعای خیریان بو اکم
هلال و لطف و بابا علی دستتان ماچ اکه ین والسلام

خضیرزاده

۱۹-۴-۹۴۴

قربان خالو سید عبدالقادر دست کانت ماچ اکم

کاغذت گیشت خوندمه وه له سعی تان مرور و به احوالیر ممنون بوم
بو جهت بنده زاده لطف اظهار تان فرموه او حکومت وحده ی
داوه یم نزدیکانه بی هیچی توه الجا پناه بخوا جونکه جوابت
بهد بیر فرمو بو گیشت تشکر ده دعای خیرتان اکم چاوی مخدومان
ماچ اکم خوای عالمیان بر قرار یا تان بفرموی له سرامی ایوه
کاغذمان نوسی بو سلیم خان امرو هیشت روژه جلال چوه
بیره و لطفه دا بزا نیز خوا تقدیری چونه بافی احترام

تحلصتان

حضور انکار محترم السید عبدالقادر یار کاری حضرت پیری روشن حمر

حضرت کاک احمد

پس از عرض اخلاص داره زوهندی لطف نامه ی مبارکه کتان رسید زیارت
نمودم اظهاری گله از تکاهل نمودنه مخلص فرموده حاشا در حین مراسله
به اولیا اولیای امور بریطانیای عظما مراجعت شد وعده گرفتم که
ایشان قصور از بنکی ننمایند قربان بحسب حقوقی دولی ده معاهده ی
بین دولتین اولیای امور بریطانیا بالذات دست تصرف به امور حکومت
علیه ی ایران نمی برند امر بسفارت از طهران ده ادبحکومت
پارسیان التمس میفرمایند دولتین عظما برای شخص یا عمرو زید
معاهده ی دولی پریشان نمی نمایند -- دیگر حضرت فخامت
تان مسلکی شیخ التمس برای فقرا ده تون داده ن تکیه ده شکری
حضرت باری جله ده علی کاری دیگر ندارند بی شک اولیا یانی امور
بنا بخاطری مسلک هیچ نوع بد معامله ی بیغراز نیکی نمیفرمایند
لطف ده شیخ حسین و شیخ محمد بعرض دست بوسی مصدعند

ده نوری چشمان شیخ بهاالدین ده لکا که حسین و حسام الدین و ده محی الدین
ده علاالدین دیده بوسانم و برادرزاده کنا دیگر همه را بحضرت متان
سپردم یافی احترام

مخلصان

محمد

۲۴/۵/۹۴۲

لاحقه مخلص فدای حضرت تان شیخ علی
بعرض دست دامن بوسی مصدعست

لەودیو پەرژینی تەمەوە

هەڵسەنگاندنێکی چیرۆکەکانی ژمارە ٨ و ٩ی مامۆستای کوردە

کاکەوەیس

گەلێ جار چیرۆک - بەتایبەتی کلاسیک - بە تاقیکردنەوەی نووسەرەکەی هەوێن دەبێ و بە توانا و شارەزایی نووسەرەکەی لە چوارچێوە دەگیرێ و چارشێوی پێویستی بە رووداو دەدرێ. هێندێ نموونەی هەڵبژاردە و دەگمەنی کزمەڵگەن و هی دی لە ئەنجامی وردبوونەوە لە دەروون و دیوی ناوەوەی بنیادەم و خۆناسینەوە - کە پێم وایە خەڵک ناسینیشە - زەنە دەکەن و دوایی بیروباوەڕی سیاسییانە و فەلسەفییانە و بنخانی فیکری و گەلێ شتی دی دەبنە ڕیباز و ئامانجیان.

چیرۆکنووسی هەڵکەوتوو - موحەمەد موکری - سەرکەوتووانە خۆی لە ئامێزی چیرۆکی خۆی هاویشتووە و زیرەکانە چیرۆکەکانی خۆی، لە کەسایەتیی خۆیدا موتوربە کردووە.. وای لێ هاتووە خەریکە بە خۆ و بە چیرۆکەوە یەک بوونەوەری زیندووی تازە پێک بهێنێ.

وەنبێ ئەوەی گوتمان دیاردەیەکی ناشیرین بێ و ڕوخساری چیرۆک دزێو بکا، بە پێچەوانەوە، جۆرە ڕەسەنایەتییەک بە بەرهەمەکە دەدا و لە واقیعی نزیک دەکاتەوە. لە هەمان کاتیشدا، لە مەتەڵ و حیکایەتی گوێ ئاگردانی دەبوێرێ. کێ وەک دیستۆفیسکی زمانەی ئاگری مەرگ بەر تەن و ڕۆحی کەوتووە و کێ وەک ئەو توانیویەتی مەرگ لە بەرهەمی خۆیدا (تەجسید) بکا و دیمەنی مەرگ پێشانی خوێنەر بدا؟! لام وایە مەرگی بە چاوی خۆی نەدیبا، (تاوان و سزا) جۆرێکی دی دەبوو.

فیدیپیدیس، سەربازێکی ساکاری یۆنانی بوو، نە لەشکری شکاند و نە دوژمنی بەزاند، ئەوەی کردی، گەیاندنی هەواڵی سەرکەوتنی سوپای یۆنان بوو بە خەڵکی ئەتینا. کەچی بوو بە نیشانەی مژدە و مزگێنی بۆ یۆنان و هەموو مرۆڤ - تەنانەت فارسەکانیش کە لە شەڕەکەدا دۆڕان. فیدیپیدیس، کە شکستی فارسی دی، خۆی پێ زەوت نەکرا، لەبەرەی شەڕەوە بە ڕاکردن و بەبێ ڕاوێستان و پشوودان تا ئەتینا ڕۆیشت. لەوێ، هەر ئەوەندە فریا کەوت بڵێ: «سەرکەوتین». ئەوەی لە زار دەرهات و گیانیشی دەرچوو و مرد.

ئەوەی سەرێ، گێڕانەوەیەکی ساکاری ڕووداوێکی گرینگە. ڕەنگە خەڵکی وا هەبن ڕووداوی خۆماڵیی لەوە گرینگتریشیان بە چاوی خۆیان دیبێ و ئەم هەواڵەیان پێ کەم بایەخ بێ. ڕەنگە هەواڵەکە بەلای هەندێ کەسی ترەوە هەست بزوێن بێ. بەڵام ئەگەر ئەو هەواڵە بکرێ بە چیرۆک و نووسەرێکی بە توانا دایبڕێژێ چۆن دەبێ؟ ئەگەر نووسەر، بە قووڵی لە دیمەنی ڕووداوەکان ورد بێتەوە و بە جوانی بیانخاتە ڕوو، چەند نایاب دەبێ! دیمەنی شەڕ بە جل و بەرگ و ڕم و شیر و قەڵغانی سەربازەوە تا دەگاتە زین و نالْ و ئاوزەنگی و یاڵ و کلکی ئەسپ و ڕوخسار و شێوەی قارەمانی چیرۆکەکە. ئەوجا بەرەو ناوەوەی دەروونی فیدیپیدیس شۆڕ بێتەوە و لێکدانەوەکانیمان پێشان بدا، بەتەمایە ئەو هەواڵە خۆشە چۆن و بە چ دەنگێ ڕاگەیەنێ؟ دەیەوێ یەکەم کەس کێ گوێی لەدەنگی بێ؟ چۆن بیر لە ڕێ و بان و هەوراز و نشێوی بێ بڕانەوە دەکاتەوە.. نووسەر چەند قووڵ بێتەوە و چەند جوانتر ناوەوە و دەرەوەی قارەمانەکەمان پێشان بدا، ئەوەندە سەرکەوتووانەتر کارەکەی ئەنجام دەدا. دەنا... ئەم ڕووداوە، وەک هەواڵێک لە توێی کتێبێکدا دەمێنێتەوە.

گەلێ جار چیرۆکنووس، لە زمانی قارەمانی چیرۆکی خۆیەوە ڕاو بۆچوونی خۆی بە خوێنەر دەگەیەنێ. ئەمەش - بەتایبەتی ئەگەر بۆ بیرێکی خوازراوە بێ - شەڕە دەنووک ساز دەکا و دەبن بە هۆی کزبوونی توانای نووسەرەکەی و دەیگێنێ. نەشیگێنێ لە نرخی بەرهەمەکانی کەم دەکاتەوە. با سەرنج بدەینە ئەو بەرهەمە نابەکامە بەزۆر دروستکراوانەی کە بۆ (قادسیە)، بە کوردی نووسراون، ئەوجا دەزانین بیری زۆڵەک و مێشکی کرێگرتە و قەڵەمی ڕەدووکەوتوو چ دەکەن! پەیامی چیرۆک دەبێ بەرز و پیرۆز بێ و ویستی میللەتێ دەربڕێ و لێفە لەسەر زۆڵەفیکر ڕامالْێ و پۆشاکی مێشکە ڕەدووکەوتووەکان دامالْێ. دیارە زۆری نەماوە ئەو ئاواتەمان بێتە دی. ئەوەتا دوای گۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەڵات، پەرکەمێکی قالْبگرتووی خواستراو خەریکە قەڵەمی گەلێ کەس بەردەدا و وەک باسی دەجاڵ بەرەو بنی چاڵی نەمان سەرهەڵدەگرێ. خەریکە ڕاستەی پێوانەی پێشکەوتنخواز و کۆنخوازی حەفتاساڵ بەکارهاتووی سواوی پێش پیرۆسترۆیکا وەلانرێ و وا قەڵەمی کورد ڕوو لە هەتاوی ئازادی دەکەن و خەڵکی بۆ خۆڕاپسکاندن هان دەدەن. ئەوەتا تەنانەت لە گێڕانەوەی

باسێکی بازاڕیی پەیوەندیی نێر و مێی ئەروپاییشدا واقیعی کوردستان و نەتەوەی کورد دەخرێتە ڕوو.. ئەمەش دڵ خۆش دەکا.

(گوڵێ)، کورتە چیرۆکێکی نووردەدین زازای نەمرە و لە ژمارە (٨)ی (مامۆستای کورد)دا بڵاوکراوەتەوە و پەنجا ساڵ پێش ئێستا نووسراوە. بەرلەوەی بێمە سەر باسی (گوڵێ)، سەری ڕێز بۆ گیانی پیرۆزی نووردەدین زازای نەمر نەوی دەکەم و داوای ڕوخسەتی لێ دەکەم کە دەست بۆ چیرۆکەکەی دەبەم و ڕای خۆمی لەسەر تۆمار دەکەم.

گوڵێ، ئافرەتێکی جوانکیلەی قژ زەردی کوردە. بەپێی نەریتی ئەو دەمەی کوردەواری و دەگمەنی ئێستای، بە تۆپزی بە مێرد دراوە. پاشان مێردی خۆی کوشتووە و خۆی وەپەنای چەتەیەک داوە. کاتێ ئەو چەتەیە پەنای گوڵیی داوە، لەگەڵ کەڵەپیاوانی گوندێکی ناوچەکەدا، بیر لەوە دەکەنەوە (مەخفەر)یکی دوژمن لە ناوچەکەیان بگرن و خەریکە (نختا گوندێ شادیی‌یان د نێزیکدا بکەتە ئاخا باڤ و کالان)، و لە کاتێکدا چەتەکان لە ئێشک گرتندا بوون، گوڵێ لەو ڕێیە دەبینن کە لەلای دوژمنەوە دەهات. تەقەی لێ دەکەن و دەیکوژن چونکە پێیان وا دەبێ چووە خەبەری لێ داون: «گوڵێ ل جەم دژمن چ دکر؟ نەخوە جهێ وان شانی دژمن کربوو.. قەحبتی کربوو.»

کە مەخفەرەکە دەگرن و وەژوور دەکەون، دەبینن ئەفسەرێک سەربڕدراوە و قەفێ لە کەزیی (گوڵێ)ی لە مشتدایە و خەنجەرێکی خوێناویش لەسەر پێخەفەکەیە. قۆچۆ، کە سەردەستەی چەتەکانە، خەنجەرەکە دەناسێتەوە چونکە خۆی بە گوڵیی دابوو.

قۆچۆ چەتەیە و بە قەولی خۆی پانزە ساڵە دەکوژێ و دەبڕێ و خراپە دەکا. وا هاتۆتە سەر ئەو باوەڕەی کە خۆی لەو هەموو تاوان و خراپەکارییە پاک بکاتەوە و کارێ بۆ میللەتەکەی بکا. ئیدی بڕیاری ئەوە دەدا ئەو مەخفەرە نەمێڵێ کە وەک دومەڵ لە ناوچەکەدا هەڵتۆقیوە. کۆتاییی چیرۆکەکە ئاوهایە: ب خەنجەرا خویندار وەک بایەکی ژ ئۆدێ دەرکەت. بەرێ خۆ دا دژمن و نەما خوەیا کر.»

ئەوەی لەم چیرۆکەیدا دەبینم ئەمانەن:

١- باسێکی کورتی باری کوردەواریی ئەو سەردەمە. وڵات و ناوچەی داگیرکراو، گوند و دیوەخان، چەتەیی و کوشتن و بڕین...

٢- هێندێ نەریتی ئەو سەردەمەی کوردەواری و لایەنە خوارەکانیان و هەڵوێست بەرانبەر (گوڵێ)ی لەرێ لادەر.

٣- ژن و کۆمەڵگە

ئەوەندەی پێوەندیی بە خاڵی یەکەمەوە هەبێ، هیچی ئەوتۆم نییە بیخەمە ڕوو. وڵاتە داگیرکراوە. خەڵکەکە، بێگانە لەسەر خاکی خۆیان دەبینن و چەتەیەکی خۆماڵیی خۆیان بە پڵنگ ناو دەبەن و یان لە ترسان یان لەبەر ئێسک قورسیی داگیرکەر خۆشیان دەوێ و بۆ دەرپەڕاندنی دوژمن هاوکاریی لەگەڵ دەکەن. تەنانەت نووسەریش وەک خەڵکەکە سام و شکۆی پێ دەبەخشێ: «سۆراهییا ڕڤینا ئاگرێ ئێزنگان د تفێکدە ل دیواران دەهەژیان. پۆلا ل دۆرا خوە دنێڕی. چاڤێ وی دچرسکین. چل گوندی تەڤدە ڕابوون و گوتن: ئەمژی سۆند دخۆن، ئەمژی بتەرمنە پلنگێ کورد!»

ئەوەتا دیارە خەڵکی گوندەکە (قۆچۆ/ پۆلا)یان بۆ هەندێ دەوێ داگیرکەریان تێدا نەهێڵێ کە سوودی قۆچۆشی وەک چەتەیەک تێدا هەیە. ئەگەرنا بۆ دەبێ چەتەیەکی پیاوکوژیان لێ ببێ بە پڵنگی کورد؟ یا بۆ هاوکاریی لەگەڵ دەکەن؟! بەمەش، زازای نەمر، زیرەکانە سیمای ناشیرینی داگیرکەری خستۆتە ڕوو بەبێ ئەوەی باسی بکا.

چیرۆکنووس، لەدەست هەندێ نەریتی ئەو دەمەی کوردەواری هاواری لێ هەستاوە. دەیانخاتە ڕوو و لە چارە و گۆڕینیان دەگەڕێ. بۆ دەبێ بە تۆپزی گوڵێ بە مێرد بدرێ؟! کە ئەوە ڕووی دا و هاوسەری بەزۆر بەسەرا داسەپاوی خۆی کوشت، بۆ دەبێ بە چاوی سووک سەیر بکرێ و بە (قەحبە) ناوی بهێندرێ؟! ئەم باسە، پەیوەندییەکی دیالیکتیکانەی لەگەڵ خاڵی سێیەمدا هەیە و بەبێ یەک نە چار دەکرێن و نە باس دەکرێن.

دەمێکە و ڕەنگە ئێستاش لە هەندێ شوێنی وڵاتەکەماندا باو بێ کە پیاوکوژ و ژن هەڵگر و ڕەدووکەوتوو، خۆ وەپەنای ئاغا بدەن و پەنا بۆ دەسەڵات و بەزمیان (ئەگەر هەبێ) ببەن. ئاغا پەنای ئەو بێپەنایانەی داوە و وەک مەیلە و کۆیلە بەکاری هێناون کە ئەمەش بەرژەوەندیی زۆری ئاغاکانیشی تێدا بووە. بەڵام گوڵێ، خۆی وەپەنای ئاغا نەداوە، ئەمەش وا دەردەخا کە قۆچۆ چەتەیەکی لەوە بەزەبرتر بووە کە دەستی تەنانەت ئاغاشی پێ بگا.

هەموو میللەتێ، نەریت و داب و دەستووری خۆی هەیە. نەریت دیاردەیەکی زیندووی کۆمەڵایەتییە... گەشە دەکا و دەخەملێ و پێش دەکەوێ و شێوەی دەگۆڕێ و لێی دەفەوتێ و بۆی زیاد دەبێ. لەهەر مەودایەکی زەمانیدا و لە شوێنی تایبەتیدا، سنوور و پەرژینی تایبەتیی ئەو جێیە و ئەو دەمەی هەیە و ئەوی لێی بپەرێتەوە و بیبەزێنێ، دەهاڕدرێ. ئەگەر پێشکەوتنی کۆمەڵگە نەبێ یا هەڵکەوتوویەکی وەک (مەلای گەورە) پێ نەخاتە ئەودیو پەرژینەکەوە و سنوورەکە فراوانتر نەکا، زۆری دەوێ... گەلێ زۆری دەوێ تا سنووری نەریتی کۆمەڵگە فراوانتر بێ.

گوڵێ، غەدری لێ کراوە و بە تۆپزی بە مێرد دراوە. ئێستا ئێمە ئەوە دەڵێین و ئەوسا نووردەدین زازا وای گوتووە. بەڵام ئەو خەڵکەی ئەو کاتە (پێش پەنجا ساڵ) پەرژینی نەریتیان بەزێندراوە و گوڵێ لە بازنەی پیرۆزی بیریان پەڕ بووە. گوڵێ، دوو جاران نەریتی پێشێل کردوون، جارێ بە

کوشتنی مێردەکەی خۆی، جارێکیش بەوەی کە داوێتە شاخ و وەتەک چەتەیەک کەوتووە کە لەوی یەکەمیان کەمتر نییە ئەگەر گرانتر نەبێ.

کورد، بەرداشی داگیرکەر هاڕیویەتی. مەودای ئەوەی نەبووە بە شێوەیەکی ئاسایی پێشکەوێ ونەریت و فەرهەنگ و داب و دەستووری گەشە بکا. لەگەڵ ئەوەشدا، کورد یەکێکە لەو میللەتانەی کە حورمەتی ژنی تێدا گیراوە. قەت و هەرگیز نەبووە کوردێ بڵێ: «دوور لە رووتان ئەمە خێزانمە یان کیژمە!». بە پێچەوانەوە، ژنی سەردار و سەردەستە و مەسڵەحەتکەر لە کوردا هەڵکەوتوون و لە هیچ زەمانێکدا کیژۆڵەی زیندەبەچاڵ نەکراون. رەنگە بڵێن: «جا بۆ دەبێ کورد بە کۆمەڵگەی دواکەوتوو بپێوین؟! با بەبالای میللەتە پێشکەوتووەکانی بگرین». ئەمە دەکرێ، بەڵام بەو مەرجەی شارستانێتی و پێشکەوتنی کورد بگەیەندرێتە دامێنی شارستانێتیی میللەتە خواپێداوەکان. نەخێر تەنها زنجیری داگیرکەری لە مل داماڵێنە، ئەوجا ئەو ئەرکەی بە سەردا بدە. لەوەش کەمتر... دەرفەت و دەرەتانێکی وەک سەرەتای حەفتاکانی – بە بەردەوامی – بۆ بڕەخسێنە، ئەوجا خوای دەکرد بە خەڵکی سوپسرات دەگرت. خۆ ئەگەر لە بار و دۆخی ئێستا و لەمەوبەری کورددا ئەو خەت بەزاندنە بە دیوی ناوەوەی نەریتی کۆمەڵایەتی دابنێین، دەبێ بە بۆچوونەکانی خۆماندا بچینەوە نەبادا پاش ٧٠ ساڵ ئەوجا تێبگەین کە بە هەڵەدا چووین. ئەگەر نووردەدین زازای نەمریش پێی وابێ کە گوڵێ ئافرەتێکی کوردپەروەر بووە و ئەو گیانبازییەی لە پێناوی میللەتەکەیدا کردووە، من پێم وانییە. (گوڵی)یەک رۆژانە بشکێندرێتەوە و بە (قەحبە) ناوببرێ و بە چاوێکی سووک سەیر بکرێ، چۆن دەتوانێ میللەتی خۆی خۆش بوێ کە هەر لەو خەڵکەی دەوروبەری خۆی (تەجسید) بوون؟

نەخێر!... گوڵی، ئەو کارەی بۆ کرپنەوەی ئابڕووی خۆی و گەڕانەوەی بۆ ناو جغزی کۆمەڵایەتی کردووە، بۆیە وەک پڵنگە مێیەک رابووە.

نووسەری (گوڵی)، ویستوویەتی بارێکی خواری کوردەواری دەربارەی ئافرەت و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی راست کاتەوە. بەڵام بە دیوەکەی تریدا خوار کردووە و (گوڵی)ی کردووە بە داستان. رەنگە ئەمەشی بە دەستی ئانقەست کردبێ تا چەوسانەوەی ئافرەت بە زەقی بخاتە روو.

هێندەم توانا بەسەر زمانی چیرۆکەکەدا نەشکا تا رای خۆمی لەسەر دەربڕم. ئەمەش، دەردێکە لە ئەنجامی باری وڵاتەکەمانەوە سەری هەڵداوە و کەمتەرخەمییش سەربار! فۆرمی (گوڵی)ش بە بەرهەمی سەردەمی خۆی بگرین، هەر بەخۆنازینی دەوێ کە کورد رۆڵەی وا بەتوانای تێدا هەڵکەوتووە. خۆزگە (مامۆستای کورد)، بەرهەمی تری لەم بابەتەی نووردەدین زازای نەمری بڵاودەکردەوە و چاوی خوێنەری خۆی پێ رووناک دەکردەوە.

(تاسەی دووری)، چیرۆکێکی کاک ئەنوەر محەمەد ئەحمەدە و لە ژمارە (٨)ی مامۆستای کورددا بڵاوکراوەتەوە. باسی پێشمەرگەیەک (هێرش) دەکا، کە شەوێک دەچێتە دیدەنیی دایکی. هێرش کاتی خۆی و لە کاتی گرتنیدا لە لایەن رژێمەوە، دەرفەتی بۆ رێک دەکەوێ و هەڵدێ. کە دەچێتە دیدەنیی دایکی، دەبینێ لەگەڵ کراسێکی نوێی ئەودا خەریکە و بە روخساری تەڕی خۆیدا دەساوێ. سەردانەکە کەم دەخایەنێ. لەگەڵ هاوڕێ پێشمەرگەکانیدا کە لە دەرێ ئێشک دەگرن، دەگەڕێتەوە و دایکی بە تەنها جێ دێڵێ.

دیداری هێرش و دایکی، هەست بزوێنە. بەڵام کاک ئەنوەر بە تەواوی نەیتوانیوە بەرەو ناوەوەی ناخ و هەستی دایک قووڵ ببێتەوە و بۆی نەکراوە کرووزەی دایکانەی بە خوێنەر ئاشنا بکا. بیستوومە دایک کراسی کوڕی خۆی هەر بە بۆن و بەرامەی عارەقە و چڵکەوە هەڵدەگرێ و لە کاتی دووریدا بۆنی دەکا، گوایە بۆنی کوڕەکەی خۆی لێ دێ. ئەگەر کراسی چیرۆکەکە کۆن بوایە، هەستە دایکانەکە چاکتر دەکەوتە روو. جگە لەمەش، دایکەکە یەکەمجار و لە یەکەم چاوپێکەوتنیدا دەڵێ: «هاتیتەوە... هاتیتەوە خۆشەویستە شیرینەکەم... سەیرە!». من وەک خوێنەرێ، هەست ناکەم ئەمە گوتەی دایک بێ. هی دایکیش بێ و بە (مەلا بەزێنی) پێم بسەلێنن کە هی دایکە، بێسوودە، هەستم نابزوێنێ. چەند سەرنجراکێشتر دەبوو لەجێی رستەی (خۆشەویستەکەم)، (پارچە جەرگەکەم) یا (رۆڵەگیان) یان هەر شتێ بوایە کە دایک بۆ جگەرگۆشەی لەخۆی دووری بەکار دەهێنێ.

ئەو دایکە، بە زڕدایکێکی نالەبار دەچێ. ئەوتا هەر لە یەکەم چاوپێکەوتنیدا «سەیرە!»ی بە زاردا دێ. هەر نەبوایە دەبوو پاش ئەوەی لا مل و ئەملا و ئەولای بۆن دەکا و ماچی دەکا – کە نەیکرد – ئەوسا ئەو (سەیرە)یەی لەزار دەرچووبایە. یا دەبێ ئەم دایکە دایکێکی کورد یا رۆژهەڵاتی نەبێ. کوردیش بێ، دەبێ هێندەی ئەوانە مۆدێرن بێ کە پێیان وایە هەستی (غەریزی) مرۆ نابەجێیە و دەبێ نەمێنێ (١).

لە کاتی مالاوایشدا دیسان هەستە دایکانەکە لە کورتیی داوە... بە گشتی هەستی دایک لەم چیرۆکەدا بە چرایەکی ماڵە هەژار دەچێ کە نەوتی تێدا نەمابێ. ئەمەش غەدرێکە لە دایک کراوە.

هێندێ رستەم لە چیرۆکەکەدا بە هەڵە کەوتنە بەر زەین:

«... و زیاتر لە جاران چاک و چۆنیان گەرمترە...» دەبوو وابێ: «... و چاک و چۆنییان لە جاران گەرمترە» یان «زیاتر لە جاران چاک و چۆنییان گەرمە.» زیاتر و گەرمتر پلەی گەرمایی چاک و چۆنی بەرز دەکەنەوە، بەڵام پێکەوە رێک نەکەوتوون.

«لەو شەوەی تۆیان برد...» دەبوو: «ئەو شەوەی تۆیان برد...» یان «لەو شەوەدا کە تۆیان برد...» بێ.

کۆتاییی چیرۆکەکە هیوایەکی گەشی تێدا بەدی دەکرێ،

هەرچەندە نازاندرێ چییە. ئازادیی کوردستانە یان شتێکی ترە: «لە درزێکەوە سەیری ئەستێرەکانی سنگی ئاسمانە نیلییەکەی کرد و سەرنجی لەسەر ئەستێرەیەکی گەشتر راگرت.».

لە تاریکە شەودا ئاسمان نیلی نییە. گەشتریش بە رێکوپێکی بەکار نەهێنراوە. دەبوو رستەکە وابێ: «سەرنجی لەسەر ئەستێرەیەکی گەش راگرت» یا «سەرنجی لەسەر ئەستێرەیەکی لە گشت ئەستێرەکان گەشتر راگرت». دیارە رەخساندن و رەخسانی دەرفەت دەمەتەقێی زۆر دەبا و من پێم وایە دەرفەت دەرەخسێ نەک بڕەخسێندرێ.

شێوازی چیرۆکەکەی کاک ئەنوەر جوانە و سەرەتا و کۆتایی رێک و پێک دیاری کراون.

«من و تۆ و دەریا» چیرۆکێکی کورتی ئەورووپاییانەی کاک «حەمەیە و لە ژمارە (٨)ی مامۆستای کورددا بڵاوکراوەتەوە. ئەم چیرۆکە، رەسەنایەتی و کەسایەتیی چیرۆکی کوردی بە سیما و شێوەیەوە بەدی ناکرێ و ئەگەر یەک دوو رستەی لێ دەراوێژرێن و ناوی نووسەرەکەی بکرێ بە شتێکی دی، قورئانیش بخۆی خەڵک وا دەزانن نووسەرێکی بە رەچەڵەک ئەورووپایی نووسیویەتی... بەڵام نووسەرێکی تازەقەڵەم!. باسەکە، گێڕانەوەی رووداوێکی ئاسایی و رۆژانەی ئەورووپایە و نووسەر بە زاری خۆی دەیگێڕێتەوە. بە خوێندنەوەی وا دەزانین رووداوێکە و بەسەر خودی نووسەرەکەدا هاتووە.

لەسەرەتای ئەم نووسینەدا باسی هەوێنی چیرۆکم کرد. بەڵام «من و تۆ و دەریا» پێ دەچێ گشتی هەوێن بێ و تۆزێکیش بزرکابێ. کەسی یەکەمی چیرۆکەکە، ماندوو و مردوو لە کار گەڕاوەتەوە و لە وێستگەیەکی پاسدا چاوەڕوانە. کچێکی گەڕیدەی ئینگلیز، بە کۆڵ و بارەوە دێ و پرسیاری جێیەکی شارەکەی لێ دەکا... و ... ئیدی پێک دێن.

ئەگەر لە کۆتاییی چیرۆکەکەدا ئەدرەسی کچە گەڕیدەکە نەدرایە و تووڕ نەدرایە، دڵمان بە وەچەی قارەمانە نێرینە کوردەکە خۆش دەبوو کە لە پاشەڕۆژدا شتێکمان بۆ بکەن و چیرۆکەکەش لەوێدا نەدەبڕایەوە.

ئەوەی تروسکایی بێ و لەو چیرۆکەدا بەدی بکرێ، هەرچەندە بە زەقی و ناهەموار دیارە، ئەوەیە کە هاواری لێ هەڵدەستێ و گلەیی لە کێژەکە دەکا کە وڵاتەکەیان یارمەتیی دوژمنی کورد دەدا و هەڵەبجەیان سەربڕی. وەک ئەوەی (سیڤەر) و (لۆزان)، بە ئیمزای «سۆزان»ی گەڕیدەی کێژە ئینگلیز ئەنجام درابن، بەسەریدا دەقیژێنێ: «چی ناکەن، وڵاتەکەمتان کرد بە چوار کەرتەوە و تەنانەت بە دوویش رازی نەبوون.» خوا دەزانێ کێژەی هەش بەسەر چۆن هەترەشی لەو تووڕەبوونە چووە و چۆن سەرسام بووە!

ئەوانەیش، کە لە چیرۆکەکەدا بە رەوانم نەزانین ئەمانەن: «سەرئەژنۆکانم دەلەرزین» پێم وایە ئەژنۆ (چۆک) دەلەرزێ، نەک سەرئەژنۆ.

«کێ نالێ نەخۆشی نییە» دەبێ: «کێ نالێ نەخۆشییە» یا «کێ دەڵێ نەخۆشی نییە» بێ.

«بەبێ سێ و دوو ملی بۆ شۆڕ کرد...» نەمبیستووە کەس بەو شێوەیە باسی بابی خۆی بکا.

خۆزگە کاک (حەمە) هەر شتی وەک (مێردەزمە)ی دەنووسی، کورتتریش بن لەم دیمەنە نائاشنا بەکوردەی ئەم چیرۆکە رەسەنتر دەبن.

(تاپۆ و بوومەلێل) کە لە ژمارە (٩)ی مامۆستای کورددا بڵاوبۆتەوە، هەرچەندە لە پەراوێزدا ناوی پەخشانی لێ نراوە و بۆ بەرنامەیەکی رادیۆ، لەلایەن سوارەی ئێلخانیزادەوە نووسراوە، بەڵام پێم وایە کەم واهەڵدەکەوێ نووسەر بتوانێ وەها قارەمانێ بۆ چیرۆکی خۆی بخوڵقێنێ.پیاوێکی سی ساڵەی دەستە لە گوندێک دەژی: «خەڵکی ئاوایییەکە لەو پەردەی رازە کە ئەو بەسەر خۆیا کێشابووی، ئەترسان...» بەمەدا دیارە کە ئەو پیاوە خەڵکی ئەو گوندە نییە، دەنا بایلیش بگرێتەوە ئەو سامە دەشکێ. جگەلەوەش، دەڵێ: «ناوی، کەم کەس ئەیزانێ». کەواتە ئاشکرا بوو کە خەڵکی ئەوێ نییە. ئەدی ئەم پیاوە بەسامە چییە و لەو گوندە چی دەکا؟! لە رەوەندی چیرۆکەکەدا دەردەکەوێ کە کەسایەتییەکی تەلیسماوییی هەیە و یەک دنیای نادیاریشی بە کۆڵدا داوە و وەک گۆمی مەنگ بەسامە... نووسەر هەر هێندەی دیمەن و کەسایەتی پێشان داوین ئیدی شیکردنەوە و شەرحی بۆ ئێمەی خوێنەر جێ هێشتووە.

ئەوەی تێی دەگەین هێندێ وانەی بنەڕەتین: نابێ قینمان لە کەسێ بێ کە نەیناسین یا پێشەکی بڕیاری لەسەر بدەین. سام و ترسی گوندییەکان، لە نەناسینەکەوە هاتووە و لێیان بووە بە شەوەزەنگێکی پڕ لە خێو، کەچی ئەو، کۆڵەخەمی لەخۆ بارکردووە. ئەوتا دەڵێ: «دەسڵا»، پاشان دەڵێ: «دەردێکی گەورەیە، بەڵام دەرکی ئادەمیزاد شێوەی کەوڵێکی بچووکی هەیە و هەزار دەریا خەم دەبا» ئەمەش وەرە و کۆڵەدانە. بەڵام دە ساڵ چی؟! نازانین! خەمی چی؟! دیسان نازانین! خەم و تەواو.

نووسەر وەک زارکی ئەشکەوت، زارکی کێشەکەی پێشان داوین و پێشمان کەوتووە تا دەگاتە ئەوەی لە زاری کابرای دەرمکییەوە بڵێ: «ئەسکەندەر شاخی هەبێ یا نەبێ گرنگ نییە، گرنگ ئەمەیە گوێی نەبێ»، کەمێ دوای ئەوە دەڵێ: «بەڵێ ئەکرێ ئەسکەندەر شاخی هەبێ، بەڵام ئەگەر گوێی لە حاند ناڵەی دەردەداران کەڕ و نەبیست بێ...» پێم وایە سەرەداوییی چیرۆکەکە ئەمەیە و مەبەستی بێدادیی دەسەڵاتدارە. ئەگەر ئەوەنەبێ چ شتێکی ئاشکرام بەدی نەکرد و منیش وەک خەڵکی دێیەکە سامم لێ نیشتووە و سەر لە نهێنییەکە دەرناکەم... نهێنی و شتی نەزاندراویش، خۆیان لە خۆیاندا بابەتێکن چەندی لەسەر بڕۆین کەمە و هەر بە بەریەوە دەمێنێ.

(بۆ کۆترەکان ئەگریم)، فەرهاد شێخولئیسلامی نووسیویەتی و لە ژمارە (٩)ی مامۆستای کوردا بڵاوبۆتەوە، کورتترین چیرۆکی دوو ژمارەی دوایی‌ی ئەم گۆڤارەیە. بەڵام ئەگەر بڵێم هێز و پێزی ڕۆمانێکی سەرکەوتووم تێدا بەدی کرد و چێژی لێبن نایە، زۆرم نەگوتووە. تابلۆیەکی نەمری هەزارجار دووبارەوەبووی بەرچاو و هەستی هەموومانی نەخشاندووە کە کەم کەس بۆ ئەوە چووە کەرەسەی وەها بەکاربهێنێ. منداڵێک، باوک و دایکی نەماون، منداڵێکی بێ کەسوکار و برسی و ماڵ لێ تێکچوو، منداڵێک کە پەلی دایکی لە ناو کەلاوەی ماڵی ڕووخاوی خۆیاندا بەبێ جەستە دەبینێ، کەچی دەڵێ: «من بۆ کۆترەکان دەگریم...».

دیارە چیرۆکەکە باسی سەردەمی شەڕی ئێران و عێراق دەکا... فرۆکە هێرش دێنێ و ماڵ دەڕووخێنێ و خەڵکی لەت و پەت دەکا. لەناو شاریش، دەنگی ئەمبولانس دێ. نەوت و ڕۆن و خواردەمەنی دەست ناکەون، پەنجەرەکان شووشەیان پێوە نەماوە...

لە بارودۆخی وادا هەر کەسە و چیرۆکێکە، هەر پەنادیوارە و تابلۆیەکە، هەر ماڵە و ڕۆمانێکە. کەچی کاک فەرهاد شێخولئیسلامی دانە گەوهەرێکی بچکۆلەی هەڵبژاردووە و لەناو هەزاران بابەتی تری لەو چەشنە کاری تێ کردووە و ئەو تابلۆ نایابە نەمرەی لێ پێک هێناوە.

فەراز، منداڵێکە باوکی خۆی نەدیوە یا لەبیری نەماوە: «بابام نییە، نازانم... من نایشناسم، دایەم ئەڵێ شەوێکیان سوار ئەستێرەیێ بوو و چوو گوڵی سوورت بۆ بێنێ...». فەرازی بێباوک، لە ئەنجامی بۆمباراندا، دایکیشی تێدا دەچێ: «دایەم ئاو گوڵەکانی ئەدا... تەیارە هات... من لە کوچەیا کایەم ئەکرد... دایە نییە... تەنیا دەستێکی لە حەوشەدا کەوتووە...»

چ هەستێکی ناسک و بەرز و ساکاری منداڵانەیە!! خەمی کۆترە پەڕ و باڵ هەڵکرووزاوەکان، لەو شەڕە ماڵوێرانکەرەی نێوان دوو دەوڵەت قورستره و باری گرانتره. شێخولئیسلامی، قارەمانێکی خەیاڵیی پفدراوی لە منداڵێک دروست نەکردووە... بۆ تۆڵەی دایکە لەت و پەت کراوەکەی و کۆترە هەڵکرووزاوەکانی کۆکی نەکردووە.. هاسان و ساکار، دنیای منداڵانەی فراز و هەستە کۆرپە ناسکەکەی خستۆتە ڕوو..

ئەگەر لە زمانی (بۆ کۆترەکان ئەگریم) ورد بینەوە، چێژی لە چێژی بابەتەکە کەمتر نییە. کوردییەکی شیرین و ساکار، ڕستەی جوانی بێ خۆسەغڵەت کردن سیمای زمانی چیرۆکەکەن و دەسەڵاتی نووسەرەکەی دەردەخەن. خۆزگە وەک (گیریان) لەبری (گریان) بەکار هاتووە، ناوی چیرۆکەکەش (بۆ کۆترەکانم ئەگیریم) بوایە. لە جێیەکدا دەڵێ: «قسەی کۆترە پەڕ و پۆ سوتاوەکانیشی بۆ کردبووم». (بۆ کردبووم)، باسی کۆترەکان پێش بەسەرهاتەکە دەخاتەوە و لە سنووری چیرۆکەکەی دەرداوێژێ. دەبوو «قسەی کۆترە پەڕ و پۆ سووتاوەکانیشی بۆ کردم» بووایە.

دەست و قەڵەمی کاک فەرهاد شێخولئیسلامی خۆش، چاوەڕوانی بەرهەمی نایابی لەم بابەتەین.

(ئێستاش نایەوێ شوو بکات)، چیرۆکێکی کاک «میران ئەمین»ە و لە ژمارەی نۆی مامۆستای کوردا بڵاوکراوەتەوە. وەک (گوڵی)ی نوورەددین زازا، تراژیدیانە کۆتایی هاتووە. چ بە پێویستی نازانم کورتەی چیرۆکەکە باس بکەم، بۆیە ڕاستەوخۆ دێمە سەر بۆچوونەکانی خۆم، چونکە لە هەموو حاڵەتێکدا، خوێنەری هێژا دەبێ بچێتەوە سەر خودی چیرۆکەکە. نەورۆز، کە پێشمەرگەیە و ماڵەکەیان سێ چوار سەعاتە ڕێ لە بارەگاکەوە دوورە، وێ ناچێ دێ نشین بێ. هێندە کراوەیە، خەڵکی شاریشی تێپەڕاندووە و بە ئاشکرا دەزانێ (جەلال)ی هاوڕێی دڵی بۆ (گوڵە)ی خوشکی لێ دەدا. لەبری ئەوەی دەماری لادێیەتیی ببزوێ، خۆی سەرەداوی مەسەلەکەی لەگەڵدا دەکاتەوە و بە ئاشکرا ڕێی بۆ خۆش دەکا: «... هیچ شەرمی پێ ناوێ، من کەر و گا نیم و عەقڵم هەیە. گوڵەش هەموو شتێکی بۆ باس کردووم...» گوڵەش، وەک کاکی (پێشکەوتوو)ە و ڕازی خۆی لەلا دەدرکێنێ. ئەمە دەبێ خەیاڵی چیرۆکنووس بێ یا نەورۆز و گوڵە خەڵکی کوردستان نین و لە ئەستێرەیەکی ترەوە هاتوون. باوەڕ ناکەم تاکە یەک نموونەی ئەم بابەتە لە هیچ دێیەکی کوردستاندا هەبێ. تەنانەت ئەو ناوچانەش کە ڕەووکەوتنیان تێدا باوە و ئەو کێشەیە بە (مەسڵەت) حەل دەکەن، ئەوەندە بێ پەردە نین. بەڵام ئەوەی لە چیرۆکەکەدا باس کراوە، خەیاڵ نییە و ئاواتی نووسەرەکەش نییە. نەورۆز و جەلال و گوڵە، خەڵکی کوردستانن و لەو گوندانە دەژین و زەمان زەمانی شۆڕشە، ، دەبابە شکان و کورد شەهید بوون لە ئارادان. لە باسەکەشدا، دەردەکەوێ کە سەردەمی ئەم شۆڕشەی دوایی‌یە.

لە لادێ و زۆر گەڕەکی شارەکانیشدا، ئەوەی لەم چیرۆکەدا باس کراوە، بە داوێنپیسی و نەمەک حەرامی ناودەبرێ. کەسێ بیەوێ خوشکی هاوڕێیەکی خۆی بخوازێ، نایگەیەنێتە چاوبڕکێ و ئەوین و ڕاز و نیاز. کێژیش، هاوڕێی برای خۆیان بە براش نەزانن لە پلەی برایاندا دایان دەنێن. خۆ ئەگەر پەیوەندی هەبێ، نەک هەر ئەو دوو هاوڕێیە لێک دەبن، بەڵکو ناخۆشی و فەرتەنەش دەقەومێ.

من چ دژێ ئەو بۆچوونەی چیرۆکەکە نیم و هیچیش پێم خراپ نییە و دڵنیام ڕۆژێ دێ کێژ و کوڕی کورد، بە پۆشاکی کوردی و غەیرەوە، باسک بە باسکی یەکدا دەکەن و ئەوەی ئەمڕۆ کارەساتی لەسەر دەقەومێ، دەبێ بە دیاردەیەکی ئاسایی. بەڵام ئەوەی کاک میران ئەمین باسی کردووە، پێش زەمان و سەردەمی خۆی کەوتۆتەوە و ئەمڕۆ بە لەکە و لادان دەژمێردرێ و سبەینێ نەخش و دیمەنی جوان و نیشانەیەکی پێشکەوتنی کۆمەڵگەکەمان دەبێ. لە باسی (گوڵی)ی نوورەددین زازادا کە نێزیکەی پەنجا ساڵ لەمەوبەر نووسراوە، باسی پەرژین و نەریتی کۆمەڵگەمان کرد کە بەداخەوە بەقەدەر پێشکەوتنی کۆمەڵگە ئەو پەرژینەش فراوان بووە. ئەم چیرۆکەی کاک میرانیش بەر هەمان بۆچوون و پێوانە دەکەوێ، بەڵام لەمیاندا، هێندە کۆمەڵگە پێش خراوە کە پەرژین و مەرژینی تێدا پێشێل کراوە، دەنا یەکێ لە چیرۆکەکەدا دەبوو بخوڵقێ و بەرگری لەو سنوورە کۆمەڵایەتییە بکا کە بەلایەوە پیرۆزە.

نوورەددین زازا، بە شێوەیەکی تراژیدیانە (گوڵی)ی خۆی بە کوشت داوە و کاک میرانیش وای کردووە. لە دەمێکدا کە جەلال بەتەمایە (گوڵە) بگوێزێتەوە (یا مارەی ببڕێ) لە شەڕێکدا شەهید دەبێ.

ساڵ و وەختێ بەسەر گێڕانەوەی یەکەم هەنگاوی باسەکەدا تێدەپەڕێ و پاش چەندجار هاموشۆ و تەدارەک و مەدارەک، جەلال شەهید دەبێ. کەواتە یەک ساڵ زیاتر بەسەر شەهیدبوونیدا ڕەت نەبووە، ئێدی نازانم بۆ کاک میران ئەوەندە بە خەمی شووکردنی گوڵەوەیە و بۆ ناوی چیرۆکەکەی ناوە (ئێستاش نایەوێ شوو بکات)؟

زمانی چیرۆکەکە ڕەوان و بە سەلیقەیە، با لە هەندێ جێیدا لەنگیش بەدی بکرێ: «تێر سکی خۆشمان و لەو چێشتە بەلەزەتەی دەستی دایکم دەخۆین...» دەبێ ئەو (و)ە بە هەڵە چاپ کرابێ.

خۆزگە سک و سنگ، زگ و سینگ دەنووسران.

(١) برایەکی ئێسک سووکی کوردپەروەر و خەمخواری کورد، پێی وابوو هەستی دایکایەتی و باوکایەتی دیاردەی (غەریزەیی)ن و وەک تووڕەبوون و هەڵچون و (انفعال) هەڵەن و دەبێ لەناوچن. ئەو، هەنگاوی بەرەو (مەشاعی)یەت دەنا و پەیوەندیی ئەندامانی خێزانی پێ دیاردەیەکی باونەماو بوو. □

گۆران، پێم وایە، شاعیرێکی یەکجار گەورە بوو. بێئەندازە شاعیرێکی گەورە بوو، ئەمما شتێک لێی تێک دا، شیووعی گۆرانیان هێنا خوار. هێندیان گوت هەرچی گوتوویەتی (نص)ی قورئانە، باوجوود، دەنێو ئەو هەموو شیعرانەدا ، ئیتر قسەی زۆر قۆرپشی تێدایە، وەنەبێ جێگەی عەیب گرتن نییە، فەقەت شیعری زۆر گەورەی هەیە. من بۆخۆم بە مامۆستا گۆرانم وت، وتم خوا ئەیزانێ هیچ شیعرت نەگوتبایە، قژزەرد بە تاقی تەنیا بەس بوو، بۆ ئەوەی دەرگای خلوودت بۆ بکاتەوە. گوتم هەر تەنیا ئەوەت بگوتایە بەست بوو، کەس ئیدی ناتوانێ ئەو ریکوردە بشکێنێ.

وتم مامۆستا گیان، ئەمن پێم وایە شاعیر و نووسەر دەبێ وەک ماسیی بێکێرد وابن، نەچنە هیچ حیزبێکەوە، لەبەر دیسپلینی هیچ حیزبێک نەبێ... کێ ڕەئیستانە؟ جەمال حەیدەری. وتم ئەتۆش دەزانی و منیش دەزانم، جەمال حەیدەری وەکو گامێش وایە. ئەگەر شاعیر بێ، بۆخۆی شیعر دەڵێ، کەچی بۆخۆی ناتوانێ، خەبەر بۆ تۆ دەنێرێ، دەڵێ بە مامۆستا گۆران بڵێن، شیعرێکی بڵێ لەو بابەتەوە، مەسەلەن ستالین وتوویەتی زەوی دابەش دەکەین. وتم ئەگەر خۆی بتوانێ فەخرەکەی نادا بەتۆ. ئەمما ئەحمەقێک لەسەر تۆ ئیملا دەکا، دەڵێ ئەوەندە کەلیمە بێ، ئەوەندە بەیتە زیاتر نەبێ، مەعناکەشی ئەوە بێ. وتم ئەو وەختە هیچ قەدری نابێ. وتی نا وانییە. وتم ئاخر ڕاوەستە پێت بڵێم. گوتم لە خۆت دەپرسم. بۆخۆت حەکەم بە لەو نێوەیدا. تۆ دوو شیعرت گوتووە بە جحێڵی، عومرت ٢٥، ٢٦ ساڵ و ئەوانە بووە. پێم وایە: یەکێک داوەتێک لە قەرەداغ و یەکێکیش گەشتێک لە هەورامان. گوتم لە پاشان کە بووی بە شیووعیش، بت و بتەوانت گوتووە. ئێستە من لەخۆت دەپرسم، دەشڵێن ئینسان بە چل ساڵی عەقڵی تەواو دەبێ (ئاخر دەڵێن پێغەمبەر بۆیە بە چل ساڵی بوو بە پێغەمبەر)، تۆ لەو پێغەمبەرێتییەدا شیعرت گوتووە، دەبێ زۆر گەیشتووتر بێ. لە خۆت دەپرسم، بت و بتەوانت چاکترە یا ئەو دوو شیعرانەت؟ کوڕە وتی بەخوا هەرچی بکەم ناتوانم وەک ئەوانە بڵێمەوە. گوتم چاوت لێیە. جا دەبوو ئێستا هی چاتر بڵێی. □

گفتوگۆیەکی بڵاونەکراوە لەگەڵ
گەورەپیاوێکی کورددا

کورته چیرۆک

نۆما

نەجیبە ئەحمەد

-١-

وەکوو زانایەک بیر لە دانانی تیۆرییەکی تازە بکاتەوە لەپاڵ باوکیا بیدەنگ دانیشتبوو.. ئۆتۆمبیلە سیخناخەکەش ئەتوت رۆژوو-وانێکی چلەی هاوینە لۆژلۆژ بالای شەقامەکەی جێئەهێشت. ئەم حەزی ئەکرد ئۆتۆمبیلەکە فڕۆکە ئاسا باڵ بگرێ و خێرا بگەنەوە بەر ماڵی خۆیان. باوێشکێکی دا. (خۆ فڕۆکەش لە شار دروست ئەکرێ!). لە توێی شیشەکانەوە سەرنجێکی دەرەوەی دا، بینی وا هەتاو رەنگی سوور هەڵگەڕاوە و خەریکە بە یەکجاری ئەکەوێتە ئەودیوی کێوەکان، کەچی ئۆتۆمبیلەکە هێشتا نەگەیشتووەتە کەلەکەی نزیک ئاوایی. زانی زۆریان ماوە... ماتییەک دایگرت.

(هەتا من بگەمە ماڵەوە گشت هاوڕێکانم دەخزێنە ناو نوێنەکانیانەوە، ئاخ، خوایە کەی سبەینێ دێ...!)

باوێشکێکی تری دا، پێڵووەکانی قورس بوون، خەو وەکو دێوجامەیەک بەری هەست و مێشک و چاوی ئەگرت و ئەم بە پەنجەی ناسکی خەیاڵ و تاسەی منداڵانەی لای ئەبرد... ئاواتەخواز بوو هەردوو دەستی دوو کێوی گەورە بن و پاڵ بە تاڵە رەشەکانی شەوەوە بنێن.

لەنێوان ئاگایی و خەودا نۆمای هەزاران حەز ململانێیان ئەکرد. شەپۆلی ئارەزووە مەزنەکانی وەکو یەکەم پێکەنینی ژیانی پڕ لە نهێنی بوو. ئەیویست بیاندرکێنێ. بزمەیەکی خەواڵوو کەوتە سەر لێوی و خۆی هاتە بەرچاو:

(چمکێکی کراسە پەمەیی‌یەکەی گرتووەتە دەست و بە غاردان منداڵانی ئاوایی کۆ ئەکاتەوە...) سەری پێشانگایەک بوو هەزاران شتی سەیر و سەمەرەی تێدا بوو، ئەیویست دەرگای ئەو پێشانگایە بخاتە سەر پشت... پێڵووەکانی درزێکی بچووکیان تێکەوت، باوکی زۆر بە هێمنی سەری خستە سەر رانی و وتی:

– خەوت دێ...؟

(سبەینێ دوای ئەوەی هاوڕێکانم کۆ کردەوە، بەرەو شەخسەکەی ئەوبەری ئاوایی ئەڕۆین).

ئەندێشەی پاکی منداڵانە سبەینێی لەبەردەمیدا دانا. خۆی بینی ئەمجارەیان پێشەنگ و رابەرە چونکە لە کوڕی حاجی بترازێ، هەر ئەم لەناویاندا بە دیدەنی شار و خەڵکی شار شاد بووە.

(ئۆخەی کە ئیتر کوڕی حاجی ناتوانێ لە بەرامبەرمدا خۆی هەڵکێشێ و خۆی بە گەورەمان بزانێ و باسی شار بکات). هەستی ئەکرد هاوڕێکانی بە چاوێکی پیرۆزترەوە بۆی ئەڕوانن. ئەم بڕوا بەخۆکردنە هەنگاوەکانی گورجتر ئەکرد و گوژمی تازەی پێ ئەبەخشی... بەدەم ڕێگاوە کاتێ بەسەر تەپۆڵکەکەدا سەرئەکەوت، رووی تێکردن:

– گوێ بگرن... شار کوت و مت وەکو مامۆستا بۆی باس کردین وایە... زۆر شتی لەهی لای خۆمان ناچێ!!

– چۆن...؟

– ئاوی کانی ناخۆنەوە... قسەکردنیان کەمێک لە هی ئێمە جیایە و دەنگیش فرە هەڵنابڕن. هەموو شتە قورس و جوانەکانیش لەوێ دروست ئەکرێن.

هەر کە گەیشتنە سەر شەخسەکە، وەکو رابەری شۆڕشێکی گەورە دەستی بە فرمان دەرکردن کرد:

– ئێرە پاک بکەنەوە... ئەو بەردانە لێرە دانێن... ئەو شووشە رەنگاورەنگانەم بۆ بێنن... یەکێکیان لەولاوە هاواری کرد:

– ئای ئێرە چەند پارچە ئاسن و مشتووی چەقۆ و لەتەگوێزانی لێیە؟

ئەو لە جێگای خۆیەوە دەنگی هەڵبڕی:

– هەمووی کۆکەنەوە و بیخەنە چاڵێکەوە.

سیما و ناخی هەموو منداڵەکان ببووە چاو و ئەیروانییە دەست و پەنجەی ئاڵی نەشمیل کە وردە وردە وەکوو ئەندازیارێکی شارەزا بناغەی خانوویەکی تازەی دائەمەزراند و بە شانازییەوە ئەیوت:

– سەیرکەن هەر ئێستا خانوویەک وەکوو خانووەکانی شار دروست ئەکەم. خەو و خەیاڵ و تاسەی سبەینێ و دروستکردنی خانوو کەوتنە پێشبڕکێ و لە چاوتروکاندنێکدا خەو بوو بە رەشەبایەک و خانووی گەورەی خەیاڵی نەشمیلی هەڵتەکاند و درزی پێڵووشی پێ لێک نا.

-٢-

بەیانی نەشمیل خەبەری بووەوە، بەو هیوایەوە جێگاکەی بەجێ هێشت کە پڕۆژەکانی ناو خەونەکەی دوێنێ ئێوارەی بێنێتە دی. بەڵام دوای ئەوەی چاوەکانی هەڵگۆزفت و چاوێکی گێڕا، سەرسام بوو: لە ماڵی خۆیان نین، لە قەراخ ئاوایین، لەوێ جێگای بۆ راخراوە... هەرچی خەڵکی گوندەکەشیانە ماڵ و حاڵیان گشت پێچاوەتەوە و لە شرە بەتانی و گوێنیدا شەتەکیان داون. دایکی و باوکی و هەندێک لە خەڵکەکە پاڵیان بە کۆڵەکانەوە داوە و کز و مات لێی دانیشتوون. هەندێک لە پیاوەکان دوور لە کۆڵەکان تۆپەڵ بوون و دەستیان کردووە بەتوێی پشتێنەکانیاندا و ورتە ورتێک ئەکەن. نەشمیل وەکو گەورەیەک لە سیما و دەموچاوی خەڵکەکە راما. هەموو ئەتوت خەوی ناخۆش ئەبینن، ئەبڵەق بووبوون و هەر چاویان بەملا و بەولادا ئەگێڕا. بە تاسە و شەوقێکی سەیرەوە لە دار و بەرد و درەخت و کانی و رەز و ئاسمانی گوندەکە ورد ئەبنەوە. ژنانیش بە دزەدزە خۆیان ئەخزێننە پاڵ یەکترەوە و سەیری چاوی یەکتری ئەکەن و هەر بە دزیشەوە فرمێسکەکانیان ئەسڕن. ئەمیش خۆی خزاندە بندەستی دایکییەوە و وتی:

– دایە، ئەوە چییە، ئەگوێزینەوە؟

– بەڵێ.

– ماڵی نازدار و سالار و پووره خەجێش؟

– بەڵێ هەموومان.

– بۆ کوێ؟

– نازانم.

ئەم وەڵامەی بەلاوە سەیر بوو، دیمەنی گوندەکەش لەوە سەیرتر بوو. کش و مات وەک ئەوەی خۆڵی مردووی بەسەرا کرابێ. نە کۆڵانەکان وەکوو جاران منداڵان تیایاندا فڕکان فڕکانیانە و نە تریقەی پێکەنینی کچۆڵانی سەر کانیی ژنان و نە زرمەی پێی وڵاخ و نە قۆڕەی گاگەل و نە قیژە و وەحەی ژنان دێت. ئەوبەری گوندیش رەز و باخ و جۆگە و دێبەر گشت چۆڵ و هۆڵە.

هەستی منداڵانە جارێکی تر دەستی گرت بەسەر هۆش و خەیاڵیا و ویستی لە دایک و باوکی بترازێ و بچێ بۆ لای هاوڕێکانی و باسی شاریان بۆ بکا، بەڵام ئەمجارەش ئەو ئاواتەی نەهاتە دی، چونکە زیلەکان کە چەند قۆناخێک لە خەڵکەکەوە دوور بوون کەوتنە قڕە قڕ... پیاوەکان بلاوەیان لێکرد و هەر یەکە هاتەوە لای شڕ و شاتاڵەکەی خۆی و لەگەڵ ژن و منداڵەکانیدا وەستان. هەندێ منداڵ لە ترسا قیژانیان:

– دایکە هاتن، تەپلە لەسەرمکان هاتن.

زیلەکان لە خەڵکەکە نزیک بوونەوە و هەر یەکەیان پشتی کردە کۆمەڵێک لە کوڕەکانی سوڵتان کە خۆی بە لێواری زیلێکەوە هەڵواسیبوو، بازێکی دا و بەسەر خەڵکەکەدا نەڕاندی:

– خێراکەن، دەی شتەکانتان فڕێدەنە ئۆتۆمبیلەکانەوە.

ئیتر لەگەڵ دوورکەوتنەوەی زیلەکاندا، قرچەی جەرگی خەڵکەکەش بەرزتر ئەبووەوە...

-٣-

لە ئۆردوگایەکی زۆرەملیدا، نازدار و نەشمیل لەبەر دەرگایەکی سەوزدا، هەر یەکەیان تۆپەڵێ قوڕی بەدەستەوەیە، هەڵی ئەشێلێ و هەر جارەی شتێکی لێ دروست ئەکا، ئاواش بۆ یەکتری ئەدوێن:

– نەشمیل توخوا ئاوایی‌یەکەی خۆمان لێرە خۆشتر نەبوو؟

– ئاوایی‌یەکەی خۆمان وا بچووک نەبوو، خانووەکان ئاوا لە پەنای یەکەوە نەبوون، ئەوجا کۆڵانی زۆر و پانی تیا بوو، بۆ خۆمان هەر راوڕاوانمان ئەکرد و کەسێ لێمان تووڕە نەئەبوو، ئەچووینە ناو باخەکان، بۆ سەر شەخسەکە، بۆ سەر کێوە بەرزەکەی ئەوبەری ئاوایی، کەچی لێرە هەر ئەبێ لەو حەوشە بچووکە یان لەم بەردەرگایە یاری بکەین. ژوورەکەشمان تاریک و ناخۆشە.

– یان ئەبێ لەسەرشۆرکەکەدا یاری بکەین.

– ئێمە کە میوانمان دێ و جێگەمان نابێتەوە، لەسەر شۆرکەکەدا ئەخەوین، سەرماشمان ئەبێت، دەرگای پێوە نییە. بە گوێنی پەردەیەکمان بۆ کردووە، لەبەینی بلۆکەکانیشەوە هەوا دێتە ژوورەوە.

– باوکی من بەینی بلۆکەکانی هەموو بە قوڕ سواغ دا. پۆلیسەکانی ئەوبەرمانەوە لێشی تووڕە بوون، ترسا. ئەگینا ئاودەستخانەیەکیشی بۆ دروست ئەکردین.

– من حەز ئەکەم بچینەوە، هەمیشەش بە دایکم ئەڵێم ئەبێ بچینەوە، جا من لەسەر شەخسەکە خانووی تازە دروست ئەکەم. وەکوو ئەوانەی لە شار دیومن. هەر لەوێش ئەچمە قوتابخانە و مامۆستا حوسێن-یش دەرسمان پێ ئەڵێتەوە و شتی خۆشمان فێر ئەکات، لێرەش قوتابخانە هەیە، بەڵام من ناچم، شتی خراپمان فێر ئەکەن.

– ئەچینەوە، دایکم و باوکم ئەڵێن بە کوێرایی چاوی دوژمن هەر ئەڕۆینەوە.

– وەڵڵا دایکی من هەر ئەگری و ئەڵێ قەت ناڕۆینەوە. ئەها نەشمیل چیم دروست کرد.

–چییە؟

– بەرخ، بەرخە سوورەکەی خۆم، هەموو جارێ ئەمبرد بۆ لەوەڕ. کە تێری ئەخوارد یاریی ئەکرد. زۆر جوان بوو.

– ئەی چیی لێهات؟

– تەپڵە لەسەرەکان هەموویان بردن، بۆشی گریام.

– منیش ئەمەم دروست کردووە.

– ئەوە چییە. چەند جوانە؟!

– بێچووی ماینەکەیە، ماینە کوێتی خۆمان، کە هەمیشە لەگەڵ باوکما سواری ئەبووم و ئەچووم بۆ ئاوایی‌یەکەی ئەوبەر، بۆ ماڵی خاڵم.

دایکی نەشمیل دەرگاکەی ترازاند و بانگی لێ کرد بچنەوە. هەر یەکەیان بە راکردن بەرەوماڵ بوونەوە. نەشمیل هەر لەبەردەرگاکەوە توند چمکێکی کەواکەی دایکی لەدەستی ئالاند و وتی:

– دایە..... □

نەجیبە ئەحمەد:

ساڵی ١٩٥٤ لە شاری کەرکووک لە دایک بووم. قۆناخی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەییم لە کەرکووک و زانستگەیشم لە سلێمانی تەواو کردووە. لە ساڵی ١٩٧٧ وە شیعر و ناوبەناو چیرۆکیشم بڵاوکردۆتەوە. لە بواری وەرگێڕاندا رۆمانی (خاکی دایک)ی نووسەری قیرغیزی جەنگیز ئایتماتۆڤم لە عەرەبییەوە کردووە بە کوردی. ئێستاش خەریکی لە عەرەبییەوە وەرگێڕانی رۆمانی (چیا و چەک)ی نووسەری ئینگلیزی (جێمس ئۆلدریچ)م. □

سیمپۆسێومی کوردستان لە لۆزان

بە پێشدەستیی بزووتنەوەی سویسرایەکی کراوە و دێمۆکرات (BODS) لە رۆژانی ٢٧-٢٩ نیسان (ئەپریل)ی ١٩٩٠ سیمپۆسێومێک لە بارەی کوردستانەوە ئامادەکرا. هەڵبژاردنی شاری لۆزان (سویسرا) بۆ جێگەی سیمپۆسێومەکە بایەخێکی مێژوویی و سیاسیی هەبوو، چونکە لەم شارەدا بوو کە ساڵی ١٩٢٣ دابەشکرانی کوردستان سەپێنرا، داواکارییەکانی گەلی کورد کە لە کۆنگرەی سیڤر (فرانسا)ی ساڵی ١٩٢٠دا جەخت کرابوون، بۆ یەکجاری پێشێل کران و نیازی رەشی تورکە کەمالیستەکان جێبەجێ کرا. بێجگە لە میوانەکان، کە لە وڵاتی جیاوازەوە بانگ کرابوون، چ کورد و چ ئەروپایی، سەدان کوردی دیکەش لە وڵاتانی ئەروپاوە ئامادەی سیمپۆسێومەکە بوون. بەشداران بەسەر هەشت گرۆی جیاوازدا دابەش بووبوون و لەهەر بەشێکدا کۆمەڵێ لێکۆڵینەوە پێشکەش کران و گفتوگۆیان لەسەر کرا. لە کۆتاییدا دوو راسپێرینامە خوێندرانەوە؛ یەکیان ئەوەی کە بزووتنەوەی سویسرا ئامادەی کردبوو، دووەمیش ئەوەی کە بەشدارانی کورد ئامادەیان کردبوو. شایانی باسە کە زۆربەی پارتی و رێکخراوە سیاسییەکانی هەموو بەشەکانی کوردستان لە سیمپۆسێومەکەدا بەشدارییان کرد.

سیمپۆسێوم Symposiom: کۆبوونەوەیەکە لە نێوان زانایان یان کەسانێکی خاوەن ئەزموونداا لە بابەتێکی تایبەتیدا، بۆ ئاخاوتن و گفتوگۆکردن لەمەڕ ئەو باسانەی پێوەی خەریکن و مایەی هەوەسیانە. □

مـەزن

بۆ هێژایەک

پشکۆ

بە ترۆپکی باڵاتەوە،
تەمی بێستوون
بە نوالی سیماتەوە، خەمی گەردوون
لە نیگاتا...
سۆزی ئەشقی وڵاتێکی لە خاچ دراو
لە لاوێنیی کەسکی دڵتا
خوڕەی کانییەکی هەڵقوڵاو
لە فەرهەنگی ئەندێشەتا،
هێژایی خوا!
بە تان و پۆی تەمەنتەوە،
یاخی بوون و تێکۆشان و
خواست و بڕوا!
ئەی مرۆڤە مەزنەکە! کوێوە دەچی؟!
ئەم جیهانە... کوا جێی تۆی تیا دەبێتەوە؟!
مەگەر مێژوو.. بیداتە بەر دەمی قەیچی،
دەرزیی مێژووش...
سەرلەنوێ بیدووریتەوە!

١٩٩٠ سوێد

کۆمەڵەی کوردی بۆ پاراستنی ئێکۆلۆگیی کوردستان

لە بەهاری ١٩٩٠دا، بە یادی دووەمین ساڵڕۆژی کارەساتی هەڵەبجە، کۆمەڵێ نوسەر و قانوونزان و بژیشک و رووناکبیری کورد کۆمەڵەیەکیان بۆ پاراستنی ئێکۆلۆگیی کوردستان پێک هێناوە. کۆمەڵە بانگەوازێکیان بڵاوکردۆتەوە و ئەوەیان وەبیرهێناوەتەوە کە دەبێ خەبات بکرێ بۆ بنەبڕکردنی چەکی کیمیایی و پاراستنی ژیانداران و ژینگەی کوردستان. کۆمەڵە پێوەندییەکی باشی لەگەڵ گەلێ کۆمەڵە و رێکخراوی هاوبیر و هاوئامانجی نێونەتەوایەتیدا دامەزراندووە.

نوێنەری کۆمەڵە لە وڵاتانی سکاندیناڤی، دکتۆر (بارام رەسوول)ە لە شاری ئۆپسالای سوێد. □

خۆپاراستن لە نەخۆشی یان چارەسەرکردن

دکتۆر دلاوەر عەلائەددین

زانستی تەندروستیی سەردەمی ئێستا رووی تەواوی کردۆتە لێکۆڵینەوە و داهێنانی کەل و پەلی خۆپاراستن لە نەخۆشی، نەک چارەسەرکردن، ئەگەرچی بایەخی گرنگ دراوە بە چارەسەرکردنیش.

هەروەک لە بابەتەکانی دیی ژیان وەک باری کۆمەڵایەتی، رووبەدانی کارەسات لە چارەسەرکردن چاکترە، بەڵام کە رووی دا ئەوا لە چارەسەرکردن زیاتر هیچ شتێک لە بەردەمدا نامێنێ.

ئەم کارەش نەک تەنها بۆ نەخۆشییەک یان دووان، بەڵکو بۆ تەواوی نەخۆشییەکانی تووشی مرۆڤ دەبن بە گشتی، نەهێشتنی رووداوی یان خۆپاراستن لە زۆرلاوە پەسندترە لە چارەسەرکردنی رووداو، بۆ نموونە:

ئا- زۆربەی نەخۆشییە کوشندەکان کە رووبان دا، ئەوا بە چارەسەرکردنیان راناگەین، زۆر میکرۆب هەیە کە لە ماوەی بیست و چوار سەعاتدا خەڵک دەکوژێ.

ب- نەخۆشیی درێژخایەن، کە دەست پێ دەکەن، هەستیان پێ ناکرێت، بۆیە دەخرێنە پشتگوێ و هەتا ئەو کاتەی کە زیانی مەزن دەبەخشن، بەدیار ناکەون، لەو کاتەشدا یان ئەوەتا کار لە کار ترازاوە و چارەسەرکردنی گرانە، یان ئەگەر چارەسەریش بکرێ باری تەندروستی وەک جارانی لێ نایەتەوە، بۆ نموونە نەخۆشیی بۆڕییەکانی خوێن و دڵ یان نەخۆشیی شەکر.

ج- هەندێ نەخۆشی هەن کە تاکو ئێستا زانست نەگەیشتۆتە رادەی چارەسەرکردنیان (بۆ نموونە نەخۆشیی ڤایرۆسەکان یان شێرپەنجە، بۆیە تەنها ریگەی چارەسەرکردن، خۆپاراستنە و هیچی دی نییە.)

د- مەسرەفی پارە و کات و ماندوو بوون و خزمەتکردنی نەخۆش دوای تووش بوونی نەخۆشییەکە دەیان و بگرە سەدان جار لە هی کاری خۆپاراستن زیاترە

ئەوانە و دەیان هۆی گەورە و بچووکی دی هەن کە پارسەنگی خۆپاراستن قورستر دەکەن وەک لە هی چارەسەرکردن.

ئادەمیزاد هەردەم لە شەڕ و ململانێدایە لەگەڵ دەورووبەشتی ناهەمواردا، لە دەورووبەردا زیندەوەری درندەی نەبینراو گەلێک سامناکترە لەهی بینراو، بەڵام لەنێو خەڵکی کەم زانست بایەخی درندە نەبینراوەکان هەڵنەسەنگێنراوە.

کاتێک بایەخی زیندەوەر یان ماددە نەبینراوەکان هەستی پێ دەکرێ، کە دەبێتە هۆی داڕزاندنی تەندروستی و مایەی بەسەربردنی ژیانێکی پڕ لە ئەشکەنجە. لە وڵاتانی پێشکەوتوو و خاوەن پلەی زانستیی بەرزدا ئەمڕۆ باوی فێربوونی هەڵس و کەوت و نەریتی تەندروستیانەیە. باو باوی خۆپاراستنە لە نەخۆشی و چێترکردنی چۆنێتی ژیان و تەندروستی.

گەل و میریی ئەو وڵاتانەش هەوڵ دەدەن خەرجی لەو بەشەی قەڵاچۆی نەخۆشیدا زیاتر تەرخان بکەن وەک لەوەی بۆ چارەسەرکردن، بێگومان ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە نەخۆشی لەو وڵاتانە نەماوە و خەڵک بە چاکی خۆی لێ پاراستووە. نەخێر بەڵکو ئێستاش هەر لە پلەی دەستپێکردندان و هێشتاش نەخۆشیی جۆراوجۆری وا بڵاون، کە دەتوانرێت پێشگرییان لێبکرێت و نەکراوە، وەک: نەخۆشییەکانی میکرۆب. بەڵام ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ وڵاتانی جیهانی سێ، واتە وڵاتی ئێمە و دەیان وڵاتی وەک ئێمەی نیمچە دواکەوتوو، هێشتا لە قۆناغی چارەسەرکردنداین

و هەنگاوی کاریگەرمان نەهاویشتووە بۆ پێش‌پێ‌گرتن و خۆپاراستن لە نەخۆشی، هێشتاش زۆربەی کاتی پزیشک و نەخۆشەکانمان تەرخان کراون بۆ بەدەنگەوەهاتنی نەخۆشی، دوای رووداوانی نەک پێشتر.

ئەرک و ئۆباڵی دواکەوتن و کەم زانستیمان لەو بارەیەوە لەسەر ملی زۆر لایەنە، بۆ نموونە: دەوڵەت، کارگێڕانی سیاسی و کۆمەڵایەتی، دانەرانی بەرنامەی فێرکردن و زانستی، ئاستی زانستیی مامۆستایان، ئاستی خوێندەواری و هۆشیاریی خەڵک، حاڵی خەرجی و پارە و پووڵی خەڵک و توانای پەیداکردنی کەل و پەلی خۆپاراستن و خۆڕاهێنان لە جۆرەژیانێکی ئەوتۆ کە بۆ ئەو مەبەستە بگونجێ. ئەوانە و دەیان فاکتەری دی.

بۆ من و تۆ، واتە میللەت، گرنگ ئەو هۆ فاکتەرانە نین کە لەدەست ئێمەدا نین، یان ئەوانەی ماوەیەکی زۆرمان دەوێ بە چاوەڕوانی گۆڕانکاری لە دەزگاکان تاکو دێتە دی. بەڵکو گرنگ ئەو هۆیانەن کە دەتوانین بەسەریاندا زاڵ بین و بیانخەینە کار بەبێ چاوەڕێی گۆڕانکارییە سیستەمییە مەزنەکان، واتە بە کورتییەکەی و بە کوردیەکەی، ئەوانەی کە بەش بە حاڵی خۆمان پێ دەوەستین و دەتوانین بیکەین، چین؟

وەڵامی ئەو پرسیارە رەنگە ئاڵۆز بێت، بەڵام دەتوانرێت گەلێک سووک و ئاسانتر بکرێت. هەتا پلەی شارەزایی و زانستیی تەندروستی خەڵک بەرزتر بێتەوە ئەو کارانە بە ئاسانتر ئەنجام دەدرێن.

نەخۆشییەکانی لەشی مرۆڤ بە هەزاران و لە دەیان ئەندامانی لەشدان. بەڵام بۆ ئاسانکردنی تێگەیشتن و داڕشتنی سیستەمێکی ڕێک و پێک بۆ شیکردنەوە، لێرەدا نەخۆشییەکان دابەش دەکەم بەسەر چەند خانەدا و دوایی لق و پۆی کورتیان لێ دەکەمەوە.

پاش دابەشکردن بەشێوەیەکی گشتی، بەسەریاندا دەچمەوە بۆ گەیشتن بە سەرەنجامێک کە تێدا شێوەکانی خۆپاراستن پوختە و گەڵاڵە بکەین.

بەڵام نەخۆشییە گرنگە سەرەکییەکان و بڵاوبونەوەی ئەو نەخۆشیانەی کە ترسناکن یان لە کوردستاندا باون دەیانخەینە هەڵێکی دی بە ئومێدی بڵاوکردنەوەیان لە ژمارەیەکی دیی (مامۆستای کورد)دا.

پسپۆڕی پزیشک و کاروبارەکانی لە چارەسەرکردنی نەخۆش دەکرێن بە دوو بەشی سەرەکییەوە:

١- بەشی نەخۆشییەکانی ناوەوە.

٢- بەشی نەخۆشییەکانی برینکاری

لە کتێبە پزیشکیەکاندا، زانستی نەخۆشی و نەخۆشییەکان، دابەشکراون بەسەر نەخۆشیی کۆئەندامەکانی لەشا، واتە:

نەخۆشییەکانی کۆئەندامی هەرس، سووڕان (دڵ و بۆڕییەکانی)، کۆئەندامی هەناسە، نەخۆشییەکانی خوێن، کۆئەندامی دەمار (مێشک و دەمارەکانی)، کۆئەندانی ئێسک، کۆئەندامی زاوزێ و میزکردن، نەخۆشییەکانی ناوەگلاندەکان، نەخۆشییە سایکۆلۆجییەکان، نەخۆشییە بڵاوەمیکرۆبییەکان و هۆیەکانی لەرز و تا، نەخۆشییە ئەندامە تایبەتییەکان وەک چاو و دەم و لووت و گوێ ... هتد. بۆ مەبەستی باسەکەمان (خۆپاراستن) تەنها دەچینە ناو بابەتی ئەو نەخۆشییانەوە کە دەتوانرێت هەنگاوی خۆپاراستنیان بۆ بهاوێژرێت. بۆ ئاسانکردنی چوونە ناو ئەو باسەشەوە نەخۆشییەکانی لەش دەکەمە چەند بەشێکی ترەوە کە کۆئەندامە جیاکان هەمووی بگرێتەوە. پێشبرکێی بەشە جیاکانیش بە گوێرەی پلەی توانای خۆپاراستن ریزکراون.

١- نەخۆشییە میکرۆبییەکان.

٢- نەخۆشییەکانی نارێکیی خۆراک و میتابولیزم.

٣- نەخۆشییە زگماکەکان.

٤- نەخۆشییەکانی سیستەمی بەرهەڵستی.

٥- شێرپەنجەی ئەندام.

پلەی توانای مرۆڤ بۆ خۆپاراستن و ئاستی زانستی ئەمڕۆش بۆ ریگاکانی خۆپاراستن بۆ جۆرە جیاکانی نەخۆشییەکان، هۆیەکانیش دەگەڕێتەوە بۆ دوو فاکتەر:

ئا- زۆر لە نەخۆشییەکان هۆیەکانی دەستنیشان نەکراوە و بۆیەش ریگای خۆپاراستن دیاری ناکرێت بە ئاسانی، بۆ نموونە زۆربەی جۆرەکانی شێرپەنجە.

ب- سرووشتی هەندێ نەخۆشی وایە کە ناتوانرێت قەدەغە بکرێت وەک پیربوونی ئەندامی لەش و کزبوونی هەندێ ئەنزیمی خانە.

١- نەخۆشییە میکرۆبییەکان:

گیروگرفتە هەرە مەزنەکانی تەندروستی لە وڵاتی ئێمە نەخۆشییە میکرۆبییەکانە. زۆربەی هەرە زۆری نەخۆشییە کوشندەکان و نەخۆشییەکانی ناو نەخۆشخانە و دەرەوەی نەخۆشخانەکان دەکەونە ژێر ئەو خانەوە. ئەو نەخۆشییانەش گیروگرفتێکی کۆمەڵایەتین زیاتر لەوەی هی تاکە کەس بن. هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ:

ئا- ئەو نەخۆشییانە بڵاودەبنەوە لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی دی.

ب- خەڵکێکی زۆر بە یەکجار تووش دەبێ و کۆمەڵ دەشڵەژێنێ.

ج- دەبنە مایەی شڵەژانی ئابووریی تاکە کەسەکە و ناوچەکەش بە گشتی.

د- لە هەموویان گرنگتر، دەتوانرێت پێشگریی لێبکرێت بنبڕ بکرێت لە کۆمەڵ و تاکەکەسیش دەتوانێ بە ئاسانی خۆی لێ بپارێزێت.

بۆیەش لە باسی ئەمجارەماندا بایەخی گرنگ دەدەین بە باسی ئەو بەشە و دووبارە دێینەوە سەری.

٢- نەخۆشییەکانی نارێکیی خۆراک و میتابولیزم:

وڵاتانی پێشکەوتوو بایەخێکی یەکجار گرنگیان داوە بەم لایەنە و لە هەموو لایەکەوە باس باسی پاراستنی پارسەنگی خۆراکە. لەش پێویستی بە خۆراکی جۆراوجۆر هەیە بۆ هەڵسووڕاندنی کاروبارە جۆراوجۆرەکانی خانەکانی لەش.

ئەو خۆراکانەش دەکرێتە سێ بەشی سەرەکییەوە:

یەکەم - سەرچاوەکانی وزە: کاربۆهێدرایت (شەکر)، ڕۆن و پرۆتین.

دووەم - ئاو، خوێ و مینیراڵەکان (ئاسن، زنک، مس، یۆد ...هتد).

سێیەم - ڤیتامینەکان (K, E, D, C, B, A).

خواردنی هەریەکەیان بۆ پاراستنی پارسەنگی میتابۆلیزم گرنگە، ئەگەر هەر کامیان بڕا یان بە زیادەوە پەیدا بوو، دەبێتە هۆی شڵەژانی پارسەنگەکە کە ئەویش ڕاستەوخۆ یان نارڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی دروست بوونی نەخۆشی جۆراوجۆر.

خواردن وەک فاکتەرێک، لە ناو چەند فاکتەرێکی دیکەدا لە هەندێ نەخۆشیدا بەشدارە، بۆ نموونە: کلۆریی ددان، نەخۆشی دڵ، نەخۆشیی شەکر و بگرە هەندێ لە شێرپەنجەکانی ڕیخۆڵە و جگەر. لە هەندێ نەخۆشیی تریشدا خواردن هەر هۆی سەرەکییە بۆ دروست بوونیان، نموونەی ئەوانەش زۆرن و دەیانکەین بە چەند بەشێکەوە:

ئا- نەخۆشییەکانی کەمخۆراکی: واتە بەشێوەیەکی گشتی کەسەکە کەم دەخوات و لەش بێبەش دەکات لە هەموو جۆرەکانی خۆراک، بە تایبەتی لە سەرچاوەکانی وزە، ئەو بەشەش دەبێتە هۆی لاوازی و بێهێزی و کەمخوێنی و گەشەنەکردن و زۆر شتی تر. نموونەی نەخۆشییەکان کواشیرکۆر (کەم-پرۆتینی)، مارازمەس (کەم-وزەیی لەبەر نەبوونی شەکر و ڕۆن، واتە سەرچاوە گرنگەکانی کالۆری)، کواشیرکۆری مارازمی (واتە تێکەڵی هەردوویان، بێ-پرۆتینی و بێ-کالۆری)، کەمکێشی و کورتەباڵایی (بە هۆی بێبەشی لە پرۆتین و کالۆری بۆ ماوەی دووروودرێژ بەتایبەتی لای منداڵ).

چارەسەری ئەو بەشە و خۆپاراستن بەگشتی بە پەیداکردنی خۆراک دەبێ، کە پڕ بێ لە پرۆتین و شەکر و ڕۆن. ئاشکرایە کە نەبوونی خۆراک بە گشتی لە نێو چینی هەژاردایە. بۆیەش کەمخۆراکی - کە دەکاتە برسێتی - گیروگرفتێکی کۆمەڵایەتیی مەزنە کە چارەسەرکردنی لە ئەستۆی دەوڵەت و میریدایە.

ب- نارێکیی خۆراک: واتە نەخۆشەکە هەژار نییە و بەگشتی خۆراکی دەست دەکەوێ بەڵام لەبەر هەر هۆیەک بێ، جۆرە خۆراکێک کەمتردەخوات لەوانی تر، بۆ نموونە ئاسن (کە دەبێتە هۆی کەمخوێنی) یا ڤیتامین D کە دەبێتە هۆی ئێسکەنەرمە (ریکێت - کساح).

بە هەمان شێوە ڕەنگە نەخۆش خۆراکێک لە ئەوانی تر زیاتر بخوات کە دیسان دەبێتە هۆی شڵەژانی پارسەنگەکە و دەبێتە هۆی نەخۆشی بۆ نموونە: ئاسن (دەبێتە هۆی زیادە ئاسن - سیدەرۆسیس) یان ڤیتامین D (کە دەبێتە هۆی زیادە ڤیتامینی- هایپەرڤیتامینوسیس D).

ج- زیادەخۆراکی (زۆرخۆری): نەخۆشی قەڵەوی ئەنجامی زۆرخۆرییە، ئەویش خواردنی هەموو جۆرەکانی خۆراکە بەگشتی. بەڵام لە هەموویان کاریگەرتر و زیانبەخشتر لە نێو جۆرەکانی خۆراکدا سەرچاوەکانی وزەن، واتە ڕۆن و شەکر. ڕۆن و شەکر زۆر پێویستن بۆ هەڵسووڕاندنی کاروباری خانەکانی لەش، بەڵام کە زیاد بوون لە ڕادەی پێویست، ئەوا لەش هەڵیان دەگرێ بۆ ڕۆژی ڕەش، گەر ڕۆژی ڕەش دانەهات و دواکەوت، ئەو دڵۆپە ڕۆن و شەکرانە کۆدەبنەوە و سەرف نابن و بەوە دەبنە هۆی قەڵەوی واتە کۆبوونەوەی لە ژێرپێست و دەروەی ئەندامەکانی ناوەوەی لەش، تەنانەت لە دەوروپشتی دڵیش. زیانی قەڵەویش نەک هەر تەمەڵی و پرخەی شەو و ژانی جومگەکانی قاچ و کەم تەمەنی و کەم بەرهەمییە، بەڵکو زیانەکانی نەخۆشییە میتابولیزمییەکانە. لە هەموویان گرنگتر نەخۆشیی دڵ و نەخۆشیی شەکرەیە.

ئاشکراشە کە ڕزگاربوون لە قەڵەوی و ڕۆنی هەڵگیراو بە دوو شێوەیە: لەلایەکەوە سەرف بکرێت (بە جووڵە و وەرزش)، لەلایەکی تریشەوە نەخرێتە سەری (بە کەمخواردنی ڕۆن و شەکر).

٣- نەخۆشیی زگماک و بۆماوە (وراثي)

نەخۆشیی بۆماوە دوو جۆرن:

ئا- ئەو نەخۆشییانەی کە کاری بۆماوە (واتە گواستنەوەی جینەکان لە دایک و باوکەوە بۆ منداڵ) و هەڵگرتنی جینی نەخۆش تەنها هۆیە بۆ دەرکەوتنی نەخۆشییەکە. بۆ نموونە: نەخۆشیی هیمۆفیلیا (کە تەنها لە کوڕ دەردەکەوێ و کچ هەڵگریەتی) و دیاردەی داون (مەنگۆلیزم).

ب- ئەو نەخۆشییانەی کە هەڵگرتنی جینەکان بەس نییە بۆ دەرکەوتنی نەخۆشی، بەڵکو کاری دەوروبەریشی گرنگە بۆ ئەو مەبەستە. بۆ نموونە نەخۆشیی شیزۆفرینیا، تەنگەنەفەسی، گوشاری خوێن و هەندێ جۆری نەخۆشیی شەکرە. خۆپاراستن و ئاگاداریی ئەو جۆرەیان هەروەک هی نەخۆشییەکانی تری خۆراکی و میتابۆلیزمی و سیستەمی بەرهەڵستی و شتی تر، بۆیەش لەژێر باسی «زگماک و بۆماوە» درێژە بە جۆری (ئا) دەدەین.

بایەخێکی تایبەتی بەو بەشەش دراوە لە وڵاتانی ڕۆژاوا بۆ لێکۆڵینەوەی هۆیەکانی نەهێشتنی ڕووداوی ئەو نەخۆشییانە.

زۆربەی هەرەزۆری نەخۆشییە زگماکییەکان بچووک و بێ

مەترسین و ڕووداوانیان کارناکاتە سەر ڕێڕەوی ژیانی مرۆڤ. بەڵام هەندێکیان ترسناکن و بۆ نەخۆشەکە دەبێتە مایەی سەریشە و گیروگرفتی جیاجیا.

ئا- نەخۆشەکە خۆی تووشی دەردەسەری دەبێ و لە ئازار و ئەشکەنجەدا دەژی، یان بێبەش دەبێ لە زۆر لەزەتی ژیان.

ب- تەمەنی هەندێکیان درێژ نییە و دەمرن.

ج- خزم و کەسیان بەتایبەتی دایک و باوکیان بە هۆیانەوە دەناڵێن و دەبەسترێنەوە و زەوق لە ژیان نابینن.

د- قورسایی‌یەکی ئابووریی زۆر گەورەیە لەسەر خێزان و لەسەر دەوڵەت و بەشداریی تەواو لە بەرهەم هێنانیش ناکەن.

لەبەر ئەو چەند هۆیە بەربەست کردنی ئەو نەخۆشییانە بە گرنگ دادەنرێن.

هـ- لەو کاتەی منداڵەکە لە دایک دەبێ، نەخۆشییەکەی هەڵگرتووە، ئیتر تەنها ڕێگە بۆ پاراستن ئەوەیە کە پێش دروست بوونی منداڵەکە لە زگی دایکی، ڕێی لێ بگیرێت، یان کاتێک منداڵەکە لە زگی دایکیەتی و تەمەنی دوو سێ مانگە (واتە ٦ تا ٧ مانگ پێش لەدایکبوون) دەبێ دەستنیشان بکرێ ئایا نەخۆشییەکەی هەڵگرتووە یان نا. ئەگەر هەڵیگرتبێ ئەوا دایکەکە بڕیار دەدا کە ئایا ئەو منداڵە ببێ یان لەباری ببات.

مێژووی خێزانییان وادەگەیەنێ کە نەخۆشییەکە لەناو جین و کرۆمۆسۆمەکانیاندا هەیە، ئەوا بایەخێکی تایبەتییان پێ دەدرێ.

هەندێک لەوانە پێشبینییەکی زۆریان لێ دەکرێ کە منداڵی داهاتوویان لەوانەیە نەخۆش بێت، بۆیە هەر لە یەکەم ڕۆژەوە دەخرێتە ژێر چاودێریی پزیشک. بۆ ئێمە لە کوردستان زۆر ئاسان نییە کە خۆمان لەو جۆرە نەخۆشییانە بپارێزین، ئەگەر سیستەمێکی پڕ خەرجیی مەزن نەبێ وەک دەوڵەت و پارەی زۆری بۆ تەرخان نەکرێ ئەو جۆرە پشکنینانە زۆر ساکار نین. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێکی تریان دەتوانن دووربخرێنەوە، بەهۆی ڕەچاو کردنی چەند یاسایەکی گشتی.

بۆ نموونە: ئافرەتی ٣٥ ساڵی ئەگەر چەند منداڵێکی هەبوو، ئەوا باشترە دووریکەوێتەوە لە منداڵ بوون، چونکە لەو تەمەنە بەرەوژوور ئیحتمالی نەخۆشیی زگماکی زیاترە لەهی لاوتر. ئەوانەی کە نەخۆشیی زگماکی لە خێزانەکانیاندا بڵاوە، باشترە منداڵیان کەمتر بێ لەهی تر (بۆ نموونە ٢-٤ باشترین ژمارەیە) چونکە ڕێژەی منداڵی ناتەواو لە دوابەرەکاندا زیاترە وەک لە نۆبەرەکان.

ئەو ژن و مێردەی کە دەزانن گروپی خوێنیان دژ بە یەکترە (واتە هی ئافرەت نیگەتیڤە و هی مێردەکەی پۆزەتیڤە) ئەوا دەبێ ئاگاداریی پزیشک بکەن. چونکە بەبێ چارەکردن، منداڵەکانی دوایی ڕەنگە نەخۆش بکەون، یان بمرن.

٤- نەخۆشییەکانی سیستەمی بەرهەڵستی:

ئەو نەخۆشییانە زۆرن، بەڵام بۆ بابەتی خۆپاراستن، تەنها باسی ئەلەرگی (پڕ هەستێتی، حەساسییەت) دەکەین.

لە کاتێکدا کە تەنێکی بێگانە (دەرمەتەن) دەگاتە ناو لەش، دەبێتە مایەی نارەحەتی. ڕەنگە زیانبەخش بێت و ڕەنگە بێ زیانیش بێت. بەڵام لەش ڕازی نابێ بە بوونی ماددەی بێگانەی ناسروشتی لەناو ئەندامەکان. بۆ دەربڕینی ئەو نارەزایی‌یە و شەڕکردن لەگەڵ ئەو دەرمەتەنانە، لەش جۆرە سیستەمێکی تێکەڵکێشراوی ئاڵۆزکاوی داناوە بۆ ئەو مەبەستە، هەروەک لەشکرێکی ڕێکخراو لە زۆرلاوە هێرش دەباتە سەر دەرمەتەن تاکو ڕزگاری ببێ. شەڕەکانی ئەو لەشکرە بریتین لە:

١- دژە تەنەکان.

٢- خڕێکە سپییەکانی خوێن و خانە هێرشبەرەکانی تر.

٣- ئەنزیمی خانەکان.

٤- زۆر دام و دەزگای تری بەرهەڵستی.

خڕێکەی سپی ڕۆڵی کاریگەر دەگێڕن لەو شەڕە وەک ئەفسەرێکی ناوچەیی بچووک. هەندێکیان دژمەتەن دروست دەکەن وەک گوللەتۆپی تایبەتی بەرەو دەرمەتەن دەچن و پێوەی دەنووسێن و هەندێکی تریان خۆیان دەکەونە شەڕ و هەوڵی قووت دانی دەرمەتەن دەدەن بۆ هەرس کردن، یان لەو شەڕەدا دەفەوتێن. هەندێ خڕێکەی سپی و هەندێ خانەی تایبەتی لەش بەشداری دەکەن لە ڕژاندنی چەندەها ئەنزیمی توند و تیژ بۆ مەبەستی جیاجیا. بۆ نموونە هەندێکیان دیواری میکرۆب کون دەکەن، هەندێکیان دوور دەڕۆن بۆ پەیداکردنی یارمەتی. ئەوانە دوایی بۆرێچکە و دەزووەکانی خوێن فراوان دەکەن و دەبنە هۆی پەیداکردن و کۆکردنەوەی دژمەتەن و ئەنزیمی زیادە و ...هتد.

لە باری ئاساییدا، ئەو سیستەمە ئاڵۆزە، زۆر بە ڕێکوپێکی و بە وردی دەکەوێتە کار و زنجیرەی ڕووداوەکان یەک بە دوای یەکدا دێن تاکو لەش ڕزگاری دەبێ لە دەرمەتەن.

دوای ئەوە ئەندامەکە دەحەسێتەوە و بارەکە دەگەڕێتەوە دۆخی جارانی. واتە ڕووداوەکە بەقەدەر پێویست دەقەومێ و لەوە زیاتر و کەمتر نایەتە دی. بەڵام هەندێ مرۆڤ هەن کە سیستەمی بەرهەڵستی و خانە و دژمەتەنەکانی لەشیان لەژێر بەڕێوەبردنێکی نائاساییدان. هەست و وەڵامیان و ئامادەیی شەڕیان بۆ دەرمەتەنەکان لە خەڵکی تر زیاترە.

ئەو کەسانەی دژمەتەنی تایبەت - بە ئەلەرگی-یان زۆرە، هەروەها خانەی تایبەت بە ئەلەرگیان زۆرە، واتە ئەو خانانەی کە ئەو جۆرە ئەنزیمانە دروست دەکەن کە دەبنە هۆی گلبوونەوەی خوێنی زیاد لەو ناوچەیە بە فراوانکردنی دەزوولە و بۆرێچکەکانی خوێن. هەر بۆیەش ناوچەکە (وەک لە پێست) سوور دادەگەڕێ و تۆزێک دەئاوسێ، هەروەها دەبێتە هۆی خوریشتی و تەنگەنەفەسی و... هتد.

خەڵکی خاوەن ئەو جۆرە سیستەمە ئەلەرگیان تووش دێ بە تووشبوونی دەرمەتەنی تایبەتی. ئەو دەرمەتەنە تایبەتیانەش زۆرن و زۆرجۆرن، بگرە ژمارەیان بە سەدانە، بۆیە دەستنیشانکردنیان لە شوێنی رووداندا بارەکە هەموو جارێک ئاسان نییە، بەڵام چارەکردنی باری ئەلەرگی زەحمەتتریشە لە دەست نیشانکردن و خۆپاراستن لە دژەتەنە هێرشبەرەکان.

شێوەی خۆپاراستنیش تەنها بە دەست نیشانکردنی دژەتەن دەبێ لە ڕێگەی خۆچاودێرکردن، واتە دوورکەوتنەوە لە خووڕەوشتی وا کە دەبێتە هۆی پەیدا بوونی دژەتەن و شڵەژانی سیستەم. نموونەی ئەو شتانە زۆرن، تۆزی ڕایەخ، تۆزی پەڕەمووچی باڵندە، خواردنی هێلکە یان ماسی، گیا و هەڵاڵی گوڵ، دەرمانی پەنسلین، ژەهری پێشوولە ...هتد.

٥- شێرپەنجە

لەش دابەش کراوە بەسەر کۆئەندامەکاندا، کۆئەندامەکان بەسەر چەندان ئەندامی تایبەتی، هەر ئەندامێکیش بەسەر ملیۆنان خانەی زیندووی تایبەتیی جیاجیا. خانەکانیش هەردەم خەریکی چەندان کاروباری ئاڵۆزن، لەلایەکەوە بۆ وەرگرتنی خۆراک و وزە و لەلایەکی تریشەوە بۆ بەرهەم هێنان. لەسەرووی ئەوانیشەوە درووستکردنی خانەی نوێ.

خانە زوو زوو زاوزێ دەکات و دابەش دەبێ و خانەی نوێ دروست دەکات، بەتایبەتی ئەگەر یەکێکیان لەکارکەوت و مرد، یا بریندار بوو، ئەوا هاوسێکەی دابەش دەبێ و شوێنی پڕ دەکاتەوە. هەندێک ئەندام خانەکانی زوو زوو دابەش دەبن (وەک مۆخی ئێسک، ریخۆڵە)، و هەندێکی دی خانەکانی زۆر سستن یان دابەش نابن لەدوای چەسپاندنیان (بۆ نموونە خانەکانی دڵ و مێشک). کەواتە دابەش بوون و گەشە و هەڵسووڕاندنی کاروباری خانە بەگوێرەی سیستەمێکی ئاڵۆزی زۆر ورد و ڕێک و پێک بەڕێوە دەچێ.

جاری وا هەیە لەبەر هۆی نەزانراو ئەو بەڕێوەبردنە لەدەست دەردەچێ و خانەکە کارێکیان دەکات و ئەوانی تر دەخاتە پشت گوێ، جا ئەگەر خانەکە تەنها خەریکی دابەش بوون و زۆربوون بێ و کارەکانی دی کە پێی سپێردراوە لەبیر بکات ئەوا ئەو خانەیە پێی دەگوترێ (شێرپەنجە). خانەی شێرپەنجە خۆراک و وزەیەکی زۆر وەردەگرێ و هەمووی تەرخان دەکات بۆ زیادبوون و دابەش بوون و هیچ بەشداریەکی ئەندامەکەش ناکات لە کار و پیشە.

بۆ نموونە شێرپەنجەی گورچیلە خوێن ناپاڵێوێ، شێرپەنجەی سی‌پەلک کاری هەناسەدان ناکات... هتد.

ئاشکرایە کە شێرپەنجە چەندین جۆرە و بە گوێرەی ئەندامە جیاکان، یان سرووشتی خانە لەناو هەر ئەندامێک دەگۆڕێ. بە هەمان شێوەش هۆیەکانی پەیدابوونی شێرپەنجە زۆرن. هەر جۆرە شێرپەنجەیەک هۆی تایبەتی خۆی هەیە کە جیایە لە هۆی شێرپەنجەیەکی تر، بۆیەش شێوەی خۆپاراستن لە جۆرێکیان جیایە لە هی تر. خەڵک زۆرجار بە هەڵە دەپرسێ: ئایا هۆی شێرپەنجە چییە؟ ئایا چارەی شێرپەنجە کەی دەدۆزرێتەوە؟

هەڵەی ئەو پرسیارەش لەوەدایە کە تەنها هۆیەک نییە بۆ شێرپەنجە و شێرپەنجەش تەنها جۆرێک نییە، بۆیەش چارەسەریشیان تەنها بەیەک شێوە نییە، خۆپاراستنیش بەیەک نەریت نییە.

زۆر ماددە هەن کە دەبنە هۆی دروست بوونی شێرپەنجە لە هەندێ ئەندام و لای هەندێ کەس. پزیشکەکان دەگەنە ئەو جۆرە بڕوایانە لەسەر بناغەی سەرژمێریی تایبەتی یان بە تاقیکردنەوەی زانستی، بۆ نموونە:

زۆربەی هەرەزۆری نەخۆشەکانی خاوەن شێرپەنجەی سییەکان، جگەرەکێشن، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە کە هەموو جگەرەکێشێک تووشی شێرپەنجەی سییەکان دێت. جگەرە تاکە هۆی هەرە زەقی شێرپەنجەیە کە تا ئێستا بە بێ دوودڵی تاوانبار کرابێ. بەڵام بە هەمان شێوە سەرژمێری چەندەها هۆ و فاکتەری تر دەستنیشان کراوە.

بۆ نموونە:

- تیشکی ژوورمۆر (ئەلترافایۆلێت- فوق البنفسجي) دەست نیشان کراوە بە هۆیەکی سەرەکیی شێرپەنجەی میلانۆمای پێست. تیشکی ژوورمۆریش لەناو تیشکی ڕۆژدایە.

- تیشکی ئێکس و تیشکی ئایزۆتۆپی ماددە تیشکدەرەکان (وەک ماددەی یۆرانیۆم). ئەو تیشکانە بە هۆی سەرەکیی شێرپەنجەی خرۆکە سپییەکانی خوێن دادەنرێن (لیوکیمیا).

- هێلکەی کرمی بەلهارزیا بە هۆی جۆرە شێرپەنجەیەکی میزەڵدان (مسلدان) دادەنرێت لەو شوێنانەی کە نەخۆشییەکەیان تێدا بڵاوە.

- ڕۆنی سووتاوەی سەر مەقلی و پلێتی هەمبەرگەر بە هۆیەکی تری شێرپەنجە دانراوە.

- هەندێ ڤایرۆس (ئۆنکۆڤایرۆس) بە هۆیەکی شێرپەنجە دادەنرێت. ڤایرۆسی ئەیدز تاوانبار کراوە بۆ پەیداکردنی شێرپەنجەی کاپۆزی پێست.

- کێشانی قەڵە (قەنە) و سبیل دانراوە بە هۆیەکی شێرپەنجەی سەری زمان.

ئیتر ئەوانە و دەیەها فاکتەری تر کە گومانی شێرپەنجەیان خراوەتە پاڵ. بۆ مەسەلەی خۆپاراستن، دیارە کە زۆر گرانە، بەتایبەتی لەبەر ئەوەی کە زانست نەگەیشتۆتە هۆیە ڕاستەقینەکان، بەڵام دوورکەوتنەوە لە هۆیە گومان لێکراوەکان (وەک جگەرە و تیشکی ئێکس) ڕەنگە سوودی هەبێ.

باشترین ئامۆژگاری بۆ کەمکردنەوەی شێرپەنجە ئەوەیە

کە هیچ جۆرە ناڕێکییەکی تەندروستی نەخرێتە پشت گوێ، چونکە بە زۆری چارەسەرکردنی شێرپەنجە کاریگەرترە لە سەرەتای دروستبوونی، وەک لە دوای جێگیربوون و بڵاوبوونەوەی.

نەخۆشییە میکرۆبییەکان:

گرنگیی ئەو نەخۆشییانە لەوەدایە کە دەتوانرێت بەربەست بکرێت واتە بەربەست کردنیشیان بە کار و نەریتی زۆر ئاسان دەکرێت کە هەموومان دەتوانین بیکەین. پوختەی ئەو کار و نەریتانەش پاک و خاوێنییە. پاک و خاوێنی لە هەموو لایەکی ژیان، بەتایبەتی لە خواردن.

وشەی میکرۆب لە دوو بەش پێکهاتووە: میکرۆ (micro) بە مانای زۆر بچووک و بایۆ bio بە مانای زیندوو، واتە زیندەوەری زۆر بچووک. پزیشک میکرۆب بەکار دەهێنن بە مەبەستی وەسفکردنی ئەو زیندەوەرە مشەخۆرانەی کە تەنها بە میکرۆسکۆب دەبینرێن، ئەوانەش زیندەوەری یەک خانەیی، چەند خانەیی یان شانەیی دەگرێتەوە. بۆ نموونە بەکتریا زیندەوەرێکی یەک خانەییە، کەڕوو چەند خانەییە، کرم زیندەوەری شانەییە (واتە ژمارەیەکی زۆر لە خانەی تایبەت).

ڤایرۆس: زیندەیەکی بچووکە بە میکرۆسکۆبی ئاسایی نابینرێ، بەڵکو تەنها بە میکرۆسکۆبی ئەلەکترۆنی دەبینرێ، پێکهاتنی ناوەوەشی لەسەر شێوەی خانە نییە. واتە ناوک و سایتۆپلازم و بەرگی نییە. بەڵکو تەنها لە قەپێلکێک (چاکەتێکی) پرۆتینی لە دەوری تۆپە دەزوویەکی جینی (DNAO یا RNA) پێکهاتووە.

ڤایرۆس ناتوانێت بە تەنیا بژی، بەڵکو دەچێتە ناو خانەکانی لەش و کەلوپەلی خانەکە تەرخان دەکات بۆ مەبەستی گەشەکردنی خۆی.

ڤایرۆسەکان هەمەجۆرن و نەخۆشیی هەمەجۆر درووست دەکەن، ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە هیچ دەرمانێک نەدۆزراوەتەوە کە ڤایرۆسەکان بکوژێ بە تەواوی و بەبێ ئەوەی زیان بە گیانی مرۆڤ ببەخشێ. کەواتە تەنها ڕێگەی کاریگەر بۆ چارەسەرکردنیان خۆپاراستنە لێیان. ڤاکسین (کوتان) لە دژی ڤایرۆسەکان ڕێگەیەکی سەرکەوتووە بۆ قەدەغەکردنی زۆر لە ڤایرۆسەکان، بۆ نموونە سوورکە و خرووکە، بەڵام زۆری تریان هەیە کە تا ئێستا ڤاکسینیان بۆ نەدۆزراوەتەوە، لەبەر هۆی جیاجیا، بۆیە دیسان پێویستمان بە ڕێگە ساکار و بنەڕەتییە گرنگەکان هەیە بۆ دوورکەوتنەوە لەو نەخۆشییانە. پوختەی هەموویان «پاک و خاوێنی و نەریتی تەندروستیانەیە».

جا لێرەدا بۆ مەبەستی خۆپاراستن، ڤایرۆسەکان دەکەین بە چەند بەشێکەوە بە گوێرەی ڕێگاکانی خۆپاراستن و سرووشتی نەخۆشییەکان:

١- ئەو ڤایرۆسانەی کە بە دڵۆپی ئاو و شێ و ئاڵوگۆڕی کەل و پەل و تێکەڵاویی نزیک بڵاودەبنەوە:

- ڤایرۆسی سوورکە.
- ڤایرۆسی سوورکەی جەرمانی.
- ڤایرۆسی مێکوتە.
- ڤایرۆسی ئەنفلەونزا
- ڤایرۆسی گوێرەپە
- ڤایرۆسی خرووکە

شێوەی خۆ پاراستن:

- دوورکەوتنەوە لە نەخۆش هەتاکو چاک دەبێتەوە بەتایبەتی لە کاتی پژمین و کۆکین و قسەکردنی بەرەوڕوو.
- بەکارنەهێنانی کەلوپەلی نەخۆش، وەک خاولی و قاپ و کەوچک.
- نەهێشتنی قەرەباڵغی لەناو ژووری داخراو، باشترە هەردەم ڕێگەی ئاڵوگۆڕی هەوای ژوور بدرێت. واتە کردنەوەی دەرگا و پەنجەرە بەتایبەتی لە زستاندا.

ڤایرۆسی ئەنفلەونزا نەبێ، بۆ ئەوانی تر ڤاکسینی کاریگەر هەن و دەدرێن بە منداڵ لە دوو ساڵی سەرەتای تەمەنیاندا.

٢- ئەو ڤایرۆسانەی کە بەهۆی جووت بوون یان گواستنەوەی خوێنی نەخۆشی بڵاودەبنەوە، ئەوانەش:

- ڤایرۆسی زامی جگەر (Hepatits B)
- ڤایرۆسی ئەیدز

شێوەی خۆپاراستن:

- وەرنەگرتنی خوێنی نەخۆش، یان خوێنی یەکێکی نەناسراو.
- بەکارنەهێنانی دەرزی و گوێزان و هەر شتێکی خوێناویی نەخۆش، واتە باشترە کە یەک دەرزی بۆ دووکەس بەکارنەیەت یان دووکەس بە یەک گوێزان ریش نەتاشن، ...هتد.
- بەکارهێنانی کوندۆم لە کاتی جووت بووندا.
- ڤاکسینی کاریگەر، تەنها بۆ ڤایرۆسی زامی جگەر دۆزراوەتەوە بەڵام تەنها دەدرێت بە خەڵکێک کە لە مەترسیی تووش بوون نزیک بێ. بۆ ئەیدز هێشتا ڤاکسین نەدۆزراوەتەوە و ڕەنگە ساڵەهای ساڵی تری پێ بچێ هەتا ڤاکسینی کاریگەر پەیدا ببێ.

بەکتریا:

بەکتریا میکرۆبێکی یەک خانەییە و بەچاو نادیترێ ئەگەرچی زیندەوەرێکی سەربەخۆیە لە ژیان. واتە وەک ڤایرۆس پێویستی بە خانەی تر نییە، تاکو یارمەتیی ژیانی بدرێت. بەکتریا ئەگەر خۆراک و کەرەستەی خاوی ژیانی دەست کەوت ئەوا دەتوانێ گەشە بکات، جا لەدەرەوەی لەشی مرۆڤ یان لە ناوەوەی. بۆ نموونە بەکتریا دەتوانێ گەشە بکا

لەسەر چێشت وەک گۆشت یان شلەی پڕ خۆراک وەک (شیر و کەستەر و مەرەگ) بۆیەش گرنگە خۆراک دوور لە بەکتریا بپارێزرێ. بەکتریا پێویستی بە ئەتمۆسفێر (هەوا) و دەوروبەری مەیلەوگەرم هەیە بۆ گەشەکردن، بەڵام گەرمیش لە ٦٠ پلەی سەدی تێپەڕێ ئەوا زۆرە بۆ بەکتریا و پێی دەمرێ، بۆیە پاراستنی خواردن و شلە لە (بەفرگر) ناهێڵێ بەکتریا گەشە بکات و کوڵاندنی شلە و خۆراک بەکتریا دەکوژێ.

لەناو لەشی مرۆڤ، بەکتریا خۆراکی چاکی دەست دەکەوێ، جا لەناو خوێن و شلەکانی تری ناو لەش بێ یان لە خانە و شانەکانی لەش بێ.

بەکتریا هەمە جۆرە، هەندێکیان لاواز و ناسکن و ناتوانن شەڕ لەگەڵ سیستەمی بەرگریی ئاسایی بکەن. هەندێکی تریان زۆر بەتین و شەڕانین، هەر بگەنە ناو لەش ئەوا دەبنە هۆی نەخۆشیی کوشندە. هەندێکی تریشیان لەنێوان ئەو دوانەدان، واتە نە لاوازن و نە کوشندەن.

بەکتریای وا هەیە حەز بە ژیانی ناو خانە دەکات (بۆ نموونە بەکتریای وەرەم) بەکتریای واش هەیە کە حەز بە دەرەوەی خانە دەکات، واتە ناو شلەکانی لەش (بۆ نموونە بەکتریای مەنەنگی*). بەکتریای وا هەیە حەز بە شوێنی ساردی لەش دەکات وەک سەری لووت وەیان گوێ (وەک بەکتریای گرووپی-لیبرۆسی). زۆر بەکتریا هەن حەز بە ژیانی ناو ئەندامێکی لەش دەکەن زیاتر لە ئەندامانی تر، ئەگەرچی دەتوانن لەسەر ئەندامی تریش بژین؛ بۆ نموونە بەکتریای مەنەنگی دەچێتە سەر مەنەنگ، ئەگەرچی توانای ژیانی هەیە لە شوێنی تریش. ئیتر بۆ مەسەلەی خۆپاراستن، پاک و خاوێنی لە هەموو شتێک پێویستە، بەتایبەتی پاک و خاوێنیی دەست و پەل و دەم، خواردن و کەل و پەلی خواردن و برینی کراوە، دەوروبەر ... هتد.

ڤاکسینی کاریگەر و نیمچە کاریگەر دژزراوەتەوە بۆ هەندێ بەکتریا بۆ نموونە وەرەم، تیتانوس، تیفۆ، کولێرا، بۆ هەندێکی تریش ئەوا لێکۆڵینەوە هەر بەردەوامە.

میکرۆبی مشەخۆر:

وشەی میکرۆبی مشەخۆر بۆ باسی ئەو زیندەوەرانە بەکاردەهێنرێ کە بااڵاتر و گەورەترن لە بەکتریا، دەنا وشەی مشەخۆر ئەو جۆرە پەیوەندییە دەگێڕێتەوە کە لە نێوان دوو گیانلەبەردا هەیە، یەکێکیان لەسەر حسابی ئەوی تر دەژی و زیانیشی پێ دەبەخشێ.

بابەتی مشەخۆرەکان زۆر قووڵە، لێرەدا بە ساکاری باسێکی گشتیی لێ دەکەین بۆ مەبەستی خۆپاراستن. زیندە مشەخۆرەکان هەیانە یەک خانەی زلە وەک مەلاریا و ئەمیبا و هەشیانە ملیۆنان خانەن وەک کرمی ئەسکارس و کرمی شەریتی تینیا و کرمی بلهارزیا. بەڵام گرنگیی بابەتەکە لەوەدایە کە زۆربەی هەرەزۆریان بە ژیانی بازنەیی هەمەقۆناغدا دەڕۆن.

مەبەستیش لەوە ژیانێکی چەند قۆناغی زنجیرەییە کە مشەخۆرەکە پێیاندا تێدەپەڕێ. ئەگەر ئەو زنجیرەیە لەهەر قۆناخێکدا ئەڵقەیەکی بچڕا، ئەوا مشەخۆرەکە یان دەفەوتێ یان پێناگات. بۆیە قەدەغەکردن و خۆپاراستن لەنەخۆشیی مشەخۆرەکان ئەرکی تاکە کەس و کۆمەڵ و میرییە بە تێکڕایی. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو ئەرکانە ئەو سێ نموونەی خوارەوە باس دەکەین:

ئا- مشەخۆری مەلاریا لەناو خوێنی نەخۆشدا دەژی، مێیەی پێشکەی ئەنۆفیلس (کە زۆر باڵاوە لە کوردستان) لە کاتی پێوەداندا خوێنی نەخۆش و مشەخۆرەکە هەڵدەمژێ، پاش ماوەیەک مشەخۆرەکە بە چەند قۆناغێکی گەشەدا دەڕوات لەلەشی پێشکەکە و ئامادە دەبێت بۆ نەخۆش کردنی مرۆڤێکی ساغ لەکاتی پێوەدانی پێشکەکە.

ب- مشەخۆری کرمی شەریتی تینیا ساجیناتا، لەناو ریخۆڵەی نەخۆشدا دەژی، پارچەی دواوەی لەشی کرمەکە - کە پڕە لە هێلکە- لەگەڵ پیسایی لە کۆم دێتە دەرەوە، ئەگەر کەوتە سەر گیا و گوڵ و کەوتە ناو خۆراکی ئاژەڵ ئەوا کرمەکە دەگاتە ناو ماسوولکەکانی ئاژەڵەکە. لەوێ قۆناغی ژیان دەگێڕێ و ئامادە دەبێ بۆ نەخۆش خستن، ئەگەر گۆشتی ئاژەڵەکە بووە خۆراکی مرۆڤێکی ساغ.

ج- مشەخۆری ئەمیبا کە دەبێتە هۆی زەحیری و داڕزانی جگەر، لە ریخۆڵەی هەڵگری نەخۆشدا دەژی و لەگەڵ پیسایی دەچێتە دەرەوە و دەچێتە قۆناغێکی نوێی تایبەت بۆ گواستنەوە، ئەگەر گەیشتە سەر میوە و سەوزە و دواییش ئەوانە بوونە خواردنی مرۆڤێکی ساغ ئەمیباکە دەگاتەوە ریخۆڵە و جگەر.

ئەرکی تاکە کەس لە هەرسێ نموونەکەدا خۆپاراستنە بە شێوەی جیا. واتە دوورکەوتنەوە لە پێشکە، کوڵاندنی گۆشت و شوشتن و پاککردنەوەی میوە و سەوزە. هەروەها بەکارهێنانی ئاودەستخانەی تایبەتی بۆ پیسایی و دەست شوشتن دوای تارات.

ئەرکی کۆمەڵ زۆر شێوەیە، وەک هاریکاریی کۆمەڵ لە قەلاچۆکردنی پێشکە و نەفرۆشتنی ئاژەڵی نەخۆش. هەروەها بەکارنەهێنانی پاشماوەی مرۆڤ و پیسایی لە جیاتی پەین.

ئەرکی میری بێگومان لە هەموویان گرنگترە و ڕۆڵەکەشی مەزنترە. ئەویش هۆشیارکردنەوەی خەڵک و فێرکردنیانە، قەلاچۆکردنی پێشکەیە، ڕێکخستنی قەسابخانەکان و دانانی یاسا بۆ پشکنینی گۆشت. دروستکردنی ئاودەستخانە و قەدەغەکردنی بەکارهێنانی پیسایی مرۆڤ وەک پەین.

مایۆ- ئایاری ١٩٩٠ □

* مەنەنگ: پەردەی دەرەوەی مێشکە، کە دەکەوێتە نێوان مێشک و ئێسکی کەلە.

دکتۆر دلاوەر عەلائەددین

لەدایکبووی شاری کۆیەیە، خوێندنی سەرەتایی لە گوند و ناحیەکانی دەوروبەری هەولێر و خوێندنی ناوەندی و ئامادەیی لە شاری هەولێر تەواو کردووە. بۆ کۆلیجی پزیشکی چووەتە بەغدا و پاش تەواوکردنی گەڕاوەتەوە هەولێر بۆ کاری پزیشکی. لەو ساڵانەی دواییدا گەیشتۆتە بەریتانیا و لە زانکۆی لەندەن پسپۆری (اختصاص) لە نەخۆشییە باڵاوەکان (Infections Diseases) بەتایبەتی وڵاتە گەرم و نیمچە گەرمەکانی وەک وڵاتی خۆمان (Tropical and subtropical Diseases) پەیدا کردوە. دیپلۆم (Dim & H) و ماستەری لەو بابەتانە وەدەست هێناوە و ئێستاش ماوەی دوو ساڵە خەریکی وەدەست هێنانی دکتۆرایە لە بابەتی لێکۆڵینەوە لەسەر دۆزینەوەی ڤاکسینی نەخۆشی زامی مەنەنگی (Meningitis). لەسەر ئەو بابەتە چەند وتارێکی زانستیی لەچەند گۆڤارێکی جیاجیای زانیاریی جیهانیدا باڵاوکردۆتەوە و لەچەند کۆنفرانسێکی جیهانیشدا ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی پێشکەش کردووە، بۆ نموونە لە وڵایەتی تیکساسی ئەمریکی لە بەرلین و لە لەندەن.

ئێستاش لە کاتی زیادەیدا لە ریزی دکتۆر و زانایانی کورددا خەریکی کەمپەینە بۆ یارمەتیدانی پەناهەندە کوردەکانی ناوەوەی وڵات و لە ئێران و لە تورکیا و هەروەها قوتابی و خوێندکارەکانی دەرەوەی وڵات. دکتۆر دلاوەر یەکێکە لە دامەزرێنەران و سکرتێری ئێستای ڕێکخراوی (کۆمەڵەی زانستی و پزیشکیی کوردی)یە.

□

٣- کەمپەین لە دژی بەکارهێنانی چەکی قەدەغەکراو و چەکی قەلاچۆکردن و گشت شێوەکانی داپڵۆسین لە کوردستان.

٤- بۆ پێشخستنی زانست و تەکنۆلۆجیا و دامەزراندنی پەیوەندی لەگەڵ گشت ڕێکخراوە لایەنگیرە زانستی و تەکنیکییەکانی جیهان.

ئەوانە و چەندین ئامانجی وردی جۆراوجۆری گرتۆتە ئەستۆ بۆ یارمەتیدانی قوتابی و کردنەوەی پەرتووکخانە و هی تر.

لەوەتی دامەزرێندراوە، کسما کاری جۆراوجۆری ئەنجام داوە. زۆربەی ئەو کارانە لە هەواڵنامەی کسمەدا باڵاوکراونەتەوە. لە کارە گرنگە ئەنجامدراوەکانی کسما بەدەنگەوە هاتنی پەنابەرەکانی ماردین و دیاربەکر بوو لە دوای ژەهرخواردنەکەی مانگی حوزەیرانی ١٩٨٩ و شوباتی ١٩٩٠. کسما خوێنی نەخۆشەکانی لە تاقیگەکانی بەریتانیادا پشکنی بەبەڵگەی زانستی و تاقیگەیی تاوانی ژەهراوی کردنی کامپەکانی دەرخست.

هەروەها کسمە لە مێدیای جیهانیشدا، ناسراوە بەهۆی کەمپەینی دژی چەکی کیمیایی و بایۆلۆجی. ئەوانە و چەندین کاری تری ئەنجامدراوی ورد و درشت کە ڕاپۆرتەکانیان دەتوانرێت دەست بکەوێت لەلایەن کسماوە بەم ناونیشانە:

KSMA
BCM BOX 5952
LONDON WC 1N 3XX
UNITED KINGDOM

□

کۆمەڵی زانستی و پزیشکیی کوردی

کاتی ڕوودانی کارەساتی هەڵەبجە، چەند پزیشک و زانایانی کورد لە بەریتانیا کۆبوونەوە و بڕیاریان دا لەسەر پێکهێنانی «گرووپی پشتگیریکەری زانستی و پزیشکیی کوردی و بەریتانی» بۆ یارمەتیدانی لێقەوماوانی چەکی کیمیایی و شەڕی قەلاچۆی ڕژێمە داگیرکەرەکان. ئەو گرۆپە بە چەندین کاری پشتگیری و کەمپەینی میدیا و پەرلەمانی و زانستی هەستا بۆ بەدەنگەوە هاتنی لێقەوماوەکانی هەڵەبجە و بادینان و پەنابەرەکانی تر و بۆ کۆکردنەوەی یارمەتیی جۆراوجۆر بۆ ئەو مەبەستانە.

هەر ئەو ڕێکخراوە پەرەی بە کاروباری دا و ئەندامی زیاتری لێ کۆبۆوە و دەستوورێکی گرتەبەر و لە کۆنفرانسی دامەزراندندا لە مانگی ئاداری ١٩٨٩ بڕیاری چەسپاندنی «کۆمەڵەی زانستی و پزیشکیی کوردی» درا. کۆمەڵە بە (کسما) ناسراوە لەبەر ناوە ئینگلیزییەکەی Kurdish screntific and Medical Association

ئامانجە گرنگەکانی کسما ئەوانەن:

١- کۆکردنەوەی ئەزموون و هونەری زانیارە کورد و کورددزەکان و کۆششکەرەکانی مافی مرۆڤ و ئاشتی بۆ بەرگری لە ژیانی مرۆڤ بە شێوەیەکی گشتی و بۆ ئەنجامدان و پێشخستنی ئاشتی و دادپەروەری لە کوردستان بە تایبەتی.

٢- پەیداکردنی ئامۆژگاری و زانیاری و یارمەتیی زانستی و پزیشکی و مافی مرۆڤی بۆ خەڵکی کوردستان.

هێمن

ژوانی ئاغا

مامۆستا هێمن لە پێشەکیی (تاریک و روون)ەکەیدا دەگێڕێتەوە: (لە ڕۆژی ١٥ی ڕێبەندانی ١٣٢٧ (١٩٤٩)دا ناسری فەخرارایی لە دانیشگای تاران شای وەبەر دەمانچان دا تۆزکاڵێکی دەم و لێو و پشت ڕووشاند. ئەو تاوانەیان هاوێشتە سەر حیزبی تودە و ئیجازەی ڕەسمیی کارکردنی ئەو حیزبەیان هەڵوەشاندەوە و ڕابەرەکانیان گرتن و دەرکی ڕۆژنامەکانیان داخستن و لە سەرتاسەری ئێراندا حکوومەتی نیزامی دامەزرا. ئەوەش زەبریک بوو کە بە نەخشەی ئیمپریالیزم و بە دەستی کۆنەپەرستی وە جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی ئێران کەوت.

بەڵام زۆری پێ نەچوو ڕۆژنامەکانی حیزبی تودە بە نەهێنی دەرچوونەوە و ڕابەرانی حیزب توانییان لە زیندان ڕابکەن.

سەیر ئەوەبوو پاش ڕووخانی کۆماری مەهاباد من بۆ یەکەم جار دوو ڕۆژ پێش واقیعەی دانشگا وێرابووم بە ئاشکرا بچمە مەهاباد و بە ڕۆژی ڕووناک بگەڕێم، کە ئەو ڕووداوە لە تاران قەوما و لە مەهابادیش دەستیان کردوەوە بە خەڵک گرتن، ناچار منیش خۆم شاردەوە. لەو خۆشاردنەوەدا شیعرێکی زۆرباشم لەژێر عینوانی (ژوانی ئاغا)دا گوت کە بە داخەوە خۆم نەمماوە و تکا لەو کەسانە دەکەم کە هەیانە بیپارێزن و ئەگەر کرا بۆم بنێرن»

لەو سەردەمەدا هێمن لە ماڵە شێخەکانی خزمی خێزانیدا خۆی شاردۆتەوە. لەو دێیەی کە هێمن خۆی تێدا حەشار داوە کچە عەجەمێک دەژی بە ناوی (نادییە). یەکێک لە ئەولادەکانی شێخ دەوری نادییە دەدا و هەموو ڕۆژێش کە دێتەوە ماڵێ بەسەرهاتەکەی بۆ هێمن دەگێڕێتەوە.

هێمنیش کە ناوێرێ لەماڵ وەدەرکەوێ، سەری لێ ئەستوور دەبێ و بۆ سەرگەرم کردنی خۆشی بووبێ لە بنەوە ئەو قسەو باسە دەکاتە شیعر.

ڕووهەڵماڵراوی و باری کۆمەڵایەتیی (ژوانی ئاغا) بۆتە هۆی ئەوەی کە ئەو شیعرە هەتا ئێستا هەر لە نێوان تامەزرۆیاندا دەست بەدەست بگەڕێ، بەڵام ئێستا ئەو هەلە ڕەخساوە کە بە هەراوی بڵاوبێتەوە.

تێبینی: لێرەدا سپاسی (ج. ئاشتی) دەکەم کە لە ساغکردنەوەی «ژوانی ئاغا»دا یارمەتییەکی باشی دام.

هێدی □

چاوەکەم بیستوومە چاوی نادییە
ئێستە بۆتۆ مایەیی دڵشادییە
خۆت مەڵاس داوە ئەتۆ بۆیە لەوێ
ئەو کچۆڵە نازمنینەت خۆش دەوێ
بۆیە وا ون بووی لە ئێمە و نایەوە
ڕاوکەری، داوت لە کۆتر نایەوە
کاکی خۆم، بیستم گرفتاری ئەتۆ
ئاشقێکی دڵ بریندار ئەتۆ
دیل و گیرۆدە و ئەسیری کاکی خۆم
مل کەچ و زار و فەقیری کاکی خۆم
ئەو کچۆڵە نازمنینەی چاو کەژاڵ
تۆبەکەی چەند ساڵەیی کردی بەتاڵ
عەقڵ و هۆشی بردی چاوی مەستی وی
شێت و وێت و گێژ و وێژی دەستی وی
کێ بوو دەیگوت تۆبە کۆن بێ ناشکێ
تۆبە خۆ پۆڵا نییە چۆن ناشکێ
وات شکاند و خستتە بەر پێتەوە
تۆبەکەت پێم وایە گاو ناکرێتەوە
بەو موژە بەر گشتەیەی ئەو دڵبەرە
وەردەگێڕێ تۆ لە دین بۆ مەسخەرە
بەژنەکەی ئیمانەکەت باریک دەکا
زوڵفەکەی پەروەندەکەت تاریک دەکا
جەرگی لەت کردی برا، شیری برۆی
کەزیەکەی وەک داوە ناهێڵێ بڕۆی
ڕووەمت و کوڵمە و چەنە و بەرخەبەبی
گوجی پێ هێناوی چۆن ڕێ دەردەبی
خەستەو و ڕەنجوور و گێژ و گێلی وی
کوشتەیی ئەو گەردنی وەک کێلی وی
سینگ و مەمک و پاو و پووز و سمتی ئەو
پێی نەهێشتی عەقڵ و هۆش و خورد و خەو
دڵپەشێوی پەرچەمە ئاڵۆزەکەی
شێتی لەنجە و لار و دەست و گۆزمەکەی
ڕۆژێ هات و چۆ دەکەن چەندین دەڵاڵ
تا فریودەن ئەو کچۆڵەی چاوکەژاڵ
(جەعفەر ئاغا) دیارە یەکجار ماندووە
هێندە هات و چۆ دەکا جارێ بووە
خۆ (برایمە شەل) هەدادانی نییە
وەک حەسیر وایە لە ماڵی (نادییە)
هێندە بەو زستانە سەختە هات و چوو
زگە شۆڕەی گرت ژنی (سۆفی پەڵوو)
دێتەوە لای تۆ دەڵێ: (عەولا دلە)
ئەو کچەتیوە دەکا ئێستاش ملە
پاش ئەوەی زۆر هات و چوون دەستەی دەڵاڵ
دێنەوە خزمەت جەنابت دەست بەتاڵ
ئەو دەمی بۆ خۆت دەچی بۆ کۆی یار
پێی دەڵێی ئەی دولبەری سیمین عوزار

جەربەزە و کوێرەوەری و زەحمەت بەسە
بۆ بە ڕقدا چووی ئەتۆ لەو بێکەسە
ئەی گوڵاڵە سوورە، ئەی تازە نەمام
سیل و دیقم گرت لە سوێیانت نەمام
ئەی نیگاری چاو خوماری بێ وەفا
بەسیەتی بێ مەیلی و جاور و جەفا
نازمنینی شۆخ و شەنگی چاو بەڵەک
ئاسکی دڵ ئاسکی سرک و ڕەوەک
مامزی لێو قرمزی خۆش خەت و خاڵ
مانگی چاردە، لایەتولەینی جەماڵ
چۆنەسەی ئەستۆم، بوتم، سەروم، گوڵم
تو سەری خۆت چیدی مەشکێنە دڵم
بمدمیە گانێ لە مێژە تاسوخم
دایکەنە زوو ئەو تومانە تا سۆخم
(نادییە) خانم لە پێشا ناز دەکا
سەد بەهانە و سەد درۆت بۆ ساز دەکا
زۆر بە ناز و نووزەوە وات پێ دەڵێ:
چۆن لەنێو خەڵکا دەبێ چاوم هەڵێ
من کە یاری تۆ بەم و وا ڕووت و قووت
پاش و پێشی من بکەن تاقمانە جووت
لۆکەیی تێدا نەماوە کلۆجەکەم
پشت و ئانیشکی دەبێ من پینەکەم
نیمە دەسماڵ غەیری سەرپێچی دڕاو
مردم و نەمدی لەسەرخۆم تاسکاڵو
لەتلەتە وەک جەرگی تۆ دەرپێی شرم
جا ئەوەش ئاواڵکراسە تێی ترم
لائەقەل پوتێ دەبێ کەوشی کەچم
بەو قوڕ و بەو سۆڵە بۆ ژوان دەردەچم؟
ڕەنگە تێیدا بێ سەر و پرچم گەنە
لێم نەداوە ساڵ و نیوێکە خەنە
من کە ڕووتم چەشنی ئاسکی عەربەتێ
دوێنێ جێژن بوو نەچوومە داوەتێ
سورمە و سابوون و کلتوورم نییە
ئاوێنە و خرخاڵ و بەرمووڕم نییە
چش ئەگەر نیمە لە ماڵا تامە چێشت
داخەکەم نیمانە زارجوویەک بنێشت
وردەواڵە هاتە ئێرە دوێنەکە
نەمبوو پووڵی گوڵ و گوارە و مێخەکە
هەر کە هاوارێ دەکا میوەفرۆش
من لە سوێی سنجو دەروونم دێتە جۆش
قوچەکە و دەرزی و کەلەفیشم نییە
ئاشقی وەک تۆ چرووکم بۆ چییە
تۆ دەڵێی: ئەی شۆخی مەستی چاو هەڵۆ
پرتە و بۆڵە بەسیەتی خەم مەخۆ
ئەی بوتی سیمین و ئەی خوشکی پەری
شەرتە بۆت بکرم کراسی کودەری

بەسەری خۆم و بە مەرگی (کاک هەباس)
گیانە بۆت دەکرم کەواو ئاواڵکراس
بۆچمە بەزیاد نەبێ پووڵ و دراو
جوانی وەک تۆ نەبینێ کەوش و تاسکاڵو
تۆ بەڵێنم پێ بدە و تەفرەم مەدە
حازرە دەسماڵ و چارۆکە و شەدە
بۆم کڕیوی عەتر و سابوون و خەنە
کرمەک و خرخاڵ و بازنە و ژێرچەنە
مێوژ و سنجو لە (سەیفوڵڵا عەجەم)
وەرگرە باکت نەبێ پووڵی دەدەم
وێت دەدەم سابوون و کلتوور و دەزوو
کوا قسەت پێماوە، دایماڵە دە زوو
بەو قسە خۆشانە سەرگەرمی دەکەی
وردە وردە کەم کەمە نەرمی دەکەی
ئیحتیاج دەیکا وەها نەرم و تەبا
بۆت نەرم نابێ ئەگەر موحتاج نەبا
ئیحتیاج داوێنی ئالوودە دەکا
گەر تەسەل بووپایە حەتمەن نەتدەگا
گەر نەبووپایە وەها رووت و شرۆڵ
خۆی دەکرد تەسلیمی تۆ چرچی گرۆڵ؟
ئیحتیاج مەجبووری کرد و خۆی فرۆت
چی لەدەست نایە دەنا (پوورە مرۆت)
ئیحتیاج دۆخینی پێ شل کردەوە
شەرم و ناموسی لەبیر ئەو بردەوە
ئیحتیاج کردی بەدەست ئاغا ئەسیر
کیژی لادێیی رەش و رووت و فەقیر
ئیحتیاجە جەرگی کردۆتە کەباب
هێندە جوانچاک نی دەنا عالیجەناب
جوانی فەرموو شاعیری گەورەی قەدیم
ئافەرین ئەی ساحیبی زەوقی سەلیم
«آنچە شیران را کند روبە مزاج
احتیاج است احتیاج است احتیاج»

لادە شاعیر تۆ لە باسی فەلسەفە
بۆ لە بیرت چۆتەوە کاتی گەفە
رایدەکێشی عاقیبەت بۆ ئاغەڵێ
دەست دەگێڕی تۆ لە مەمک و باغەڵێ
دەیگری کاکە لە ئامێزی گەرم
لادەچێ پەردە و حەیا و حوجب و شەرم
دەست دەگێڕی تۆ لە سمت و بەرگەدەی
جا کە رەقت کرد پەلامپێتکەی دەدەی
دەیخەیە سەر گازی پشتێ ئەو گزە
دەیدەیە بەر هەڵمەتی ئەو تۆپزە
لاقی هەڵدێنی و دادەگری زگی
دەرپەڕی دەعباکە وەک ناوکی جگی
مەترەقەی سەرئەبڵەقەی لێ رادەدەی
دەیترێنی خۆی وەها پێدا دەدەی

نێوگەڵانی ئەو فەقیرە شەق دەکەی
گوپی هەڵدەمسێنی، چاوی زەق دەکەی
دەیبەیە ژوورێ بە زۆری و چیرەچیر
با بە کەیفی خۆی بکا ئەو زیرەزیر
تۆ ئەوەندەی رادەدەی بۆ پێشەوە
ئەو دەڵێ: کوێر بووم کوڕە بیکێشەوە
تۆ دەڵێی: خۆت راگرە ئەی بەد مەزەب
ئەو دەڵێ: ئێی وا جرڵدم بێ ئەدەب
قەت بەری تۆ ناگرێ ئەو قون خرە
هیچ شکم تێدا نییە کوتک و ترە
لێی دەبەی ئاغا هەتا پرتی گوناه
«مینمایی امتحان» هەردوو کوناه
خۆی زەوت ناکا فەقیری بێ نەوا
رەنگە ئاغا بۆت فرێ دا ساقی وا
نێو زگ و ریخۆڵەکانی هەڵتەکا
جا چاوێن بێچارە خۆشی پیس نەکا
پاش تەواو بوون چاوی هەڵدێنێتەوە
جا بەناز ئەو شیعرە دەخوێنێتەوە
«گر جماع این است کو کردن خران
بر کس ما میرند این شوهران»

کاکە بمبەخشە لەبەر بیکارییە
ئەو قسانە، ئەو هەموو بیعارییە
لێم ببوورە شاعیرێکی عاجزم
مات و داماو و پەرێشان و کزم
دەرکراو و بەشخوراو و دەربەدەر
رەنجەڕۆ و بێنەواو و قورپەسەر
مودەتێکە لێم حەرامە ماڵی خۆم
نابینم خزم و ژن و منداڵی خۆم
هەڵوەدان دیسانەکە پزلیس لە دووم
بەو چلەی زستانە بۆیە بازرە بووم
دەمتەقێنن چەشنی رێویی بەندەنێ
ئەو سەگانە لای کونێشم نادەنێ
دەربەدەر بووم شار بەشار و دێ بە دێ
رۆژێکی سۆفیم و رۆژێکی فەقێ
گا لە پشدەر، گا لە بێستوونم ئەمن
گا لە کوێستان گا لە گەرمێنم ئەمن
ئێسک و پێستێکی رەقە بارگینەکەم
ویشکەوە نابێ تەکەڵتووی زینەکەم
من کە نەمدەخوارد پلاو و گۆشتی خۆم
نانی هەرزن ئێستە وەک هەڵوا دەخۆم
من کە رادەکشام لەسەر تەختی فەنەر
راخەرم ئێستا چییە، کورتانی کەر
من کە قاوەڵتونێ هەڵدەستام لە خاو
ئێستە نیمە ئیستراحەت رۆژ و شاو
من کە هەمبوو، کەوشی بۆیاغ لێدراو
ئێستەکە رازیم بە کاڵەی چەرمی خاو

من کە ئاغا بووم و پۆزم لێ دەدا
رۆژگار ئەوڕۆکە کردوومی گەدا
بە سمێڵی تۆ و بە ریشی (کا حەمەد)
مەحتەلم بۆ پووڵ و رووتم وەک (سەمەد)
بۆ پارە سیغار و تووتن مەحتەلم
هەر دەڵێی دەیلاغی فێزە دووکەڵم
دێ بە شوێنمدا هەمیشە ئەمنییە
ئەمنییەش ئەوڕۆکە بۆ من کەم نییە
با ئەویش رازی بە دە تمەن بێ برا
جیبی من وەڵڵاهی گەسکی لێ درا
شوێنەونکە من لەدەست ئاژان دەکەم
هەر کاڵوەکەی ببینم ژان دەکەم
پووڵی تریاکم لەکوێ بوو بیدەمێ
جا لەبەروەی چاکە فیزماڵکی دەمێ
تا جەناب سەروان وەکو رۆستەم چەقی
کاکە (هێمن)ی تۆ لە حەوت کێوان تەقی
ژیانی ئێستەی من برا بەو تەرزەیە
پێم مەفەرموو شاعیرێکی هەرزەیە
زێز مەبە لێم و مەبە عاجز لە گەپ
کاغەز و شیعرم مەدە بەر نووکە شەپ
من کە دەرکی شادمانیم داخرا
گەر جەفەنگێ لێنەدەم دەمرم برا
نیمە قسێکی دی برا غەیری جەفەنگ
وەرنە مەعلوومە کە تۆ دووری لە نەنگ

پەراوێز

مێرمندانێکی ١٤–١٥ ساڵانە بووم. گرۆگاڵی شیعر و مێعری کوردیم لێ پەیدا ببوو. یەکەم جار (ژوانی ئاغا)م لە ئامۆزایەکی خۆم بیست، بەڵام تەواو نەبوو. بۆ گاڵتە و جەفەنگیش بووبێ حەزم دەکرد ئەو شیعرە بە تەواوی بزانم. وردە وردە نووسیمەوە و ئەوەندەی بۆم کرا لێرە و لەوێ ساغم کردەوە و هاتە بەرم. پاشان کە (تاریک و روون)ی مامۆستا هێمنم دیت، بینیم کە لە پێشەکیی ئەو دیوانەدا، شاعیر باسی (ژوانی ئاغا)ی کردووە و وتوویەتی کە ئەگەر کەسێک هەیەتی بۆم بنێرێ یان بۆم رابگرێ. مامۆستا هێمن هاتەوە (مەهاباد). رۆژێک عەرزم کرد: کاکە من (ژوانی ئاغا)م هەیە. داوای کرد و منیش هەر ئەو ساتە پێم دا. چاوێکی لێکرد.هەندێ شوێنی پێ راست کردەوە کە لە قەڵەم کەوتبوون یان بە هەڵە نووسرابوونەوە. فەرمووی: دەبێ دەستێکی باشی تێوەردەم. بەڵام قەت نەمبیستەوە کە دەستی تێ وەردابێ. دیارە ئەوەش بەهۆی ژیانی سیاسی و هەڵات هەڵات و چەرمەسەریی ژیانی شاعیرەوە بوو، دەنا بێشک (ژوانی ئاغا)ی (هێمن)ی ٢٧ ساڵانە، لەژێر دەستی هێمنی ٦٠ ساڵانە زۆر باشتر دەردەچوو. لەگەڵ ئەوەشدا حەزی نەدەکرد راستەوخۆ بچێتە نێو لاپەڕەی گۆڤار و رۆژنامەگەل و دەیگووت: ئەگەر مردم، پاشان بڵاوی بکەنەوە .
قەدەرێک لەوەپێش هەڤاڵی هێژام کاک (هێدی)، (ژوانی ئاغا)ی بۆ ناردم و نووسیبووی کە بەتەمایە بیدا بە (مامۆستای کورد) کە بڵاوی بکاتەوە. من لێرە ئەو شیعرەم بە دەستەوە نەبوو. بە یارمەتیی هێژی لەبیرمانەوەم، لەبارەی چۆنیەتی و شوێن و کاتی نووسینی ئەو شیعرە و پێداچوونەوەی تەواوی شیعرەکە، ئەوەندەی کە لە دەستم هاتووە کەمتەرخەمیم نەکردووە. بەو هیوایە کە کاک (هێدی) و (مامۆستای کورد) چاوی خوێنەری کوردی پێ روون بکەنەوە. □

ئاشتی (جەعفەری شێخەلیسلامی)
کەنەدا ١٩٩٠/٣/١٩

فەرهەنگۆکی ژوانی ئاغا

ئاغەڵ	جێی داکردنی ئاژەڵ لە زستاندا
ئەمنییە	ژاندارم
بازرە بوون	ئاوارە بوون
بۆیاغ	بۆیە، رەنگ
بێشت	چەقە، جاجک
تاسووخ	تامەزرۆ، تاسەدار
تا سۆخم	تا بگێم، لە (سۆخماخ)ی ئازەرییەوە دێ: گان
تومان	دەرپێ، ئاوەڵکراس
تەقاندن	راونان، رەپێ نان
تەکەڵتوو	چەند قەد لبادە کە لەژێر قەڵتاخی زین دادەنرێ
جرڵماخ	دران، پارچەپارچەبوون، جرڵدم: درام
چرووک	سووک، سەرسەری، بێ ئاوڕوو
دەیلاغ	بەچکە وشتری یەکساڵە
سەرگەرمکردن	خافڵاندن، سەرقاڵکردن
فیزماڵکدان	خۆدزینەوە، راکردن
قوچەکە	شتێکە لە کاتی درووماندا لە قامک دەکرێ، بۆ داگرتنی دەرزی
کلۆجە	کەوای ژنان
گاو	تەقەڵ، گاوکردنەوە: درووەوە
گوج پێهێنان	تەنگەتاوکردن
گەف	جەفەنگ، گەپ
گز	کچ
مە	زۆرەبانی
مینمایی امتحان	بەتاقی دەکەیەوە

□

چەند رامانێک لە کتێبی

«لەبارەی مەحویی لووتکەوە»

رێبوار سیوەیلی

هەر شوانێ کەی دەبێتە هەم قەرینی شاهی من؟
سواری کەر نابێ ببێتە هەم تەکی سواری بوراق
مەحوی

بەرایی:

ئەم قسانە، نە بە نیازی بەکەمگرتنی کاری لیکۆڵەرەوانی ئەدەبیاتی کلاسیکیمان دەکەم، تا دەمەوێ خەتی راست و چەپ بهێنم بە بەرهەمیاندا، نە بە مەبەستی خۆبردنە پێشەوە و دەستتێوەردان لە کێشەکانی ئەدەبی کلاسیکیمان، و لە ئەنجامیشدا، نە دەمەوێ وەک (خانی ناس)، «نالی ناس» و «مەحوی ناس» خۆم بە خوێنەران بناسێنم. بەڵکو خوێندنەوە بە کارێکی داهێنەرانە دەزانم و بڕوایشم وایە خوێندنەوەی جیددیی کتێب و باسی لە رابووردوو چاپکراودا، وێنەی ڕۆشنی ئەو بەرهەمەمان بۆ دەکێشێ و پاشانیش ئاستێکی دیکەی تێڕوانینمان پێشان دەدات.

لە شوێنی کەشدا گوتوومە: هیچ نووسینێک دوابڕیار نادات بە دەستەوە و کەس هەموو شتەکان نازانێت، بۆیە هەر لەم ڕوانگەیەشەوە پێم خۆشە، ئەوەی دەشگوترێت شایانی تاقیکاری بێت و رەخنەی لێ بگیرێ.

لەم وتارەدا، قسەمان لەسەر (شێوازی قسەکردن و هەڵسەنگاندنی ئەدەبی کلاسیکی، واتە مەعنەویاتی ئەدەبی کوردی و شیعرەکانی مەحوییە).

کە ئەم شێوازە لە کتێبی (لەبارەی مەحویی لووتکەوە)دا روون و ئاشکرایە.

ئەو کتێبە ساڵی ١٩٨٤ بۆ یەکەم جار لەلایەن کۆمەڵێک نووسەری کوردەوە پرۆژە کراوە و لە ساڵی ١٩٨٦دا لە دوو توێی ٢٨٧ لاپەڕەی گەورەدا چاپ کراوە(١)

بەو بۆنەیەوە کە دەکرێ ئەم کتێبە سەرچاوەیەک بێت لە بواری مەحویناسیماندا و بە شایەتیی ئەو باسانەش کە تێیدا چاپ کراون، ئەوە دیار و ئاشکرایە کە لە زۆر لایەنی ژیان و بەسەرهاتی مەحوی و شیعرەکانییەوە بڕێ زانیاریی نوێ دراوە بە دەستەوە. بەڵام هێشتا کە خوێنەری وریا قەناعەت ناکات و ئەو لیکۆڵینەوانە ناتوانن تەمی زەمان لە ڕووخساری شیعری مەحوی بڕەوێننەوە.

بەشێکی ئەم کێشەیە بەستراوە بە جیهانی بەرین و مەعنەویاتی شیعری مەحوییەوە، کە هەرکەسە ناتوانێ ئەسپی خۆی تێدا تاو بدات. بەشەکەی دیکەشی بەندە بە ڕەوشی کار و بێتوانایی و دەستەوەستانی ئەو چەمکانەی لە تەئویل و شیکردنەوەی شیعری مەحویدا بەکاردەبرێن.

لێرەدا، بۆ ئەوەی وتارەکەی ئێمەش وەک شیعرەکانی مەحوی نەبێتە قوربانی هەمان ئەو چەمک و ئامرازی شیکردنەوانە، بە باشی دەزانم جارێ پێش هەموو شتێک هەڵوێستەیەکیان (ئەگەرچی بە کورتییش بێت) لە ئاستا بکەم. ئیدی دەچمە ریزی خوێن تاڵەکانەوە یان نا، ئەوە مەسەلەیەکی دیکەیە... جارێ با حەقیقەت نەکرێ بە ژێر لێوانەوە!

(دوورکەوتنەوە) یان (بەرەوپێشچوون)

. سەردەمی مەحوی، لەزۆرلاوە کەوتۆتە ژێر بەرداشی زەمانەوە. بەپێی ئەو سەلیقەیەی ئێمە لەگەڵ ئەفسانەسازیدا هەمانە و بەپێی حوکمی چەوتی ڕۆژگاریش کە بواری رەخساوی نەداوینێ، تا مێژووی خۆمان لە کاتی خۆیدا و بە دەستی خۆمان بنووسینەوە، ئەوەتا زۆر لایەنی مێژوویمان چۆتە قەفەسی سنگەوە و «تەنیا گڵ لێی بیستووین»، یاخود ئەو بڕە کەمەش کە مابێ، لەگەڵ بەڵگەنامە و لۆژیکدا ناگونجێ.

شیعری مەحوی ئەگەرچی بە نیسبەت شاعیرانی دیکەمانەوە، لێمان نێزیکترە و ماوەیەکی هێندەی زۆری

بەسەردا تێنەپەڕیوە، بەڵام بەر ئەو یاسای «گڵ لێ بیستنە» دەکەوێ. بۆیە هەر لێکۆڵینەوەیەک لە پێناوی سپێکردنەوەی ڕووخساری ژەنگگرتووی ئەم لایەنەی ئەدەب و فەرهەنگماندا بێت، شایانی ڕێزگرتن و سەرنجدانە. ئەو لێکۆڵینەوانە لە هەندێ لایەنی ژیان و بارودۆخی ئەو سەردەمەمان ئاگادار دەکەنەوە، بەڵام هێشتا کۆمەڵێک پرسیار تەوێڵمان دەگرن و هەستکردن بە نامۆیی لەئاست ئەدەبیاتی مەعنەویماندا، یەخەی ئەندێشەمان دەگرێ دوای ئەو توێژینەوانەش هێشتا گەڵێک راز و نیاز و مەبەستی شاراوە لە بەرهەمی شاعیردا دەمێننەوە کە بۆ خوێندەواری ئەو سەردەمەی کەسێکی وەک مەحوی نەدەهاتنە پێش. ئەم نامۆییەی ئێستا ئێمە لە ئاست بەرهەمی شیعریی پێشینەکانماندا هەستی پێ دەکەین، هەرگیز بۆ فەقێ و حوجرەنشینی حەفتا- سەد ساڵ لەمەوبەر نەدەهاتە پێش.

بێگومان وەک گوتمان ئەو لێکۆڵینەوانە سوودێکی زۆرمان لەسەر ڕواڵەتکاریی شیعری مەحوی پێ دەگەیەنن، بەڵام لە هەمان کاتیشدا پێویستە ددان بەوەدا بهێنین کە ئەو خەسڵەتەی لە لێکدانەوەی بیری خوێندەواری پێشوودا بۆ شیعری مەحوی هەبوو لە ئێمەدا نییە. راستترە بڵێم، ئێمە لە ڕواڵەتی مەحوی چاکتر تێدەگەین بەڵام لە ئاست باتینییەتی شیعری مەحویدا، دەستەپاچەین!

سەرەتا با نموونەیەکی زۆر ئاسان لەسەر چۆنیەتیی هەڵسەنگاندنی پێشینان لەسەر بەرهەمی یەکدی، بهێنمەوە، ئەوجا دێمەوە سەر هۆی ئەو جیاوازییەی نێوان مەحویناسیی ئێستە و رابردوو.

سالم (١٨٠٠-١٨٦٦) لە قەسیدەیەکی خۆیدا، بە جوانی نموونەی جۆری (هەڵسەنگاندنی) شیعری ڕۆژگاری خۆیمان بۆ ڕەسم دەکا و ئەمەش کارێکە زۆربەی شاعیرەکانمان کردوویانە. سالم دەفەرموێ:

لە عەرصەی ئەوجی (عیشقت) (بازی دل) هەڵستا لە دەورانا
بە بەرقی پرتەوی حوسنت پەری سووتا لە طەیرانا
لە (ڕۆژی ئیمتیحانا) دیم، بەرابەر ڕوئیەتی (مەعشوق)
کەمەربەستی هونەر هاتن بە تیپی (عیشق بازانا)
لەلایە نالی و مەشوی، لەلایە سالم و کوردی
لە هەنگامەی هونەرگەرمی، تکاجۆ بوون لە «مەولانا»

دیارە من لێرەدا کارێکم بەسەر ئەو نمەی پیاهەڵدانەوە نییە کە لە دووتوێی شیعرەکەدا دەبینرێ. بەڵکو دەمەوێ سەرنجی خوێنەر بۆ ئەو چەمکانە رابکێشم و لە شێوەی بەکارهێنیان بدوێم کە سالم بۆ هەڵسەنگاندنە شیعرییەکەی بەکاری بردوون...(٢).

لەو سێ جووتە دێڕەی سەرەوەدا، سالم جارێک (عیشق) و جارێک (مەعشووق) و جارێک (عیشقبازان) و جارێک (بازی دل) و جارێک (ڕۆژی ئیمتحان) و جارێکیش ناوی (مەولانا) (١٧٧٩-١٨٢٨) دەهێنێ.(٣)

ئەم بەکارهێنانەی سالم، بێهۆ نییە و لە ئەنجامی ئولفەتگرتنەوە لەگەڵ ناوەڕۆکی شیعری ئەو شاعیرانەدا هاتووە. سالم خۆی وەک شاعیرێکی بەتوانا و خوێندەوارێکی لێزان، دەزانێت کە ئەدەبی کلاسیکی خاوەنی کۆمەڵێک ئامرازی فەلسەفی و فیکری و جوانکارییە و گەر کەسێک بیەوێ قسان لەسەر ئەم ئەدەبە بکات، ئەوا پێویستی بەوە هەیە ئەو ئامرازانە بەکار بهێنێ... نەک بەرەو هەندێ ئامرازی ناشنا پەل

بهاوێژێ و خۆی سەرگەردان بکات. واتە لەلای سالم تووشی ئەو سەرگەردانییە نابێ، چونکە هەروەکو پێشتر گوتمان مەسەلەکە راهاتن و بڕواهێنان بووە بەیەک سەرچاوەی جیهانبینیی ئەو سەردەمە، جۆرێک هاودەمی و تەبایی لە نێوان شاعیر و هاوچاخەکانیدا بەدی دەکرا. بەڵام ئێمە ئەو تەبایی و هاودەمییەمان لەدەست داوە، هەر بۆیەشە بە ئاسانی تێگەیشتنی بەشێکی گرنگ لە میراتی فەرهەنگیشمان بەلاوە گران بووە. خوێندەواری ئەو دەمە، لە بەرامبەر شاعیردا ئامادەبوونێکی هەستپێکراویان پێشان دەدا... لە پەیوەندیی نێوان شاعیر و حەقیقەت و خۆیان بە ئاسانی تێدەگەیشتن. کەچی ئێمە لە دووری ئەو مینبەرەوە وەستاوین کە شاعیر لێوەی دەدوا، گەر جاروباریش سروەبای ئەو جیهانەی رابردوومان بگاتێ، هەستی پێ ناکەین و خێرا بە تۆڕی زاراوە نوێیەکان خۆمان دادەپۆشین. هەقیشمانە، چونکە ڕێژەی تێگەیشتنی مەعنەویمان لەچاوخوێنەری سەد ساڵ لەمەوبەردا، تنۆکەیە لەچاو زەریادا.

عیشقی مەحوی بە حوکمی ئاسمانی بوونەکەی، پێویستی بە بەکارهێنان و هەڵنانی پەیژەی ئەو چەمکانە هەیە کە بەرەو بەرزایی جیهانی ئەو عیشقە، سەرمان دەخەن... دەنا بەکاربردنی هەر پەیژەیەکی دی کە پلەکانی لە چەمکی دی پێک هاتبن، دەبێتە هۆی ترازاندنی ئەو عیشقە لە کورسیە ئاسمانییەکەی و بە زەویدا دانی.

لێرەدا دەپرسم: سەپاندنی چەمکی نەتەوەیی بوونی مەحوی کە زۆربەی وتارەکانی کتێبەکە، پەنای بۆ دەبەن، لەبەر چییە؟ ئایا مەحوی هێندەی نەکردووە کە شانازیی پێوە بکرێ؟ گەر وەڵام نا بێت، ئەی باشە بۆچی کتێبانی لەسەر دەنووسن و ئاهەنگی یادکردنەوەی بۆ ڕێک دەخرێ؟[٤] خۆ ئەگەر مەحوی جێگەی شانازیشمان بێت، کە وایە، ئیدی بۆچی بێین ئەو جیهانە فراوانەی لە تاقە مەبەستێکدا کۆ بکەینەوە، کە زیاتر تەقینەوەی کێشەیەکە بە رووی ئێمەدا نەک مەحوی؟ مەحوی بەر لە هەموو شتێک شاعیرێکی سۆفییە و پلەی سۆفێتییەکەشی بەرزە. سۆفیزمیش، بەشێکی گرنگ و دەوڵەمەندی بیرکردنەوەی فەرهەنگیمانە. لە روانگەیەکی دیکەشەوە: سۆفیزم، شێوەیەکی بەرەنگاربوونەوەی فیکریانەی مرۆڤە لە ئاست کۆمەڵگا و دەورووبەردا. نارەزایی دەربڕینە بەرامبەر دیاردە (مەحسوس)ەکان و هەوڵدانە بۆ خۆدۆزینەوە لە (نامەحسووس)دا، واتە مەحوی گەڕیدەیەکە لە دووی حەوانەوە وێڵە، ئەگەرچی باش دەزانێت شوێن بۆ حەوانەوە نییە، ڕووی قسەی مەحوی لە بەشێکی وجوود نییە، بەڵکە (لە هەموو وجوود ناڕازییە و گەیی لێ دەکات)[٥].

تا سەر نەبۆتە گۆ دە لە دنیادە تۆ، شەقێ
هەرئەم شەقە بەکارە کەوا هەڵدرێ لە هیچ

واتە لەلای مەحوی، جیهانی مەعنەوی لە گۆڕێیە و لەو جیهانەیشدا خودا ئامانجە. ئیدی چ لە مەسەلەی مەحوی دەگۆڕێ گەر هەزاران بەڵگە لەسەر نەتەوەیی بوونی بهێندرێتەوە، یان هەزاران تاوان بە تەوێڵیەوە بنرێت لەبەر بێموبالاتیی لەئاست کێشەی ڕۆژگاردا؟

بەکارهێنانی ئەو چەمکانەی بێگانەن بە شیعری مەحوی ئاکامەکەی هەر ئەوە دەبێت شیعری مەحویشمان لێ بێگانە بکات!

جیاوازیی سەردەمی مەحوی و جیهانی مەعنەویی شیعرەکانی لەگەڵ سەردەمی ئێمەدا، کە مەعنەوییات ڕۆژ بەڕۆژ شوێنی تێدا لێژ دەبێت، پێشکەوتنی ئێمە نییە لە ئاست جیهانی شیعری مەحویدا، بەڵکو دوورکەوتنەوەیە. دوورکەوتنەوەکەی ئێمە بەرەو هەر جەمسەرێکی دیکە بووبێ، مەرج نییە کاریکی پێویست و سەرکەوتوومان ئەنجام دابێ و هەوارگەیەکمان بۆ ڕۆحی ئارامی خۆمان دۆزیبێتەوە. گەر وا بوایە ئێستا مەحوی ئەو بایەخەی نەدەبوو کە ئەمڕۆ هەیەتی.

ئەو دوورکەوتنەوەیەش، دوو زیانی گەورەی پێ گەیاندین و چەند دراوێ (باقی)شی داینەوە!

زیانی گەورەی یەکەم ئەوەیە کە لە حاڵی حازردا، لە ئاست بەشێکی جیهانبینی و وجوودیماندا سەرسوڕماوین و تەقەی سەرمان دێ. زیانی گەورەی دووەمیش ئەوەیە کە دەمانەوێ مەسافەی نێوان خۆمان و جیهانی شیعری مەعنەویمان بە (پێشکەوتن) ناوبەرین. کە ئەم پێشکەوتنەش هەندێ چەمکی نوێی لە زەینماندا سەقامگیر کردووە... ئەو چەمکانەیش، لەو دراوانە دەچن کە سەردەمی بڕەویان بەسەرچووە و بەهای خۆیان ناکەنەوە. ئەوانەی لە کتێبی ناوبراودا، لە مەحوی دەکۆڵنەوە، لە چوارچێوەی زەینی خۆیاندا بۆ جیهانی مەحوی دەگەڕێن.

ئەمیان لەبیرچووە کە جیهانی مەحوی بەهۆی

مەعنەوی بوونەکەیەوە، دەکەوێتە دەرەوەی زەمین... ئەوان مانای شیعرەکەی مەحوی لە ئاستی چەمکەکانی زەیندا تەماشا دەکەن، بۆیە ئەو ناسینەش کە دەستگیریان دەبێت، لە ئاستی ڕواڵەتدا دەمێنێتەوە... ڕاستییەکەی ئەوەیە، گەر کار بەم جۆرە درێژە بکێشێ، ئەوا ڕۆژ بە ڕۆژ مەسافەکە لە نێوانماندا فراوانتر دەبێت و مەحویش لە جیهانە مەعنەوییەکەی خۆیمان (تەرکە وەتەن) دەکا...

بەڵام بۆ ئەوەی لەمە زیاتر، لە جیهانی مەعنەویی شیعری گەدایەکی وەک مەحوی (تەرکە وەتەن) نەبین، چیمان لەدەست دێ؟ بێگومان تەنیا چارەسەرێک بۆ ڕاییکردنی ئەم کێشەیە، بەدەست هێنانەوەی ئەو دوورییەیە لە نێوان خۆمان و ڕابردوودا. بەڵام ئایا دەکرێ لە سەردەمی (کامپیوتەر) و (پرۆستۆیکۆتێر) و دەیان (تێری) دیکەدا، پاک و خاوێن، وەک خوێندەواری سەد ساڵ لەمەوبەر، سەرشار لە جیهانی مەعنەویی شیعر، ڕۆنیشین و دەست بکەینەوە بە خوێندنەوەی بەرهەمی شاعیرانمان دیارە نەخێر. چونکە تازە خۆمان کردۆتە کۆیلەی چەمکە باوەکان و بە گوناهی (مۆدێرنیزم) ئالووەدە بووین! بەڵام ئەمە وامان لێ نەکات وەک کابرای کوردە بێژین (با نۆش لەسەر دەی بێ)! و مل بۆ هەندێ بواری وا بدەین کە دەبنە ڕێگر لەبەردەم درووستکردنەوەی پەیوەندییەکی چۆنایەتیدا لەگەڵ ئەوەی لێی دابڕ بووین.

ئێمە دەتوانین بە شێوەیەکی دی پەیوەندییەکەمان ببەستینەوە، مەبەستم ئەوەیە شیعری مەحوی پێویستە لە جێگەی شیاوی خۆیدا لێی بکۆڵدرێتەوە (ئەمەش خاڵێکە کەسانێکی زۆر باسیان کردووە) و با لەوە زیاد (بیری دڵ)ی مەحوی و هاوڕێکانی بەهۆی هۆشمەندیی ڕاسیۆنالیستانەمانەوە لێک نەدەینەوە. چونکە هەروەک لە پێشدا گوترا، مەحوی پێویستی بە پەیژەی ئەو چەمکانە هەیە کە بەرەو عەشقە ئاسمانییەکەی هەڵمان دەنێن، نەک ئەو پێپلیکانەی بەرەو زەمینی ڕەق و تەق دامان دەهێژن...

کتێبی «لەبارەی مەحویی لووتکەوە» زۆرجار ئەو هەڵەیە دووپات دەکاتەوە، کە پێشتر هێمای بۆکرا. واتە دابەزاندنی چەمکە مەعنەوییەکانی شیعری مەحوی بۆ سەر ئاستی مەسەلە زەمینییەکان. بۆیە کاتێک خوێنەر بە خوێندنەوەی وتارەکانەوە سەرگەرم دەبێ، لە بری ئەوەی پەنجەرەیەکی بۆ بخرێتە سەرپشت تا لێوەی بڕوانێتە شیعری مەحوی، ئەوا دەروازەیەکی لە ئاست بیروبڕوای نووسەری بابەتەکاندا بۆ دەکرێتەوە!! ئەمەش لە لاپەڕە (١٣٤)ی کتێبەکەوە بەرەودوا، بە ڕوونی دەردەکەوێ... لە ئەنجامیشدا، خوێنەر ئەوەندەی ئاشنایەتی لەگەڵ بیروڕای سیاسی و کۆمەڵایەتیی نووسەرەکاندا پەیدا کردووە، نیو هێندەی ئەوە بە پەیژەی شیعری مەحویدا نەچۆتە سەر.

لێدوان لە شیعری مەحوی، بە یارمەتیی قوتابخانە و ڕەوتە فیکری و ڕەخنەییەیە نوێیەکانیش (ئەوانەی کە تەنیا هەر بە ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و دەروونی شیعرەوە خۆیان نابەستنەوە و پەل بۆ زۆرلایەنی دیکەی ئەم جیهانەش ڕادەکێشن)، خۆی لە خۆیدا شایانی لەسەرنووسینێکی زۆرە و لە توانای ئەم باسەدا نەبوو. بەڵام لێرە بەدواوە هەوڵ دەدەم چەند تێبینییەک لەسەر کاریگەرێتیی شیعری بێگانە لەسەر مەحوی دەربڕم.

مەحوی و سەبکی هیندی:

لە لاپەڕە (٢١٨)ی «لە بارەی مەحویی لووتکەوە»دا نووسراوە:

(... دەبینین شاعیر – مەحوی– لە بارەی شێوە و داڕشتنەوە زۆربەی شیعرەکانی لەسەر شێوەی «سەبکی هیندی» داڕشتوە). پاشان لە پەراوێزی ژمارە)٢٨)ی لاپەڕە (٢٦١)دا، بە کورتی لەبارەی سەبکی هیندی و شێوەی کاریگەرییەکەی بۆ سەر مەحوی چەند دێڕێک نووسراوە. وا پێ دەچێت لە ساڵەکانی شێستیشدا مامۆستا گۆران و مامۆستا کاکەی فەللاح و شێخ محەمەدی مەحوی لە دانیشتنە تایبەتیەکانیاندا، کەم و زۆر لەم بارەیەوە دوابن و لە هەفتاکانیشدا مامۆستا کاکەی فەللاح چەند وتارێکی لەسەر مەحوی نووسیبێت و لەوێشدا لە لایەنی ئەو کاریگەرێتییەوە دوابێت [٦].

بەهەرحاڵ، لەم بارەیەوە چەند تێبینییەک سەر هەڵدەدەن کە پێویستیان بە ڕوونکردنەوەی زیاتر هەیە. چونکە تەنیا هێمابۆکردنەکە بەس نییە و پێویستی بە تێڕامانیش هەیە.

«سەبکی هیندی» خۆی جیابوونەوەیەک بووە لە نیمچە سەبکێکی دی کە پێی گوتراوە (وقوع) و لە سەدەی شازدەیەمدا باو بووە[٧] بۆیەش پێ گوتراوە (وقوع) چونکە مەبەستی شاعیرانی ئەم سەبکە گێڕانەوەیەکی ساکاری ئەوەی کە (وقوع) بووە و ڕووی داوە لە شیعردا. ئەم شێوە شیعرە، لەسەر دەستی (بابا ئەفغانی شیرازی) گەیشتووەتە دوا پلەی خۆی. بەڵام هەندێ لەم شاعیرانە وردە وردە بەهۆی گۆرانکاری لە شێوە و

ناوەڕۆکی شیعرەکانیاندا لەم کۆمەڵەی (وقوع)ە دووردەکەونەوە. کە پاشان بە شاعیرانی شێواز – سەبکی هیندی ناوبانگ دەردەکەن و (بێدڵ) ١٠٥٤-١١٣٢هـ (١٦٧٥-١٧٥٣ز) مەزنترین شاعیریان بووە. شیعری بێدڵ پلەیەکی ئەوەندە فراوان و بەرز لە مانادا بەدەست دەهێنێ، کە پاشان بە بێمانایی‌ی شیعری بێدڵ لێک دەدرێتەوە و شاعیریان پێ تاوانبار دەکرێ. تایبەتمەندییەکانی سەبکی هیندی لە توانای باسکردنی ئێمەدا نین، بۆیە زۆر بە کورتی بەلایاندا گوزەر دەکەین.

یەکێک لە گرنگترین ئەم تایبەتمەندییانە، چوونە ناوەوەی وشەکانە. واتە گرتنی وشەیە وەک کەرەسەیەکی هەستپێکراو و خوڵقاندنی هەستپێنەکراوە لە هەمان کەرەسە. یاخود راستترە بگوترێ پەیوەندی درووستکردنە لە نێوان هەستپێکراو و هەستپێنەکراودا. ئەم پەیوەندییەش لە ئەنجامی گفتوگۆیەکی رۆحی لەگەڵ ناوەوە و شتەکاندا دێتە دی کە شاعیر دەگەیەنێ بە کەشفی تازە لە جیهانی بووندا.

رەگەزی خەیاڵیش یەکێکە لە بنەماکانی شێوە شیعری ئەم قوتابخانەیە. خەیاڵ، جارێک شاعیر بەرەو وشە ئارایی و رەگەز دۆزی و نزیک بوونەوە لە رۆحی شتەکانەوە دەبات و جارێکیش بەلای داستان و ئایەتی قورئان و حەدیس و گوفتاری کتێباندا راپێچی کردووە. خەیاڵ لە شێوازە شیعری هیندیدا لە مەکینەی خەیاتەیەک دەچێ، کە هەر کەرەسەیەکێ تێ بهاوێژی، ئەوەی لێ دەردەچێ کە پاشان ناوی شێوازی شیعری هیندییە.

شاعیری سەر بە سەبکی هیندی، بە پێچەوانەی شیعری باوەوە، لە سۆز دوور دەکەوێتەوە و زیاتر پەنا بۆ عەقڵ دەبات. سەبکی هیندی، لە رەوتی ژیانی خۆیدا تووشی گەلێک چەرمەسەری و تاوان خستنەپاڵ بووە. ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە بە ئاسانی بڵاوەنەبێتەوە و بڵاوبوونەوەکەیشی زیاتر بەلای هیندستان و خۆرهەڵاتی دوورەوە بێت، نەک بەلای ئێراندا. گەورەترین شاعیری ئەم سەبکەیش کە بێدڵ بووە، تا ماوەیەکی زۆر لە ئێراندا بە نەناسراوی ماوەتەوە. ئەو هەوڵ دانانەیش کە لەم دواییەدا بە نیازی ناساندنی سەبکی هیندی و شیعری (بێدڵ) دراون بە گومانەوە بوون. چونکە ئەو سەردەمە لە ئێراندا، سەبک (خۆراسانی) بە میراتی باو و باپیران دادەنرا و هەر شێوازە شیعرێکی دی بە «لادەر» و «زیادەڕۆ» و «دوورکەوتنەوە لە مەحکەمسازیی پێشینان» دراوەتە قەڵەم.

لێرەدا، ئێمە دوو خاڵی گرنگمان دەستگیر دەبێت، یەکەم: بێدڵ ئێرانی نەبووە تا وەک هەر شاعیرێکی دیکەی ئێرانی بناسرێ. دووەم: بەلای ئێرانییەکانەوە سەبکی خۆراسانی تاقە شێوازێکی شیعری مەحکەم بووە کە لە باو و باپیرانەوە بۆیان ماوەتەوە. بۆیە سەبکی هیندی نەیدەتوانی هەروا بە ساناهی جێگەی خۆی بکاتەوە.

لەلایەکی دیکەیشەوە، نووسەر و لێکۆڵەرەوە هاوچەرخەکانی ئەدەبیاتی فارسی، گەلێی لە فارسیزانەکانی هیندستان و پاکستان و ئەفغانستان دەکەن و تاوانی نەناسراویی بێدڵ دەخەنە ئەستۆی ئەوان. بەڵام بەلای منەوە ئەمە تەنیا گێچەڵ لەخۆ دوورخستنەوە و خۆپاککردنەوەیەکە و هیچی دی. چونکە ئەوە هەر ئێرانی و ئێرانییەکان بوون هەردەم لاقێکیان لەسەر زەویی ئەو وڵاتانە بووە و تەنانەت رۆژگارێکی دوور و درێژ زمانی فارسی وەک زمانی رەسمیی ئەو وڵاتانە حسێبی بۆ دەکرا، کە لەو رێگەیەشەوە دەیانتوانی کەشفی (بێدڵ)یش بکەن...(٨)

هەروەها نووسەرێکی هاوچەرخی پاکستانیش بەنێوی (خواجە عەبدولرەشید)، دەڵێ: «سیفەتسازی و داهێنان، بەشێکی گرینگ لە سەبکی هیندی پێک دەهێنێ. بەڵام ئێرانییەکان هیچ جۆرە نرخێک بۆ ئەمە دانانێن و چارەیان ناوێ». بەهەرحاڵ دەبێ بگوترێ لەبەر نوێخوازیی شیعری بێدڵ لەلایەک و تەنگ و چەڵەمەی نەژادی و فەرهەنگی لە نێوان ئەو گەلانە و ئێرانییەکاندا، لەولای ترەوە، سەبکی هیندی بووە بە قوربانی و تا رادەیەکیش ئەم بزووتنەوە شیعرییەی سەرکوت کردووە.

بەم پێیە هەقمانە بڵێین، گەر حاڵی بێدڵ و سەبک هیندی ئەوە بووبێت لە ئێراندا، ئیدی کوردێکی وەک مەحوی لە کام رێگەوە ئاشنایەتیی لەگەڵ ئەم شێوازە شیعرییەدا پەیدا کردووە و ئەم ئاشنایەتییەش بە پلەی چوونەژێر کاریگەری گەیشتووە؟

مەحوی، بەهۆی خانەقاداری و پەیوەندیی فراوانییەوە پیاوێکی بە ئاگا و خوێندەوارێکی شێلگیریش بووە. بەڵام رێی تێ ناچێت شیعری بێدڵ سنووری ئێرانی بڕیبێ و دەسنووسی ئەو شیعرانە کەوتبنە کتێبخانەی مەحوییەوە. بوونی دەسنووسی شیعری بێدڵ لەلای شاعیرە

ئێرانییەکانی ئەو سەردەمە زیاتر رێی تێ دەچێت. دیارە هیچ بەڵگەیەکی وایش لە دەستا نییە کە مەحوی لەگەڵ شاعیرێکی فارسدا پەیوەندیی هەبووبێ، یان لەو سەفەرەیدا بۆ ئەستەمبووڵ، (ئەگەر شتی وا هەبووبێ و مەحوی سەفەری ئەوێی کردبێ) ئەو دەسنووسەی وەگیر هێنابێ...

لەلایەکی دیکەوە، بێدڵ لە ساڵی ١٧٥٣دا مردووە و مەحویش لە ساڵی ١٨٣٠دا لەدایک بووە. لە نێوان گەیشتنی مەحوی بە پلەی شاعیری بەرز و بڵاوبوونەوەی ناوبانگی بێدڵدا، نێزیکەی سەد ساڵێک هەیە... ئەم ماوەیەش بۆ سەردەمێکی وەها جەنجاڵ ئەوە نییە کە ئاوازەی بێدڵ گەیشتبێتە وڵاتی سلێمانی، خۆ رێیشی تێ ناچێ مەحوی لە تەمەنێکی پیریدا دەستی بە شیعر کردبێ و ئەم دەستپێکردنەش لەژێر کاریگەریی بێدڵدا بووبێت.

بێگومان شاعیرێتیی بێدڵ، بۆ ئەوە دەبێت کەسێکی وەک مەحوی بخاتە ژێر کاریگەرێتیی خۆیەوە، بەڵام نەک راستەوخۆ، بەڵکو ناراستەوخۆ و دەستا و دەست بووە(٩)، لەلایەکی دیکەوە پێویستمان بە کەسێکی شارەزا هەیە لە شیعری سەبکی هیندی، بۆ ئەوەی بەراوردێکمان لە نێوان ئەو دوو شاعیرەدا پێشکەش بکات و رادەی کاریگەرییەکەی مەحوی دیاری بکات. ئەوە راستە، کاریگەری و خاڵی هاوبەش لە نێوان شیعری شاعیرانی سەبکی هیندی و مەحویدا هەیە، بەڵام وەک مامۆستا مەسعوود محەمەد دەڵێ: (من وای بۆ دەچم کە دارشتنی «سەبکی مەحوی»یە پتر لەوەی چاوێکەری بێت)(١٠). ئەگەرچی وێرای ئەو قسانەی سەرەوە، هێشتا ناتوانرێ مەحوی لەژێر کاریگەریی ئەو سەبکە شیعرییەدا بهێنرێتە دەرێ بەڵام پێویستە قورسی لە شیعری مەحویدا، کە خاڵێکی هاوبەشی مەحوی و سەبکی هیندییە، بە قورسی لە بیری فەلسەفیی مەحوی و ئەو چەمکانە لێک بدرێتەوە کە مەحوی لە شیعرەکانیا پەنایان بۆ دەبات(١١).

چەمکەکانی شیعری مەحوی پێویستیان بە لێکدانەوە هەیە لەسەر بنەمایەکی مەعنەوی. ئێمە تا کلیلی شیعری مەحوی بەدەست نەهێنین، ناتوانین بانگاشەی تێگەیشتنی شیعری مەحوی بکەین.

دواقسە:

لێکۆڵینەوە لە شیعری مەحوی، پێویستی بە دەستنیشانکردنی دوو جەمسەر هەیە، جەمسەری یەکەم ئەوەیە لێکۆڵینەوەکە لە شیعری مەحوی خۆیدا روو بدات، نەک هەمان شیعر بۆ روونکردنەوە و پاڵپشتی ئەو کێشەیە بێت کە لێکۆڵەرەوە مەبەستێتی. بە دەربڕینێکی دی، دەکرێ شیعری مەحوی بابەتی لێکۆڵینەوەی خۆیان بن و لە هەمان کاتیشدا کەرەسەی ئەو لێکۆڵینەوەیەشمان بخاتە بەردەست. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە لێکۆڵەرەوە پێش هەموو شتێک وەک «تێکست» تەماشای شیعرەکانی کردووە.

دووەم: لە بەرچاوگرتنی ئەو رۆژگارەی تێکستێکی تێدا دەخوڵقێ، گرنگییەکی پێویستە، کە رەخنەگر یان لێکۆڵەرەوە لە باسەکەیدا رەچاوی بکات. ئەو مامۆستایانەی لە کتێبی ناوبراودا لەسەر مەحوییان نووسیوە، ئەگەرچی خۆیان هەندێ جار ددان بەو راستیەدا دەنێن، بەڵام فشاری مەسەلە زەمینەکانی خۆیان لە ئاست رۆژگاری ئەمڕۆدا، بەتایبەتی فشاری سیاسی، زاڵ دەبێت بەسەریاندا و لێرەیشەوە، ئەو کاتێگۆرییەی کە بە «زیندوو کوژی مردوو پەرست» ناوبانگی رۆیشتووە، بەتەواوی رەنگی داوەتەوە! رەنگە زۆرکەس بە ئاسانی ئەوەمان لێ قبووڵ نەکات گەر بڵێین: نە سەرجەمی شیعری کوردیمان برێتییە لە مەحوی و هاوڕێکانی و نە سۆفیزمیش ناومکینمان بۆ مومکین دەکا. لەلایەکی دیکەوە بۆچی ئێمە هێندە جەخت لەسەر بەرجەستەکردنی رابردوومان بکەین؟ ئەگەر ئەو بەرجەستەکردنە تەنها هەر بە مەبەستی پیاهەڵگوتن و شکۆداری بێت، چ شتێک لە مەسەلەکەمان ناگۆڕێت و بە رێژەیەکی زۆریش مافی شاعیرە هاوچەرخەکانمان دەخۆین، ئەو شاعیرانەی درێژبوونەوەیەکی فەرهەنگی و ئەدەبیی کلاسیکەکانیشیان رەنگ پێ داوەتەوە و خۆشیان پەیڤی نوێیان بۆ گوتن هەیە.

مەبەستم ئەوە نییە مادام ئەم شاعیرانەمان هەن ئیدی ئاوڕ لەوانی دی نەدەینەوە. من دەڵێم: دەکرێ ئەوان «نموونە» بن، بەڵام با پەیکەر نەبن. پێویستیش ناکات هەموو ئەو درزانە لە رەخنەگر بگرین، کە لەوەیە مەحوییان بە هۆیانەوە، وەک خۆی پێ بناسێنێ. گەر مەحوی جێگەی شانازیکردن و سەربەرزیمانە، بێگومان هەروایشە، بەو مانایە نییە ئیدی دەبێت قەڵەمی رەخنەمان لە حاندیدا بێدەنگ بکەین. هەروەک چۆن دەیان رستە و دەربڕینی وەک (مەحویی لووتکە) و (مەحویی رابەر) و (مەحویی تاقە سوار)... هێندە مزەی ئەو گەنمەی هەرگیز

ئاشەوانی پێ دەڵەمەند نابێ، کار ناکاتە سەر بەرهەم و شوێنی مەحوی، ئاواش رەخنەلێگرتن لە ئاستی شانازی پێوەکردنەکەی ناهێنێتە خوارەوە.

خاڵێکی دی گرنگیی شیعری مەحوییە بۆ رۆژگاری ئێمە. پێویستە وەک کەرەستەی خاو تەماشای ئەم لایەنە بکرێت و شیکردنەوەکانی ئەمڕۆش ئەگەر بە نیازی «خۆ» دۆزینەوە لە شیعری مەحویدا بکرێن، ئەوا پێویستیان بە ساخ و سەلامەتترین جۆری ئەو کەرەسە خاوانە هەیە، دەنا هەر ئاکامێکیش لەو پرۆسەیەدا بێتە دەست، هەڵە دەردەچێ. واتە ساخکردنەوەی بەرهەمی مەحوی لە هەموو رووێکەوە، بۆ ئەوەی بە جەوهەری مەبەستەکانی بگەین... ساڵ و مێژووی شیعرەکان، بۆنەی نووسینیان، تەمەنی شاعیر خۆی، لە پەیوەندی لەگەڵ چ قۆناخێکی فیکری و ژیانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیدا شیعرەکان نووسراون... کە ئەم لایەنانە بە زۆری یەخەی بنەماڵەی مەحوی و ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە نزیکترین ئاشنای تێکستی شیعری مەحوی و میراتی مەحوین. ئەو بەرێزانە گرنگیی کارەکەیان لێرەدایە، نەک تەئویلکردنی شیعری مەحوی، ئەویش بەو جۆرەی کە دەبینرێ.

لەلایەکی دیکەوە: مەبەست لە بەکارهێنانی زاراوەی (مەحویناسی) چییە؟ ئەگەر مەبەستەکە ئەوە بێت کە لەسەرەوە هێمای بۆ کرا، ئەوا لێکۆڵەرەوەکانمان زۆر کەمتر بەلایدا چوون، چونکە ئەوانە لە (لێکدانەوەی شیعری مەحوی) دەدوێن. (مەحویناسی) دەمانگەیەنێت بە جەوهەری شیعری مەحوی وەک کەرەسەی خاو، بەڵام لێکدانەوە و تەئویل لە (تێگەیشتن) نزیکمان دەخەنەوە. ئەنجامیش ئەوەیە نە مەحمویمان ناسیوە و نە تێیشی گەیشتووین.

راستیەکەی ئەوەیە ئێمە مەحکووم کراوین رێگایەک تەی بکەین، کەچی هاتووین لە ناوەڕاستەوە هەنگاومان ناوە، لەو سەری رێگاش پرسیارمان لەبارەی سەرەتای رێگاوە لێدەکرێ. پێویست بوو زاراوەی (مەحویناسی) رۆڵی خۆی پێ رەوا بینرابا، کارێکی پێ کرابایە، باخی شیعری مەحوی بژار بکات، نەک پەرژین، سێبەری بۆ بکات، نەک بەری هەتاوی لێ بگرێت، لە لافاو بپارێزێت نەک باران.

سەرچاوە و پەراوێز:

١- لە بارەی مەحویی لووتکەوە: پرۆژەیەکی ئەدەبییە کۆمەڵە ئەدیبێکی خاوەن خامەی بە پێز و بە توانا هاوبەشیان تیاکردووە. نووسینی پێشەکی و رووناکردنەوە و ئامادەکردنی عەبدوڵلا عەزیز خالد (ئاگرین). بەغدا، چاپی یەکەم ١٩٨٦.

٢- لێرەدا، هەڵسەنگاندنم لە بری رەخنە بەکارنەهێناوە، پێشم وایە وشەی رەخنە وەک ماناکەی و بەکارهێنانەکەی لەلای زۆر نووسەری ئێمە یەکدی ناگرنەوە. زۆرجار رێدەکەوێ نووسەرێک هەڵسەنگاندنێکی کردووە، بەڵام بە رەخنە ناوی نەبردووە و پێچەوانەی ئەمەش هەر رووی داوە.

٣- مەبەست لە زانای مەزن مەولانا خالیدە، رێبەری تەریقەتی نەقشبەندی. بۆ ساڵی لەدایک بوون و کۆچکردنیشی بڕوانە: رۆحی مەولانا خالد، پیرەمێردی شاعیر کردوویە بە کوردی. ئامادەکردن و لێکۆڵینەوەی محمود احمد محمد. ١٩٨٧و

٤- دەزگای رۆشنبیریی جەماوەر لە رۆژنی ١٧ و ١٩٨٧/١٢/١٨دا میهرەجانێکی بۆ یادی مەحوی لە شاری سلێمانی سازداوە، ئەم هەواڵەش لە گۆڤاری (کاروان)دا بەرچاو کەوتووە. لێرەدا ئەگەرچی ئێمە باس لە ساڵی ١٩٨٦ دەکەین کە ئەم کتێبە باڵاوکراوەتەوە، بەڵام قسەکەمان بۆ ساڵی ١٩٨٧ هەر راستە. چونکە چ بەڵگەیەکمان بەدەستەوە نییە ئەو توێژەرەوانە کەرەسەی لێکۆڵینەوە لە شیعری مەحوییان گۆڕیبێ!

٥- بڕوانە، مەسعوود محەمەد. زەرمخەون لە تەم و مژ بەدەوری «مەحوی»ی تۆقەڵەوە. گۆڤاری (کاروان)، ژمارە ٦٢ کانوونی دووەم و شوباتی ١٩٨٧.

٦- بڕوانەوە لاپەڕە ٦٨ی لەبارەی مەحویی لووتکەوە، هەروەها لاپەڕە ٢١٨ و ٢٦١ی هەمان کتێب.

٧- بۆ ئەم زانیارانە، جگە لە دیوانی (بێدل)، بیدل - سپهری و سبک هندی- سوودی زۆریشم لە نووسەری ئەفغانی مامۆستای رۆژنامەنووس (عینایەت) وەرگرتووە. لەچەند دانیشتنێکدا، لەگەڵ ناوبراو لەم بارەیەوە قسەمان کردووە. شایانی باسە مامۆستا لە مێژووی هاوچەرخی کوردیشدا شارەزایەکی بەتوانایە.

٨- زۆرجاریش کە ئەم قسەیە بەگوێی دۆستە ئێرانییەکانمدا دەدەم، بێدەنگ زەردەخەنەیەک دەیانگرێ... تەنانەت یەکێک لەو زاتانە کە خاوەن قەڵەمێکی توانای ئەمڕۆی ئەدەبیاتی فارسییە دەیفەرموو (مەسەلەی ئەوەی کە زمانی فارسی و فەرهەنگی ئێرانی ببێتە فەرهەنگی دەسەڵاتداری وڵاتانی وەک هیندستان و ئەفغانستان و پاکستان، خەونێکی زۆر لەمێژینەی پان ئێرانییەکانە). بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە هێما بۆ دەسەڵاتی سیاسی و رۆڵی لە فەرهەنگی گەلانی دراوسێدا بکەین، ئەوەبوو لە سەردەمی حەمە رەزا شادا پەیوەندییەکی نالەباری فەرهەنگی کەوتە نێوان ئێران و پاکستانەوە کە هیچ پەیوەندییەکی بە نووسەرانەوە نەبوو، بەڵکوو ناکۆکییەکی سیاسی بوو کە هەندێ قەڵەمی ئێرانیش بوونە دەربڕی ئەو ناکۆکییە.

٩- شاعیرانی سەبکی هیندی خاوەنی کۆمەڵێک دەربڕین و دەستەواژەی تایبەتین کە نەلە فارسیی ئەو سەردەمەدا و نە لە زمانی ئێستای فارسیشدا ئەو دەستەواژانە رەواجیان نەبووە و باو نەبوون و نین. تەنانەت تێگەیشتنیشیان بەلا فارسەکانی ئێرانەوە سانا نەبووە. دیارە مەحویش لە حوجرە و لەلای مەلا فارسیی خوێندووە، لەبەرئەوە ناشبێ لە فارسی زمانان باشتر لە شیعری بێدل حاڵی بووبێت! ئەمەش بەڵگەیەکی دیکەیە بۆ ئەوەی کە کاریگەری بوونی مەحوی بە شیعری شاعیرانی سەبکی هیندییەوە، راستەوخۆ نەبووە و لەرێی دەستی دووەمەوە بووە. ئەم قسەیەش پێوەندیی بە فارسی زانیی مەحوییەوە نییە، گەرچی شیعرە فارسیەکانی لێکۆڵینەوەی تێر و تەسەلیان گەرەکە و ئێرەش بواری ئەوە نییە.

١٠- بڕوانە سەرچاوەی ژمارە (٥) لاپەڕەی ٤١.

١١- یەکێک لە خەسڵەتەکانی سەبکی هیندی، هەر ئەوەیە کە ئێمە بە قورسی و (مانا فراوانی) ناوی دەبەین. ئەمەش تایبەتمەندیی بەشێکی هەرەزۆری شیعرەکانی مەحوییە، واتە خاڵی هاوبەشی ئەو دوو سەبکەیە. بەڵام بۆ ئەوەی خوێنەری هێژا، زیاتر مەبەستەکەمانی بۆ روون بێتەوە، بەباشی دەزانم هێمایەکی کورت بۆ (سەربەخۆیی بوونی شیعری مەحوی) لە سەبکی هیندی بکەم...

شیعری شاعیرانی سەبکی هیندی، هەر لە (عورفی، بێدل، غەنی کشمیری و غالبی دەلەوی)یەوە بگرە تا ئیقبالی لاهووری، بە تاکە شیعریش ناودەبرێن. تاکە شیعر، ئەو شیعرەیە کە هەر دێڕێک یان جووتە دێڕێک مانایەکی سەربەخۆی هەبێت و پەیوەندیی نە بە بەیتەکانی پێش و نەبە دوای خۆیەوە نەبێت، یاخود زۆر کەم بێت. بە زمانێکی دی، دەتوانین بڵێین ئەم شیعرە جۆرێک کاتیگۆرییە. واتە بەیانکردنی ئەندێشەیەکی عەقڵی، فەلسەفی، مەعنەوی یان عاتفی لەیەک دێڕ شیعردا.

شیعری مەحوی لەم لایەنە بێبەش نییە و نموونەی زۆرمان بەرچاودەکەوێت. بەڵام هێشتا ناتوانرێت زاراوەی کاتیگۆری شیعری بۆ بەرهەمی مەحوی بەکار بهێنرێت. بە گشتی و زۆرجار، لەلای مەحوی قەسیدەیەک یان چەند دێڕێک یەک مانای ناوەوەی هەیە. واتە ناوەڕۆکی چەند دێڕێک یان قەسیدەکە بە گشتی یەک مانا دەدات بەدەستەوە. خوێنەر، بە گەڕانەوەی بۆ دیوانی مەحوی (مامۆستا مەلا عەبدولکەریم) ئەم قسەیەی بۆ ئاشکرا دەبێت. ئەم خاڵەش هەر بەڵگەیە بۆ سەربەخۆیی لە شیعری مەحویدا.

ناوەڕاستی ١٩٩٠ / کۆبنهاگن □

کۆڕی
ئەدەب و هونەری ئاواره
لە قەزوین

کۆمەڵێ لاوی کورد لە شاری قەزوینی ئێران کۆڕی ئەدەب و هونەری ئاوارەیان دامەزراندووە. دامەزرێنەرانی کۆڕەکە لە بانگەوازێکدا ئەوەیان روون کردۆتەوە کە کار و چالاکیی خۆیان بۆ دوو بەرەی ئەدەب و هونەر تەرخان دەکەن.

بانگەوازی کۆڕ دەڵێ: کاتێک مرۆڤ زمان و فەرهەنگی خۆی لەدەست دا، ناتوانێ نەتەوەییبوونی خۆی بپارێزێت. دوای پانزە ساڵ ئاوارەیی و دەربەدەری هەست بەوە دەکەین کەوا لە گێژاوی فەرهەنگی بێگانەدا خول دەخۆین... ئێمە دڵنیاین کەوا خەباتی رۆشنبیرانە ئەم کەلێنە پڕ ئەکاتەوە و تیشکی رووناکی هەمیشە لە درەوشانەوەدایە. ناونیشانی کۆڕی ئەدەب و هونەری ئاوارە، ئەمەیە:

ایران- قزوین، ص.پ ١٥٥/٢٧، پست مرکزی □

عیففەتی قازی

ئەم تابلۆ پان و بەرینەی کوردایەتی لە هیچ تابلۆیەکی دیکەی ئەم جیهانە ناچێت. درێژاییەکەی دەیان و سەدان ساڵە و پانایی‌یەکەشی هێندەی خۆ بەکوردزانینی هەموو مرۆڤێکی کوردە لەهەر سەردەمێکدا. ڕەنگ؟! جا کامە ڕەنگی بۆ بەکار نەبراوە و کامە ڕەنگی پێدا نەڕێژراوە؟ ڕەنگی حەسرەت و خۆ تەنیا دیتنی خانی، سەرهەڵگرتن و ئاوارەیی و تاسەی نالی و حاجی قادر، بەندیخانە و کوشتن و بڕین و هەڵواسین و گوللەباران کردن، پێشمەرگایەتی و شەڕ و فیداکاری، کۆڵنەدان و نەبەزین و خەبات و... کوردایەتی، کوردایەتی... بەڵام خوێن، خوێنی خوێنین، ڕەنگی خوێن، ڕەنگی هەرەدیار و بەرچاوی تابلۆی کوردایەتییە.

کورد نە عاشقی خوێنڕشتن و سادیستە و نە مازۆکیستیشە حەزی لەوەبێ خوێنی بڕێژرێ و بکوژرێ و لەدار بدرێ. سەدان ساڵە، هەر لەبەرئەوەی کوردە و بە ژانی «دەردە کوردەوە دەتلێتەوە، دەیکوژن، سەری دەبڕن، لەداری دەدەن و دەیگووون. هەر لەبەرئەوەی کوردە و دەیوێ «بە کوردی بژی و بە کوردی بمرێ»، مان و ژیانی پێ ڕەوا نابینن، سەربەستی و ئازادیی پێ ڕەوا نابینن.

بیریارێکی کورد جارێکیان ئاوای نووسیبوو: «... گەلی کورد لە بارێکدا نییە چاوەڕوانی ستەم و دەستدرێژیی لێ بکرێت، هەتا پەل بکوتێ و تێلاڵ بوەشێنێ، دەست و کوتەکی لە سنووری ماڵە کاولەکەی خۆی تێپەڕ ناکات. کەسێک بکەوێتە بەر کوتەکی کورد دیارە بە پێی خۆی هاتۆتە بەر ئەو کوتەکە و هەر خۆی دەستدرێژیی کردووە لە ماڵ و ژیانی کورد.» ئەوە پلەیەکی سادەی دۆزی ڕەوا، بەڵام پێشێلکراوی نەتەوەی کوردە. پلەی دووەم، ئەگەرچی سالانێکە پێی ڕاهاتووین و هێندەی هەموو مرۆڤایەتی ئەزموونی تاڵ و خوێناویمان لێی هەیە، بەڵام ئەم دوو سێ ساڵەی دوایی نموونەگەلێکیان پێشان داین، کە دەبێ مێژووی مرۆڤایەتی، مرۆڤایەتیی مۆدێرن و پێشکەوتنخواز و مرۆڤدۆست!! هەر بە ناوهێنانی ئارمقی شەرم بڕێژێ. دۆژمنان دەستدرێژییان کردە سەر سنوور و ماڵ و ژیانی کورد، ماڵی کاولی کوردیان وێران کرد و هەزارانیان بە گاز، گازی ژاراوی خنکاند. هەزارانی چەک بەدەست و ڕاپەڕیو نا، هەزارانی بێدەستەڵات، هەزارانی پێشمەرگە و جەنگاوەر نا، بەڵکە هەزاران ژن و منداڵ و پیر و پەککەوتوو. ئەوە تەنیا ڕوویەکی کارەساتەکە بوو، ڕووەکەی دیکەی ئەوەبوو، بەبەرچاوی هەموو مرۆڤایەتییەوە کوردیان ژارباران و مەرگباران کرد، کەچی کەسێ هیچی نەوت، کەسێ نەبوو باوەڕیشمان پێ بکات، کەسێ نەبوو ناو لە بکوژ و کوژراو بنێ، کەسێ نەبوو ناوی خوێنڕێژ بهێنێ.

پلەی سێیەمی مەرگەساتی کورد لە کوشتن دزێوتر و لە شەهیدبوونیش بەرزترە. کورد ناچار دەکەن خاکی باووباپیران بەجێ بهێڵێ، ماڵ و کاشانەی کاولی واز لێ بێنێ و ڕوو بکاتە ئەوپەڕی دنیا، تا بستێ زەویی چنگ بکەوێ، تێیدا ئارام بگرێ و لە گوللە و ژار و پەتی سێدارەی داگیرکەران و دوژمنان دوور بێ، کەچی لەوێش، لەو پەڕی دنیاش وازی لێ ناهێنن و دێنە سەری، بە تاور و چەقۆ و تێلا، بە گوللە و بە ژار، بە نامەی بە بۆمب و دینامیت ئاخنراو دەیکوژن و لەناوی دەبەن و مێژووی خوێنینی خوێنینتر دەکەن.

ڕۆژی ١٩٩٠/٩/٦، لە شاری ڤینستەرۆسی سوێد، دەستی تاوانکارانەی دوژمنان، جارێکی دیکەش، گەیشتە گیانی ڕۆڵەیەکی خۆشەویستی نەتەوەی کورد، خاتوو عیففەتی قازی، کچی سەرکردەی شەهید پێشەوا قازی محەمەد و خێزانی کاک ئەمیری قازی، سەرۆکی پارتی سەربەخۆیی‌ی کوردستان. ئەم جارە مەرگی ڕەش بەرگی نامەی لەخۆی ئالاندبوو، چارەی دزێوی خۆی بە جلی پەیام شاردبووەوە.

دەنگ و باسی ئەم تاوانە هەر زوو بڵاوبووەوە. کەناڵەکانی ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنی سوێدی، ڕۆژنامە و حەفتەنامەکان بە دوور و درێژی باسیان کرد و لەسەریان نووسی، کوردی سەرتاسەری دنیا بیستیان و بڕینیانی پێ کۆلایەوە. سەرچاوەکانی پارتی سەربەخۆیی‌ی کوردستان هەر لە سەرەتاوە ئێرانیان بە بەرپرسیاری تاوانەکە دەستنیشان کرد. تووڕەیی و ڕکی کورد لە دوژمنانی داگیرکەر هێندەی دی گڕی گرت و فرەتر بوو. ئەگەرچی بیری هەموو لایەک هەر بۆ ئەوە دەچێ کە ڕێژیمی ئێران تاوانەکەی کردووە، بەڵام لێکۆڵینەوە و لێپرسینەوەکانی پۆلیسی سوێد، خۆیان ئاسا، تا ئێستا بەهیچ ئەنجامێک نەگەیشتووە.

ڕۆژی ١٩٩٠/٩/٢٢ بۆ ناشتن و ماڵاوایی کردن لە خاتوو عیففەتی شەهید دیاری کرابوو. نێزیکەی سێ هەزار کورد لە سەرتاسەری سوێدەوە و لە وڵاتانی دیکەوە هاتبوون بۆ بەشداری کردن و پێشاندانی هاوخەمی و هاودەردیی خۆیان بۆ بنەماڵەی قازی و تووڕەیی و نەفرەتی خۆیان لە داگیرکەرانی خوێنڕێژ. ئەگەرچی ڕۆژەکە ڕۆژێکی تەڕ و تووش و سەرما و باران بوو، بەڵام ئەو هەزاران کەسە، کە سەدان ژن و منداڵیشیان دەنێودا بوو، تا دوا دەقیقە بە شێوەیەکی پڕ لە ڕێز و شکۆدار لە مەراسیم و ڕێوشوێنی ناشتنەکەدا بەشدارییان کرد.

ئێمە هاودەردی و پرسە پێشکێش بە کاک ئەمیری قازی و هەموو بنەماڵەی قازی و برایانی پارتی سەربەخۆیی‌ی کوردستان دەکەین.

نەمری بۆ شەهیدی نەتەوەی کورد خاتوو عیففەتی قازی.

مامۆستای کورد □

کورتە چیرۆک

بروسکە

ئامانج شاکەلی

لە ناکاو و بێ لەدەرگادان خۆی بە ژوورێدا کرد... ئەمان لەبەر ئاگرێکی دووکەڵاوێدا هەڵکوڕمابوون و لەبەر خۆیانەوە ورتەورتیان دەکرد.

– تینوومە، چۆرێ ئاوم بدەنێ.

ماندوو و حەپەساو بوو، سەر و ڕیشی هاتوو و جلەکانی شڕ و قوڕاوی بوون. ئەمان وەکوو دەعبایەکی سەیر و نامۆ وەژوور کەوتبێ ئاوها لێی ڕامان، لەپڕ ڕاست بوونەوە، بە ترسەوە ڕوانییانە یەکتر... کورتەبنەیەکی لێ چووە پێش:

– تۆ کێی؟ بۆچی هاتووی؟

ڕێبوارەکە بە ماندوێتی لەسەر زەویەکە دانیشت، زمانێکی بە لێوە وشکەهەڵاتووەکانیدا هێنا، بە ئارامی وەڵامی دایەوە:

– میوانم، لە جێگایەکی یەکجار دوورەوە هاتووم، تینوومە ئاو!

ئەمان دیسانەوە ڕوانییانە یەکتر، لەبەرخۆیانەوە بەدەم سەربادانەوە گوتیان:

– میوان!!

– ئەرێ میوان، ئاو!

سمێڵ شۆڕێک پەلی کوڕێژگەیەکی گرت کە لە سووچێکی ژوورەکەدا دانیشتبوو و بە بێدەنگی تەماشای دەکرد:

–بڕۆ هەندێ ئاوی بۆ بێنە.

میوانەکە هەناسەیەکی هەڵکێشا، چاوەکانی هەڵگۆڕفی، پڕی دایە جامۆلکەکە پڕ لە ئاوەکەی دەستی کوڕێژگەکە و مژی پێوە نا، جامۆلکەکەی دایەوە دەست کوڕێژگەکە، گوتی:

– ئاو

کورتەبنە لەبەردەمیدا بە چیچکانەوە دانیشت، ڕێک ڕوانییە نێوچاوانی، گوتی:

– ئاومان دایتێ، وانییە؟! نیمانە، ئەوەش لە بەشی خۆمان بوو.

– بەڵام من زۆر تینوومە... لە جێگایەکی یەکجار دوورەوە هاتووم.

– جا بۆچی لەو جێگا دوورەوە هاتووی؟ چ کارێکت هەبوو؟ وا ئاوها خۆت تینوو و ماندوو کردووە؟

میوانەکە کووڕ بۆوە، فوویەکی قایمی لە ئاگرەکە کرد، ئاگرەکە گڕ و بڵێسەی بەرز بۆوە و دووکەڵەکەی ڕەوییەوە، بەدەم ئاخێکەوە لاقەکانی درێژ کرد، گوتی:

– بۆ سەردانی کەس و کارەکانم هاتووم، ئەودەم لێرە لەم ناوچەیە دەژیان.

کورتەبنە بە ترسەوە پرسی:

– ئەی تۆ لەو جێگا دوورە دەژیت؟!

میوانەکە بە سادەیی وەڵامی دایەوە:

– خەڵک هەموو پێکەوە لەیەک جێگەدا ناژین، هەرکەسە و جێگەیەکی پێ خۆشە! لەوانەش بترازێ من لەو جێگا دوورە هەڵاتووم!

ئەمان وەکوو بەر بروسکە کەوتبن ئاوها یەک بەخۆ ڕاچڵەکان، ئاڵقەیان لەدەوری میوانەکە بەست، کوڕێژگەکە لەنێوان لاقی درێژیکیانەوە سەری دەرهێنا و ڕوانییە میوانەکە، درێژەکە چەپۆکێکی دا بەسەریدا، پاشان لە میوانەکەی پرسی:

– هەڵاتووی؟ چۆن؟ بۆ؟!

میوانەکە وەکوو گوێی لە پرسیارەکە نەبێت، گوتی:

– تینوومە، ئاوتان نییە؟ بەڕاستی سەیرە گوندی بێ ئاو! ئەدی ڕووبارەکەی ناوەندی گوند؟

ئەمان لە تووڕەییان ددانیان لەسەریەک قرساند، بە مڕەمڕ گوتیان:

– ڕووبار؟ چ بێ مانایە، کێ دیویە و کێ بیستوویە ڕووبارێک بە هاژەهاژ بەنێو گونددا، جا بەهاران لافاو ماڵەکانمان ببا، هاوینانیش منداڵەکانمان تێیدا بخنکێن.

میوانەکە بەرزەپێ ڕاست بوویەوە، چاوی بەسەردا گێڕان، بە گاڵتەوە گوتی:

– دووکەڵی ئاگرەکە هۆشی لا نەهێڵاون سەدان و هەزاران گوند و شارم دیون کە لەسەر ڕووبار بگرە لەسەر زەریاش هەڵکەوتوون. ئەی ڕووبارە بەکەف و قەڵبەزمەی ناوچەکە چی بەسەرهات؟ ئەوەی کە ئاوی ڕەز و باخەکانمان پێ دەدا؟

درێژ بە لێوەلەرە گوتی:

– تۆ غەریبەی! دڵنیام ماندوێتیی ڕێگا سەری لێ تێک داوی، یان ڕەنگە خاوت دیبێ، ئەم ناوچەیە قات و قڕە، ئەوانەی تۆ باسیان دەکەی ئێمە ناوەکانیشیان نازانین.

میوانەکە چاوەکانی هەڵگڵۆفی، بەری دەستی هەندێک بە ئاگرەکە گەرم کردەوە، گوتی:

– تراویلکەیە! تراویلکەیەکی گەوجانە، بێ مانا و پووچ.

سمێڵ شۆڕ چپاندی:

– وابزانم باشترە کوێخا ئاگادار بکەین.

– نا... نابێ (کورتەبنە وەڵامی دایەوە)

درێژ بەسەرلەقاندن رەزامەندیی خۆی ڕاگەیاند.

میوانەکە دیسانەوە فوویەکی لە ئاگرەکە کرد، ڕووەتی کوڕێژگەکە لەبەر ڕۆشنایی‌ی ئاگرەکەدا سەرسام دەینواند، میوانەکە گوتی:

– بەڕاستی سەیرە، ئێوە بەم ڕۆژگارە چی دەکەن؟ کار و کاسبیتان نییە؟ ئاها... ڕەنگە قاچاخچیتی بکەن!

ئەمان لەرزیان هاتێ، بەیەک دەنگ گوتیان:

– وس، بێدەنگ بە کابرا... ئەوە تۆ چ بەڵایەکی لێمان وەژوور کەوتووی؟! کوێخایەک ئێمەی پێ بەخێو نەکرێ چتۆ کوێخایەکە؟ چی دەکەین؟ ئاوها وەک دەبینی دادەنیشین، قسە دەکەین، لە دیومخانی کوێخا دادەنیشین، دەخۆین دەنووین، لەوەزیاتر چی؟

میوانەکە بە خۆشییەوە گوتی:

– ڕەنگە جارجاریش گۆرانی بڵێن یا شمشاڵ بژەنن. یاخود گوێ لە دەنگی منداڵەکانتان بگرن کە لە قوتابخانە دەخوێنن.

کەچەڵ کە تا ئەو کاتە بێدەنگ ڕاوەستابوو، چرپاندی:

– هەرچی زووترە کوێخا ئاگادار بکەین!

کورتەبنە وەڵامی دایەوە:

– بەم نیوەشەوە نابێ، بزانێ تا ئێستا نەنووستووین خراپمان بەسەر دێنێ، تۆ کابرا! باش گوێ ڕادێرە، شتی سەیر و سەمەرەت پێیە... زۆر زیاتر لە بەرەی خۆت پێ ڕادەکێشی...ئێمە ئەمانە نازانین، کارێکمان هەبێ کوێخا بۆمان جێبەجێ دەکا و تەواو... ئێدی لەوە زیاتری لەسەر مەڕۆ، تێگەیشتی؟!

– نا تێنەگەیشتم، کوێخا چ کارێکی بەسەر درەنگ نووستنی ئێوەوە هەیە؟!

شەقەشەقی ئەژنۆیان بە ئاشکرا دەبیسترا

– بێدەنگ بە کابرا، دەست داخە، بێدەنگ!

کوڕێژگەکە پرسی:

– ڕووبار چییە؟ ئەی قوتابخانە و گۆرانی، ئەوانیش هی کوێخان؟

سمێڵ شۆڕ هەڵچوو، بە دەنگێکی کپ و پڕ لە قینەوە گوتی:

– باشە؟! دەفەرموو دەی... گوێی کوڕێژگەکەی ڕاکێشا، بڕۆ بنوو خێرا!

ڕووی کردە میوانەکە:

– تۆش فەرموو وەدەرکەوە، بڕۆ.

– بۆ کوێ؟!

کەچەڵ گوتی:

– چووزانم بۆ کوێ؟ ئەوەیان کاری ئێمە نییە، کوێخا بزانێ لێرە لاتداوە بەڵامان بەسەردێنێ. (بە ترسەوە پرسی) خۆ کە هاتییە ژوورێ کەس نەیدیت؟

میوانەکە بە ئارامی گوتی:

– کەس، ماندوو و برسیم، بەم سەرمایە لە دەرەوە ڕەق دەبمەوە... ئێوە چۆن میوان دەردەکەن؟

کەچەڵ گوتی:

–ئێمە میوانمان نایەت!

– ئەدی کەس و کارەکانتان؟!

کورتەبنە وەڵامی دایەوە:

– هەموومان لێرە پێکەوە دەژیین، هەموو ڕۆژێک لە کوچە و کۆڵانان یەکتری دەبینین، ئێدی سەردان و شەونشینی بۆچ؟!

میوانەکە هەراسان بوو، سەری ڕاتەکاند و بە دەنگی بەرز پرسی:

– ئەی خەڵکی گوندە دوورەکان؟ گۆرانییژە گەڕێکەکان؟ ڕاوچی و کۆچەرییە چیایی‌یەکان؟ ڕێیان ناکەوێتە ئەم ناوچەیە؟!

ئەمان دەمیان وشک بوو، چۆقەچۆقی ددانیان دەهات، بۆنێکی توندی مێز دەهات، بێ ئیرادە قیژاندیان:

– بێدەنگ بە... بەڵای خوا... چی تۆی گەیاندە ئێرە؟ چ ڕەشەبایەکی وا دەتەوێ کڵاوەکانمان بفڕێنێ؟

پێکەوە باڵی میوانەکەیان گرت و ویستیان وەدەری نێن. میوانەکە توند دەستی بە کۆڵەکەیەکەوە گرت. کوڕێژگەکە فوویەکی لە ئاگرەکە کرد، ئاورینگ لە ئاگرەکە بڵند بوو، کورتەبنە تێی خوڕی:

– بڕۆ بنوو!

لە دەرەوە حیلەی ئەسپێک هات، میوانەکە شڵەژا

– ئەسپەکەم ماندوو و برسییە...

لەپڕ دەرگا کرایەوە، کەتەیەکی سوورفل چوار زەلامی بە دواوە بوو، وەک ڕەشەبا هاتە ژوورێ، نەڕاندی:

– تا ئێستا نەنووستوون؟ ئەمە کێیە؟ (ڕووی کردە میوانەکە)

– تۆ کێی؟ چ کارەی؟ لەکوێوە هاتووی؟ بۆچی هاتووی؟

میوانەکە بە ئارامی گوتی:

– بۆ سەردانی کەس و کارەکانم هاتووم، لەم ناوچەیە دەژیان، لە گوندێکی کەنار ڕووبارەکە.

سوورفل نەڕاندی:

– بێدەنگ بە... کەواتە باسی ئەم شتانەت بۆ کردوون! ئێوەش گوێتان لێ ڕاگرت، ها؟؟!!

ئەمان پەنجەی شادەی هەردوو دەستیان لە کونە گوێکانیان ئاخنی، چاویان نووقاند، بەیەک دەنگ گوتیان:

– هیچمان نەدی، هیچمان نەبیست جەنابی کوێخا!

کوێخا بە ڕەزامەندی سەری لەقاند و بەدەم بزمیەکەوە گوتی:

– ئاوها چاترە! (ڕووی کردە چوارەکەی تەکی)

– بیبەن!

ئەوان پەلاماری میوانەکەیان دا و ڕاپێچیان کرد، کوێخا بە دوایاندا چووە دەرێ و دەرگاکەی توند پێوەدا... ئەمان پەنجە لە کونەگوێ ئاخنراو و چاو نووقاو و دەم داچەقاو لە جێی خۆیان چەقین، لەدەرەوە بروسکەیەکی دا، ئەسپەکە حیلاندی، کوڕێژگەکە بزمیەکی وەسەرلێوان کەوت.

ئەمان هەروا لەجێی خۆیان چەقیبوون و هیچیان گوێ لێ نەبوو.

لوێڤن١٧/٨/١٩٩٠

□

شیعر

شۆڕەبی

مارف ئاغایی

ڕووبارێک بوو
دەیان ساڵ بوو
لە ئاوێنەی ڕوخساریدا
بسکی شۆڕەبییەکی دەشوشت
ڕۆژێک ڕووبار
لە شۆڕەبی بە ڕقدا چوو
تووڕەیی‌یەکەی بوو بە لێڵاوێکی سوور و
ڕەنگی سەوزی بسکەکانی لەخۆی ئاڵاند
کە شۆڕەبی پرسیاری کرد:
بۆ لێم تووڕەی؟!
وتی کاتێ قامچییەکەی ڕەشەبای دڕ
لە بەژنی دارستان هاڵا
تۆ لە ترسا
بەسەرشۆڕی دۆش دامابووی
کە ئەمەی وت
شنەی شەماڵێک هەڵیکرد
شۆڕەبییەکە خۆی وێک هێنا و لە ناکاوا
وەک دەرویشێکی جەزم بوو
بسکی بەسەر شانی دادا
ڕووبارەکە کەوتە لەرزە
کاتێ دیتی کە نێو دڵی شۆڕەبییەکە
لانی شێرێکی سەربەرزە.

بەهاری ١٣٦٩ ورمێ

بەجێم مەهێڵە

عەزیز کەیخوسرەوی

ڤێنوسەکەم
بەهاری پڕ نەشە و شنەم
بە چاوی مەستت سوێند دەدەم
بەجێم مەهێڵە وامەڕۆ
مەڕۆ، دە مەمکە ڕەنجەڕۆ

وەرە بە لار و لەنجەکەت
بە تیشکی زەردە خەندەکەت
لە ڕۆچنێکی نادیار
هەوارە چۆڵ و هۆڵەکەی دڵی پڕم گزینگ پژێن کە جا بڕۆ

لە پیاڵەیی بلووری چاوە مەستەکەت
بەدەستی نەرم و لۆکەییت
دەتێکە بۆم
لە جامی مەی
لەو بادەی خودایی‌یە
زۆڵاڵتر لە ئاوی کانی و
گەشاوەتر لە ئەو دڵەی
کە بۆ ژیانی سەربەخۆ
وەکو شەپۆلی پڕ خرۆش
بە هاژەیە
لە هەڵس و کەوت و
تووڕەیە
هەدا و ئۆقرەیی نییە
سەرم بنێمە سەر سەرین
لەبیر بەرم
پەژار و ئێش و ژاری ژین.

ورمێ، بانەمەڕی ١٣٦٩

بۆ یادی مووسا گەرمیانی

لە بناری زاگرۆسەوە دەهاتیت

لە مەڵبەندی مەرگستانەوە هاتیت، نەخشەی وڵاتێکی بێناوت سرنج دەدا و ڕێگەی گەشتێکی بێ گەڕانەوەت هەڵبژارد. لە بناری زاگرۆسەوە، هەنگاو بە هەنگاو، دەهاتیت و ڕێگەی سەهۆڵبەندانت دەپێوا... دڵت چرایەکی گەش بوو، دڕی بە تاریکایی دەدا؛ تاریکایی‌ی هەزاران ساڵەی ڕۆژهەڵاتی ئەفسوون و خەم و گریان. لە کەسێکت نەپرسی کام ڕێگەیە سەر لە شاری خەون و تاسەوە دەردێنێ... لە شارەزایەکت پرسیار نەکرد چەند لووتکە و چەند هەوراز، چەند شیو و ڕووبار و جەنگەڵ، چەند هەڵدێر و هەزار بە هەزارت دێتە ڕێ...

جا پرسیاری بۆچی بوو؟!

ئەمە ڕێگەی وڵاتی باپیران بوو، پێیدا هەڵدەکشایتەوە و بە ڕچەی کوێرەوەنبووی کاروانەکەی ئەواندا دەڕۆیشتی...

ئەمە شارێگەی هەورێشم بوو، لە نێوان جووتە دڵداری ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوادا قسەی هەنگوین، ڕاز و نیازی ئاوریشمین، ئەوینی وەک کافوور و گوڵاو و نەباتی پێدا دەهات و دەچوو.

ئەم هەواره هەواری کۆچەران بوو، لە گەرمیانەوە بۆ کوێستان و لە کوێستانەوە بۆ گەرمیان.

لە بناری زاگرۆسەوە هاتیت، نهێنییەکت لە دەروونتا قایم کردبوو، نەتدەویست ژاندارم و چەتە و دز و ڕێگران پێت بزانن...

نهێنییەکەت ئەوینێک بوو، برینێک بوو...

ئەوینێکی بریندار و برینێکی ئەویندار.

نهێنییەکت پێ بوو، هێندەی چیایەک گەوره و گران و شکۆدار بوو. ڕەگوڕیشەی بە ناخی کوردستاندا چووبووە خوارێ، تا سەر شیریناوی مێژوو. ترۆپکیشی لە گەواڵە هەوری سپیی هیوادا نوقم بووبوو.

سەردەمی خوێن و مەرگ و کوشتن بوو، کە تۆ هاتی...

وەرزی دۆڕان و ناپاکی و خۆفرۆشی بوو، کە مالاواییت لە خزمان کرد...

ڕۆژگاری بێهومێدی و ئاسۆگیران بوو، کە لەو بناری زاگرۆسەوە کەوتیتە ڕێ.

تۆ دەتزانی گەردانەی خەونی ئێمە هەروا بە ئاسانی پەیدا نابێ، دەبێ لە چوارکەناری ئەم دنیا پان و بەرینەوە، بەرەووری حەوڕەنگ و مرواری و گەوهەری بۆ خڕ کەیتەوە.

تۆ دەتزانی لە بەندەنی بەرزی وڵاتەوە، نە گزنگێکی گوڵڕەنگ، نە تروسکەی ئەستێرەیەک چاوبڕکێ لەگەڵ نیگای تاسەبارماندا ناکات. بەڵام دیسانیش بەرۆکی گوڵڕەنگی خەون و هیوات بەرنەدا، نەتدەتوانی چاو نەبڕیتە ئاسۆگەی خوێناوی.

هەر دەڵێی لەگەڵ مەرگدا ژوانی دڵداریت دانابوو، بە پێی خۆت هاتیتە سەردانی. سواری ئەسپێکی ڕەش بوویت، ڕچەی کەوڵەکەیت دۆزییەوە و بەتاو خۆتت گەیاندێ.

لە تاقە داری سابلاخێ پرسیار بکەن

بۆچی خەمبار و بێواز و ژاکاوە

دەڵێ گەڵایەکی تەڕ و سەوز و ناسکم لێ هەڵوەری،

کزەبایەک هەڵیگرت... لە دوورستانی بێکەسیدا زەرد هەڵگەڕا و ئاوێتەی ژیانی خاک بوو.

دۆست □

مووسا گەرمیانی
١٩٤٧–١٩٩٠

ڕۆژی ١٩٩٠/٥/١٣ شاعیر و نووسەر و هونەرمەندی کورد کاک مووسا گەرمیانی لە تەمەنی چلودوو ساڵیدا، بە نەخۆشیی شێرپەنجە، لە سوێد کۆچی دوایی‌ی کرد. ناوی گەرمیانی لای خوێنەرانی مامۆستای کورد ناوێکی ئاشنایە. لە چەند ژمارەدا بەرهەمی بڵاوکراوەتەوە.

مووسا گەرمیانی ساڵی ١٣٢٦ی هەتاوی، بەرامبەر بە ١٩٤٧ی زایینی لە شاری مەهاباد لەدایک بووە. تەمەنی نۆ ساڵان بوو، کە باوکی کۆچی دوایی‌ی کردووە و لای برا گەورەکەی ماوەتەوە.

مووسا قۆناخی سەرەتایی لە خوێندنگەی (سەعدی) و قۆناخی دەبیرستانی لە (ئیبن سینا) خوێندووە، دیپلۆمی ماتماتیک (ریاضی)ی وەرگرتووە و پاشان لە خوێندنگەی بەرزی بازرگانی (مدرسە عالی بازرگانی)ی تاران درێژەی بە خوێندن داوە و ساڵی ١٣٥٢ لیسانسی بازرگانیی وەرگرتووە. لە شاری سنە دامەزراوە و لە دەبیرستانەکانی ئەوێ مامۆستا بووە.

لە سەردەمی ڕاپەڕینی گەلانی ئێراندا لە زۆربەی خۆپیشاندانەکاندا بەشداریی کردووە. بە هاوکاریی چەند کوردپەروەری دیکە (کۆپی گەشەپێدانی ئەدەبی کورد)یان لە شاری سنە دامەزراند. چالاکیی ئەو کۆڕە بریتی بوو لە فێرکردنی خوێندن و نووسینی کوردی، دانانی پێشانگەی کتێب و بڵاوکردنەوەی نووسراوی کوردی. لە زستانی ساڵی ١٣٥٨دا خەڵکی شاری سنەی قارەمان بۆ ماوەی مانگێک لە مانگرتندا بوون. ئەرکی بەڕێوەبردنی ئەو مانگرتنە لەسەر شانی کۆپی گەشەپێدان بوو.

لە بەهاری ١٣٥٩دا، کە شاری سنە کەوتەوە دەست دەوڵەت، مووسا ماوەی ساڵێک لەسەر کار لابرا. کە هاتەوە سەرکار، دووریان خستەوە بۆ کرماشان (کە بەلای ڕێژیمەوە بە شارێکی کورد دانەدەنرا) و ماوەی پێنج ساڵ لەوێ مایەوە. لەوێ دەرفەتی نووسینی زۆرتر بوو.

هاوینی ساڵی ١٣٦٥ جارێک لە تاران عەمەل کرا. دوای ساڵ و نیوێک سەرلەنوێ نەخۆش کەوتەوە، جارێکی دی برینکاری کرا. بەنەخۆشیش دەستی لە نووسین هەڵنەدەگرت. تەنانەت لە ئیدارەش، ئەوکات کە کاری نەدەبوو، خەریکی نووسین دەبوو، هەر ئەوەش دەبووە هۆی دەمەقاڵی زۆر دەگەڵ سەرۆکی ئیدارە.

نەخۆشی لەلایەک و ناکۆکی لەگەڵ سەرۆکی ئیدارە و هەلومەرجی نالەباری وڵات لەلایێکی دیکەوە، گوشاریان دەخستە سەری. هاوینی ١٣٦٨ بۆ یەکجاری وڵاتی بەجێ هێشت. ماوەی هەشت مانگ لە تورکیا مایەوە و لەبەر نەخۆشی و ئێش و ژان زۆر دەرفەتی نووسینی نەبوو. ڕۆژی ١٩٩٠/٤/١٣ هاتە سوێد، بۆ چارەی نەخۆشییەکەی لە نەخۆشخانەی شاری ئوێرەبروو Örebro کەوت و ڕۆژی ١٩٩٠/٥/١٣ بۆ یەکجاری چاوی لێک ناو کۆچی دوایی‌ی کرد.

مووسا گەرمیانی نووسەر و شاعیر بوو، وێنەکێش بوو، هونەرمەند و سازژەن و دەنگخۆش بوو. ئاواتی ئەوەبوو لە نەخۆشی ڕزگاری بێت و بتوانێ بە نووسین خزمەتی گەلەکەی بکات.

کاک مووسا ساڵی ١٣٥٤ ژنی هێنابوو، لە تەمەنی ٤٢ ساڵیدا کۆچی کرد و سێ منداڵی لە پاش بەجێ ماون: سامان ١٣، ژیار ٧ و تارا ٣ ساڵان.

مووسا گەرمیانی شیعر و نووسراو و وەرگێڕانی زۆری هەیە. بەشێک لە نووسینەکانی، کاتی هێرشی پاسداران بۆ سەر شاری سنە لەناوچوون. چەند بەرهەمێکی لە ئێران ماوەتەوە. لەگەڵ گۆڤارەکانی ئێران (سروە، دنیای سخن، آدینە) بە کوردی و فارسی هاوکاریی دەکرد، ئەگەرچی زۆربەی بەرهەمەکانی بەهۆی سانسۆرەوە چاپ نەکراون. گەرمیانی هاوکارێکی چالاک و دڵگەرمی گۆڤاری (مامۆستای کورد) بوو. □

هەڵۆی بەرزەفڕ

مووسا گەرمیانی
کردوویە بە کوردی

پاییزە و دەرفەت و کاتی ڕاوە
چاوی ئاسکۆڵە بەغەم پاڕاوە
دڵی کارمامزی ساوا لەرزی
بەتەقەی تاپڕ و هاژەی بەرزی
خێوی سەرما لەسەروو دانراوە
زۆڵە زریان جڵەوی بەرداوە
کێیە خۆی ڕاگرێ بەو باهۆزە
گژەبای توندی بە خۆڵ و تۆزە
زێڕ و زێوی گوڵ و مووڵ با بردی
ئەوی کارێکی نەدەکرا کردی
هەڵفڕین سۆنە بەرەو گەرمێنێ
کەسێ گیرۆدە نەبێ نامێنێ
یا دەبێ ڕاوکەری زاڵی دڕ بی
یا لەژێر چنگی مەرگدا کڕ بی
وا هەڵۆی پیرە لەسەر ئەو گردە
گێژی ئەندێژ و خەیاڵی وردە
بە تەوژمی ڕەشەبا تاساوە
لە نزیکبوونی مەرگ ترساوە
دەڵێ کوا باڵ و پەڕی چالاکم
چاوی تیژبین و سەری بێ باکم
هەڵفڕینی سەرەژوور و بەلەزم
داکشانی بەرەخوار و بەنەزم
ئێستە دڵخۆشی کە مابێ یادە
کای لە مێژینە گەلێ بەربادە
کەس نەماوە لە هەڵۆی هاوتەمەنم
تۆ بڵێی لەوپەڕی ژین بێنە کنم؟
لەو جیهان کێ بە گوڕە و کێ پیرە؟
ڕاوکەری کامە؟ چکەس نێچیرە؟

تۆ بڵێی بچمەوە نێو لانی گەرم
سەرلەنوێ باب و برا بن لەسەرم؟
پیرییە دەبڕێ دەماری ژینم
کێ دەکا چاری دەبێ ببینم
دەچمە لای مامە قەلی سابوونی
لێی دەپرسم سەبەبی هەربوونی
گەرچی زۆر نارەسەن و خوێن تاڵە
بۆ گەل و هۆزی مەلان بەیتاڵە

* * *

باڵی لێک دا لە نساری شاخان
سینگی هاژا بە هەناسە و ئاخان
دوای گەلێ باڵەفڕەی بەرزایی
هاتەخوار نیشتە زەوی و نزمایی
هەرچی گیاندارە بەلەز بۆی دەرچوو
یا فڕی یا لە کەلێنان ڕۆچوو
قەلەپیریش لە کەرۆکی سەنگەر
سەری هێناوەتە دەر، نایەتە دەر
تا هەڵۆ گەرم و نەرم هاتە دووان
قەلی خاوکردەوە لە ترس و گومان:
بێ چەکم، بێ زەرەرم دەی بازدە!
تێپەڕیوی تۆ لە عیلمی دوازدە
مەتەڵێکم هەیە بۆم هەڵبێنە
باری سەرشانی کزم هەڵبێنە
من کە سەردار و هەڵۆی کوێستانم
بۆچ نەماوە حەرەکەی هەستانم
تۆ جەوانی لەوەتا ئەتناسم
ئەوە ڕازێکە ئەمن پێی کاسم.

قەل گوتی خاڵە هەڵۆ ڕاوەستە
خۆت بە یاقوتی قسەم دابەستە
ئەوە چەند ساڵە کە من گەلناسم
مەسەلی عالەمە گوفت و باسم
کە دەڵێن بۆچی ئەمن هەر لاوم
من بە زانست و عیلم وا ماوم
خاڵ و میلی نییە پەرداخی لەشم
کێ دەزانێ لەتەمەن چەندە بەشم
هەرچی دەیخۆم و لەکوێ وەردەکەوم
ئاموشۆی کێ دەکەم و چۆن دەخەوم
ئەوە حیسابی هەیە و مەعلوومە
هەرچی وەک من نەبێ ئەو مەعدوومە
ئەو بڵێندایی کە سەخت و لێژن
زیندەواری کە لەوێن بێ نوێژن
هەرچی ئازارە ئەوان ئەیچێژن
ئارەقەی بێ سەمەرە، ئەیڕێژن
دڵەخورپە و چاوەقوڵکە و شەپۆلە
هەر لە بەرزان ئەژمنن ئەو تەپۆلە
ئاهی کەروێشک و کەوی دەست کورتە
کە هەڵۆ دەمرێ و قەلیش هەر خورتە
وا بژیو زۆر و زەمەندە لێرە
گەر بناسی هەموو خێر و بێرە
ئەوی ئارامی دڵە سابوونە
ئاوی ئاراوی دەسی خاتوونە
نەرم و هێدی وەرە هەڵنیشە بخۆ
کرم و کێماوی کەلاکان و بڕۆ
چاو لە هەوران مەکە، ڕێگا مەبڕە
لەو چنارانە بەرزتر مەفڕە

* * * *

هێندی بادا قەلەڕەش ئەو داوە
تا هەڵۆ کەوتە خەیاڵ بای داوە
هاتە بەرچاوی مەرگ شیرنتر
یا ژیابا لە قەلی خوێڕیتر
ئەوە فیکی فەلەکە و مەکرێکە
سەرەداوێکە عەجەب فیکرێکە

هێزی هێزدار لەدەسی دەستێنێ
تا ڕقی ئەو لە ژیان هەستێنێ
وا دەکا مەرگی لەلا شیرن بێ
ژینی جێ بێڵێ بەرەو مردن بێ
کوتی بەو کێوە کە زێدی کۆنە
ڕەوەز و مەوتەنی هۆزی خۆنە
هەر هەڵۆم گەرچی بە دیمەن پیرم
چەندی پیریش بم لەسەر تۆ میرم
پەند و پاکانە دەکەی بۆ ژینت
تەمەنی کورتی هەڵۆ پەرژینت
کەی ئەوە مانە وەکو تۆ ماوی
چەندی زانابی هەنوو قاڵاوی
هەر سەعاتێ وەکوو خۆم ڕابوێرم
لە هەموو عومری تۆ خۆ دەبوێرم
تا دەژیم خۆ بە قەلان نافرۆشم
هەر وەکو خۆم دەمم و دڵخۆشم
دەچمە ئەو شاخە لە ئاسمان دەسوێ
ڕۆژپەڕان خۆر لەبەری دادەنوێ
سەقر و بازان لەگەڵم جیرانن
ڕێزگری گەورەمەل و پیرانن
گوڵە مێلاقە بەهارانە لەوێ
سوور و ئاڵن وەکوو دندووکی کەوێ
بە هەوای بیرەوەری جارانم
ڕادەژێنم دڵەکەی پڕ ژانم

* * * *

مەلی پیر باڵی لەیەک وا کردن
چنگی داگرت و پەڕی چاکردن
بەرەژوور هەڵفڕی بۆ باوەشی کێو
سینگی عاسمانی بڕی زاڵی بزێو
پەندی قاڵاوی لە دڵ دەرکێشا
دوا هەناسانی لە بەرزی کێشا
ئەوی ئازادە نییە بێ دوژمن
وا نەزانێ قەلەڕەش یاری ئەو
نەتەوی زۆرە، فراوانە دژی
هەرکەسێ مەرد و هەڵۆیانە بژی

گەلاویژی ١٣٦٥ کرماشان

بەرد لەجێگای خۆیدا سەنگینە!

ناسری رەزازی

ئەگەر دوورنەچم، لە سەدەی نۆزدە بەملاوە، بە هۆی بزووتنەوە نەتەوایەتییەکانی کورد و خەبات و تێکۆشان بۆ رزگاریی کوردستان و کۆمەڵگەیەکی ئازاد، کە ئینسان تێیدا وەکوو ئینسان بژی، ئەژماریکی زۆر لە کوردی هەر چوار پارچەکەی کوردستان، بەهۆی پیلانی ئیمپریالیزم و سیاسەتی درندانەی داگیرکەران، لەبەر کوشت و کوشتار و خەفەخان، زیندان و راوەدوونان، کۆچی زۆرەملی و راگوێزان، ناچارکراوە روو بکاتە هەندەران و لە غەریبی و ئاوارەییدا بژی.

زۆربەی ئەم کوردانە لە وڵاتانی ئورووپا و سکاندیناڤیدا گیرساونەتەوە و لە گەڵ ئەم کاروانی دەربەدەری و نامۆییەشدا، کۆمەڵێک هونەرمەند و شاعێر و نووسەر، رووبان کردۆتە ئەم وڵاتانە و لە هەر وڵاتێکیش بە پێی ئەژماری کوردی دانیشتووی ئەو وڵاتە، دەست دراوەتە خەبات و تێکۆشان بۆ ناساندنی کورد و فەرهەنگی کوردی و گەیاندنی بانگ و هاواری مافخوازانەمان بە گەلانی دەرەوەی وڵات.

بۆ راپەڕاندنی ئەم ئەرکەش، زۆر کۆڕ و کۆمەڵی گەورە و بچووکی فەرهەنگی دامەزراون و خراونەتە گەڕ، بەڵام لە راستیدا هیچ کام لەمانە، وەک پێویستە، نەیانتوانیوە وەڵامدەری خواست و ویستی ئەو خەڵکە بن کە بەندەوار و هەمیشە چاوەڕوانی دەروویەکی بەخێرن بۆ کورد!

بریک لەم ریکخراوانە، لە لایەن حیزب و سازمانی کوردییەوە دامەزراون، کە ئەم دەستەیە دەوریکی هێندە گرینگیان لەم مەیدانەدا نەگێڕاوە و بە جێگای کاری فەرهەنگی، خزیان دەئیشی حیزبایەتی وەرداوە و زۆربەیان شارەزا و لێزانی ئەم کارە نین و نوێنەر و بەڕێوەبەری سیاسەتی ئەو پارت و ریکخراوانەن کە ئەم کۆڕ و کۆمەڵانەیان کردۆتە داردەست بۆ خزیان، دەنا ئەو کارە، پیشەی وان نییە و لەراستیشدا حیزبایەتی کاری (کۆمەڵ) یان (ریکخراو)یکی فەرهەنگی نییە.

دواکەوتوویی و لەپاشبوون، لە هەڵسووڕان و بەرهەمی کاری ئەم ریکخراوانەدا بە زەقی دیارە و لە بەرچاوە، چونکە چ لە ئاهەنگەکانیاندا، چ لە گۆڤار و رۆژنامەکانیاندا و چ لەو پێشانگایانەی کە دەیخەنە بەر چاوی بینەران، کورد وەکوو گەلێکی دواکەوتوو و کوردستانیش وەکوو کۆمەڵگەیەکی لە پاش دەنوێنن!

* * *

من ناڵێم کۆمەڵەیەکی فەرهەنگی سیاسەت نەکا، سیاسەت شتێکی دیکەیە و حیزبایەتی شتێکی‌تر. کۆمەڵەیەکی فەرهەنگی لەسەریەتی، سەرەڕای جەژنە نەتەوایەتییەکان، لە ساڵرۆژی بیرانینی رۆژگەلێکی وەکوو بۆمبارانی هەڵەبجە و بادینان، قەڵاچۆکردنی قارنا و قەڵاتان و زۆر بۆنەی دیکە، هاودەردی و هاوکاری بکا و بۆ پێشمەرگە و ئاوارەی کورد یارمەتی کۆ بکاتەوە و تا ئەو جێگایەی پێی دەکرێ، بانگ و هاواری مافخوازانەی نەتەوەی کورد بە گوێرەی بڕست، بە جیهان رابگەیەنێ و لە پاڵیشیدا، پارێزەری فەرهەنگی پێشکەوتنخوازانەی کورد بێ و زۆر تێکۆشانی دیکەی لەم بابەتانە، نەک چوونە ژێر رکێفی پارتێکی سیاسی و سۆرانچێتی و کرمانجایەتی و داسەپاندنی ئۆتۆریتەی تاکەکەسی!

* * *

ئاخۆ ئەرکی کۆمەڵە یان ریکخراوێکی فەرهەنگی، کە کاری ئەوەیە فەرهەنگی کورد بپارێزێ، خۆوەردانە دە حیزبایەتی؟! ئایا بە جێگای خۆیەستنەوە بە حیزب و سازمانێکەوە، باشتر نیە هەست و لێهاتوویی ئەم هەموو هونەرمەند و نووسەرە ئاوارەیەی هەندەران بخاتە گەڕ بۆ خزمەت بە فەرهەنگی کورد و یارمەتیدەریان بێ؟!

ئایا هونەرمەند و شاعیر و نووسەری کورد لە دەرەوەی وڵات، بزیان نییە بۆ خستنەگەڕی کاری هونەریی خزیان، لەو دەسەڵات و دەسەیاوەی وان کەڵک وەرگرن؟! ناکرێ کاسێت و سێلک بۆ گۆرانیبێژانی کورد (کە پرکردنەوەیان لە توانای تاکەکەسدا نییە) تژی بکەن؟! دەسەڵاتی ئەوەیان نییە بەرهەمی شاعیران و نووسەرانی کورد لە دەرەوەی وڵات، کە پێیان ناکرێ لەم بار و دۆخە چەتوون و دژوارەی باری ناڵەباری ئابووری و پەنابەریدا باڵو بکەنەوە، لە چاپ بدەن؟!

بەداخەوە بە پێچەوانەی ئەمانەوە، تێکۆشانی بەرچاو و دەوری هونەرمەندی کورد لە تەواوی ئەم ریکخراوانەدا، لەبەر بێدەرەتانی و بێدەسەیاویی باری‌ماڵی، بۆتە بەشداری‌کردن لە ئاهەنگەکانیاندا بۆ رازاندنەوە و سەرگەرمی!، لەکاتێکدا لەم چەشنە کارانەدا، هونەرمەندان پێویستە دەوری باڵایان هەبێ، بەڵام کوانی؟!

خۆزگە ئەوەندە بایەخ بە سیاسەت دەدەن و بە هیچ جێگایەکیش ناگەن، نیو ئەوەندە بۆ هونەر نرخیان دانابا و هەنگاویان بۆ هەڵگرتبا؛ بریا یەک لە چواری ئەو یارمەتییەیان -کە بە ناوی یارمەتیی فەرهەنگییەوە وەری‌دەگرن- کردبایە خەرجی کاری هونەری و کەڵکیان لێ وەرگرتبا، با هەم هونەرمەندەکە لە کارە هونەرییەکەی وەپاش نەکەوێ، هەم ئەوانیش خزمەتێکیان کردبێ!

* * *

بەڕاستی هونەرمەندی کورد لەدەرەوەی وڵات، نازانێ کار بکات یان خەریکی خزمەت بە هونەرەکەی بێ؟! ئەگەر خەریکی هونەرەکەی دەبێ، فریای کار ناکەوێ، ئەگەریش کاردەکات، لە بەر ماندووبوون و ئەرک و گیر و گرفتی دیکە، زەوقی لە سەر هونەرەکەی نامێنێ و کاتێکی وای بۆ نامێنێتەوە کە خۆی بە هونەرەکەیەوە خەریک بکات! مەیدانێکی وەهاش شک نابرێ کە هونەرمەندی کورد تێیدا خەریکی کارە هونەرییەکەی بێ و بتوانێ نانێکی مەمرە و بژێی لێوەدەست بێنێ! هەر هونەرمەندێکمان کەوتۆتە باسکێک و هەر یەکە لە وڵاتێک دەژی. کۆکردنەوەشیان لە بڕستی تاکەکەسدا نییە و جێگەیەکی وەهاشمان نییە کە ئەم هونەرمەندانە بگرێتە خۆی و لەباری هونەرییەوە یارمەتیدەریان بێ!

هونەرمەندی کورد بە بۆنەی بەرپاکردنی ئاهەنگێک کە لە وڵاتێکی‌تری دوور لەو وڵاتەی کە لێی دەژی دەکرێ، ناچار دەبێ چەند رۆژ کارەکەی بە جێ‌بێڵێ و بڕوا بەشداریی تێدا بکا، بەڵام لە باتی کارەکەی لەدەست دەردەچێ!، پووڵ و پارەی ئاهەنگەکەش ئەوە نییە کە لە دەستدەرچوونی کارەکەی بۆ قەرەبوو بکاتەوە و زەرەری لە خێری زۆرترە، چ لەباری ماڵییەوە، چ لەباری هونەرییەوە. بارە ماڵییەکەی بەجێگای خۆی، بەڵام ئەگەر بمەوێ لەسەر بارە هونەرییەکەی وەکوو سکاڵایەک بدوێم، بە دەیان لاپەڕە داناکاسرێم و دەردی دڵم کۆتایی نایە... ئای کە بەداخەوە فرەمان ماوە!

سیاسەتی وشک و تەق و رەقی پارت و ریکخراوی کوردی و ناکوردی، بە چەشنێک کاری کردۆتە سەر ئەم کۆمەڵ و ریکخراوە فەرهەنگییانەی دەرەوەی وڵات، کە سیاسەتیان لە هەموان کردووە بە تەکیە و خانەقا! لە ناوەوەی وڵات هەموو شتێکیان لە چەکدا تواندۆتەوە، لێرەش لە پارتایەتی و سیاسەتدا!

* * *

بۆ شەش ساڵ دەچێ لە دەرەوەی وڵاتم و لە جەژن و ئاهەنگی کۆڕ و کۆمەڵی سیاسی و فەرهەنگیی کورددا بەشداری دەکەم؛ جارێک نەبوو بڵێم ئۆخەی، ئەم ئاهەنگە بە جوانی و ریکو پێکی دەریاز بوو! لە سەرپاکی جەژنەکاندا، مەسەلەی «سیستمی دەنگی» بە هیچ گیراوە و بایەخیان بەوە نەداوە کە دەنگ لە سەر شانۆوە بە پاکی دەربچێ!، بە داخەوە ئەم بایەخپێنەدانە، بۆتە هۆی ئەوە کە هونەرمەندی کورد، دوو بەرهەمی باش و ریک و پێکی پێ پێشکەش نەکرێ و بەرهەمی ئەو ئاهەنگ و کۆڕ و کۆمەڵانەشی لێ خەسار ببێ و باڵو ببنەوە و ببن بە ماڵ بە سەریەوە! چونکە کاری مووزیکا، وەکوو کارە هونەرییەکانی دیکە نییە و لەبەرئەوەی کە کارێکی بەکۆمەڵە، لەگەڵ بەشە هونەرییەکانی‌تر جیاوازە و بە یەک کەس و دوو کەس بەڕێوە ناچێ و ناگاتە ئەنجام، ئەگەریش بەم کەمایەتییەوە بسازێنرێ، کەم و کووڕیی یەکجار زۆرە و ناکرێ بەو هونەرەی دابنێی کە پێی دەگوترێ هونەر!

لەوانەیە زۆرکەس بە خوێندنەوەی ئەم نووسراوە، بڵێن: باشە کاکە ئەگەر وایە بۆچی بەشداری دەکەی؟!

من لێرەدا نامەوێ هونەرمەندی کورد بکەم بە فریشتە و بێتاوانی بنوێنم، نا، مەسەلەیەکی گرینگ، کە هونەرمەندی کورد و ئەم ریکخراوانەشی تووشی گیروگرفتی ئەوتۆ کردووە، بێ‌پەرەنسیبی و سازمان‌نەدراوی و پاشاگەردانیی نەتەوەی دابەش‌کراو و بێدەسەڵاتیی کوردە، دەنا وەنییە کەسی شارەزامان لەم کارانەدا نەبێ! دەبێ بڵێم بەداخەوە هەموو شتێکمان لە بار و دۆخە سیاسییەکەمانەوە سەرچاوە دەگرێ. هونەرمەندی کورد بە حوکمی ئەو هەل و مەرجە ئاڵۆزەی کە گەلی کوردی تێدا دەژی، ناچار دەکرێ لە جێژن و ئاهەنگی حیزب و سازمان و کۆڕ و کۆمەڵی سیاسی و فەرهەنگیی کورددا بەشداری بکا و هونەرنوێنی بکا!!، چونکە مەسەلەی شۆڕشی‌کوردستان و لەخەتەردابوونی زمان و ئەدەب و فەرهەنگی کورد، وای لەهونەرمەندی دڵسۆزی کورد کردووە کە بۆ کورد، خۆی بە دار و بەرددا بدا و لە زۆر جێژن و ئاهەنگی کورددا کە لەمەڕ کوردستان بەرپادەبێ بەشداری بکا و ئەم کەند و کوڵۆیانەشی بێتە بەردەم و ئەمە بێحاڵیی هونەرمەندی بەدەربەست و خەم‌لەکۆڵی کورد! بەڵام هەر لەو سازمانانەش هەن کە بانگاشەی وەدیهێنانی دنیای نوێ و فرێدانی بەند و باوی داڕێژیو و هەڵتەکاندنی نیزامی کۆن دەکەن، کەچی پێیان ناکرێ ئاهەنگێکی کوردی بە ریک و پێکی بەڕێوەبەرن و! کەسێکی واشیان نییە کە دامەزراندنی دوو میکرۆفۆنی لێ‌نەبێ بە گرتنی لووتکەی قاف!!

بڕوا بکەن هەرچەند هونەرمەندی کورد لەو حاڵەدا دەبینم، ئەم شیعرەی شاعیری نەمر (مامۆستا گۆران)م وەبیر دێتەوە، گەرچی زۆرجار دووپات کراوەتەوە بەڵام داگری حاڵی هونەرمەندی کوردە:

بەڵێ دیارە لە ناو قەومی بەسیتا قەدری سنعەتکار
وەکوو عەکسی قەمەر وایە، لە ناو حەوزێکی لیخندا!

بەڵام چار چییە؟! دار پیر دەبێ جارێک بازی لەسەر دەنیشێ. بۆ هونەرمەندی بەدەربەستی کورد، ئەو دارە هەر بە ساوایی دەژاکێ و سیس هەڵدەگەڕێ و شتاقیان لە بەر ئەو دۆخە ناڵەبارەی کە کوردی تێدا دەژی، بە ئاواتی خزیان ناگەن.

* * *

هەموو گەل و نەتەوەیەکی پەنابەر و دانیشتووی سوێد و وڵاتانی‌تر، بە رەش و سوور و سپی و زەردەوە، بۆ هونەر و هونەرمەند بایەخ دادەنێن و لۆکاڵ و رەستۆران و شوێنی تایبەت بەخزیان هەیە، کە تێیدا کۆدەبنەوە و ئاهەنگی لێ دەگێڕن و شایی و هەڵپەڕکێی تێدا دەکەن و بە ئێش و ئازاری یەکترەوەن، جگە لە کورد نەبێ!

من پێموایە، هەرکەسێک لە بەندی بیری کۆن، خۆی رزگارکردبێ، دەزانێ کە سەربەست ژیان و ئازاد بیرکردنەوە، مافی خۆزای هەر مرۆڤێکە. ئینسان لە گەڵ ئەوەیدا کە دەبێ ئینسانی خۆش بوێ و بۆ سەربەرزی و بەختەوەریی هاوبەنی‌نەوعی خۆی تێبکۆشێ و دژی هەرچەشنە سەرکوت و چەوسانەوە و هەڵواردن و لەسەرتربوونێک راپەڕێ و بەرەنگاری بێ، بۆشی هەیە ئینسانانە بنۆشێ و بپۆشێ و گۆرانی بڵێ و هەڵپەڕێ و رابوێرێ، لە هەمان کاتیشدا بۆ رزگاریی وڵاتەکەی و

کۆمەڵگایەکی یەکسان و ژیانێکی شایانی ئینسان، خەبات بکا و تێبکۆشێ.

* * *

یەکێ لەو بناخەگەلەی کە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی پێش‌دەخا و گۆڕانی بەسەردا دێنێ، هونەرە و فەرهەنگ. واتە ئەگەر ئەم دوو دیاردەیە، سازمان‌دراوانە و بێ کەڵکاوەژوو «سوء استفادە»، بۆ خزمەت بە مرۆڤایەتی، بخرێتە گۆڕەپانی خەبات و تێکۆشان، دەکرێ باشترین کەڵکی لێوەربگیرێ بەڵام بەداخی گرانەوە، ئێمە هێشتا لەم بەستێنە دوورین و بەوە نەگەیشتووین کە چۆن هەنگاوی بۆ باوێژین و سوودی لێوەرگرین! لەلایەکی تریشەوە، پەرش و بڵاوی و بندەستی و جیاوازیی بیر و بڕوا و چەند زاراوەیی زمانی کوردیش، بوونەتە بەشێک لە سازێنەرەکانی ئەم کەند و کۆسپانە؛ چونکە لەناوەوەی وڵات، لەبەر نەبوونی ئازادی و شاردنەوەی بیر و بڕوا، هێندە زەق و ئاشکرا نییە بەڵام لە دەرەوە، ئەم مەسەلەیە بەباشی خۆی نواندووە و کەوتۆتە روو. دەرمانی ئەم دەردانەش ئەوەیە کە کورد چارەنووسی خۆی لە دەستی خۆیدا بێ و خۆی حوکمی خۆی بکا؛ دەنا هەتا ئەمە بار و دوخمان بێ، حاڵمان لەمەی کە ئێستا هەیە باشتر نابێ!

* * *

پێشینیان دەڵێن: ڕێوی لە کونی خۆی دوور بکەوێتەوە گەڕ دەبێ! هونەرمەندی کوردیش بە دوورکەوتنەوە لە کوردستان، بەو دەردە دەڕوا، چونکە ئەو ڕێز و دڵگەرمییەی کە لە نێو گەلەکەی و وڵاتەکەی خۆیدا هەیەتی، لە نێو خەڵکێکدا کە پەنابەرە و لە باری ماڵییەوە، ئەم مانگ بە پینە و پەڕێ دەسپێرێتە دەستی ئەومانگ، نییەتی! ئێتر باسی ئەوانەشی کە دەوڵەمەند و دەسرۆیشتوون ناکەم...

ئینسانی هونەرمەند، بە دوورکەوتنەوە لە زێد و کۆمەڵگەی خۆی، بێژگە لەوەی کە دێتە دنیایەکی‌تر و لەگەڵ شتی تازە و پێشکەوتوو بەرە و ڕوو دەبێ و چاو و دەم دەکاتەوە و لە باری بیر و ڕا و هزر و هۆشەوە گۆڕانی بەسەردا دێ، کەند و کۆسپی زۆریشی دێتە سەر ڕێ. یەکەم: لەو ژیانە ئاسایی و خۆڕسکەی ئەوێ دادەبڕێ و ئەو بوویەر و کارەساتانەی کە لەوێ ڕوودەدەن، لەبەر ئەوەی بە چاو نایانبینی و زیندوو هەستیان پێ‌ناکات، بەباشی ناییزوێنن. دووهەم: لەو دەرەتان و ئیمکاناتە خۆجێییانەی ئەوێش بێبەشە و دەسەیاوی بە هیچیان ناگات، ئەو تۆشەبەرەیەش کە لەباری هونەری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و سیاسییەوە پێیەتی، هی ئەو چەند ساڵ تەمەنەیە کە لەوێی بەسەر بردووە.

کاتێک کە دێتە ئێرە و هێشتا بە باشی چاو و دەمی نەکردۆتەوە، هەر وەکوو کوردستان بیری لێ‌دەکاتەوە، لەوێ هەڵس و کەوتی چۆن بووە، لێرەش دەیەوێ هەروابێ، لەوێ تا چ ڕادە چاوەڕوانی یارمەتی و پشتیوانیی خەڵکەکەی بووە، لێرەش هەر بەتەمای ئەو شتەیە کەچی، پاشی ماوەیەک کە بووژایەوە و ئەژمار و هەژماری دەور و بەری هاتە دەست، دەبینێ نەخێر، ئێرە ئەوێ نییە و ئەم فەرهەنگە ئەو فەرهەنگە نییە و ئەم دنیایە دنیایەکی دیکەیە. لێرەش تەنیا پشتیوانی کارکردنە کە ئەویش بۆ هونەرمەندێک، ئەگەر کارەکە کارێکی هونەری نەبێ، ڕەگ و ریشەی لە بن دەردێنێ! ئەو دەزگایانەش کە یارمەتیی فەرهەنگی دەدەن، بە هونەرمەندێکی دەدەن کە ڕێکخراوێکی فەرهەنگی بیناسێنێ یان ئەوەی گرووپێکی سەربەخۆ بن، کە ئەوەش دەبێ بە حەوخانی ڕۆسەمدا تێپەڕێ! بە کورتییەکەی لێرەش بێ بۆنە و بۆنەکاری، کار ناچێتە پێش!! هەرچەندیش بۆ خۆت بڵێی هونەرمەندم و ئەوەم کردووە و ئەوەی دەکەم، گوێیان لێ نییە! ئەو ڕێکخراو و دەزگا فەرهەنگییە کوردییانەش کە کارەکەیان کارێکی فەرهەنگییە و لە بنەمادا دەبێ یارمەتیدەری هونەرمەند و نووسەری کورد بن، بەم بوارەدا تێناپەڕێن و خۆیان دە کار و بارێکی دیکەوە وەرداوە کە ئیشی وان نییە!

* * *

بۆ هەموو کەسێک ئەم کۆچکردن و دوورکەوتنەوەیە ناخۆشە بەڵام بۆ هونەرمەند دەردێکی گرانە چونکە هونەرمەند بە خەڵکەوە بەندە، خەڵک بۆ هونەرمەند وەکوو ئاوە بۆ ماسی، کە ئاو نەما ماسیش تێدا دەچێ! بڕوا بکەن ڕەپۆشەی ئورووپا وای لێکردووم کە خۆزگە بە کوردستان دەخوازم. لەوێ سەرەڕای نەخۆشی و نەخوێندەواری و دواکەوتوویی، وێڕای گرتن و کوشتن و لێدان و زیندان، لەگەڵ نەبوونی ئازادی و بێکاری و بێ‌ئیمکاناتی لە هەموو بار و سەرێکەوە، لەبەر ئەوەی خەڵکەکەت لە پشت بوو، کارە هونەرییەکەت مەنەری نەدەخست و دانەدەمای. بەڵام لێرە وانییە و هەموو شتێک لەسەر پارە و ئابوور بەندە! ئەوەش کە لێرە هەیە و لەوێ نەبوو، ئەم ئازادی و دێموکراسییەیە کە ئەویش ناتوانێ سارێژکەری هەموو برینێک بێ! لەڕاستیشدا هونەرمەندی کورد بەو چەند ئاهەنگ و جێژن و هەڕا و بەزمەی کە ساڵێ چەند جار بەرپا دەبێ ماوە، دەنا ئەوەش نەبا، هەر هیچ و یەکسەر عەمری خودای دەکرد!

نموونەیەک:

«لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی تورکیەی فاشیستدا، نزیکەی ١٥ ملوێن کورد دەژین، کە لە هەموو مافێکی ئینسانی و فەرهەنگی بێبەشن و لە لایەن حکوومەتی تورکیەوە، بە تورکی چیانشین ناودێرکراون!

لەم بەشە داگیرکراوەی کوردستاندا، زۆر گۆرانیبێژی کوردزمانی کوردی لێ‌پاوان‌کراوی تورکی فێرکراو هەن کە بە تورکی گۆرانی دەڵێن!، زۆرجار دیتوومە و بیستوومە کە خەڵکی کورد، ئەو گۆرانیبێژانەیان وەبەر لۆمە و توانج و جنێو و ناسزا داوە و گوتوویانە بۆ بێگانە دەخوێن و خەیانەت بە گەلەکەیان دەکەن و نایانە دەرێ و چی و چی...!!

هەر لەو هونەرمەندانە هەیە کە دەستیان لە گۆرانیی تورکی هەڵگرتووە و وازیان هێناوە و هاتوونەتە دەرێ و نموونەیان ئێستا لە ئاڵمان و سوێد و فەرانسە دەژین و بۆ گەلەکەیان «کوردی قارەمان» گۆرانی‌دەڵێن!، بەڵام پارە و دەرەتانی ئەوەیان نییە کە کارە هونەرییەکەیان پەرە پێ‌بدەن و لەژێر باری کاردا پرووکاون و هەستە هونەرییەکەشیان مرێنراوە! حەزناکەم ناوی کەس بێنم، لەم هەندەرانە هونەرمەندانی کورد هەن کە لەبەر بەرێ‌نەچوون، لە ڕەستۆرانی عەرەبی و فارسی و تورکیدا هونەرنوێنی دەکەن و بە سازی وان هەڵدەسووڕێن!، ئەوەندەش بەلای وانەوە ڕێزیان هەیە، لەنێو خەڵکەکەی خۆیاندا نیتیان! بەڵێ کوتەی پێشینیان گەوهەرە:

بەرد لەجێگای خۆیدا بەسەنگە! لەڕاستیشدا هەر وایە، دوورکەوتنەوە لە خەڵک و کۆمەڵگای خۆت و لەسەرووی هەموویانەوە بێ حکوومەتی و بێ‌دەسەڵاتیی کورد، دەبێ شتی واشی بەشوێنەوە هەبێ!

لە نێو کورددا، هونەرمەند و شاعیر و نووسەر و مرۆڤی بەکەڵک، ئەو کاتەی خۆشەویستە و ڕێزی لێ دەگیرێ، کە لاقی درێژ کرد و کۆچی دوایی فەرموو، دەنا تا ماوە، لەبەر ئەو بار و دۆخە سیاسییە و ئەو هەل و مەرجەی کە گەلە چەوساوەکەی تێدا کۆئێلەیە، ئەویش دەبێ کۆئێلە بێ! وەگەرنە هەموو هونەرمەندێکی تێ‌گەیشتوو و خەم لەکۆڵی مرۆڤ، پێی خۆشە هونەرەکەی لە پێناو خۆشبەختیی ئینسان و سەرکەوتنی وڵاتەکەی دانێ، بەڵام چە کەردەن؟! لە نێو ئێمەدا هونەر بە کەم دادەنرێ و لە لایەن زۆر ڕێکخراوی فەرهەنگی و سیاسیی ئێمەشەوە، بە ئاوەژوو کەڵکی لێ وەردەگیرێت؛ لە کاتێکا لە هەر سەردەمێکدا کە سیاسەت کێشراوەتە نێو گۆڕەپانی دیپلۆماسییەت و جیهان گۆڕانی بەسەردا هاتووە، تەنیا هونەر بووە، ئەویش هونەری بە واتای وشە هونەر، کە نەبەزیوە و لە نێو زەریای مرۆڤایەتیدا شەپۆلی داوە.

ستوکهۆڵم ١٩٩٠/٥/٥



ناسری ڕەزازی ساڵی ١٩٥٥ی زایینی لە شاری «سنە»ی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێران لە دایک بووە. پاش وەرگرتنی دیپلۆم لە ڕشتەی ئەدەبدا، بووە بە مامۆستای خوێندنگەی سەرەتایی بەڵام لەبەر بەسەرداهاتنی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران و شۆڕشی کوردستان نەیتوانیوە درێژەی پێ‌بدا. ناسر وەکوو گۆرانیبێژێکی بەناوبانگی کورد، تا ئێستا نزیک بە «٢٥» کاسێتی گۆرانیی فۆلکلۆر و ئەویندارانەی لە وڵات تۆمار کردووە و بڵاو کراوەتەوە. لە شۆڕشی کوردستانیشدا وەکوو پێشمەرگەیەک خەباتی کردووە و کۆمەڵێک گۆرانیی شۆڕشگێرانە و سروودی سیاسیی بڵاو کردۆتەوە. ئێستاش ماوەی «٦» ساڵە لە گەڵ هاوسەری ژیانی و ٣ منداڵ لە سوێد دەژین. لەم ماوەیەشدا وێڕای بەشداری لە زۆر ئاهەنگ و جێژنی نەتەوایەتی و سیاسیی کوردی لە سکاندیناڤی و ئورووپا و ئامریکا و سوئێد، بە چەرمەسەری توانیویەتی دوو کاسێتی دیکەی گۆرانی تۆمار بکا و بڵاوی بکاتەوە. لەبەر ئەوەش کە شارەزای زمانی کوردییە، دوو کتێبی لە فارسییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی کە یەکێکیان بە ناوی (ژیانی بتهۆڤن) بڵاو بۆتەوە و ئەوی دیکەشیان (هونەری مرۆڤی سەردەمی زوو) لە دەستی چاپدایە. □

کۆنفرانسێک لە مۆسکۆ: کوردی یەکێتیی سۆڤیەت: مێژوو و ئێستا

لە ئەنجامی گۆڕانکارییەکانی یەکێتیی سۆڤیەت و وڵاتانی دیکەی ئورووپای ڕۆژهەڵاتدا و بەو هۆیەوە کە سیاسەتی گلاسنۆست و پێریسترۆیکا شێوەی سەرەکی و زاڵی سیاسەتی شووروییە ئامادەکردنی کۆنفرانسێک لەمەڕ کوردی سۆڤیەت، لەلای کورد خۆی و لەلای کوردناسان و سیاسەتمەدارانیش، بە پێویست دەزانرا. بە هاوکاریی کۆمەڵێ لە زانایانی کوردی سۆڤیەت لەگەڵ ئەنیستیتووتی مارکسیزم- لینینیزم، لە ڕۆژانی ٢٥-٢٦ی تەموز (جوڵای)ی ١٩٩٠دا، لە شاری مۆسکۆ، کۆنفرانسی (کوردی سۆڤیەت: مێژوو و ئێستا) ڕێک خرا. لە کۆنفرانسەکەدا نوێنەری کوردی زۆربەی ناوچەکوردنیشینەکانی کۆمارە جیاوازەکانی شووروی ئامادەبوون. هاروەها نوێنەری هەندێ لە پارتی و هێزە سیاسییەکانی کوردستانیش.

لە کۆنفرانسەکەدا چەند باس و لێکۆڵینەوە لەبارەی لایەنی جۆربەجۆری مێژوو، فەرهەنگ، کۆمەڵایەتی و سیاسیی کوردانی سۆڤیەتەوە پێشکەش کران. لەم باسانەدا بۆ یەکەم جار سیاسەتی ڕەش و دژێوی ستالین بەرانبەر گەلی کورد خرایە ڕوو. چەوساندنەوە و زۆرلێکردن، کۆچ پێکردنی زۆرەملێ، پێشێلکردنی مافەکانی سیاسی و فەرهەنگی و مرۆڤایەتی ئاشکرا کرا و بێدەنگیی شووروی لە ئاست گەلی کورد و مەسەلەی ڕەوای ڕزگاریخوازانەیدا هێندرایە گۆڕێ. لە کۆتاییدا ڕاسپێرینامەیەک خوێندرایەوە و نامەیەک نێردرا بۆ سەرۆک میخاییل گۆرباچۆڤ. □

دەیەم مۆمی ئەوین

بۆ ١٠/٤/١٩٨٠ پێشکەشە

دایکی ئامانج

ئاگر سووتێنەرە یان عیشق؟
مەرگ ئازاردەرە یان دووریی ئازیزان؟
تۆ و شیعر بۆ قەت لە ڕۆحم نابنەوە؟
بشێ بتوانم هەتا سەر بەرگەی ئەم سووتانە بگرم؟
بشێ لە کوورەی ئەوینی ئاگرینی تۆدا نەمرم؟
تۆ بڵێی لەم وەرزە ڕەشەی تەمەنی خۆم
لێم بگەڕێن تەنها بژێم؟
لێم بگەڕێن بە یادی تۆ پێڵووم لێک نێم؟

* * *

دڵم بێ تۆ ڕقی لە ترپەی خۆیەتی!

* * *

تۆ لە گریانما شین دەبی!
گەواڵەهەوری گریانم سەرهەڵگرتوویەکی شێتە
هەموو دنیا تەی دەکات و
ناگا بەتۆ!
دە خەم مەخۆ..
بەسەر شۆستەی برینمدا مەیە و مەچۆ!
دڵم بێ تۆ ڕقی لە ترپە و سووڕی خوێنی خۆیەتی
لە کەنارتام و نامبینی
لە کەنارمای و لێم ونی

* * *

وەرە لە چاومدا بنوو!
لە ئاسمانی دڵما بۆ خۆت بتریقێوە!
کێ وەکو تۆ لە زمانی عیشقم دەگا؟

لە دووری دوورەوە بانگم دەکەی
هەست بە سەوزیی دەنگت دەکەم
دەباریتە سەرم نم نم
بەقەد هەناسەم لێمەوە نزیکی، بەڵام ناتبینم
ئەی ئەو کەسەی هەرگیز لە من نابیتەوە، بە شیعرەوەی
شیعریش بەندە بە تاڵە دەزووی ڕۆحمەوە
هەرگیز لە من نابیتەوە

* * *

دەمزانی بەرەو لای تۆ چوون، ڕێی نەهاتە و
هەنگاوم نا!
دەمزانی هەر بەتۆ ناگەم
تۆ لە دووری دوورەوە سێبەرت دیارە و
منیش ماندووم... تەنیام ... و
دەمزانم ڕۆژێ لەم جەنگەڵی عەشقەی تۆدا
گورگ دەمخوا
دەمزانم پێستم چرچ ئەبێ و
نێوچەوانم بەقەد نەخشەی ئەم جیهانە
هێڵ و لۆچی دەگرێتە خۆ
چاوەڕێت دەم
چونکە تۆ.. بەتەنیا تۆ.. چارەنووسمی
ڕووگەی شیعر و پێنووسمی

* * *

بشێ بۆ تۆ بەرقەرار بم؟
یان کلاڤەی ڕەشی پارچەیەک ئازار بم؟
بشێ لە سۆزا تا تەوقی سەری قورسم
نوقم نەبم!

* * *

ئەی ئەو کەسەی تا مردن لێم نابیتەوە!
بشێ نەمرم گەر ئەمجارە ساڵێ لە مَن جیابیتەوە!

* * *

من هەناسەی دەریایەکی پان و بەرینی شیعرم و
هاژەم لە سینگی تۆدایە
دڵم لێواو لێوە لە ژان
دەنگت نایە!
بشێ ڕۆژێ لە غوربەتا
شێت نەم و بەرەو هەردە و چۆڵ مل نەنێم؟
بشێ ڕۆژێ لە سۆزی خۆما نەخنکێم؟

* * *

دێم گۆرانیم بۆ بچڕی
هەموو جەستەم دەبێتە گوێ
کە هەست ئەکەم کەوشەنی نێوانمان بەرزە و ناگەی بە من
بریا دەزانی چیم لێ دێ!

* * *

من گەردەلوولێ هێنامی...!
زامی کەژێ ئارامی لەبەر بڕیبوو
لە تاراوگەیەک کوتامی...!
لە دڵیا چەندەها نیزگز هەڵوەریبوو
ناڵەی من بوو
لە ئاسمانی بەرین دەنگی دەدایەوە
گریانی من بوو هەوری فێری بارین کرد
بێ جێگا بووم
تۆ بوویتە جێم!
ئەی بەنرخترین هاوڕێم
بێ ڕێگا بووم
تۆ بوویتە ڕێم ئەی خۆشەویستترین هاوڕێم.

١٩٩٠/٤/١٠

رانانی کتێبان

– مستەفا بارزانی لەنێوان ڕاستی و ئەفسانە
د. فازیل ئەلبەڕاک،
مەڵبەندی کاروباری ڕۆناکبیریی گشتی بەغدا ١٩٨٩
مصطفى البارزاني – الاسطورة والحقيقة
د. فاضل البراک. دار الشؤون الثقافية العامة – بغداد ١٩٨٩.

نووسەری ئەم کتێبە، فازیل ئەلبەڕاک، لێپرسراوێکی فرەبەرزی دایرەی ئاسایشی گشتییە لە ڕژێمی بەعسی عێراقدا، لەم کتێبەشدا بیروڕا و بۆچوونەکانی بەعسمان بۆ دووپات دەکاتەوە و بە موو لە ڕێڕەوی وان لانادات، هەر ڕووداوێکیش لەگەڵ وتەکانیان جووت نەبوو، ئەوا ڕووداوەکە درۆیە، ئەفسانەیە، بیانی و نەیارانی بەعس و عەرەب هەڵیان بەستووە، هەرچی بوختانەکانی خۆیشیانە، ئەوا ڕاستییەکە بێگەرد و خاوێن.

دۆزی کورد، بەڵای نووسەرەوە: «مەترسییەکە لەسەر ئاسایشی نەتەوەی عەرەب، لەبەرئەوە پێویستە شیرازەی کۆمەڵایەتی لە عێراقدا بێتە گۆڕین» کتێبی: حول الامن القومي– فاضل البراک. لەبەرئەوە هەوڵ دەدات بەهەر شێوەیەک بێت ڕووی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد ڕەش و دزێو بکات. وا لێرە بەدواوە هەوڵ دەدەین، بە کورتی، بۆچوون و هەڵوێستەکانی بەڕێزیان، کە لە کتێبەکەیدا باسی لێ کردوون، بخەینە پێش چاو:

بەشی یەکەم:

هەر لە سەرەتاوە، لە پێشەکییەکەیدا، نووسەر بوختانی ئەوە بە خۆی دەکات کە گوایە دەستپاکە و پێڕەوی ڕێگەی شیکردنەوەی بابەتانەی یەکەوڕاستیی کردووە. «بزووتنەوەی نیشتمان پەروەری کورد، بزووتنەوەیەکی ڕەوایە و بەشێکە لە بزووتنەوەی نیشتمانپەروەری عێراق»، «ڕۆڵەکانی کوردستانی عێراق، هەزاران ساڵە لەسەر ئەم خاکە خاوێنە دەژین، بەڵام پاش ئەوەی عێراق لەساڵی ١٩٢٠دا خرایە ژێر ماندانی بریتانیاوە، بریتانیا کەوتە هاندانی چەند سەرۆک خێڵێکی کورد دژی میریی عێراق، بۆ ئەوەی دوژمنایەتی لە نێوان عەرەب و کوردا بچێنێ»

– «شێخ ئەحمەدی بارزانی، سەرۆکی خێڵی بارزان بوو، لە کاروباری ئایین و ژیانی ڕۆژانەیاندا گەورەیان بوو. یاخیبوونێکی خێڵایەتیی بەڕێوە دەبرد، کەوتبووە کاری نارەوا و پەلاماردان، بریتانیاش یاریدەیانی دەدا».

– لە «الظاهرة البارزانية – دیاردەی بارزانی»دا، بەڕاک ئەوە دووپات دەکاتەوە کە گوایە: پارتی هیوا پێوەندیی هەبووە لەگەڵ بریتانیای داگیرکەردا و وێکڕا ڕێگەیان بۆ بارزانی خۆش کردووە لە سلێمانی دەرباز ببێت و کۆمەکیان پێ کردووە بۆ ئەوەی دروشمی (کوردستانی مەزن) بەرز بکاتەوە»

– وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا بە باڵوێزخانەکەی بەغدا ڕادەگەیەنێت کە پێویستە حکوومەتی عێراق هان بدات بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانە لەگەڵ بارزانیدا بجووڵێتەوە. بارزانی لەبەردەم داودەزگەی بریتانیادا، پیاوێکی ملکەچ بووە، ئەوەتا، پاش ڕاپەڕینەکەی ١٩٤٣، نامەیەکی بۆ ڕاوێژکاری وەزارەتی نێوخۆ –مێجەر سۆن– ناردووە و تێیدا نییەتپاکیی خۆی پێشان دەدات. پاشان لە وەرامنامەیەکدا بۆ باڵوێزی بریتانیا لە عێراق – کورنوالیس– لە ٢١ی کانووی یەکەمی ١٩٤٣دا، دۆستایەتیی خۆی بەرامبەر حکوومەتی بریتانیا دەردەبڕێ».

– بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان دژی ڕاپەڕینەکەی «شەهید شەواف» – ساڵی ١٩٥٩– وەستاون.

– پارتی کۆمۆنیستی عێراق ڕۆڵێکی خیانەتکارانەی دیوە.

– بارزانی لە ساڵی ١٩٦١دا، یاخیبوونێکی چەکدارانەی بەرپاکرد، داخوازیی بزووتنەوەکە جیابوونەوەخواز و کۆنەپەرستانەی سەر بە بەرژەوەندی دەوڵەتانی دەرەوە بوو، چونکە داوایان دەکرد نێوچە کوردییەکان ببێتە (اقلیم – هەرێم) و ئەمەش باکووری عێراق و یەکێتیی نیشتمانیی وڵاتەکەی دەخستە مەترسییەوە.

– پشتگیریی بزووتنەوەی کوردی لە لایەن ئەندامانی پەیمانی سەنتۆ: تورکیا و ئێرانەوە لە ساڵی ١٩٦٣دا، ئاشکرای دەکات کە ئەم بزووتنەوەیە دەستی لەگەڵ کۆلۆنیستەکان تێکەڵ کردووە.

– بارزانی لەو قسانەیدا کە بۆ ڕۆژنامەنووسی ئەمریکایی – دانا شمیدت–ی کردووە، پێشانی دەدا کە لایەنگیری ئەمریکایە.

– حکوومەتی شۆڕشگێڕی نوێ، پاش ١٧–٣٠ی تەمووزی ١٩٦٨، توانی چارەسەرێکی چاک و دادپەروەرانەی دۆزی کورد، لەسەر بناخەیەکی ئاشتیخوازانەی دیموکراسیانە بکات، ئەم حکوومەتە شۆڕشگێڕە، لە ساڵی ١٩٧٤دا دەستووری ئۆتۆنۆمیی باڵوکردەوە. یاخیبووەکان لە ساڵی ١٩٧٥دا شکان و بەرەو ئێران ڕەویان کرد.

– بەرزانی پێوەندیی بە ئیسرائیلەوە هەبووە، یارمەتیی لەوان وەرگرتووە و چەند جارێکیش بە نهێنی سەردانی ئەو وڵاتانەی کردووە. جگە لەوەش پێوەندیی لەگەڵ شای ئێران خۆش بووە و شا مەسرەفی شۆڕشی کوردی کێشاوە، کاتێکیش تەرازووی هێزی شۆڕش هەڵکشاوە، لەشکری ئێران فریایان کەوتووە.

– نووسەر پەنجە بۆ ڕاپۆرتی لیژنەی بایک ڕادەکێشێ، لەم ڕاپۆرتەدا دان بەوەدا نراوە کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

یارمەتیی بارزانییان داوە، بۆ ئەوەی هێزی عێراق بپووکێننەوە و ڕێی نەدەن چالاکانە پشتی خەباتی ڕەوای فەلەستینییەکان بگرێ، هەڵبەتە ئەو کارەش بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی ئەمریکا- ئێران- ئیسرائیل بووە.

ئەوجا پارتی دیموکراتیی کوردستان و پارتەکانی دیی ئەندامی بەرەی «جود» بەوە تاوانبار دەکات کە لە ساڵانی شەڕی ئێران- عێراقدا هاوکاریی ڕژێمی خومەینییان کردووە و ئەمەش بە ناپاکییەکی مەزن بەرامبەر نیشتمان دادەنێ. مەسعوود بارزانیش بەوە تاوانبار دەکات کە پێوەندیی گومانلێکراوی بە لایەنی بیانییەوە هەیە.

بەڕاک پاش ئەم گەشتە دوور و درێژە، دەڵێ گشت بۆچوون و هەڵوێستەکانی پارت و بزووتنەوە کوردییەکان- پاش شەڕی جیهانیی دووەم- لە ڕیزی بزووتنەوەی نیشتمانپەروەرانەی عێراقدا بووە، لە پێناوی ڕزگاریی عێراقدا و دژی ئیمپریالیستان بووە.

ئەمانەی سەرەوە کورتەی بیر و بۆچوونە گرنگەکانی دکتۆر فازیل ئەلبەڕاک بوو.

نووسەر کە «بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی»ی ڕژێمی بەعسی عێراقە، لە چاوپێکەوتنی بەعسەوە لە بزووتنەوەی کورد دەڕوانێ، بۆچوونەکانی ڕەنگدانەوەی هەڵسوکەت و ڕەوشتی ئەو پارتەیە کە دژی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی وەستا و سیاسەتی «خاکی سووتێنراو» و «سڕینەوەی کەسایەتیی نەتەوەی کوردی» وەگەڕ خستووە.

لەم بەرهەمەدا، بە هیچ شێوەیەک ڕێگەیەکی میتۆدۆلۆجی بەدی ناکرێ. بە پێچەوانەی لێکۆڵینەوەی زانستانە، کە دەبێ بابەتانە و بێلایەنانە بێت، کتێبەکەی بەڕاک لە ڕادەبەدەر لایەنگیری بەعسە. ئەگەرچی بۆ خۆی وای پیشان دەدات کە لە ڕێگەی بێلایەنی و زانست و شیکردنەوەی بابەتانە لای نەداوە، بەڵام ئەمە تەنێ بۆ ئەوەی خۆی هەڵخەڵەتێنێ یان بە شێوەیەکی دزێو خۆی قایل بکات، ئەوەتا لەژێر پەردەی وشەوازیدا دەکەوێتە لاق گرتن و پەلاماردان. قسەی ڕاست و ڕەوانی کردۆتە دژی هەڵبەستراو و ئەوەی ئەو ناوی لێ دەنێ قسەی زانستانە، پڕە لە دەمارگیری بۆ بیروڕایەکی سیاسیی دیاریکراو و ئاخنراو بەو بۆچوونە چاوتەی کە دەڵێ لەنێو ئەم هەموو خەڵکەدا تەنێ نەتەوەکەی وی مافی ژیانی هەیە، کە ئەمەش لە ژێر تارای ڕایەتیدا، ئەی بەعس خاوەن پەیام نییە!!

کاری زانستانە بەلای بەڕاکەوە هەر هێندەیە لە تووڵەڕێی بەعس لانەدات، ئەوەتا بۆخۆی دەڵێت: «ئەو بیروڕایە چاک ئەمدیو و ئەودیوکراوەی ئێمە گرتوومانەتە بەر، پێشانمان دەدات کە خاڵی سەرەکی لە دۆزی کوردیدا- و دیاریکردنی چوارچێوەیەکی گشتی و بنەمایەکی بابەتانەی گفتوگۆیەکەیە. لە ئەنجامیشدا گەیشتینە ئەو بڕوایەی کە ئەم چوارچێوە و بنەمایە، لە چوارچێوە و بنەمای نیشتمانپەروەری عێراق، زیاتر چی دیکە نییە».

وای پێدەچێ، نووسەر، خراپ لە کاری زانستانە گەیشتبێ، چونکە کاری زانستانە پێڕەوی کردنی لێکۆڵینەوەی زانستانەیە، جۆری بابەت جیاکردنەوە و ڕاگواستنی ڕاستەوخۆ و تیانی دەست پاکانەیە، چۆنێتیی هەڵبژاردن و بەکارهێنانی سەرچاوەکانە و لەمانەش گرنگتر بێلایەنییە، بەڕاکیش لەم خاڵانەوە دوورە.

ئەگەر قسەیەکیش لەمەڕ بنەمای «نیشتمانپەروەرانەی عێراق»ەوە بکەین، ئەوا هەر بەڕاک قەرزار دەردەچێ، چونکە نیشتمان پەروەری موڵک و ماڵی بەعس نییە. نیشتمانپەروەری دڵسۆزییە بەرامبەر بە نیشتمان، پاراستنێتی، خزمەتکردنی گەلە، گوزەرانێکی ئازادانەیە، پاراستنی سەروەریی نیشتمانە لە بیانی و دان نان بە مافی هاونیشتماندا. لە هەموو ئەم خاڵانەشدا، نووسەر و حیزبە دەسەڵاتدارەکەی دژی نیشتمانپەروەری بوون، چونکە دۆزی نەتەوەیی دۆزێکی نیشتمانپەروەرانە و دیموکراسییانە و مرۆڤانەیە، تەنێ لە ڕێی دیموکراسی و یەکسانی و دادپەروەرییەوە چارەسەر دەکرێ، نەک بە چەکی کیمیایی.

لەلایەکی دیکەوە نووسەر ئەچووە سەرچاوەی چەند لایەکی جیاوازی یار و نەیار کۆبکاتەوە، بەڵکە دۆژمنایەتیی خۆی بەرامبەر کەسی بارزانی و کەسانی دیکەی کوردیش وەک تاڵەبانی و سامی عەبدوڵڕەحمان و مەسعوود بارزانی دەردەبڕێ.

شێوەی داڕشتنەکەی لە هەندێ جێگادا مرۆڤ بێزار دەکات و لە هەندێ شوێنی دیکەدا، لەبەر دووبارەکردنەوە و قسەی دژ بەیەک و هەڵەی مێژوویی، لاوازە.

جێپێی تاکڕەوی لە نووسینەکەیدا دیارە، چونکە نووسەر هەوڵ نادات هێندەی خزمەتی ئامانجەکانی بەعس بکات، هێندەش خزمەتی زانست و نیشتمان بکات. دۆزی کورد دەشێوێنێ و هەوڵ دەدات بیکاتە بابەتێک بۆ گفتوگۆ، پاشان دەچێتە سەر باسێکی دی و بابەتی یەکەم پشتگوێ دەخات بەبێ ئەوەی باسی هۆکانی بکات یان شیکردنەوەی بەڵگەی زانستانە بێنێتە کایەوە.

نووسەر ڕاگواستنی ڕاستەوخۆ و تیان تێکەڵ دەکات، قسەی خۆی و کۆپلەی گواستراوە بە جۆرێ تێکەڵ دەکات، مرۆڤ سنووری دەستپاکی و دزیی لێ بزر دەبێ، بێ ئەوەی پشت بە هیچ سەرچاوەیەک ببەستێ، ڕاستی دەشێوێنێ، بۆ نموونە سەیری ئەو بەشەی بکە کە لە ڕۆڵی بارزانی دەدوێ لە کاتی کۆماری مەهابادا، نووسەر هەر هێندەی لەدەست هاتووە هەوڵ بدات نێو و خەباتی بارزانی وەک سەرکردەیەکی نەتەوەیی، کە بزووتنەوەی نیوسەدەی کوردی بەرەو ئازادی و دیموکراسی و دادپەروەری دەبرد، بشێوێنێ، کاری زانستانە ئەوەیە کە هەڵەکانی بارزانی و هەڤاڵانی وی، باس بکات، نەک هێندە کوێرانە پەلاماریان بدات کە خوێنەر بخاتە گومانی ئەوەی کە نووسەرەکە هیچ شتێک دەربارەی بزووتنەوەی کوردی نازانێت.

پشتی بە سەرچاوەی وەها بەستووە کە ناشێ بە سەرچاوەی زانستانە بدرێتە قەڵەم. بەشێ لەم سەرچاوانە بە «بەڵگەنامە»ی وەزارەتی ناوخۆ و پارێزگەی موسڵ نێو دەبات. ئەم «بەڵگەنامانە» بە دەستی دەسەڵاتدارانی پێشووی عێراق نووسراون و جیاوازییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ «بەڵگەنامەکان»ی حکومەتی بەعسی ئێستەدا نییە کە ئەمڕۆ دژی بزووتنەوەی کورد بەکاردێن. ئەمانە نە بەڵگەنامە و نە سەرچاوەیەکی زانستانەن.

ناشکرێ مرۆڤ پشت بە ڕاپۆرتی نهێنی و بیرخەرەوەکانی دایرەی ئەمن و مەلەفە نهێنییەکانی وەزارەتی ناوخۆ و پۆلیس و «موخابەرات» و گرتووخانەکان ببەستێت، چونکە ئەمانە سەرچاوەگەلێکن، لێکۆڵەرەوە بۆی نییە سەیریان بکات و ڕاست و درۆیان تێدا بژار بکات، لەبەرئەوەی هێندێکیان لە ڕاستیدا نییە و بەشێکیان زۆری خراوەتە سەر، تەنانەت ئەگەر وەهاش نەبێت، هیچ نرخێکی بابەتانەیان نییە چونکە لەلایەن کەسانێکەوە نووسراون کە لە ژێر لێدان و ئەشکەنجەدا بوون.

جۆرێکی دیی سەرچاوەکانی ئەم کتێبە «چاوپێکەوتنە» لەگەڵ کەسانێک کە بە قسەی نووسەر بەشدارییان لە شۆڕشی کوردا کردووە و وایان بە باش زانیوە ناویان نەنووسرێ، ئەدی چۆن پشت بەم قسانە ببەستین، نابێ بزانین ئەم قسانە ڕاستین یان هەر لە خەیاڵی نووسەردا هەن؟! ئایا جێی بڕوان؟! نیشتمانپەروەرن؟ جاشن؟ یان تا چ ڕادەیەک لە قسەکانیاندا بێلایەنن، بیروڕای سیاسیان چییە، ئەم «چاوپێکەوتنانە» لەکوێ کراون، لە گرتووخانەکانی «ئەمنی عامە» یان ئەبوغریب و سەربازگەی ڕەشید و قورنە و موسڵ یان لە قەسری نیهایە؟ ئەم قسانە چۆن لەو کەسانە دەرهێنراون، بە لێدان و ئەشکەنجە، بە هەڕەشە و تۆقاندن یان دەمیان چەور کراوە.. بۆ لێکۆڵەرەوەیەکی ڕاستگۆ، پرسیاری لەم بابەتە زۆرە.

نووسەر دەڵێ: کۆمەڵێک نامەی لە چەند سەرکردەیەکی کوردەوە پێگەیشتووە، ئەم «سەرکردانە»ش وایان بە چاک زانیوە ناویان نەنووسرێ! دەبێ ئەم کەسانە کێ بن؟ تۆ بڵێی ئەم نامانەی نووسەر باسیان دەکات ڕاست بن؟

بەڕاک پشت بە قسەی چەند کەسێکی دی دەبەستێ کە ناپاکییان بەرانبەر بزووتنەوەی کورد کردەوە، خۆیان خزاندۆتە باوەشی بەعسەوە و کەوتوونەتە زونگاوی دژ بە ئازادی و دیموکراسییەوە.

لە زۆر جێدا نووسەر، بەبێ ئەوەی پشت بە هیچ سەرچاوەیەک ببەستێ، کۆمەڵێ چیرۆک دەگێڕێتەوە، دەقی نامەی بێ بەڵگە بڵاودەکاتەوە. لە هەندێ خاڵدا پشت بە ڕۆژنامەکانی ئیسرائیل دەبەستێت، ئەمەش کارێکی ڕاست نییە چونکە مەرج نییە هەموو نووسینەکانی ئەو ڕۆژنامانە دەربارەی بارزانی ڕاست بن.

بەشێکی دیی سەرچاوەکانی کتێبەکە، ئەو بڵاوکراوانەن کە دژی بزووتنەوەی کورد دەڕچوون، یان بەرهەمەکانی دیکەی نووسەر خۆیەتی، یان ئەو وتار و نووسینانەن کە سەددام حسەین پاش ڕێکەوتنی ٦ی مارتی ١٩٧٥ بڵاوی کردوونەتەوە، نووسینی ئەو کەسانەن کە لە پارتی جیابوونەتەوە و پەنایان بردووەتە بەر ڕژێم، ڕۆژنامەکانی بەعس لە عێراقدا کە هەرچی پێی بڵێن ئازادیی بیروڕا و بڵاوکردنەوە تێیاندا بەدی ناکرێ. جگەلەوەش ژمارە و ڕۆژی دەرچوونی بەشێک لەو ڕۆژنامە و گۆڤارە خۆماڵی و بیانیانەشی فەرامۆش کردووە و تەنێ ناوی نووسیون، ئەمەش کارێکی، لە ڕووی زانستییەوە، ناڕێکە. ئەوجا دەست بۆ چەند سەرچاوەیەک ڕادەکێشێ کە ناوی نووسەریان پێوە نییە، یان تاکو ئێستا بڵاونەکراونەتەوە. نازانم ئەم جۆرە «سەرچاوانە» لەکوێ پەیدا دەکرێن؟ چۆن لە ڕاست و درۆی ناوەڕۆکیان دڵنیا بین؟

بەشی دووەم:

خوێنەر، لەو هەموو دووبارەبوونەوەیە بێزار دەبێ و لەو دژایەتییەی بەڕاک بەرامبەر نەتەوەی کورد دەریدەبڕێ تەواو وەرەس دەبێ. ئەوەتا خەرمانەیەکی مەزنایەتی لە دەوری بارزانی دەکێشێ، پاشان هەوڵ دەدات بیسڕێتەوە و بەبێ ئەوەی بە خۆی بزانێ دروستی دەکاتەوە. قسەکانی یەکتر ناگرنەوە، لەلایەکەوە بە شان و باڵی نیشتمانپەروەریی بزووتنەوەی کوردا هەڵدەدات و لەلایەکی دیکەوە بە توندی تێی دەسڕەوێنێ. ئەوجا بە شێوەیەک مێژوو دەشێوێنێت، ناچارت دەکات بۆی ڕاست بکەیتەوە و چاوی لێ نەپۆشی.

ڕاپەڕینەکانی کورد، هەر لە سەرەتای بیستەکانەوە بە سەرکردایەتیی شێخ مەحموودی حەفید، ڕاپەڕینەکانی شێخ ئەحمەدی بارزانی لە سییەکاندا، مستەفا بارزانیی نەمر لە چلەکاندا دژی بەریتانیای داگیرکەر و بووکەشووشەکەی وی - حکومەتی عێراق بوو. ئەم ڕاپەڕینانە بە هێزی ئاسمانیی بریتانیا و هێرشە دڕندانەکانی لەشکری عێراق و بریتانیا سەرکوت کران.

عێراق وەک دەوڵەتێک (باشوور و فوراتی نێوەڕاست) لە ساڵی ١٩٢٠دا هاتە کایەوە، پاشان بە زۆری کۆڵۆنیالیستە بریتانیەکان لە ساڵی ١٩٢٥دا کوردستانی خوارووە - ویلایەتی موسڵ-یان بەو دەوڵەتەوە لکاند.

نەتەوەی کورد دژی ئەم پێوەلکانە بوون، لە سلێمانی و کەرکووکدا دژی ئەوە وەستان مەلیک فەیسەڵ بکرێتە پاشای عێراق، داوایان دەکرد حکومەتێکی کوردی لە کوردستاندا دابمەزرێ. بریتانیەکان خۆیان لە بەشێکی گفتوگۆکان هەڵدەقورتان بۆ ئەوەی بزووتنەوەی کوردی بەهێز چەند بەیان و پەیماننامەیەکی درۆزنانەوە خەریک بکەن، بۆ نموونە بڕوانە بەیاننامەی مەنداتی بریتانی - ٩ی کانوونی یەکەمی ١٩٢٠، بەیاننامەی ٢٢ی کانوونی یەکەمی ١٩٢٢ و بەیاننامەی ١٩٣٦.

بەم جۆرە وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا بۆ ئەوەی ڕێگا لە بەهێزبوونی ڕاپەڕینەکانی نەتەوەی کورد بگرێ، جاری وا هەبوو هەوڵی داوە بە شێوەیەکی نەرم لەگەڵ سەرکردە کوردەکاندا بجووڵێتەوە، زۆر جاریش پەلاماری داون. لە هەردوو بارەکەشدا دژی ئاواتی کورد و عەرەب بوون. لە پێناوی چەسپاندنی دەسەڵاتی نۆکەرەکانیاندا بووە.

چاکترین بەڵگەش بۆ ئەوەی بریتانیا هیچ کاتێک نەیویستووە دۆزی کورد بوروژێنێ، ئەم نامەیەی خوارەوەیە کە باڵوێزی بریتانیا لە بەغدا لە ڕۆژی ١٣ی کانونی یەکەمی ١٩٤٣دا ناردوویەتی بۆ وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا، نامەکە بە ڕوونی پیشانی دەدات کە باڵوێزی بریتانیا هەوڵی داوە ئەو گومانەی نووری سەعید لای ئەدمۆنز باسی کردووە، بڕەوێنێتەوە، نامەکە ژمارەی f. o.-371-35013-f7823 ی پێویە و بەڕاکیش پەنجەی بۆ ڕاکێشاوە:

«بە شێوەیەکی جددی پێم گوت (واتە باڵوێزی بریتانی بە نووری سەعیدی گوتووە) کە بیرکردنەوە لەو جۆرە گومانە ناڕاستانە، کارێکی ڕاست نییە، بیرم خستەوە کە وا بۆ بیست ساڵ دەچێ فەرمانبەرانی بریتانیا دەخەبتن بۆ ئەوەی هاریکاری حکومەتی عێراق بکەن لە پێناوی چەسپاندنی دەسەڵاتی حکومەتدا بەسەر ناوچە کوردییەکاندا. کاتێکیش ئامۆژگاری ئەوەم کردووە کە لەچەند خاڵێکدا داوای کوردەکان جێبەجێ بکرێ، هەر بەو نیازە بووە کە لە نێوچەکانی خۆیاندا ، لە ناو عێراقدا، نیشتەجێ بکرێنەوە».

بەڕاک! ئەم ڕاستییە چۆن بەتۆ خامۆش دەکرێ؟

بەڕاک پەلاماری پارتی «هیوا» دەدات بۆ ئەوەی ڕۆڵی وی لە

بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەی کوردیدا بشیوێنێ، پێم وایە ئەم پەلاماردانە بەڵگەیەکە بۆ نیشتمانپەروەریی «هیوا».

لە سییەکاندا، پارتی هیوا دامەزرا و هێندەی نەبرد باڵی بەسەر زۆربەی باژێرەکانی کوردستاندا کێشا. لە کۆنگرەی ساڵی ١٩٤٤دا لە کەلار- ئەو دەمە دێ بوو و ئێستا قەزایەکە لە پارێزگاری سلێمانی- دژی داگیرکردنی بریتانیا وەستا. بە یارمەتیی هیوا لە ساڵ ١٩٤٣دا بارزانی لە سلێمانییەوە دەرچوو بەرەو چیا بۆ درێژەپێدانی خەبات دژی داگیرکەران. هەر بە دەستی حکوومەتی عێراق و ئاغاکانیان نەبوو چوار ئەفسەری کورد لەسەر کوردایەتی گوللەباران کران؟ خێروڵڵا عەبدولکەریم، عیززەت عەبدولعەزیز، مستەفا خۆشناو و محەمەد قودسی، ئەندامی پارتی هیوا بوون، خەباتێکی بێوچانیان دژی داگیرکەران کرد، پاش رووخانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، گەڕانەوە بۆ عێراق. لە رۆژی ١٩٤٧/٦/١٩دا لە شاری بەغدا شەهید کران، ئەمەش راستییەکی دێ!

لە زۆر جێگەی کتێبەکەدا تووشی کۆمەڵێک قسەی دژ بەیەک دەبین، بۆ نموونە:

– لێپرسراوانی بریتانی، پاش دڵنیابوون لە نێزیک بوونەوەی جەنگی جیهانیی دووەم، داواکارییەکانی بارزانییان پشتگوێ خست.

– بریتانییەکان داوایان لە بارزانی کرد دەست بخاتە نێو کاروباری کۆماری مەهابادەوە و یارمەتیشیان دا.

– ئەو دەمەی بارزانی لە مەهاباد بوو، سۆڤێت سوودی لێ وەرگرت.

– بارزانی، لەرێی سەرۆک خێڵەکانەوە، هەوڵی دا دەسەڵاتی قازی محەمەد بپووکێنێتەوە.

– بارزانی، لە مەسەلەی گەڕانەوەی بۆ عێراق، ورد بووەوە، بەڵام پەنای بۆ سۆڤێت برد. ئەو پەنابردنەش بە رەزامەندیی شای ئێران و باڵوێزی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بریتانیا بوو، سۆڤێتیش ئەمەی دەزانی.

– بارزانی دژی «چاککردنی بارودۆخی کشتوکاڵ» بوو.

– بارزانی پشتی رژێمی قاسمی گرت و هاریکاریی کۆمۆنیستەکانی کرد.

– بارزانی هاوکاریی ئاغا و دەرەبەگەکانی کرد.

ئافەرین نووسەر، ئەم هەموو بۆچوونە سەیر و سەمەرەیەت چۆن هەڵبەست؟!

لەبری ئەو هەموو خاڵانەی سەرەوە، دەڵێین:

شۆڕشی کورد، بەسەرکردایەتیی بارزانی، نەک هەر دژی حکوومەتە دیکتاتۆرەکانی عێراق وەستا، بەڵکو رووبەرووی دەستدرێژیەکانی «سەنتۆش وەستا، کە بۆ پشتگیریی رژێمی بەعس، لە ساڵی ١٩٦٣دا، بەگژ کورددا هەڵشاخان، ئەوەتا بروسکەی «بەڕێوەبەرایەتیی بزووتنەوە سەربازییەکان،-مدیریە الحرکات العسکریة- ژمارە ٣٤٧٨/س لە ١٩٦٣/٧/٢دا بۆ لەشکری یەک و لەشکری دوو: «لەگەڵ دەسەڵاتدارانی تورکیا و ئێراندا ریکەوتوون کە فرۆکەکانیان سنوور ببڕێ و بگەنە هێڵی سەرسەنگ- ئاکرێ- رەواندز، بۆ ئەوەی جێی کۆبوونەوەی یاخیبووەکان لە خاکی عێراقدا- بدۆزنەوە و یارمەتیی ئێوە بدەن بۆ لێدانیان. تکامان وایە لەشکری «نێوچەی شەر ئاگادار بکەن کە نابێ ریگە لەو فرۆکە تورکی و ئێرانیانە بگرن.....»

ئەم بروسکەیە لە ئاب- ئۆگوستی ١٩٦٣دا لە رۆژنامەی «ئەهرام»ی میسریدا بڵاوکراوەتەوە. بارزانی و شۆڕشی کورد یان حکوومەتەکەی ئێوە پشتی بە هێزی دەرەوە بەست؟ با ئەم راستییەش لە ریزی ئەوانەی دیکە بێ.

بۆ وەرامدانەوەی ئەو بوختانەی، زۆر زوو نووسەر بۆ بارزانی و شۆڕشی کوردی دەکات، کە گوایە بە فەرمانی ئیسرائیل بەڕێوە چووە، دەڵێم بارزانی حوزەیرانی ١٩٦٧ بروسکەی بۆعەبدولڕەحمان عارف لێدا و بۆی روون کردەوە کە کورد پشتی فەلەستینیەکان دەگرێ و داوای کرد لەشکری عێراق لە کوردستان بکشێتەوە و بەرەو ئیسرائیل کۆچ بکات و پەیمانی دانێ کە هەتا لەشکری عێراق لە شەڕدا بێ دژی ئیسرائیل، پێشمەرگەی کورد گوللەیەکیان پێوە نەنێ. بروسکەیەکی دیش، بۆ (جەمال عەبدولناسر) لە ساڵی ١٩٧٣دا، بروسکەیەکی دیی دا بە ئەحمەد حەسەن بەکر و شەڕی نێوچەی خانەقین و ئەلقوشی راگرت. پاشان لە ساڵی ١٩٨٢دا مەسعوود بارزانی بروسکەی بۆ یاسر عەرەفات لێدا و پێی گوت کە ئامادەیە هەموو هێزی پێشمەرگەی کورد بخاتە ژێر دەستی بۆ ئەوەی بەرەو رووی دەستدرێژیی ئیسرائیل بوەستێت.

ئەرێ ئەم هەموو بروسکەیە گڕ بەرناداتە بوختانەکانی بەڕراک؟

خالید خالید □

* * *

شیوەنێکی نابەدڵ

شیوەنی ئینسانی:

بۆ شەهیدانی هەڵەبجە،

کۆکردنەوەی: تەنیا، ٢٩٣ لاپەڕە.

دەبێ ئەنتۆلۆگییەکی ٢٩٣ لاپەڕەیی، کە لە دووەمین ساڵڕۆژی کارەساتی هەڵەبجەدا بڵاوبکرێتەوە چۆن بێ و جێگەی چ جۆرە بەرهەمێکی تێدا کرابێتەوە؟! وەڵامی ئەم پرسیارە ئەنجامێکی دڵخۆشکەر نادات بە کاک تەنیا و هاوکارەکانی، خەڵات و میدالی ئافەرینانە ناکات بە بەرۆکیاندا. چاکتریش دەبوو ئەگەر پیاو دڵی هاتبایە و بێ لەروو دامان پێی بگوتنایە: براینە، دەزانین ویستوتانە کارێکی باش ئەنجام بدەن، بەڵام سەد بریا نەتانکردایە، یان کە کردیشتان ئاوها نەبوایە!!

«شیوەنی ئینسانی» لە پێشەکییەکی کورت و ٥٠ – ٦٠ شیعر و فەرهەنگۆکێک پێک هاتووە. وا پێ دەچێ کاک تەنیای کۆکەرەوەی ئەنتۆلۆگییەکە، بە خەیاڵی خۆی، لەناو ئەو شیعرانەدا کە بۆ هەڵەبجە گوتراون، چاک و سەرکەوتووەکانی هەڵبژاردوون: (رەنگە ئەگەر سەرجەمی ئەو شیعر و هەڵبەستانەی کە بە دەستمان گەیشتبوون لەچاپ درابان، بارستای کتێبەکە سێ هێندیش ببوایە. ل/٥). هەر ئەم قسەیە بۆخۆی خوێنەر وا لێدەکات زیاتر بێ هومێد بێت و رەخنەی توندتر لە کاک تەنیا بگرێ. ئەگەر ئەم بەشە چاکەکان بێ، دەبێ دوو بەشی باڵوەنەکراوە چۆن بووبن؟!

دوای خوێندنەوەی سەرتاسەری کتێبەکە تاس بردمیەوە و مات بووم: تۆ بڵێی قەریحەی شاعیرانی کورد وشکی کردبێ؟! یان کارەساتەکە هێندە گەورەبوو کە هەمووانی کاس کرد؟! لە سەرجەم ٥٩ شیعری ناو کتێبەکە، دەتوانم بە راشکاوی بڵێم، تەنیا دوویان شیعرن و شایانی ئەوەن باڵوببنەوە و بکرێنە یادنامەی سەر گۆڵکۆی شەهیدەکانی هەڵەبجە: (گوڵی ئاخ)ی مەلا عومەری ساڵحی ساحێب و (هەڵەبجە)ی شەریف. جگە لەو دوانەش چەند کۆپلە و برگە و دێڕێ لە شیعرەکانی جەوهەر کرمانج (شیعری دووەمی)، ح. بەفرین، مووسا گەرمیانی، شیوەن و مامۆستا مشەختی (شیعری دووەمی) جوانن. دوو شیعر و پەخشانێکی شێرکۆ لە سەرەتای کتێبەکەدا دانراون کە لە بەرهەمە هەرە نزم و بێتام و سەرنەکەوتووەکانن. بەرهەمی لەو بابەتە بەشی هەرەزۆری کتێبەکەی داگیر کردووە. هەندێکیان، لە بەختی رەشی هەڵەبجەدا، مرۆڤ دێنێتە پێکەنین: کاسێتەکەی شێرکۆ بێکەس: ل٥، شێرە کوڕەکانی نەجیبە ئەحمەد: ل ٨٥، هێرش و هەڵمەتەکەی توانا: ل ١٦٨ و وانەکەی ئەحمەد دەشتی:ل ١٧٣.

دەگەڕێمەوە سەر پرسیارەکەی سەرەتای ئەم نووسینە و بیر لەوە دەکەمەوە، ئەنتۆلۆگییەک بۆ دووەمین ساڵڕۆژی هەڵەبجە ئامادە بکرێ، دەبێ چۆن بێ؟! ئەگەر کەسێکی لێزان و خاوەن چێژ و سەلیقەی هونەری ئەنتۆلۆژییەک بۆ ساڵڕۆژەکانی داهاتوو، سێهەم و چوارەمی هەڵەبجە ئامادە بکات و بیەوێ کارەکەی سەرکەوتوو بێت، چاک وایە بەم شێوەیە بێت: نێزیکەی ١٠ شیعری چاک، ٥ کورتە چیرۆک، هەندێ پارچە پەخشان، وەرگێڕانی ٣–٤ لەو شیعرانەی کەسانی بێگانە بۆ هەڵەبجەیان نووسیوە، وەرگێڕانی ٦–٧ لە چاکترینی ئەو وتارانەی لە چاپەمەنییەکانی جیهاندا باڵوکراونەوە، ١٠–١٥ تابلۆی هەڵبژاردەی هونەرمەندانی کورد، ٢٠–٢٥ وێنەی کاریگەری کارەساتەکە، هەڵبژاردەیەکی هەڵوێست و بەیاننامە و بیروڕای دەوڵەت و سیاسەتمەدارانی جیهان، کرۆنۆلۆژییەکی کارەساتەکە، نەخشەیەکی کوردستان و نەخشەیەکی شاری هەڵەبجە. کارێکی ئاوا، ئەگەر بکرێ، دەبێتە یادگارێکی وا، شایانی ئەوەی پێشکەش بە گیانی شەهیدەکانی هیرۆشیمای کوردستان بکرێ.

شیوەنی ئینسانی، نە جێگە و نە ساڵی چاپی دیاری نەکراوە، تەنیا بە خوێندنەوەی پێشەکییەکە مرۆڤ تێ دەگا کە (لەوەیە) ئینتشاراتی سەلاحەددینی ئەیوبی و (لەوەیە) لە سەرەتای ئەمساڵدا باڵوی کردبێتەوە.

من دڵنیام کە کاک تەنیا لە رووی دڵسۆزییەوە ویستوویەتی رێز لە یادی هەڵەبجە بگرێ، بەڵام خۆزگە هەم پرس و راوێژی لەگەڵ زۆرکەسی دیکە و هەمیش چاکتر خۆی بۆ ئامادە کردبایە.

زاگرۆس □

* * *

شەڤستران

"ئیدریس چەلکی:

شەڤستراندا زێی،

بەلاڤۆکێد چاپخانا گەل، ١٩٨٩، ٧٢ لاپەڕە.

خاوەنی شەوستراني (شەوئاوازی) زێ، لەسەرەتای هەشتاکانەوە دەستی کردووەتە شیعر نووسین، یەکێکە لە شاعیرە لاوەکانی بادینان. ئەگەر ئەم شیعرانە بەرهەمی هەموو ئەم دە ساڵەی رابردووی بێ، وا پێدەچێ کەمنووس بێ.

هێڵی دیار و سەرەکی لەم شیعرانەدا هەستی نیشتمانپەروەری و هەندێ جار سیاسی و تەنانەت حیزبایەتیشە: (چەند نقێژەک دپەرسگەها وەلاتیدا- بەشی دووەم- و سێزدە سواریێد بەهدینان). دیارە چەلکی رەمز و کەسەکان لە چوارچێوەی کوردایەتی و نیشتمانپەروەریدا دەبینێ. وەک زۆربەی شیعری سیاسیی ئەمڕۆ، لێرەش دەربڕینی شۆڕشگێڕانەی دروشمئاسا، وشەی هەڵبژاردە و هەڵسەنگێنراو، بەڵام کاڵڕەنگ، رووبەرێکی زۆری داپۆشیوە. دیسانیسش لێرە و لەوێ وێنەی جوان خۆی دەسەپێنێ:

دەم ئێڤار بی...

رۆژێ کەزی‌یێد خۆ ڤەدهینان.

یان:

هەیڤ و رۆژ و یازدە ستێرا...

بۆ چیایێ سپی... بۆ بەرێ سپی، ژ بۆ «لالەش» سوجدە دبرن!

کاک ئیدریس ناونیشانی (سەردێر= تیتل) یەکجار جوان هەڵدەبژێرێ: شەڤستران، پەیڤ دیوارا دسمن، شەڤستان. ناسکترین شیعری ئەم کۆمەڵەیە، بەلای منەوە، (هۆسا تە دبینم)مکەیەتی...

جار تە دبینم...

تویا بلندی ل هنداڤا کۆمێد هەورا

ل بەر ئاسمانا،

هەورێن وەکی کەڤی یێد بەفرێ ل زۆزانا!

بێجگە لە شیعر نووسین، کاک ئیدریسێ چەلکی وتار و لێکۆڵینەوەش دەنووسێ و بەرهەمی ئەدەبی لە فارسییەوە دەکاتە کوردی.

هەوراز گەرمیانی □

* * *

ئەم وتارەی کاک پێکۆڵ موکریانی، دەبێتە دوابەشی ئەو گفتوگۆ و هاوپرسەکێیەی لە نێوان کاک ئەمیری حەسەنپوور و چەند کەسی دیکەدا، لە چەند ژمارەی ئەم گۆڤارەدا، کرا. ئێمە پێمان وایە باسەکە، هێندەی هەڵدەگرێ، بە فراوانی و ئازادانە لێی کۆڵرایەوە و ئیدی بە پێویستی نابینین درێژەی پێ بدرێ.

«مامۆستای کورد»

کاک ئەمیر چۆن لە دۆزی کورد دەگا؟

پێکۆڵ موکریانی

برای هێژام کاک سەید ئەمیری حەسەنپوور، لە وەڵامی وتارەکەی من و کاک سەیواندا، هێندێ بیروباوەڕی سەیر و سەمەرەی دەربڕیوە و لەزۆر جێگادا قسەی لە لایەن منەوە وتووە کە هەرگیز من لە وتارە گۆڕیندا شتی وەهام نەگوتووە. کە لەبەرەوە زۆر بە کورتی و کوردی بۆ چەند خاڵێکی سەرەکی لە وتارەکەی ئاپۆ ئەمیر دیاردە دەکەم و بەرسیڤی دەدەمەوە. با لە سەرەتادا ئەوەش بێژم، ئەگەر گۆڤاری دەلال و هێژای مامۆستای کورد لەلایەن کەسگەلێکی وەک خاڵق ئەمیری دەخۆن چاپ و هاتبا ئەفراندن، هەرگیز ئێزنی نەدەدا وشە و رستەیەک دژی بیروباوەڕی وان هاتبایە وەشاندن و بلاڤکرن. بەڵێ ماڵە برایانی مامۆستای کورد ئاوا، کە سۆیی بێ لایەنی گرتووە و منی رەبەن و کاک ئەمیری چەلەنگ هەردوو دەکارین قسە و گوتەی خۆی تێدا بوەشێنین و گازندە و بناشتی خۆمانی تێدا دەربڕین، ئەم لایە بێلایەنییە، هەر تەنیا من و کاک ئەمیر ناگرێتەوە، بەڵکوو مامۆستای کورد نەوە بۆتە شێخەڵێ بۆ دەربڕینی هەر چەشنە بیروباوەڕێک و رەنگە گۆوار و چاپەمەنی وا هەتا ئێستا نە لەقەوارەی کوردستان و نە لە دەرەوەی وڵات نەهاتبێتە چاپکردن. چونکە لە بیروباوەڕی کاکۆ ئەمیر وەها دەردەکەوێ کە دیموکراسی و دێموکراتی و ئازادی ئەوەیە کە ئەوان دەری دەبڕن و هەرکەس بە دژی وان بدوێ رەنگە کۆنەپەرست، دەرەبەگ و هوردە بۆرژوا بێ!

کاک ئەمیر دەبێژن و دەڵێژن و لە وەڵامی وتارەکەی من و کاک سەیواندا، مەلووچەک ئاسایی شاخە و شاخ ئەکا و حەوشەی لەبۆ هەڵپەڕکێ لێ کەچ دەبێ و دەفەرموون:

(لە دەرەوەی وڵات بوونم، ساوابوونم لە سیاسەتدا، خۆگێلکردن و شتی وا...) و (بە بێ حورمەتکردنی من، قسەکانم بێ حورمەت و بێ نرخ بکەن، ئەوە شێوەیەکی کۆن و ناسراوی هەڵخەڵەتاندنی خەڵکە...)

گەلێ، ئەز بەش بە حاڵی خۆم، لە وتارەکەمدا هەرگیز ئەم وشەگەل و رستەیلەم بەکار نەبردووە و نەشم ویستبوو قسەکانی (بێ حورمەت و بێ نرخ) بدەمە قەڵەم، بەڵێ هێشتا کە ئەو خۆی ئەوان قسە و باسانەی هێناوەتە گۆڕێ خۆ ئەز (بایەی ئاشی نژی نیم گەرمتر لە قازان) ولەم بوارەدا دوو قسان ئەواچم:

ئەزبەنی کێ ویستوویەتی قسەکانت (بێ حورمەت و بێ نرخ) بکا؟ قسەی بەنرخ و هێژای پیاوان نرخی لەلای پیاوانە و بەری رۆج بە هەوری رەش ناپۆشرێ، گەر قسە و وتەت بە نرخ بن حورمەتی لای پیاوانە و کۆمەڵانی هەراوی خەڵکیش هێندە سادە و ساویلکە نین و بەقسەی من و تۆ وەمەلە کەون و وای بۆ بچن کە (شێوەیێکی کۆن و ناسراوی خەڵک هەڵخەڵەتاندن بێ). ئەم فەرموودەی تۆ هەر لە بنەڕەتدا هەڵەیە و وانییە و کۆمەڵانی خەڵکی کورد لەوەی وریاتر و وشیارترن کە بە قسە و گوتەی من و تۆ وە چەپڵەسەماکەون، ئەوە ئەتۆی کاکی برا کە هەرگیز کۆمەڵگای کوردەواریت باش ناس نەکردووە و خەڵک بە ساویلکە دەژمێری و پێت وایە خەڵک بە قسەی من و تۆ هەڵدەخەڵەتێن و ئەڵوەند بە فوو دەڕمێنن و کورد وتەنی چیای سەقزلو بە هو نارمێ، ئەمە بیروباوەڕی تەسکی دوور لە خەڵک و وڵاتی تۆیە و ئەگەر لە وڵات بای، یان ئەوکات کە لە وڵات بووی، جارێکی لە مەیدانی ئاردی و ئاسنگەران و حەمە خرچەی مەهاباد، گوێدێری قسەی کرێکار و رەنجبەر و رەش و رووتان بایەی دەتزانی کۆمەڵانی خەڵکی کورد چەند بە ئازموون و ژیر و وریان و لە راستیدا سادە و ساویلکە من و تۆین کە وا لە خەڵک دەگەین و کۆمەڵ و کۆمەڵگاکەمان باش ناناسین و بەم باوەڕەین کە بازین لە جێی کوڕکوڕان وازین.

ئەوجا دەنووسن (ئەو قسانەی من نووسیبووم تەنیا بیروڕای من نین و دەردی دڵی زۆر هاوڵاتی نیشتمانپەروەرانن...)

گەلینە، باش ئەم فاکتەی کاک ئەمیر دیسان بخوێنەوە، کاک ئەمیرێ هێشتا نزیکەی ١٠ - ١٥ ساڵە لە وڵات دوورە و

ئاگای لە هەمزەی بێ زەواد نییە، بەڵام لەلایەن هاووڵاتی و نیشتمانپەروەرانەوە قسان دەکا! رەنگە چەند کەسێکی تری نزیکە وڵاتی وەک خۆی لە کابارە و گازینۆکانی ئامریکا ببینێ و خۆی و ئەوانی بە (زۆر هاوڵاتی نیشتمان پەروەر) دابێتە قەڵەم، لە کاتێکا ئاگای لە ژیانی خەڵکی وڵاتی بە راستی نییە و نازانێ لە مەیدانی باراندۆزچای ورمێ، ئاسنگەرانی مەهاباد، دۆورمەیانی سنە و مەیان گاراجی کرماشان چ خەبەرە و کێ لە چی دەدوێ و دەردی هاوڵاتی چییە؟ یان نەکا سەهو بکەم و ئەوان، کەسگەلی رەش و رووت، کرێکاری برسی، کۆپین فرۆتی، مامرکۆ، پاتۆڵ فش دەمرقۆپان لەپێی کرمانج و گۆران، لەک و سۆران هاوڵاتی نیشتمان پەروەر نەبن و هاوڵاتی نیشتمان پەروەر، هەر هەمان هوردە بۆرژوای تێر و تەسەلی ئێرە و ئەوێ بێ؟ پاشان کاک ئەمیر ئێژن: (...ئەوان ئەوەندەی لە من تووڕەن، سەد ئەوەندە داخ لە دڵی گۆرانن...) هەیاران، هەی برایە، بەڕێزینە، تکایە جارێکی دی وتارەکەی منی رەبەن بخوێنەوە، بزانن ئەز چ دڵ پڕییەکم لە گۆران نیشان داوە؟

من نە تەنیا داخ لە دڵی گۆران نیم، بەڵکو بە پیر و پێغەمبەر، بە چل مەردەی شێخان، بە ئەوەد و نۆ پیری هەورامان، بە ئەشکەوتی شەست هەزار ژن و زارۆ تێدا شەهیدکراوی دیاربەکر و هەڵەبجەی زامار سوێند، نەتەنیا تۆشم خۆش دەوێ و داخ لە دڵت نیم، بەڵکو گۆرانیشم لەلا عەزیزی بەڕێزانە. جا نازانم تۆ چۆن لە وتارەکەی من و باسەکەم لەسەر گۆران، وەها بەرداشتێکت کردووە؟ ئەوە بوختانێکی بێ گرێ و گۆڵە و بەس.

خاڵق گیان، تۆ ویستبووت گۆران لە ریزی شاعیرانی نیشتمانپەروەری کورد هەڵاوێری و بیکەیە چەوەنەرێکی سووری کوڵای برژاوی یەک لا، منیش وتبووم وانییە و گۆران شاعیرێکی نیشتمانپەروەری کوردە و رۆژێ لە رۆژان بە هێڤی وەی کە فلان ئوردوگا یارمەتی و هاریکاری کورد بکا سەلاواتی لە دیداری لێ داوە، رۆژێکیش بە هێوی وەی بریتانیا هەژگەلێ باوێتە سەر کوانووی کورد، لە ئێزگەی کوردیی یافا دەیگوڕاند (ئێرە دەنگی کوردستان)ە، بۆ ئەوەی دەنگی کورد لە عالەم سەرکەوێ، هیچ پێی شوورەیی نەبوو باللۆرەی بۆ گورگەپیرەش لێ دەدا. جا کاک ئەمیر بە پیاڵە و مینای بێگەرد، بە لێوی سووری ماتیکاوی دوێتەیل و ژنگەلی وێت سوێند دەدەم ئەم قسەنە کوێی داخ لە دڵیی گۆران نیشان دەدەن لەلایەن منەوە!؟ با لێرەدا قسەیەکیش بە نهێنی بکەین و کەس پێ نەزانێ و نەبێتە هەوری لاری بان گوزەرێ. کاکەلە، ئەتۆ پێت وایە گۆران کوردێکی کمونستی عێراقی بووە، خۆ ئێوە لە بەشێ لە وتارەکەتاندا ، لە وەڵامی کاک دکتۆر رەحیمی قازی کارێکتان بە حیزبی کمونستی عێراق کردووە، مەگەر با لەگەڵ دەواری شڕ و سەرما لەگەڵ هەتیوی بکا. ئەی چۆنە گۆرانێکی کە پێتان وایە سەر بەم رێکخراوە بووە و وا لە لاتان عەزیز و بایەخی سەمەرقەند و بوخارایە! بۆ وا لە رێکخراوەکەی دەکەی؟

یەکی دی لە رستە لۆکەکانی کاک ئەمیرخان (... کاک پێکۆڵ دەڵێ هاوکاری قیادە لەگەڵ دەوڵەتی تارانێ بۆ سەرکوتکردنی گەلی کورد (لە ئێران) لەبەرئەوەیە کە کوردی ئێرانێ داوای وەیان کرد، کە دەوڵەت کوردە پەنابەرەکانی عێراقی لە ئێران وەدەربنێ)، کارم بەسەر وەیەوە نییە، کە ئەم رستەیە لە روانگەی رێزمانی کوردییەوە چەند پڕ هەڵە و پەڵەیە (پێم وایە دەبێ بڵێم ماڵە کاک فەرهادی ئاوا، کە رەنگە زۆر هەڵەی بۆ رەختاندبێ)، بەڵام بە سەد و بیست و چوار هەزار پێغەمبەر، بە شێخ هادی یەزیدی و سوڵتان ئیسهاکی کاکەیی، بە جەمخانەی یارسان و یاعەلی گۆریان، بە شێخ شەمسەدینی زازاکی سوێند بێ، وتارەکەی من شتی وای تێدا نەبووە و نییە (خوێنەرانی هێژا، ئەگەر ژمارە ٦ی مامۆستای کوردتان لەلا هەیە سەرنجێ بدەنە وتارەکەی منی بوختان پێکراو). ئەوەش بوختانێکە کە داش ئەمیر بە خەڵکی کوردی لە کوردستانی ئێران دەکا کە (کوردی ئێران داوای وەیان دەکرد کە دەوڵەت کوردە پەنابەرەکانی عراق لە ئێران وەدەرنێ)، ئەمە هەرگیز قسەی من و تەنانەت هیچ کوردێکی نیشتمان پەروەر نەبووە، بەڵکو خواست و ویستی کەسگەلی وەک کاکەمیر بووە، من نووسیبووم: (بەداخەوە قۆڵی چەپ لە ئێران و کوردستان...) کاک ئەمیر ئەم (قۆڵی چەپ)ەی بە (کوردی ئێران) داوەتە قەڵەم و وا دەزانێ هەرچی کوردە چەپە! ئەویش چ چەپێک!؟ هەزار بارەکەڵلا بۆ ئەو ناسکارییەی لەسەر خەڵکی کوردستانت هەیە! بەس میری هەقی بوو هەرچی کورد هەیە شەل و گێژی کا بە تاوانی چەپ بوون، کاک ئەمیر نازانێ کە شاری ورمێ چەند مزگەوتی شافیعی کوردی سوننی لێیە؟ مەهاباد نزیکەی ٥٠ مزگەوت و چەندین خانەقا و تەکیەی هەیە، سنە نزیک بە دووسەد مزگەوت و نزیکەی ٥٠ خانەقا و تەکیەی تێدایە، کرماشان نزیکەی ١٥٠ مزگەوت و ٦٠ حوسەینیەی کوردی شیعە و ٥ مزگەوتی سونی و ٣ جەمخانەی ئەهلی هەق و ١٥-٢٠ خانەقا تەکیەی هەیە، ئەی ئەگەر کوردی ئێران هەموو چەپن بەس ئەمانە چین!؟ نەکا هەموو دەستکردی من و کەسگەلی وەک من بن!؟ کاک ئەمیر کام گوند و دێ و ئاوایی لە کوردستاندا هەیە کە مزگەوت و خانەقا و تەکیە و حوسەینییەی نەبێ؟ یان نەکا ئەوانە (هاوڵاتی نیشتمانپەروەر) نەبن!؟ بە دڵنیاییەوە دەبێژم گەلۆ تۆ کوردستان و کۆمەڵگەی کوردستان ناس ناکەی. دەنا ئەگەر ناس بایی لە تەکێ هێندە پێشڕەو نەدەبووی (سوارۆ هۆی سوارۆی لە من رەبەنێ، تاوێ راوەستە ئەز بتگەمێ).

کاک ئەمیر ئەمجا ئاماژە بۆ شەهیدسەلاحی شەمسی بورهان دەکا (کاک سەلاح ئەوەندە هەڵوەدای خەبات بوو، پێویستی بە پەنابردنە بەر مەی وە مەیخانە نەبوو..(ئاخر مرۆ نازانێ چ بڵێ؟ کام خەباتی کاک سەلاح بۆ کورد و

کوردستان؟ بریا سەد بریایە ئەتۆ لە باتی ئەم قسانە، سەربوورێکی شەهید سەلاحت تۆمار کردبا، هەتا کەسەیلی نەزانی من مانان، ئەو مرۆ هەڵوەدای خەباتەیان باشتر ناسییایە! کاکە هەرتکمان باش دەزانین شەهید سەلاح لە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەند و دەسترۆیی و بە ئاینی موکریاندا پەروەردە ببوو، بنەماڵەکەیان لەلایەن بەشێکی زۆری خەڵکی ناوچەی مەنگور و گەورک و مەحاڵ و شامار و چۆمی مەجیدخان و شارۆیرانەوە رێزی لێ دادەنرا و دادەنرێ. شێخ یوسفەددینی شەمسی بورهان، باپیرەگەورەی شەهید سەلاح رێبەرێکی ئایینی و نەتەوایەتیی کورد لە موکریان بووە، کوڕەکەی شێخ محەمەدی بورهانی خێوی کەرامەت و موعجیزات بووە لەلایەن خەڵکەوە، خێڵی مەنگوڕ و بەشێ لە پیرانان ئێستا سوێند بە (گۆڕی شێخی بورهانی دەخۆن)... بەڵام ئەو کاک سەلاحە، لەم بنەماڵە ئایینزایە کە فرچکی گرت و گەورە بوو، خۆر لە سەروسیمای نەدا، ئاوی سارد دەست و پێی نەتەزاند، لە سای خەڵکی کوردەوە شازادەسایەک ژیا، چی بۆ کورد کرد؟ ئاخر عەزێگیان قسەیەک بکە خەڵک گاڵتەت پێ نەکا، شەهید سەلاح چ خەباتێکی بۆ کوردان کرد؟ لە رۆژنامەکەیاندا جگە لە تاوان و بوختان دانە پاڵ مردوو و زیندوو چییان کرد؟ رۆژێک دەیان نووسی قاسملو وایە، رۆژێکی دی کەریمی حیسامی واترە، بەیانی دەیاننووسی فلانی خراپە و رۆژی دی فیساری خراپە... ئایا جگە لەمە چ خەباتێکیان کرد؟ لەسەر کام مافی رەوای کوردیان کردەوە؟ کام کتێب و نامیلکەیان بە کوردی بۆ کورد دەرخست!؟ کۆماری ئیسلامی خراپ، دیموکراتی خراپ، تودە خراپ... ئەی کاکە چاک کێیە؟ بەداخەوە تەواوی خەباتی ئەو شەهیدە ئەوە بووە: ئەم تاقمەی دژی ئەوی دی هان دا، ئەوی دیی دژی ئەوی کە هەسان سو کا. ئەی کوا شوێنەواریان لە وڵاتدا؟ بۆ وەک بەفری بەهاری بە گاڵەی شەماڵ توانەوە؟ ئەمجا سەبارەت بە پەنابردنە بەر مەی و مەیخانە چت گەلی دەفەرموون ئەز دیوانە!

کاکە گیان، مەی خواردنەوە چ کاری داوە بە خەبات و تێکۆشان؟ مەگەر تۆخوت بە خەباتکاریێ دەزانی قەت مەیت نۆشایی گیان نەکردووە؟ کاک سەلاحیش وەک تۆی چەلەنگ و منی گیرفان تەنگ، جاروباری مەی دەنۆشی و ئەمە هیچ ئیراد و شوورەییش نییە و مەشەدی عەلی ئاشپەزی مەیخانەی (بارۆن وارتان- مام وارتان) لە من و تۆ زیدەتر و خێزانیشی (جیران خانم) مریدی بنەماڵەی شەهید سەلاحە، ئیدی ئەمە قسەیەکی پێ ناوێ یاری عەزیز.

کاک ئەمیر، بەشێکی لە نامەکەی ئەرخان کردووە بۆ کوتانی رەحمەتی بارزانی و ستایشی (مەکتەبی سیاسی- پارتی) و لێک هەڵبرانی ١٩٦٤ و... بەڵام پێش ئەوەی لەم بارەوە شتێک بڵێم دیاردە بۆ فاکتێ لە وتووێژەکەی برا و دۆستی خۆشەویستم کاک دکتۆر مارتین ڤان برۆنسە دەکەم کە دەبێژێ (... ئێستا تێدەگەین کە بەڕاستی زۆر شت نەگۆڕانە، هەموو ئەو هەڵانە و تەنانەت ئەو تاوانانەی کە بارزانی پێ تاوانبار دەکرا، جارێکی دیکە لەلایەن هەندێ رێبەرانی کوردەوە دەکرێ، - مامۆستای کورد. ژمارە ٨ رووپەڕی ١٥).

دەی کاک ئەمیر ئەمن چ بنووسم؟ خۆ ئەوە قسەی منی تاوانبار نییە؟ قسەی کابرایەکی کوردناسی کورددۆستی، کوردزانی هۆڵەندییە، ١٠-١٥ ساڵیش دەبێ نەمدیوە، هەتا ئەو قسانەی فێرکەم. بەڵام با بێینە سەروکاری هەردوو (ئینشقاق)مکەی (مەکتەبی سیاسی- پارتی). هەوڵێن هەڵبران یان باشتر بڵێم وەدەرنانیان لەلایەن رەحمەتی بارزانیی سەرکردەی نەمری کوردەوە لە ساڵی ١٩٦٤ دا رووی دا، ئەوێ ساڵێ، (مەکتەبی سیاسی) کۆبوونەوەیەکی نهێنیی لە ماوەتێ پێک دێنێ و دەیانەوێ سەرۆکایەتی لە بارزانی وەربگرن و خۆیان ببنە فەرماندەی گشتی پارتی و هێزی پێشمەرگە. لەو کۆبوونەوەیەدا مامۆستا مەلا جەمیلی رۆژبەیانی (ئەوکات لە شۆڕشدا قازی بوو) زۆر پەند و موچیاری مەکتەبی سیاسی دەکا، بەڵام بە فیڕۆ دەچێ. کاتێ بارزانی هەواڵی ئەو کۆبوونەوەیەی پێ دەگا، دەستوور دەدا کە سەرۆکانی مەکتەبی سیاسی بگرن نامەیێ ناویان بەرم بەڵام سەرکردایەتی (مەکتەبی سیاسی) لە جیاتی خەبات لە گۆڕەپانی بەرمکاندا پێشمەرگەکانیان هەڵدەگرن و یا ئەڵڵا یا عەلی بەرەو ئێران دێن و خۆیان لە تاران و یار لە هەمەدانێ نیشتەجێ دەبن. لەم بەینەدا، چەند شەڕی قورس و گورچوبڕ لەبەینی پێشمەرگەی کوردستان و رژێمی عێراقدا رو دەدا، پێشمەرگەکانی سەر بە (مەکتەبی سیاسی) کە لە هەمەدانێ دەبن، کاتێ خەبەری پەلاماردانی سپای عراق دەژنەون، زەبروزەنگ دەخەنە سەر سەرکردایەتی (مەکتەبی سیاسی) و ناچاریان دەکەن بەرەوگۆڕەپانی خەبات وەگەڕێن (رەنگە رژێمی شا-ش ئەوکات سەرۆکایەتی (مەکتەبی سیاسی) موچیاری کردبێ کە لە بەرژەوەندی ئێراندا نییە ببنە دوو قۆڵ و باش وایە بچنەوە لای بارزانی) جا سەرکردە و پێشمەرگەکانی (مەکتەبی سیاسی) دەگەڕێنەوە سەر سنوور و پەیامی پەشیمان بوونەوە بۆ بارزانی رێ دەکەن، بارزانیش کە وەک هەموو کوردێکی دڵپاک تەنیا لە بیری بەرژەوەندی کورددا دەبێ، دەیانبووری و دەچنەوە رێزی خەبات. بەڵام ئەم سەرکردایەتی (مەکتەبی سیاسی)یە هەروا لە ژێرەوە نەیاری بارزانی دەبن تاکو ساڵی ١٩٦٦ کە دەیانەوێ بەهۆی (حاجی برایمی چەرمەگا)وە لەگەڵ حکومەتی عێراق وتووێژ بکەن. حاجی برایمیش کە لە لایەن عێراقییەکانەوە پشت ئەستوور دەبێ، خەبەریان بۆ دەنێرێ کە بگەڕێنەوە. سەرکردایەتی (مەکتەبی سیاسی)یش بە خۆی پێشمەرگەکانیەوە دەچنە (دۆڵە رەقێ) و لەگەڵ حاجی برایم بەرەو سلێمانی وەرێ دەکەون. پێشمەرگەی سادە و ساویلکە لە بەکرەجۆ و سەرۆکایەتی لە

بەغدا نیشتەجێ دەبن و لە بەغدایە سەرۆکایەتی رۆژنامەیەکی عەرەبی بە ناوی (النور) دەردەکا و هەرچی قسەیەکی ناشایست و نابایستە بە بارزانی دەڵێ و یەکێک لە نووسەرانی سەرکردایەتی زنجیرە وتارێک بە ناوی (الحركة القومية الكردية)وە بڵاودەکاتەوە و پاکانە بۆ خۆیان و هەژگەل بۆ بارزانی دەنووسێ. پێشمەرگەکانیش کە لە بەکرەجۆ دەبن، رۆژێ لە رۆژان کارەساتێ رووەدا (نامەیێ باسی ئەو کارەساتە بکەم) کە دەبێتە تووڕەیی خەڵکی سولەیمانی و خەڵک دەست پێ دەکەن بە خۆپیشاندان و رێ پێوان دژی سەرکردایەتی (مەکتەبی سیاسی) و یەکێک لە شیعار و دروشمەکانی ئەو خۆپیشاندان و رێ پێوانەی سولەیمانی ئەوە بوو (هانێ کا، هانێ جۆ، بمرێ جاشی بەکرەجۆ).

بەڵێ کاک ئەمیر ئەمە بوو لێکهەڵبرانی سەرۆکایەتی (مەکتەبی سیاسی ئەوکات) ئێستا نە تەنیا باسی ناکا بەڵکو لەگەڵ پارتی بە کوێرەی وانەی پێیان ناخۆشە، یەک دەست و یەک تفەنگ دژی رژێمی بەعسی تاوانبار دەخەبتن. جا نازانم تۆ بۆ ئەم کاکۆنە هێندە بەبادەکەی؟ بۆ کۆنە برینان وەناسۆر دەخەی؟ و هێندە داخ لە دڵی سەرکردەی رەحمەتی بارزانی، هەر ئێژی ئەو تاج و تەختی دەرەبەگایەتی و بۆرژوایی لێ رووخاندن.

لە جێگایەکی تری وتارە گۆڕیندا، باسی خودالێخۆشبوو شەهید عەلی عەسکەری دەکەن و پێتان وایە، ئەویش هاوبیری تۆ سا بووە و داخی لە بارزانی سەرکردە هەبووە، بەڵام لە راستیدا، ئەو وا نەبوو، پاش کارەساتی دڵتەزێنی ١٩٧٥، شەهید عەلی عەسکەری بە خۆی و ماڵ و منداڵی پەریوەی مەهاباد بوون. رۆژێک لە ماڵی مەلازم یونس رۆژبەیانی (ماڵە مەلازم یونس لە گەڕەکی مەیدانی حەیوانان بوو) بە خزمەتی گەیشتم. ماوەیەکی زۆر باسی چاوناپەتیی کارەساتی چەکدانانی ١٩٧٥ و چاون چەک هەڵگرتنەوەی کرد، فەرمووی (... ئێمە هیچ چارەمان نەبوو، دەبوو لەو قۆناخە چەک دانێین، دەنا لەوانە بوو ئێران و عێراق و تورکیا و چەندین وڵاتی عەرەبیش گەلەکۆمەکمان لێ بکەن و قرانمان تێ بخەن...)

سەیر و سەمەرە ئەوەیە، کاک ئەمیر هەڵدەکوتێتە سەر کۆنە رەچەڵەکی کوردان و ئەوێستا و زمانی پەهلەوی... چی و چیتر مەحکووم دەکا. لەم بارەوە دەبێ عەرزی بەڕێزی براکەی خۆم بکەم. لە زاراوەی لەکیدا، زارگۆیەک هەیە و دەڵێن (لە دەروەدەشت، مەچرن ووگشت، کاریکە نمزانی مگرە وومەشت) پێم وایە ئەم قسەی لەکی دەشتەکی و رەمەکی، قەوارەسای فەرموودەی ئێوەیە، هەمزە چیی داوە لە هەباس. بۆ مەگەر کورد کەڵن لە دێراوە تووتندا شین بووبن؟ کام گەل و نەتەوە لە دنیادا هەیە رابردووی خۆی بەبا دا، رووسەکان ئێستاش بەسەرهاتی (پوتری گەورە) بە مەزنی یاد دەکەن، چینییەکان پاکانە بۆ جەنگیز دەکەن و بە قارەمانی گەلێری دادەنێن و پەیکەری بۆ ساز دەکەن، بۆ کوردی هەژار، هەر کە بێژێ منیش ئاوێستام هەیە، زمانی فەهلەوی زۆربەی وشەکانی لە کوردیی ئێستا دەچێ، خەتی ماسی سوورەتی، کۆنە خەتی مادی باپیرەگەورەکەمان.....ە. دەبێ بە کوفر و وەبەر تانە و توانجی کەسگەلی وەک ئێوە دەکەوێ! کاکە تۆ بزانە، رەسوڵ هەمزەتۆف چۆن باسی جوانی و خۆشەویستی هەمو شتێکی وڵاتەکەی دەکا! نەکا هەمزەتۆفیش چەوت بیر بێ؟

کاک ئەمیر قسە هەزارە و یەکی بەکارە، پێم وایە ئێوەی کورد لە دەرەوەی وڵات، لانی کەم لەسەر یەک شت یەکبگرن و هەموو کردەوەیەکتان بۆ کوردستان بێ باشتر لەو هەموو شەڕەگەڕەکەیە.

بانەمەڕی ١٣٦٩ی هەتاوی □

بانگەوازی هاریکاری

لیژنەی هاریکاریی کوردە ئاوارەکان - هۆڵەندە، داوای کۆمەکی مادی دەکات بۆ یارمەتیدانی کوردە ئاوارەکانی تورکیا و ئێران و پاکستان و ... تکا دەکەین هەر خێرخوازێک کە نیازی ناردنی کۆمەکی هەیە لەسەر ئەو ناونیشانە و ژمارەیە بۆمان رەوانە بکات، هەر شێوە کۆمەک ناردنێک بەو شێوەیە نەبێ پەیوەندیی بە ئێمەوە نییە و بێبەرین لێ. چاوەڕوانی یارمەتیی ئێوەی بەڕێزین بۆ ئەوەی لە برسێتی و بێ بەرگیان کەم بکەینەوە.

POSTADRES: POSBUS 1248 1300 BD ALmere
Giro2391 tbv bankrek. 40.27.43.989 Amro Bank
tav OKV Almere □

دیوانی
شێخ رەزای تاڵەبانی

مامەکەم قەحپەژنە

(شێخ رەزا هەجوی شێخ غەفووری مامی دەکات)

مامەکەم قەحپەژنە، دەوڵەتی شەددادی هەیە
تالعی راهی بەر و بەختی خودادادی هەیە

یەکدوو دێی داوەتێ سوڵتان پەیی ئیتعامی تەعام
هەر یەکێکی بەقەدەر خەزنەیێ ئیرادی هەیە

چ فرۆش و چ زرووف و چ زیاع و چ عەقار
لە هەموو جنسە مەتاعێ سەد و هەشتادی هەیە

ئەم هەموو گەنج و خەزینەی هەیە هێشتاکوو تەرەس
نە هەوای جوود و نە مەیلی کەرەم و دادی هەیە

رەسمی ئابائی کیرامی بووە ئاساری سەخا
نە لە ئابائی حەیاء و نە لە ئەجدادی هەیە

گەر سەروپیشی پیاوانەیە باوەڕ مەکە پێی
باتنی جوولەکەیە، زاهیری زوهدادی هەیە

خۆی بەهەر سوورەت ئومێدی کەرەمم پێی هەیە، لیک
رقی زۆرم لە رەشیدی کوڕی گەووادی هەیە

رەنگی کەر، دەنگی بەقەر، هەیئەتی سەگ، خووی چەقەڵ
چاوی کوێر، مەخزەنی کێر، مەقعەدی پڕ بادی هەیە

زیکر و ئەورادی لەسەر کێر و زەکەر مونحەسیرە
سەیری ئەو حیزە قوڕومساغە چ ئەورادی هەیە

تف لە کوز داکی لە کن خۆی کوڕی هێناوەتە دەر
گوو بە ریش باوکی لە کن خۆی ئەمیش ئەولادی هەیە

ئەمە گشت باوکی سەرمەشقی لەبۆ داداوە
سەربەخۆ سالیکی رەهرەو نییە، ئوستادی هەیە

لە گرووهی حەرەم؛ کارەکەر و داییک و خوشک
فاتم و عاسم و ئامان و پەریزادی هەیە

شەوبرۆژ چەپڵە بە کوز لێ دەدەن و هەڵدەپەڕن
فەرجیان تاب و تەبی کوورەیی حەددادی هەیە

بێحەیان جوملە، خسووسەن ژنە سۆزانییەکەی
رەووشی دێڵەسەگ و قەحپەیی بەغدادی هەیە

من لە کەرکووکەوە دێنێتە کن ئەم قەحپەژنە
لەگەڵم خەسمە فەلەک نییەتی بێدادی هەیە

کوونی و حیز بووە مانەندی رەشید تەبعی رەزا
هێند لەبەر جەوری فەلەک خاتری ناشادی هەیە

شێخ عەلی

شێخ عەلی خۆ تۆ منت ئاوارە کرد و دەربەدەر
چاکە هەجوێکت بکەم ئەمما موفید و موختەسەر
بۆ حەمەی وەستا فەتاح ئێمەت هەموو ئاوارە کرد
ئەی حەمەی وەستا فەتاح دایکت بە کێری نێرەکەر

سەرگوزەشتەی خۆی و هەجوی شێخ غەفوور

ئەو رۆژە کە تۆزام لە کەرکووک سەفەرم کرد
مانەندی عەقارب لە ئەقارب حەزەرم کرد
گەردوون سنکی کردم و هێنامیە کۆی
میوانی لە کن مامە غەفووری لەجەرم کرد
خواستم کە بڕۆم بۆ سەفەری رۆم بە سەیاحەت
نەیهێشت و دووسەد ئەهلی عەمامەی لەسەرم کرد
دانیشێ، نەچێ، من کچی خۆم مارە دەکەم لێی
ئەو تالیبی دونیایە، ئەوا موعتەبەرم کرد
چورسا لەبەرم جوببە و فیسا لەسەرم فێس
نە فێسی لەسەرم نا و نە جوببەی لەبەرم کرد
شەش مانگە بەم ئەفسانە گلی دامەوە لای خۆی
نەمزانی، ملم بشکێ، تیاچووم، زەرەرم کرد
وەڵڵا دەکەم دەرحەقی ئەو بەڵکە زیاتر
ئەو کارە کە دەرباری رەشیدی پسەرم کرد
کارم تەر ئەبێ ئەموت ئەگەر لوتفی ببێ مام
ئەی لایقی ریشی بە خودا کاری تەرم کرد
بۆ موجتەهیدان گەرچی جەوازی نییە تەقلید
من موجتەهیدم، هاتم و تەقلیدی کەرم کرد
ئەی گووی خلە بەم لوتفە کە ئەو کردی لەگەڵ من
لەم مەرحەمەت و لوتفە ئەوا من گوزەرم کرد
هەرچەندە وتم وەختێ کە دیم نەخوەتی قەلبی
یا رەب کە لەگەڵ شێخ عەلی بۆچی شەرم کرد
هەر دەچمەوە لای گەرچی بڵێ هاتەوە دیسان
ئەو خوێرییە بێکارە کە من لێرە دەرم کرد
هەرچەندە رەزا باعیسی بەدنامییە عەودەت
لەم سووکییە و بەدنامییە سەرفی نەزەرم کرد

زوهاد (عارەبی): کۆی زاهید، خواناس و لە خواترس، کەسێک کە خۆشیی دنیای خستۆتە لاوە.
لیک: (فارسی) کورتکراوەی لاکین (لکن): بەڵام، وەلێ.
فەرج (عارەبی): کوز.
تاب (فارسی) : تا، تاو، گەرمی.
مانەند (فارسی): وەکوو، بە وێنەی، لە گوێن.
عەقارب (عارەبی): کۆی عەقرەب، دووپشک، کۆلاژدم.
ئەقارب (عارەبی): کۆی قەریب، خزم، خزیش.
لەجەر: لەچەر، پەرپووت، سووک،چرووک، پیسکە .

ئاش هەر دەگەڕێ و باراشهاڕیش زۆرن

بەهادین نووری

ئاشکرایە کە بزووتنەوەی کۆمۆنیزم و بەسەرهاتی ئەم دوایی‌یەی شوورەوی و وڵاتانی رۆژهەڵاتی ئەروپا بوونەتە زەقترین مەسەلە کە ئێستگە و گۆڤار و رۆژنامەکانی جیهانی ئەمڕۆ لەسەری دەدوون.

کاک کوردۆ عەلی بێڵی خۆی خستۆتە نێو ئەم باسە، بە ناونیشانی «ئاشبەتاڵی بیرێکی سەرچڵ» وتارێکی لە ژمارە (٩)ی گۆڤاری (مامۆستای کورد)دا بڵاوکردەوە. ئەمە پاڵی بە منیشەوە نا کە، لە رێگەی کورتە موناقەشەیەکی ئەو وتارەوە، بێڵی خۆمی تێخەم. پێشەکی دەمەوێ ئەوەش بزانرێ کە تەنگەتاو نیم لەوەی مرۆڤێکی وەک کاک کوردۆ بە نووسین و موناقەشەی رۆژنامەگەری دژایەتیی کۆمۆنیزم بکا.

گومانم لەوەدا نییە کە تیۆری و رێڕەوی راست لە ئاستی هەموو موناقەشە و هێرشێکی فیکریدا خۆی پێ رادەگیرێ و لە ئەنجامدا گرەویش دەباتەوە. خۆ ئەگەر راستیش نەبێ لە هەموو حاڵەتێکدا هەر دەفەوتێ.

کاک کوردۆ، لە وتارە (١٠) لاپەڕەییەکەیدا وەک بڵێی کارناسێکی زۆر ئاشنا بێ بە تیۆری و مێژووی سەد و چل ساڵەی بزووتنەوەی کۆمۆنیزم، لە مەسەلە دەدوێ...

لە وتارەکەیدا نێوی مارکس و ئینگس و لینین و رۆزا لۆکسەمبورگ و گرامشی و ترۆتسکی و میلۆڤان گیلاس و برژنسکی و خەڵکی تریش دەبا، بە پەیوەندی لەگەڵ گەلێ گفت و هەڵوێستیان، لە هەندێ پلینۆم و بڕیاری کۆمنترن و لە پلانی مارشاڵ و شتی تریش دەدوێ... رەنگە خوێنەری سادەی کورد لەمەدا شتێکی نوێ ببینێ، بەڵام من هیچی نوێم نەدی. تەنانەت خاڵێکیش نەنووسراوە کە لە ئەرشیفی کۆن و نوێی گۆڤار و رۆژنامەی دژ بە کۆمۆنیزمدا رەچاو نەکرێ. هەر کای کۆنە و جارێکی تریش کاک کوردۆ بەبای دەکاتەوە، سەرلەنوێ لە قاڵبی دەداتەوە. دیارە ئەم قسانە ئەمڕۆ لە جاران رەواجیان زێترە، خەڵکێکی زێتر گوێیان بۆ شل دەکا چونکە بزووتنەوەی کۆمۆنیزم تووشی تێشکان هاتووە و دوژمنانی تا رادەیەک داشیان سوارە. لەسەر ئەوەش لۆمەی کوردۆ دەکرێ کە جاروبار قسەی یەکجار نابەجێی لە گۆڤار و رۆژنامەی دژ بە کۆمۆنیزم وەرگرتووە و ئاخنیویەتە نێو وتارەکەی. بۆ نموونە دەڵێ: «هاوولاتیان – لە رۆمانیا – بۆیان نەبوو لە چلەی زستاندا پلەی گەرمایی ژوورەکانیان لە (١٢) تێپەڕێت، یان لە چرایەک زێتر هەڵگیرسێنن».

یان دەڵێ: «ستالین چل ملیۆن کەسی لە هاولاتیانی شوورەوی کوشتووە» – بڕوانە لاپەڕە ٤٣.

بەڵێ ستالین و چاوشسکۆ دیکتاتۆر و تاوانبار بوون... بەڵام با لە کوردێکی بێلایەن و ساویلکە بپرسین کە بە رێکەوت لە سەردەمی چاوشسکۆدا لە رۆمانیا ژیابێ: راستە بۆ کەس نەبوو پلەی گەرمایی ژورەکەی لە ١٢ تێپەڕێ؟ ئەی بە چ مەنتیقێ دکتاتۆرێ بە تەنێ ٤٠ ملیۆن کەس لە خەڵکی وڵاتەکەی خۆی کوشت لە کاتێکدا کە چوار ساڵی رەبەق لە جەنگی دووەمی جیهانیدا، بە هەموو تۆپ و تەیارە و ئاگرباران و کوشتن و برسی کردنەوە، چوارساڵ لە داگیرکردنی بەشێکی زۆری شوورەوی لەلایەن رژێمی فاشی هیتلەرەوە، تەنها بووە هۆی کوشتنی ٢٠–٢٥ ملیۆن لە هاوولاتییانی شوورەوی؟ داخۆ کاک کوردۆ باوەڕی بە قسەی وەها هەیە یان بەو مەبەستە نووسیویەتی کە خوێنەران باوەڕی پێ بکەن؟

* * *

ئاشبەتاڵی بیری کۆمۆنیزم، یان دڵی خۆ خۆشکردنی دوژمنانی کۆمۆنیزم؟

سەرتاخواری وتاری کوردۆ – وەک لە ناونیشان و ناوەڕۆکیشدا دەبینرێ– لەدەوری یەک فیکرە دەخولێنەوە: کۆمۆنیزم رووخا! گەیشتە ئاشبەتاڵ!

وەک بڵێی سەرکەوتنێکی مێژوویی گرنگ بۆ گەلی کورد دابین کرابێ، وتاری کوردۆ «مژدەی سەرنگوم بوون و تەفروتونابوونی کۆمۆنیزم لە تەواوی دونیادا رادەگەیەنێت»، بڕوانە لاپەڕەی ٤٠ی مامۆستای کورد.

«ئەو بیرەی کە بەوپەڕی لاف و گەزافەوە بانگی ئەزەلیەت و ژیانی هەتا هەتایی بۆ خۆی هەڵدەدا، بۆ وا کەم تەمەن بوو؟». «کەواتە ئەو سەرنوێشتە تاڵ و نابەکامە ئاکام و سەرئەنجامێکی سروشتیی جەوهەری بیرەکە و رەفتار و هەڵس و کەوتی رێبازەکە خۆیەتی» لاپەڕەی ٤١. کۆمۆنیستەکان رمان و «لە هیچ کوێ چاوەڕوانی هەڵساندنەوە و هێز و گوڕ پەیداکردنیان ناکرێ» ل ٤٩.

پاش ئەم هەموو فاتیحا خوێندنەش بە سەر گیانی «کۆمۆنیزمی خوالێخۆشبووداا»، کوردۆ سووکە رەددێکی خۆی دەداتەوە و دەڵێ: «بەڵام فەوتاندنی مەحاڵە، بەتایبەت لەنێو میللەتانی دواکەوتووی جیهانی سێهەمدا، چونکە ئاسۆی بیرکردنەوە هێجگار تەسکە و پلەی رۆشنبیری گەلەک نزمە. زۆربەی کۆمۆنیستان نە ئەو دەمە تەواو لە بیرمکەیان گەیشتبوون... نە ئێستەش دەتوانن لە حاڵ و بارەکە بگەن و پراوپڕ وەک پێویست هەڵیسەنگێنن و سەرئەنجامێکی بابەتانەی لێ پوختەکەن» ل/ ٤٩.

بەرلەوەی موناقەشەی بیر و بۆچونی کوردۆ بکەم، دەمەوێ دووپاتی بکەمەوە کە بزووتنەوەی کۆمۆنیزم تووشی تێشکانێکی گەورە بووە و ئەمەش ئەنجامی زنجیرەیەکی درێژ لە هەڵەی جۆراوجۆری ساڵانی رابردووە. بەڵێ کۆمۆنیستەکان تووشی هەڵەی گەورە بوون: کۆمۆنیزم کرا بە ئایین و کتێبی ئاسمانی و مەزهەبگەری و چەند سەرکردەیەک کران بە مرۆڤی پیرۆز و دوور لە هەموو گوناهێ، «دکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا» بوو بە بار بەسەر خۆی بزووتنەوەی کۆمۆنیستییەوە، زۆربەی حیزبە کۆمۆنیستەکان سەربەخۆیی‌یان لەدەست دا و بە شێوەیەکی چەوت و هەڵە بەستران بە مۆسکۆوە... لە هەمووش خراپتر دیموکراسی خنکێنرا، چ لە نێو کۆمەڵدا و چ لەنێو خۆی زۆربەی حیزبەکاندا، دەسەڵات بووە دەسەڵاتی چین– حیزب – تاقمی هەڵبژاردە – تاکەکەس – لە سایەی ئەم وەزعەدا توێژێکی نوێ لە چەوسێنەران پەیدا بوو، پێشکەوتنی ئابووری وەستا و نارەزایی لەنێو جەماوەردا بڵاوبووەوە... هتد. ئەمە هەموو راستە و دڵخۆشکەرە بۆ دوژمنانی کۆمۆنیزم و جێگەی داخ و خەفەتی فراوانە بۆ ئێمەی کۆمۆنیست و هۆی ورە بەردانی خەڵکێکی زۆرە لەوانەی تا دوێنێ سەر بە کۆمۆنیزم بوون.

بەڵام تێشکانی ئەمڕۆی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی شتێکە و «لە هیچ کوێ چاوەڕوانی هەڵساندنەوە و هێز و گوڕپەیداکردنی نەکرێ» شتێکی تری تەواو جیاوازە. نە مێژووی رابردووی بزووتنەوەی کۆمۆنیزم بەو چەشنە بووە کە کوردۆ لە وتارەکەیدا دەیخاتە روو و نە ئایندەشی ئەوە دەبێ کە باسی دەکا. نە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی یەکەم بزووتنەوەی سیاسییە لە مێژوودا کە تووشی هەڵەی گەورە دەبێ و نە ئەم تێکشکانەی کۆمۆنیزمیش یەکەم تێکشکانە لە مێژوودا. مێژووی دوور و نزیکی کۆمەڵی ئادەمیزاد سەدان تێکشکانی فیکری و سیاسی و سەربازیی تۆمار کردووە:

– کێ نەیبیستووە کە شۆڕشی کۆیلەکانی رۆما بە سەرکردایەتیی سپارتاکۆس تووشی تێشکانی کوشندە بوو، بەڵام دواتر رژێمی کۆیلایەتی هەر رما؟

– سەرکردە شۆڕشگێڕەکانی پاریس، کە بەندیخانەی باستیلیان رووخاند، تووشی هەڵەی وا بوون کە دوایی سەری خۆیشیان خوارد... جارجار رژێمی پاشایەتیش لە فەرەنسا زیندوو دەبووەوە... بەڵام لە ئەنجامدا فەرەنسا نەگەڕایەوە بۆ رژێمی سەرنوگومکراوی پێشوو.

– چەند سەرکردەی سیاسی و سەرۆکی حیزب و دەوڵەت و شۆڕش لە وێنەی قاسمی ٩٦٣ و عەبدولناسری ٩٦٧ و بارزانیی ٩٧٥ تووشی تێشکانی گەورە بوون؟

– ئەی تێشکانی رژێمی بۆرژوازیی جیهان لە جەنگی دووەمدا، کە ئەڵمانیا و ئیتالیا و ژاپان دۆڕانیان؟

بەڵێ تێشکانی ئەمڕۆی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی خاسیەتی تایبەتی خۆی هەیە کە لەو تێشکانانەی دیکەی جیادەکاتەوە و گەلێ زەقتری دەنوێنێ. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو راستییە کە لە ماوەیەکی کورتدا «بە پێوەری مێژووی جیهان» خودی بزووتنەوەکە یەکجار پەرەی سەند و بوو بە گەورەترین بزووتنەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئەم چەرخە. شتێکی سرووشتییە کە بزووتنەوەی وەها گەورە و بەهێز بەرگەی تێشکانی گەورەش بگرێ و عەقڵیش لە خەساری خۆی وەربگرێ.

کوردۆ بە هەڵەدا چووە کە تێشکانی کاتیی بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی بە رووخانی بیروڕای کۆمۆنیزم و داڕمانی تەواوی بزووتنەوەکە داناوە. مێژووی ئەم بزووتنەوەیە – وەک گەلێ دیاردەی کۆمەڵایەتیی تر – بە رێگەیەکی سەخت و ئاڵۆز و پێاوپێچدا هاتووە. لە ناوەڕاستی سەدەی رابردوودا کاتێ کۆمۆنیزم تازە چەکەرەی لێ دابوو، کۆمەڵێ کارگەرانی کۆمۆنیست (دواتریش ئینتەرناسیۆنالی یەکەم) تووشی گیروگرفت بوو و هەڵوەشایەوە. ئەو کاتەش زۆر لە دوژمنانی مژدەی لەناوچوونی کۆمۆنیزمیان بەیەکتر رادەگەیاند. بەڵام دەرکەوت کە بەهەڵەدا چووبوون. لە سەرەتای سەدەی بیستەمیشدا شتێکی لەو بابەتە رووی دا، ئینتەرناسیۆنالی دووەم هەڵوەشایەوە، بەڵام بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لەناونەچوو، بەڵکە گەشەی کرد و بەهێزتر بوو... شۆڕشی ئۆکتۆبەر سەرکەوت.

کوردۆ دەڵێ:

«ئەو هەل و بوارەی مێژوو بۆ بیری کۆمۆنیزمی رەخساند، هەلێکی زێڕین و دەرفەتێکی هێجگار پڕبایەخ و کەم وێنە بوو. کۆتایی دووەەم جەنگ و لووت شکاندنی بیری گەندەڵی نازی و فاشیزم و تەفر و توناکردنیان، هتد» ل/٤٣.

بریا بە چاوێکی مەزووعی و بێلایەن، دوور لە هەستی دوژمنایەتی، کوردێ بیرۆنایەتە مێژووی بزووتنەوەی کۆمۆنیزم! گومانم نییە ئەوکاتە شتێکی دی دەبینی، شتێکی جیا لەوەی ئێستە مێشکی خۆی پێ پڕکردووە. ئەوکاتە دەبینی کە کەس بەزەیی بە حاڵی کۆمۆنیستەکاندا نەهاتۆتەوە و کەسیش لەدەرەوەی بزووتنەوەکەیانەوە هەلی لەباری بۆ نەڕەخساندوون. بە پێچەوانەوە، هەمووکات بە توند و تیژی دوژمنایەتییان کراوە و کۆسپیان لەڕێ دانراوە. هەمووکات عیسای سەردەمی خۆیان بوون. مارکس ژیانی سیاسیی خۆی بە ئاوارەیی و دەربەدەری بردەسەر. لینین زۆربەی ژیانی خۆی لە بەندیخانەی سیبیریا یان بە ئاوارەیی بردەسەر. لە دەیەها وڵاتدا بەشی کۆمۆنیستەکان هەر راونان و کوشتن و بەندیخانە بووە. لە عێراقدا ح. ش. ع. تاکە حیزبێکە کە چەند جار سەرنۆک و ژمارەیەکی زۆر لە سەرکردە و کادرەکانی بە شکەنجە کوژراون یان هەڵواسراون.

مێژووی بزووتنەوەی کۆمۆنیزم مێژووی ململانێی خوێناویی دوور و درێژە، مێژووی خەباتی چینایەتی و نیشتمانیی دژ بە دوژمنانی گەل و چینی چەوساوە، ئەو هەلە رەخساوەش کە پاش جەنگی دووەم هات و کوردێ باسی دەکا، بەم شێوەیە بوو:

لە ناکاو لە حوزەیرانی ١٩٤١دا، هیتلەر هێرشی بردە سەر شووروی و بەشێکی زۆری وڵاتەکەی داگیر کرد. ئەو ئامانجەی کە بە لەشکری ١٤ دەوڵەتی ئیمپریالی و دوژمنانی کۆمۆنیزمی رووسیا، لە ١٩١٩دا، دابین نەکرا، کەوتە ئەستۆی هیتلەر و هەموو دوژمنانی کۆمۆنیزم بەهیوابوون لەشکری نازی جێبەجێی بکا. لەدوای چوارساڵ جەنگی وێرانکاری و کوشتن و بڕین، لەدوای ٢٦ ملیۆن قوربانیی گەلانی شووروی (جگە لە خەبات و قوربانیی زۆری کۆمۆنیستەکانی ئیتالیا و فەرەنسا و بولگاریا و یۆگۆسلاڤیا و یۆنان و چیکۆسلۆڤاکیا و گەلێ وڵاتی تریش) رژێمی فاشی لەگۆڕ نرا و کۆمۆنیستەکانیش بەسەربەرزی وەستان. بەم چەشنە دەبینین ئەو هەلە لەبارەی کوردێ باسی دەکا، بە رێکەوت نەرەخسا و بەخشیشی خەڵکی تر نەبوو، بەڵکە کۆمۆنیستەکان بە دەیەها ملیۆن قوربانی، بە بازووی خۆیان بۆ خۆیان رەخساند. ئەگەر لەمە بکۆڵینەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە بزووتنەوەی کۆمونیزم نەک هەر خۆی پێ رادەگیرێ لەبەردەم تۆف و کرێوەی نالەباری ئەمڕۆدا، بەڵکە لە ئایندەدا هەلی دیکەشی پێ دەڕەخسێنرێ.

لە وتاری کوردێدا تیۆری کۆمۆنیزم بە «کۆلکە تیۆری» ناوبراوە و فاتیحەشی بەسەردا خوێنراوە. جا ئەمە چەندی بە چەندە؟ ئایا دەبێ قسەی وەها ئاراستەی ئەو تیۆرییە بکرێ کە لەماوەی سەدە و نیوێکدا نەک هەر خۆی راگرتووە، بەڵکە رەگی لە هەموو گۆشەیەکی ئەم سەرزەمینەدا قووڵ داکوتاوە و خۆ لە مێشکی سەدان ملیۆندا چەسپاندووە؟

بیری کۆمۆنیزم – بەلای کوردێوە – هەر لە نێو میللەتە دواکەوتووەکانی جیهانی سێیەمدا جێگەی دەبێتەوە «چونکە ئەوانە ئاسۆی بیرکردنەوەیان هێجگار تەسکە و پلەی رۆشنبیریشیان گەلەک نزمە». جا وایە؟ بیری کۆمۆنیزم لای ئەو کەسانە دەمێنێ کە ئاسۆی بیرکردنەوەیان هێجگار تەسکە؟

لەم بۆچوونەدا دوو هەڵەی گەورە بە زەقی دەبینرێن:

١– کوردێ بە پێوەرێکی ئەورووپیی گومڕا دەڕوانێتە ئاستی هۆشمەندیی میللەتانی جیهانی سێهەم. پێی وایە ئەو میللەتانە هێشتا رەش و سپی لێک جیا ناکەنەوە، نازانن بەرژەوەندیان لە چدایە، پێویستیان بە هەندێ کەسی «رۆشنبیری» نیشتەجێی ئەورووپای رۆژاوا هەیە تا رێگەیان نیشان دەن، تا پێیان بڵێن: «ئەی میللەتە تێنەگەیشتووەکان، گوێ لە ئامۆژگاریی ئێمەی تێگەیشتوو بگرن! کۆمۆنیزم شتێکی خراپە، نەکەن شوێنی کەون! هەر شوێنی سەرمایەداری بکەون...!»

جا بڵێی میللەتانی جیهانی سێهەم ئەم بە سووکی تێڕوانینە قبووڵ بکەن یان خۆیان لە بارودۆخ و بەرژەوەندیی وڵاتانی خۆیان باشتر دەگەن؟

٢– بیر و تیۆریی کۆمۆنیزم بۆ یەکەمجار (لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمدا» لە پێشکەوتووترین وڵاتانی ئەو سەردەمەی دنیادا دارێژرا، نەک لە وڵاتانی دواکەوتوودا. ئەوانەی دایانڕشت کەسانی نەفام و دواکەوتوو نەبوون، بەڵکە لە مەزنترین فەیلەسووف و کەڵەزانایانی سەردەمی خۆیان بوون. بۆ ماوەی ٦٠–٧٠ ساڵیش تیۆری کۆمۆنیزم تەنها لە وڵاتانی سەرمایەداریی – پێشکەوتوودا بڵاو بووەوە و گەشەی کرد و هێشتا پێیەکی نەنابووە نێو وڵاتانی دواکەوتوو.

هەڵەی حیزبێ یا مرۆڤێکی کۆمۆنیست شتێکە و تیۆری کۆمۆنیزم شتێکی ترە . دەبێ وەک دیاردەیەکی ئاسایی بڕوانرێتە هەڵەی کۆمۆنیستەکانیش، چونکە ئەوانیش وەک خەڵکی تر ئادەمیزادن و لە هەمان خوێن و گۆشتن، لە نێو هەمان کۆمەڵدا دەژین. سەرەرای ئەمەش هێندێ مرۆڤ یان حیزب تەنها تووشی هەڵە نابێ، بەڵکە بە تەواوی لە رێڕەوی کۆمۆنیستی لادەدا و رێڕەوێکی دیکەش دەگرێتە بەر.

نازانم کوردێ بیری کۆمۆنیزم بەچی تێدەگا، هەتا بانگاشەی ئاشبەتاڵی بۆ بکا؟ خۆ ئەگەر بیری کۆمۆنیزم بڕێتی بێ لە کار و کردەوەی چەوت و چەپەڵی بریژنێف و ژیڤکۆڤ و چاوشسکۆ، ئەوە هەق لەگەڵ کوردێدایە... بەڵام بیر و تیۆریی کۆمۆنیزم، بەر لە هەموو شت، فەلسەفە و ئابوورییی سیاسییە، مەتریالیزمی دیالیکتیکی و مێژوویی‌یە. جا فەرموو پێمان بڵێ چی لەم فەلسەفە و ئابوورییی سیاسییەدا هەڵەیە؟

ئەوە کە دەڵێ هەرچی شت هەیە، هەر لە ئەتۆم (ذرە)ەوە هەتا هەموو کەون و کائینات بەگشتی، هەمیشە لە جووڵەدایە و هەرگیز شت بێ جووڵە نابێ؟

ئەوە کە دەڵێ هەموو دیاردە و رووداوەکان، چ لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا و چ لە سەرجەمی جیهاندا، بەستراون یەک بەوی دیکەوە و دەبێ لەسەر بناغەیەکی دایلەکتیکی، واتە لە حاڵەتی جووڵەی هەمیشەیی و گۆڕانیاندا، تەماشا بکرێن و دیراسە بکرێن؟

ئەوە کە دەڵێ هەموو شتێ وردە وردە، هەنگاو پاش هەنگاو، دەگۆڕێ تا لە ئەنجامدا دەگاتە گۆڕانکارییەکی بابەتانە؟

ئەوە کە دەڵێ بناغەی هەموو گۆڕانکارییەک، ململانێیە لە نێو کۆن و نوێدا و بێ ململانێ گۆڕانکاری نابێ؟ئەوە کە دەڵێ رژێمی سەرمایەداری رژێمێکی خراپە و یەکسانیی تێدا نییە، بەشێکی خەڵک چەوسێنەرن و بەشێکی هەرە زۆریشیان چەوساوەن و دەبێ رژێمێکی باشتر پێک بهێنرێ؟ یا ئەوە کە دەڵێ چۆن رژێمێکی کۆیلایەتی و دەرەبەگایەتی رووخا، هەروەها رژێمی سەرمایەداریش دەڕووخێ؟

دەبێ دان بەوەدا بنرێ کە هەڵەی فیکرییش کەوتە نێو تیۆری و سیستێمی فکری کۆمۆنیزم، بەتایبەت هێندەی پێوەندیی بە مەسەلەی شۆڕشی سۆسیالیستی و دابینکردنی رژێمی کۆمەڵایەتیی سۆسیالیزمەوە هەبێ. بۆ نموونە: دەمێ بوو مەسەلەی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا کاتی بەسەر چووبوو، میللەتان لە هەموو جۆرە دیکتاتۆرییەتێ وەرەس بووبوون، ئەگەر هی فریشتە و ئاسمانیش بوایە... دەمێ بوو هیچ پاساوێ نەماوبوو بۆ بوونی تاکە حیزبی و قۆرخکردنی مافی گورجوگۆڵی سیاسی تەنها بۆ یارمەتیدەرانی رژێم. لەمێژ بوو دەبوو رێگە بدرایە بۆ دامەزراندنی رێکخراوی سیاسیی جیاجیا نەک هەر لەلایەن بەرهەڵستکارانی ناکۆمۆنیستەوە، بەڵکە لەلایەن خودی ئەو کۆمۆنیستانەشەوە کە لە سیاسەتی حیزب و دەوڵەتەکانیان نارازی بوون و بەرگرییان لە رێڕەوێکی تر دەکرد. بریا لە هەر وڵاتێکدا دوو حیزبی کۆمۆنیست ببوایەن و ململانێیان لەگەڵ یەکدی بکردایە لە چوارچێوە بەرگریدا لە سۆسیالیزم.

بەڵام گەلێ هەڵەی وەهاش کرا کە هەر لە بنچینەوە دژی تیۆریی کۆمۆنیزم بوو. بۆ نموونە: دیاردەی تاکپەرستی، یان وەرگێڕانی کۆمۆنیزم بە ئایین، یان وەرگێڕانی دەسەڵاتی چینی کارگەر و رەنجدەران بە دەسەڵاتی حیزبێ یا تاقمێ سەرکردە یا تاکە کەس... هتد. ئەمانە فریان بەسەر تیۆریی کۆمۆنیزمەوە نییە و هیچ پاساوێکیان لەناو ئەو تیۆرییەدا بۆ نادۆزرێتەوە.

مەگەر هەر پیاوی نەفام بەرگری لەو نموونە سۆسیالیزمە بکا کەلەبەر ئەزموونی مێژوودا خۆی پێ رانەگیرا و هەرەسی هێنا. نابێ بەرگری لەو رژێمە بکرێ کە میللەتەکەی خۆی لە دژی بوەستێ و بە زەبری پۆلیس راگیرێ... نابێ بەرگری لەو سەرکردانە بکرێ کە بەرپرسیارن لەو زنجیرە هەڵەیەی سەری خۆیان و رژێمەکانیانی کرد بە قوربا. لە هەمان کاتد نابێ تێشکانی ئەم شێوە سۆشیالیزمە بکرێتە بەڵگەیەک بۆ بالۆرە خوێندن بە شان و باهووی سەرمایەداریدا. رژێمی سەرمایەداری پاشەڵێکی هێندە پیسی هەیە کە مرۆڤی هۆشمەند و بە ویژدان ناتوانێ بەرگریی لێ بکا. هێشتا کۆمۆنیزم وەکو بیر و بۆچوونیش پەیدا نەبووبوو، یا تازە چەکەرەی لێ دەدا، کاتێ کە رژێمی سەرمایەداری سەرجەمی وڵاتە دواکەوتووەکانی جیهانی خستە ژێر دەستی خۆی و کەوتە چەوسانەوەی میللەتانیان. هێشتا کۆمۆنیستەکان لە هیچ گۆشەیەکی ئەم سەر زەمینەدا دەسەڵاتیان وەدەست نەگرتبوو کە رژێمی سەرمایەداری – ئیمپریالیستی ئاگری یەکەم جەنگی جیهانی هەڵگیرساند و گەلانی راپێچی ئەو دۆزەخە کرد. بیری گەندەڵی رەگەزپەرستی و فاشیستی هیتلەر، کە کوردێ دەیەوێ لە سەرمایەداریی جوێ بکاتەوە، هەرگیز هیچ نەبوو جگە لە درێژەپێدانی بیری سەرمایەداری. خودی هیتلەر و مۆسۆلینی و فرانکۆ و سەددام و ... هەموو نۆکەرانی ئەڵقەلەگوێی سەرمایەداری بوون. جەنگی دووەمی جیهانی دیسان بەدەستی بەشێ لە رژێمی سەرمایەداری – ئیمپریالیستی هەڵگیرسێنرا.

ئەوە باشە کە ئازادیی دیموکراسی لە وڵاتانی سەرمایەداریی پێشکەوتوودا هەیە، بەڵام ئەم ئازادییە بەخشیشی حوکمرانە سەرمایەدارەکان نییە، بەڵکە دەستکەوتی خەباتی چەندسەد ساڵەی خودی ئەم گەلانەیە، ئەنجامی پێشکەوتنی شارستانییەتە. لەگەڵ ئەوەش لەهەرکوێ ئازادیی دیموکراسی بوویێتە مەترسی لەسەر رژێمی سەرمایەداری، حوکمڕانان پەنایان بە دیکتاتۆریەت و فاشیزم و رەگەزپەرستی بردووە (وەکو ئیتالیای مۆسۆلینی و ئەڵمانیای هیتلەری و ئیسپانیای فرانکۆ و یۆنان و فیلیپینی مارکۆس و عێراقی سەددام و ئەفریقای باشوور و ئیسرائیل ... هتد). رژێمی سەرمایەداری بە پتر لە ٤٠٠ ساڵ گەیشتۆتە ئەم پلەیەی ئەمڕۆ کە وڵاتە پێشکەوتووەکانی تێدا دەژین. ئەم نموونەی لەبەرچاوە – بە هەموو نالەباری و شەرمەزارییەکییەوە – بە چوارسەد ساڵ پێک هاتووە. ئەمەش لە کاتێکدا کە سەرمایەداران مولکیەتی تایبەتی ئامرازی بەرهەمهێنانیان دەست لێ نەدا، بەڵکە تەنیا شێوە مولکیەتیان گۆڕی لە دەرەبەگایەتییەوە بۆ کاپیتالیزم. جا چ عاجباتییەک لەوەدایە ئەگەر نموونەیەکی باشی سۆشیالیزمیش پتر لە حەفتا یا سەد ساڵ بخایەنێ؟

منیش لەگەڵ کوردێم، نابێ تێشکانی ئەمڕۆی کۆمۆنیزم و سۆشیالیزم بخرێتە ئەستۆی ئیمپریالیزم یا دوژمنی دەرەکی. بەڵام دەبێ ئەوەش بزانرێ کە جەوهەری تێشکانەکە چی دی نەبوو جگە لە گەڕانەوەی حوکمڕان بەرەو سەرمایەداری. ئەوی رووی دا ئەوەبوو: پاش ئەوەی سەرمایەداری لە دەرگاوە دەرکرا، توانی لە پەنجەرەوە خۆی بکاتەوە بە ژووردا. خۆ ئەمەش لە سایەی دیموکراسیدا نەدەکرا.

تیشکانی ئەمڕۆی کۆمۆنیزم و سۆسیالیزم «یەکەم تەجروبە و یەکەم هەڵەنگوتی نییە» /ل٤٣، بەڵای کوردۆوە، بەڵام لە ڕاستیدا یەکەم تەجروبەیە لە جۆری خۆی. ئەگەرنا فەرموو پێمان بڵێ، کەی و لەکوێ حیزبێکی کۆمۆنیست، پاش دەیەها ساڵ حوکمڕانی، دۆڕانی؟ لەم تەجروبەیەشدا پیاوی بە وێژدان و مەوزووعی ئەو ڕاستییە ڕەچاو دەکا کە لەلایەکەوە کۆمۆنیستەکانی شووڕەوی خۆیان دەست پێشکەرییان کرد بۆ دەرخستنی کەم و کووڕی و هەڵەکانیان و هەوڵی چارەکردنی وەزع – پێرەسترۆیکا. لەلایەکی دیکەشەوە هەموو حوکمڕانەکانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات (جگە لە ڕۆمانیا) بێ دڵوپی خۆیێن سەریان بۆ ئیرادەی میللەت دانەواند و کورسییەکانیان جێ هێشت و ڕێبازی دیموکراسیی ئاشتیخوازییان بۆ چارەی کێشەکە قبووڵ کرد. ئەمەش خۆی لە خۆیدا مەسەلەیەکی بایەخدارە و نیشانەیەکی زەقی پێشکەوتن و شارستانییە. خۆ لەنێو هەرا و هوریای گەرمی ئەمڕۆدا زەحمەتە بە چاوێکی مەوزووعی ئەم هەڵوێستەی کۆمۆنیستەکانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات هەڵسەنگێنرێ. بەڵام سبەینێ سەری خەڵک سارد دەبێتەوە و دنیا دەگۆڕێ. سبەینێ جەماوەری ئەو وڵاتانە ڕووبەڕووی گەلێ تەجروبەی تاڵی دیکەش دەبنەوە و ئەوسا بە شێوەیەکی مەوزوعیتر ڕووداوی کۆن و نوێ هەڵدەسەنگێنن.

دوا وشەم لەگەڵ کاک کوردۆ و کەسانی تری وەکو ئەو:

منیش، وەکو ئێوە، ڕەخنە و نارەزاییم زۆرە و نایشیانشارمەوە، بەڵام من لە ڕوانگەیەکی دیکەوە بۆ مەسەلەکە دەچم. باش دەزانم کە ئەگەر لە ساڵی ١٩٦٧دا کۆمۆنیستەکانی تاقمی عەزیز ئەلحاج حوکمڕانی عێراق بوایەن، من ئیعدام دەکرام، ئەگەر تاقمی عەزیز محەمەدیش حوکمڕان بوایەن، لە ١٩٨٤دا ئیعدام دەکرام، بەڵام شتی وەها ناخەمە ئەستۆی بیری کۆمۆنیزم، چونکە لام ڕوونە کە کۆمۆنیزمی ڕاستەقینە بێ دیموکراسی و مرۆڤایەتی نەبووە و نابێ... ڕەوشت و خووی ئەو کەسانە کۆمۆنیستانە نەبووە.

ئەگەر بیر و بۆچوونێ هەبێ کە برینێ قووڵی خۆی پێ سارێژ نەکرێ و خۆی لە ئاشبەتاڵی داهاتوو بۆ لانەدرێ، ئەوە بیر و بۆچوونی سەرمایەدارییە، چونکە بۆ بەرگری لە بەرژەوەندیی چەوسێنەران دارێژراوە. جیهانی سەرمایەداری هەرگیز نابێتە بەهەشتی بەختەوەری و ئارام و موتمانەی خەڵکی سادە و ڕەنجدەر. بە پێچەوانەوە، هەمیشە جیهانی گیروگرفت و زوڵم و زۆرە. ئەگەر ئەمڕۆش ئارامێکی لەرزۆک هەبێ، ئەوە تۆف و ڕەشەبای سبەینێی بەدواوەیە.

ئاشبەتاڵی بیری کۆمۆنیزم بەوە ناپێورێ کە کۆمۆنیستەکان لە چەند وڵاتێکی ئەورووپای ڕۆژهەڵاتدا کەوتنە دەرەوەی بازنەی حوکمڕانی. لەهەموو ڕژێمێکی دیموکراسی پەرلەمانیدا حوکمڕانی دێتە دەست و لە دەستیش دەچێ. سۆسیال دیموکراتەکانی سوێد، پاش چل ساڵ حوکمڕانی، دۆڕانیان و کەوتنە دەرەوەی حوکمڕانی. لەگەڵ ئەوەش نە کوردۆ و نە کەسی تر بانگەوازی بۆ ئاشبەتاڵی بیری سۆسیال دیموکراتی سوێد نەکرد و زۆریشی پێ نەچوو گەڕانەوە سەر حوکمڕانی. بەڵام من تۆزی لەگەڵ کوردۆ دەبم و پێوەرەکەی ئەو بەکاردێنم بۆ ئاشبەتاڵی بیری کۆمۆنیزم، تا بزانین ئەو ئاشبەتاڵە لە کوێیە:

پاش هەڵبژاردنێکی تەواو ئازادی سەردەمی پێرسترۆیکا لە یەکێتی سۆڤیەتدا – کە کۆنترین و بەهێزترین دەسەڵاتی کۆمۆنیستەکانە – حوکمڕانی هەر لە دەستی هەمان حیزبی کۆمۆنیستدایە. هەمان شت لە بڵغاریاش ڕووی دا. لە پۆڵۆنیا سۆلیدارییەکان و کۆمۆنیستەکان پێکەوە حوکمڕانی دەکەن. ڕژێمی نوێی ڕۆمانیا بەوە تۆمەتبار دەکرێ کە هەر لە دەستی کۆمۆنیستەکاندایە و پاش هەڵبژاردنێکی ئازادیش. خۆ لە چین و ڤێتنام و لاووس و کەمبۆدیا و کۆریا و کووبا و یۆگۆسلاڤیا و ئەلبانیاش هێشتا کۆمۆنیستەکان حوکمڕانی دەکەن و – ئەگەر بیانەوێ – هەلی باشیشیان لە دەستدایە بۆ چارەی گیروگرفت و گەڕانەوەی باوەڕی جەماوەر بە خۆیان. لەو وڵاتانەش کە کۆمۆنیستەکان کەوتنە دەرەوەی حوکمڕانی هێشتا زووە بگوترێ ڕژێمی سەرمایەداری گەڕاوەتەوە.

جا ئەمە ئاشبەتاڵە، یان ئاش هەر دەگەڕێ و باراشهاڕیش زۆرن؟

لە گۆڕەپانی ململانێی ٧٠ ساڵی ڕابردوودا کۆمۆنیستەکان گەلێ گۆڵیان لە ڕژێمی سەرمایەداریی جیهان کرد. با ئەمڕۆ گۆڵێ بدۆڕێنن... سەرمایەداران! ئێوەو گۆڵێ! بەڵام یاری نەگەیشتۆتە کۆتایی. ئەوی جارێ بدۆڕێ هەموو جارێ هەر نادۆڕێ! ڕەنگە سۆسیالیزم بەو جۆرە دابین نەکرێ کە لە کتێبدا نووسراوە. بەڵام دواڕۆژ هەر بۆ سۆسیالیزمە، بۆ کۆمۆنیزمە! □

* * *

بەهادین نووری:

ساڵی ١٩٢٧ لە قەراخ– سلێمانی لەدایک بووە. لە ساڵی ١٩٤٠دا خێزانەکەی کۆچی کردووە بۆ سلێمانی. تا چواری سانەویی خوێندووە. لە ساڵی ١٩٤٦ەوە چووەتە ڕیزی حیزبی شیوعیی عێراقەوە. لە ١٩٥٣دا گیراوە و حوکمی ئەبەدی دراوە و لە ساڵی ١٩٥٨دا بەردراوە.

پێنج کتێبی بە زمانی عەرەبی بڵاوکردۆتەوە، یەکەمیان بەناوی (قریة فی سفح الحبل) کە باسی ژیانی گوندێکی کوردستانی عێراق لە ساڵانی سیپەکاندا دەکات. هەروەها گەلێ وتار و شتی سیاسی و ئەدەبیی هەیە. دوا کتێبی بە ناوی (وێرانە) لە ژێر چاپدایە و باسی وێرانکاریی کوردستانی عێراق لە ساڵی ١٩٨٨دا دەکات. هەر بەردەوامە لەسەر کاری سیاسی، بەڵام لە ١٩٨٤ەوە ڕیزی(ح.ش.ع.) ی بە جێهێشتووە. □

* * *

پرسیار

نەزەند بەگی خانی

منالْ بووم
جوانیی گوڵە حاجیلەم
لە پەنجەکانی خۆمدا دەبینی

لە پشت تانۆکی ڕەزی سێوان...
(دارا دوو داری دی)م دەخوێندەوە
بە ئەسپایی پەنجە سپییەکانم درێژ دەکرد
گوڵێکم دەقرتاند
«دەردەچم...دەرناچم، دەردەچم...دەرناچم...»
پەلکە حاجیلەکان کلۆبەفر ئاسا
بە غەنج و سەما
دەبارینە سەر سەوزەگیا.
من منالْ بووم
جوانیی گوڵە حاجیلەم
لە پەنجەکانی خۆمدا دەبینی

لە هەرزەکاریمدا
وانەکان کزەبا بوون
بە بن گوێمدا ئاوارە بوون
بە چرپە پەنجە بەهارییەکانم درێژ دەکرد
گوڵێکم دەپساند
«خۆشی دەوێم... خۆشی ناوێم،
خۆشی دەوێم... خۆشی ناوێم...؟»
پەلکە حاجیلەکان پەپوولە بوون
بە عیشوە و حەسرەت
دەنیشتنە سەر لاسکە گیاکان.

ئەوسا منالْ بووم
جوانیی گوڵە حاجیلەم
لە پەنجەکانی خۆمدا دەبینی
ئێستاش
سەراسیمە و پەتیار
وڵاتان گەڕام
وانەکان فێر بووم
فێر بووم... فێربووم... گەلێک فێربووم
پەلکە حاجیلەش
لەناو لۆچی پەنجە چرووساوەکانمدا گیان دەدا
ئاخۆ دەبێ بگەڕێمەوە؟
دەبێ بگەڕێمەوە؟
دەبێ بگەڕێمەوە؟

فەرهنسا

بێدەنگیی پرسیارێک

بیرم دەسووتێنێ

بەبۆنەی یادی دووساڵەی کارەساتی هەڵەبجەوە، هونەرمەندی لاو فەردین سادق ئەیوبی پێشانگەیەکی بۆ تابلۆکانی خۆی لە شاری سنەی کوردستانی ئێراندا کردەوە. پێشانگەکە بۆ ماوەی دە ڕۆژ بەردەوام بوو و خەڵکێکی زۆر سەریان لێ دا و بە چاوی ڕێزەوە لە بەرهەمەکانیان ڕوانی. پێشانگەکە نێو نرابوو (سلاخی عاطفه در حلبجه). ئەم گفتوگۆیە لەگەڵ کاک فەردینی هونەرمەنددا لە ڕۆژانی پێشانگەکەدا کراوە:

پ: تکایە خۆتان بە خوێنەرانی مامۆستای کورد بناسێنن.

و: ناوم فەردین سادق ئەیوبییە (فردین صادق ایوبي) و لە شۆڕشی بەهاری ١٣٤١دا دژی زستان هاتووەتە دنیاوە. خوێندنی سەرەتای و ڕێنوێنی (راهنمایی)م لە شاری سنە تەواو کردووە و ساڵی ٥٩ لە دانشسەرای هونەریی سنە، دیپلۆمم وەرگرت و ساڵی ٦٤ چوومە دانشکەدەی هونەرە جوانەکانی زانستگەی تاران و ئێستا دوا ساڵمە لەبەشی نیگارکێشاندا. پێشانگەی (سلاخی عاطفه در حلبجه) یەکەمین لەدایکبوونی هونەریم بوو، کە لە ١٨ تابلۆی ڕەنگی ڕۆن، یەک پۆستەری هاوڵئاسا بە نێوی (هەڵەبجەی بەهاری ١٩٨٨) کە سووڕم لە پارچەی جلی کوردی وەرگرتبوو، پێنج کاری کۆلاژ بۆ شیعر و ١٦ قەڵەمکێش بە کەرەسەی جیاواز، پێکهاتبوو. کارەکان بە شێوەی ڕیالیزم و ئێکسپرێسیۆنیزم بوون.

پ: بۆچی هەڵەبجەتان بۆ ناوی پێشانگەکە هەڵبژارد؟

و: مێژووی خەباتی نەتەوەی کورد سیمفۆنیایەکی شکۆدارە کە هەڵەبجە دوند و لووتکەکەیەتی. هونەرمەندانی ئێمە دەبێ هەڵەبجە وەک ئالایەک بەرز هەڵگرن و پێشانی هەموو میللەتانی دیی جیهانی بدەن. چونکە لە هەڵەبجە هەموو پێوانەکانی دژ مرۆڤ هاتنە جەنگی مرۆڤ و بایی و نرخە بەرزەکانی و شکان. ئەمڕۆ هەڵەبجە لە هەموو جوگرافیای سەرزەویدا جێگەی هەیە. من وەک یەکێکی خەڵکی پاناما، چیلی، ئەفریقا و هەموو ئەوانەی دەردی هاوبەشیان هەیە، ئەم کارەساتە کاری تێکردم.

پ: چیتان هەیە بە هونەرمەندان و کەسانی دیکەی بڵێن؟

و: ئامادەکردنی فێستیڤاڵێکی شکۆداری هونەری لە ساڵۆڕۆژی بۆمبارانی کیمیایی هەڵەبجەدا لەلایەن هونەرمەندانی کوردستان و جیهانەوە کە شانۆ، مۆسیقا، نیگار، وتا، فیلم، وێنە و بەشەکانی دیکەی هونەری تێدابێ. دەتوانێ مرۆڤایەتیی ئەمڕۆ وریا بکاتەوە کە هەڵەبجەمان لەیاد نەچێتەوە و چاومان بە هەڵەبجەی دیکە نەکەوێ.

بە هیوای چاکەی مرۆڤ، کۆمەڵگەی مرۆڤانە و ژیانی مرۆڤانە.

بیری من بە بێدەنگیی پرسیارێکی گەورە دەسووتێ:

گوتبوویان هەوا ڕەگەزێکی ژیانە بەڵام کەسێ ئەوەی باس نەکردبوو

ئەگەر دەتەوێ زیندوو بمێنیتەوە هەناسە مەدە!!

بەختیار ئامادەی کردووە □

بەسەرکردنەوە

یەکێ لە ڕێوشوێنە ناسراوەکانی ڕۆژنامە و ڕۆژنامەگەری ئەوەیە سەرچاوەیەک کە شتی لێوە وەردەگیرێ و دەگوێزرێتەوە، ناو ببرێ و دیاری بکرێ. لە وڵاتانی ئەورووپادا قانوونی تایبەتی بۆ ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی ئەم کارە هەیە و گەلێ جار سەرپێچی کردنی دەبێتە هۆی سزادانی ڕۆژنامەگەر یان خاوەن و دەرهێنەری ڕۆژنامەکە. دیارە هەلومەرجی ڕۆژنامەگەریی کوردی و گەلی کورد خۆی لە بارێکدا نییە کە قانوونمان بۆ ئەم بەشەی ژیانی فەرهەنگیمان هەبێ. دەمێنێتەوە سەر ئەوەی ڕۆژنامەگەر خۆی چەندە بە دەستپاکی و ئەمانەت و بە هەستی بەرپرسیارییەوە کارەکەی ئەنجام دەدات و سەرچاوەی نووسین و گواستنەوەکانی دیاری دەکات.

لە ڕۆژی دەرچوونی یەکەم ژمارەی مامۆستای کوردەوە و تا ئەمڕۆ گەلێ گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردی و عارەبی ئاگاداری و زانیارییان لێوە وەرگرتووە و لای خۆیان بڵاویان کردۆتەوە. هەندێ لەمانە مامۆستای کوردیان وەک سەرچاوە دەستنیشان کردووە و ژمارە و لاپەڕەشیان دیاری کردووە، ئێمە بەو بۆنەیەوە سوپاسیان دەکەین. بەڵام هەندێکی دیکە گوێیان بەو ڕێوشوێنە نەداوە و لەبەر هەر هۆیەک بێ، باسی ئەوەیان نەکردووە کە سەرچاوەی زانیارییەکانیان گۆڤاری مامۆستای کوردە. لە خوارەوە ناوی ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانەی مامۆستای کوردیان وەک سەرچاوە باس نەکردووە، دەنووسین، بەو هیوایەی لە داهاتوودا ئەمە ڕوو نەداتەوە. ئەم هەنگاوەی ئێمە نە سەرکۆنەیە و نەگلەیی، تەنیا وەبیرهێنانەوە و بەسەرکردنەوەیە.

«مامۆستای کورد»

-گۆڤاری (ڕێگای ئاشتی و سۆسیالیزم)ی سەر بە حیزبی کۆمۆنیستی عێراق. لە ژمارە ١٢، ساڵی سێهەم، ئایاری ١٩٨٨، ل ٢٨-٥٦ (گفتوگۆیەک لەگەڵ کاک عەزیز محەمەد)ی لە ژمارە ٤-٥ی مامۆستای کوردەوە وەرگرتووە.

- ڕۆژنامەی (ڕێبازی نوێ)ی سەر بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە ژمارە نوێ ١٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٩ ل ٨-٩دا (نامەی کوردەکانی ئەرمەنستان بۆ گۆرباچۆڤ) و (نامەی سەیدا جاسمێ جەلیل بۆ گۆرباچۆڤ)ی لە ژمارەی حەوتەمی مامۆستای کوردەوە وەرگرتووە.

- ڕۆژنامەی (سەربەخۆیی)، ئۆرگانی پاسۆک، لە ژمارە ١٧ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٩دا (نامەی کوردەکانی ئەرمەنستان بۆسەرکردایەتیی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەت و دەوڵەتی سۆڤیەت)ی لە ژمارەی حەوتەمی مامۆستای کوردەوە وەرگرتووە.

- گۆڤاری (پێشەنگ) کە لە لایەن پارتی دیموکراتی گەلی کوردستانەوە بڵاودەکرێتەوە، لە ژمارەی ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٨٩دا (نامەی کوردەکانی ئەرمینیا بۆ گۆرباتشۆڤ!!)ی لە ژمارەی حەوتەمی مامۆستای کوردەوە وەرگرتووە و لێرە و لەوێ یەک دوو وشەیان لێ گۆڕیوە.

- گۆڤاری (پێشەنگ)، ژمارە ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٨٩ (نامەی سەیدا جاسمێ جەلیل بۆ گۆرباتشۆڤ!!)ی لە ژمارەی حەوتەمی مامۆستای کوردەوە وەرگرتووە.

- ڕۆژنامەی (گەل= الشعب)ی ئۆرگانی عەرەبیزمانی پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان، لە ژمارە ٣٧ی سەرەتای ئازاری ١٩٩٠دا وتاری (گەشتێک بە کوردستانی سۆڤیەتدا)ی لە ژمارەی حەوتەمی مامۆستای کوردەوە وەرگرتووە و کردوویانە بە عەرەبی.

- کتێبی (شیوەنی ئینسانی: بۆ شەهیدانی هەڵەبجە، کۆکردنەوەی: تەنیا) شیعری (گوڵی ئاخ)ی مامۆستا مەلا عومەری ساڵحی ساحێبی بڵاوکردۆتەوە، بێ ئەوەی ئەوە دەستنیشان بکات کە شیعرەکە یەکەمجار لە ژمارەی حەوتەمی مامۆستای کوردا بڵاوبۆتەوە. □

ساغ لە دنیادا نەماوە گەر قسەی ساغت دەوێ
بێ هەزارت پێ نیشاندەم گەر قوڕومساغت دەوێ

شێخ ڕەزا

وەرامی دۆستان

بۆ خاوەنی ئەم بەرهەمانە:

- کوردستانەکەم (شیعر)
- کاغەزەکا نوی بۆ یارا من، شیرەتا گوزێ (شیعر)
- بۆ باوکی نەمر بارزانی (شیعر)
- جوگرافیای شاری هەڵەبجە و هەڵوێستی خەڵکە قارەمانەکەی (وتار)
- زیندان (کورتە چیرۆک)
- چیرۆکی دووپشک و بۆق (وتاری سیاسی)
- تەکتیک و دیپلۆماسیەت یان خۆبەستن بە بێگانە (وتار و لێکۆڵینەوە)
- تا (چیرۆک)
- مێژوو دووپات ئەبێتەوە (وتاری مێژوویی)
- سەرکردەکان (شیعر)
- وەتەن خۆشم دەوێی (پەخشان)
- ئەستێرە گەشە (شیعر)
- زینێ (کورتە چیرۆک)
- گریانی مەستانە (شیعر)
- مەرگی دەریا، ئاوازی ئازادی (دوو شیعر)
- سەربەستیمان دەوێتەوە، دایە من کێم، نایدۆڕێنم (سێ شیعر)
- ماسی گرە، ڕۆژنامە...، تۆ هەتاوی (سێ شیعر)
- ئەوین و نیشتمان، تنۆکەیەک ئەسرین، لە ئامێزی هەژمەکاندا، ستڕانی شایی، ئایەکانی ژین، لەگەڵ گەلا بەرەو شاری سەربەخۆیی، بۆ یارەکەم (شەش شیعر)
- نیشتمانم، بۆ چاوی شینی ڕێبوارێک، لێم گەڕێن بگریم بە کوڵ (سێ شیعر)
- پەرجوو (شیعر)
- دەزگای ئاساییش (کورتە چیرۆک)
- وێنەی وڵاتم (شیعر)
- تۆی نەمر ئازادی (شیعر)
- زەماوەندی سەربەستی (شیعر)
- کۆرپەی خوێناوی، پاریزەری وڵات (دوو کورتە چیرۆک)
- مامۆستا هەژاری شاعیر و شۆڕشگێڕ و ئەدیبی دەست و قەڵەم ڕەنگینی کورد (لێکۆڵینەوەی ئەدەبی)
- مایەی سەرکەوتن کۆڵنەدانە، بنووسن (وتار)
- سێ سەدە چەقین (ڕوونکردنەوە)

ببوورن کە ناتوانین بەرهەمەکانتان بڵاوبکەینەوە.

- کاک عەزیز (کوردستانی ئێران): کە شیعرەکانت پێشتر لە گۆڤارێکی دیکەدا بڵاوبوونەتەوە، ئیدی ئێمە نامانەوێ سەرلەنوێ بڵاویان بکەینەوە.
- برای هێژا کاک عەبدولڕەحمان (سنە): لە «مامۆستای کورد»دا ڕێگە بە هەموو جۆرە بیروباوەڕێک دەدرێ و ئێمە دژی ئەوەین سانسۆر بخرێتە سەر بیر. سانسۆری ئێمە هونەری و زمانەوانییە، واتە ئەگەر بەرهەمێ یان وتارێ بە زمانێکی لەنگ و لە پلەیەکی هونەری و لۆژیکیی نزمدا نووسرابێ، بڵاوی ناکەینەوە. زۆرمان پێخۆشە لە بارەی ئەو بیروباوەڕەوە، کە خۆت بە باشی دەزانی، وتار و لێکۆڵینەوەی زانستیمان بۆ بنێری.

ئێمە شەڕەقسە و شەڕەنووسین بە ڕێگای لەیەک تێگەیشتن دەزانین، ئەگەر لە کوردستاندا دیموکراسی و ئازادی هەبوایە و خەڵک بیتوانیایە بە ئازادی بیروباوەڕی خۆی دەربڕێ، کار نەدەگەیشتە شەڕەتفەنگ و دە ساڵ شەڕی براکوژی. بوونی ئەو هەموو بیروباوەڕە جیاوازە لە «مامۆستای کورد»دا بۆخۆی نیشانەی سەربەخۆییی گۆڤارەکەیە.

- مامە خەمە (شاخی سوورین): ئەو نووسراوە لە ئەورووپاش کەوتۆتە بەرچاوی خەڵک. وا پێ دەچێ دەزگاکانی سەر بە ڕژێمی عێراق بڵاوی بکەنەوە. وەرامدانەوەی بە پێویست نازانین.

- بۆ وەرگێڕی کورتەچیرۆکی (پەڕی سیمورغ)ی مەنسووری یاقووتی: ئێمە وای بە چاک دەزانین لە زمانانی دیکەوە (ئینگلیزی، فرانسەیی، ئاڵمانی، ڕووسی، سپانیایی... هتد) شت بکرێ بە کوردی. زۆربەی خوێنەرانی ڕۆژهەڵات و خوارووی کوردستان ئاشنای بەرهەمەکانی یاقووتین.

- باوکی سیڤەر (پاکستان): لە نێوان دوو ژمارەی مامۆستای

کورددا، باوەڕ بفەرموو، ١٥٠-٢٠٠ نامەمان بۆ دێت. ئێمە ناتوانین هەموو نامەکان بڵاوبکەینەوە. لە هەموو نامەکان ٧-٨ نامە هەڵدەبژێرین (ئەوانەی شتێکی تازەیان تێدایە و شتێکی گرنگیان گوتووە) و لەوانەش تەنها چەند بڕگەیەک یان چەند دێڕێک، کە پوختەی مەبەستی نووسەرەکە پێشان دەدات.

– کاک گۆران ئا. ر. (پاکستان): باسێکت هێناوەتە گۆڕێ، کە دەکێشێتەوە سەر فەلسەفە و شارستانێتی و پەروەردەکردنی نەتەوە. بەداخەوە ناتوانین لێرەدا وەرامت بدەینەوە. خۆزگە هەر ئەو بیروباوەڕانەت لە چوارچێوەی وتارێکی ڕێکوپێکدا دەربڕیایە و بۆت بناردینایە.

– نووسەری بەڕێزی وتاری (سانسەهاکی بەرزنجی و ڕێ و ڕچەی یارسان): زانیارییەکانی ناو ئەم وتارە دووبارەکردنەوەی گەلێ لە بەرهەم و نووسراوەکانی خۆتانن.

– وەرگێڕی چیرۆکی (بووگاتیر)ی سالتیکۆف شچدرین: چیرۆکەکەت جوان وەرگێڕاوە، بەڵام ئێمە پێمان خۆش نییە تەرجەمەی دەستی دوو بڵاوبکەینەوە، با ڕووسیزانێک یەکسەر لە ڕووسیرا بیکا بە کوردی.

– کاک م. باقی (مەهاباد):

(١)– ئەگەر هەموو شیعرەکانی شێخ ڕەزاش دووبارە و دەبارە بکەینەوە، هێشتا، وەک پێویست دەکات، ئەرکی خۆمانمان بەرانبەر ئەو گەورەپیاوەی مێژووی ئەدەبی کوردی بەجێ نەهێناوە.

(٢)– باوەڕ بفەرموو ئەگەر سەرتاسەری لاپەڕەکانی گۆڤارەکە بۆ باسکردن و لێکۆڵینەوە «لەمەڕ» دیموکراسی تەرخان بکەین، هێندەی ئەوە کاریگەر نابێ کە بە کردەوە، بە پراکتیک، بە ئەزموونی بەرچاو و هەستپێکراو پێشانی بدەین دیموکراسی چییە و چۆن کاری پێ دەکرێ. ئەوجا ئەگەر هەموو کەس مامۆستای کوردی بەدڵ بێ، دەبێ لە خۆمان و بیروباوەڕمان بکەوینە گومانەوە و ترسمان لێ بنیشێ.

– برای هێژا کاک مەرسووم گەشبین: دڵنیابە ئێمەش حەز دەکەین بەرهەم بە هەموو زاراوەکانی زمانی کوردی بڵاوبکەینەوە، بەڵام زۆرێشمان بەلاوە گرنگە پلەی هونەری و فەرهەنگیی گۆڤارەکە هەمیشە ڕوو لە هەوراز بێ، نەک نەوی بێت. هەر بۆ نموونە بڕوانە چیرۆکی (گوڵێ– ژمارە ٨) و (بۆ کۆترەکان ئەگریم– ژمارە نۆ) کە بە زاراوەی جیاواز نووسراون و لەڕووی هونەرییەوە جوان و بەرز و سەرکەوتوون.

«مامۆستای کورد» □

نەبەز: پێشانگەی مۆسیقا و هونەری کوردی

هاوینی ١٩٩٠ بۆ ناوچەی هێرنۆیساند (Härnösand)ی سوێد هاوینێکی کوردانە بوو. بە هاوکاریی نێوان سێ دەزگای فەرهەنگیی ئەو هەرێمە: کتێبخانەی هێرنۆیساند، دامەزراوەی مۆسیقای هەرێم و مۆزەخانەی هەرێم (موورباڕیەت)، پێشانگەیەک ئامادەکرا و سەرتاسەری هاوینەکە بەردەوام بوو. ئەستێرەی گەشی پێشانگەکە هونەرمەندی کورد، لاوی مۆسیقازان (نەبەز محێدین) بوو.

پێشانگەکە بریتی بوو لە بەراوێکی هەموو لایەنەی ژیان و هونەر و مۆسیقای دوو گەل: کورد و سوێدی. نموونەی جلی ڕەنگاوڕەنگی ژنان و پیاوانی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان، پەیکەری لە دار تاشراوی هەڵپەڕکێی کوردی، سەیرانی کوردەواری، چای و چایدان و قاڵی و ڕایەخ و گەلێ لایەنی دیکەش. سەرەڕای هەموو ئەوەش، نەبەز هەموو ڕۆژێ چەند پارچە مۆسیقای کوردیی پێشکەش دەکرد. لەماوەی ئەم هاوینەدا هەزاران کەس هاتنە سەردانی پێشانگەکە.

بەرنامەی ڕۆژی یەکشەممەی ١٩٩٠/٧/٢٢ بەرنامەیەکی نێونەتەوەیی بوو. لە هۆڵی مۆزەخانەی هەرێمدا، فەرهاد شاکەلی باسی مێژووی شیعری کوردی و ئەزموونی شاعیریی خۆی بۆ ئامادەبووان کرد و پاشان چەند شیعرێکی خۆی بە کوردی خوێندەوە و هاوکاتیش شیعرەکان بە سوێدی دەخوێندرانەوە. لاوانی کۆمەڵی کوردی شاری سوندسڤاڵ بە جلی کوردییەوە هەڵپەڕکێیان کرد و خۆراک و شیوی کوردییان ئامادە کردبوو. نەبەز محێدینی هونەرمەندیش بە ئاوازی هەستبزوێن و سەرنجڕاکێشی مۆسیقای کوردی هەست و دڵی هەمووانی دەخستە شنەشن. □

کتێبخانەی مامۆستای کورد

– لەتیف بەرزنجی: شێخ مەحموود لە شیعری کوردیدا (بەرگی یەکەم)، لە چاپکراوەکانی ئەمیندارێتیی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوان، هەولێر ١٩٩٠، ١١٢ ل.

– جاڕی گەردوونیی مافی مرۆڤ (بە زمانی کوردی، فرانسی، ئینگلیزی، تورکی و عارەبی) ئەنستیتوتی کوردی لە پاریس بڵاوی کردۆتەوە، ١٩٩٠، ٩٨ ل.

– پەیڕەو و پرۆگرامی ڕێکخراوی خوێندکارانی سۆسیالیستی کورد لە ئەروپا. سۆکسە ١٩٨٩، ١٤ ل.

– ڕەمەزان عیسا: داستانا عشقا نەمر (شیعر)، ژ وەشانێن کۆمەڵا نڤیسەرێن کوردستانێ، ١٩٩٠، ١٤٤ ل.

– دەربارەی مانای سەربەستی (وانە ئیسلامییەکان ١٦) بڵاوکراوەی ئەلبەلاغ، تاران، ١٤٠٨ی کۆچی، ٣٦ ل.

– ڕۆژژمێری کاوە: ١٣٦٩، بڵاوکەرەوەی: مؤسسۀ راهنمائی نیازمندیهای استان کردستان.

– ڕۆژژمێری کوردی: ڕاپەڕین، ساڵی ٢٦٠٢ی کوردی. لە بڵاوکراوەکانی دەنگی ڕاپەڕین، کوردستان.

– کۆڕی ڕۆشنبیریی لاوانی کورد: بەرنامە و پەیڕەوی نێوخۆ، کوردستان ١٩٩٠، ١٦ ل.

– ئەحمەد قەرەنی: شۆڕەشێن بێدەنگێن ئەدەبی و پەرەسەندنا ئیدیۆلۆژیکا کوردی، بەرەف ڕەوشنبیریەکا نەتەوەیی یا پێشکەفتنخواز. ژ وەشانێن کۆمەلا نڤیسکارێن کوردستان. ١٩٩٠، ١٥٢ل.

– ئەحمەد قەرەنی: شۆڕشا ئەڤینێ ماکا ئەڤینییا شۆڕشان/ بێدەنگییا خالێن سۆر (دوو دیوانی شیعرە لەیەک بەرگدا)، ژ وەشانێد کۆمەلا نڤیسەرێد کوردستانێ، ٦٤ + ١٢٠ ل، ١٩٩٠.

– ئیدریس چەلکی: شەڤسترانێد زێی (شیعر)، بەلاڤزکێد چاپخانا گەل، ئادارا ١٩٨٩، ٧٢ ل.

– عەرەبێ شەمۆ: شڤانێ کورد (بە کوردی و فرانسی)، لە بڵاوکراوەکانی ئەنستیتوتی کوردی پاریس، ١٩٨٩، ٣٢٦ ل.

– ڕێبوار سیومیلی: گۆرانییەک بۆ گوندە سووتاوەکان (شیعر)، کۆپنهاگن، دانمارک ١٩٨٩، ١٠٨ ل.

– آیت‌الله شێخ مردوخ کردستانی: فرهنگ مردوخ: کردی، فارسی، عربی. (جلد اول آ–ز) (جلد دوم س–ی) چاپ دوم، انتشارات غریقی، سنندج، بهار ١٣٦٢، جلد اول ٩٨١ص + جلد دوم ٩٦١ ص.

– خالید عەزیزی: جوولانەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد و شۆڤێنیسمی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، سوێد، ١٩٩٠، ٢٦ ل.

– شیومنی ئینسانی، بۆ شەهیدانی هەڵەبجە. کۆکردنەوەی تەنیا.(کات و شوێنی چاپی دیاری نەکراوە!!) ٢٩٤ ل.

– پرۆگرامی پارتی دیموکراتی کوردستان– عێراق (کۆنگرەی دەیەم بڕیاری لەسەر داوە)، چاپخانەی خەبات، کانوونی دووەمی ١٩٨٩، ٥٢ ل.

– حەمە سەعید حەسەن: لە سایەی چەقۆدا (کۆمەڵە شیعر)، چاپخانەی هەڵەبجە، سوێد، ١٩٩٠، ٥٨ ل.

– کریس کۆچیرا: مێژووی کورد لە سەدەی ١٩–٢٠دا، وەرگێڕ: محەمەد ڕەیانی، چاپخانەی کارون، تاران، بەهاری ١٣٦٩، ٥٩٦ ل.

– ئانتوان دوسێنت ئەگزوپێری: شازادە چکۆلە (ڕۆمان)، وەرگێڕ لە فارسییەوە: مستەفا ئیلخانیزادە، چاپی یەکەم، بەهاری ١٣٦٩، کوردستانی ئێران، ١٥٤ ل.

– سەرەڕای سەختی، کاروان بەرەوپێش دەچێت. ڕاپۆرتی کۆنگرەی دووەمی پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان، سامی عەبدولڕەحمان پێشکەشی کردووە، چاپخانەی گەل، کوردستان، ئایاری ١٩٩٠، ١٨٨ل.

– دوو بەیتییەکانی مەلا عومەری ساڵحی ساحێب (کۆلیل)، ئامادەکراوی: سەید عەبدوڵلای سەمەدی، پەخشخانەی محەمەدی، سەقز، کوردستانی ئێران ١٩٩٠.

– ئەحمەد تاقانە: بەیادی تیترواسکەوە (کۆمەڵە شیعر)، چاپخانەی ڕۆشنبیری و لاوان، هەولێر، کوردستان ١٩٩٠، ١١٦ ل.

– محەمەد ئەمین پێنجوێنی: گرێژمنە (شیعر)، کوردستانی عێراق ١٩٩٠، ١٢٦ ل.

– ڤولڤگانگ لێونهارد: کۆمۆنیزمی ئەورووپایی، راستبوونەوەیەک بە رووی خۆرهەڵات و خۆرئاوادا، کوردی عەلی لە ئاڵەمانییەوە کردوویە بە کوردی، سالزبورگ، ١٩٩٠، ٢٢٢ ل.

– ئەندازیار خوسرەو جاف: دائیرە تولەعاریف، فەرهەنگی زانیاری و هونەر (بەرگی یەکەم) لە بڵاوکراوەکانی ئەیندارێتیی رۆشنبیری و لاوان، ١٩٨٩، ٨٠٠ ل.

– پەنگر: جیهانی سێ (هۆنراوە) ١٩٩٠ (جێگەی چاپ دیار نییە)، ٥١ ل.

– ئەحمەد قەرەنی: مە ژین لبەرە: چیرۆکا ئەڤینیا خەجێ و مستەفای، چاپخانا خەبات ١٩٩٠، ١٠٢ ل.

– دیوانی موفتی پێنجوێنی (مەلا عەبدوڵڵای تووتنچی) کۆکردنەوە و ئامادەکردنی ئومێد ئاشنا و عەبدولکەریم موفتی، پیاچوونەوەی عوسمان هەورامی، چاپی یەکەم، بەغدا ١٩٩٠، ٢٧٢ ل.

– مەلا زاهیدێ دیاربەکری: هەردووبات. وەرگێر ژ تیپێن کوردی بۆ لاتینی: زمینەلعابدین زنار. وەشانێن ئاپێک، ستۆکهۆڵم ١٩٩٠، ٧٤ ل.

– م.م.: جولة في عالم الادبيات الفولكلورية الكردية «اللهجة الكلهورية» من منشورات مطبعة گەل، تموز ١٩٩٠، ٧٤ ص.

– شەونم بەرزنجی: کات بۆ ٢٥ ئەچێ (هۆنراوە)، لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی نووسەرانی کوردستان (٧). چاپخانەی خەبات ١٩٩٠، ٩٢ ل.

– عەزیز: گۆڕینی شێوەی شەڕ بە پیاچوونەوەی واقعبینانە. لە بڵاوکراوەکانی راگەیاندنی لقی سلێمانیی حیزبی سۆسیالیستی کوردستان– عێراق، چاپی یەکەم، ئازاری ١٩٩٠، ٤١ ل.

– محەمەد حەمە باقی: گوڵەکانی دۆزەخ (شیعر)، چاپەمەنیی محەمەدی– سەقز (کوردستانی ئێران)، چاپی یەکەم ١٩٩٠، ١٤٤ ل.

–دکتۆر بلەچ شێرگۆ: کێشەی کورد، مێژینە و ئێستای کورد، محەمەد حەمە باقی لە عەرەبییەوە کردوویە بە کوردی، چاپی دووەم، ١٢٩ ل.

– عەلیێ عەقدلەرحمان: شەڕ چیادا (رۆمان)، یەرێڤان ١٩٨٩، ٤٦٠ ل.

– خۆتان و خێزانتان بپارێزن (وانە ئیسلامییەکان–١٧)، دامەزراوەی ئەلبەلاغ، تاران– ١٤٠٨ی کۆچی، ٤٦ ل.

– جەزا چنگیانی: چرەی شاوێکی تەنهایی (شیعر)، ئەڵمانیا (ی رۆژاوا!)، ١٩٩٠، ١٠٨ ل.

– سروە: پەلکە زێڕینە (کتێبی کوردی خوێندن بۆ منداڵانی کورد لە سوێد)، وێنە: تارا ماردین. ستۆکهۆڵم، ١٠٧ ل.

– قادرۆک: نێرگز و مەرگی هەڵەبجە، راگوێز (دوو شانۆنامە)، چاپخانەی خەبات، چاپی یەکەم ١٩٩٠، ١٧٨ ل.

– مارک تواین: دوانەی سەیروسەمەرە (رۆمان)، وەرگێڕ: قازی ئەحمەد، ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی (ئینتشاراتی سەلاحەددینی ئەییوبی)، چاپی یەکەم ١٣٦٩، ١٩٠ + ١٠ ل.

– رەفیق حلمی: یادداشت، کوردستانی عیراق و شۆڕشەکانی شێخ مەحموود. بەشی یەکەم و بەشی دووەم. سەرلەنوێ لە کوردستانی ئێران چاپ کراونەوە، ٦٤٨ ل.

– هاوڕێ نەمەڵی: شاخ (کورتە چیرۆک)، چاپی یەکەم، لەندەن ١٩٩٠، ٥٦ ل.

– م.م.: ضياع في مروى– قصص قصيرة–، مطبعة گەل، ١٩٩٠، ٤٠ ص

– خالد خالد: كيف تعالج الدساتير العراقية الحقوق القومية للشعب الكردى؟ –دراسة مقارنة بين النظرية والتطبيق–، السويد، شباط ١٩٩٠، ١٨٤ ص.

– هادى رشيد الچاوشلي: المظاهر الاقتصادية في تراث منطقة كردستان، بغداد، ١٩٨٧، ٦٦ص.

– سيسيل جى. ادموندز: كردها، تركها، عربها، ترجمهء ابراهيم يونسى، انتشارات روزبهان، تهران ١٣٦٧، ٥٥٢ ص.

– كليم‌الله توحيدى اوغازى: حركت تاريخى كرد به خراسان در دفاع از استقلال ايران (جلد ٣)، مشهد ١٣٦٦، ٦٠٠ ص.

– ابوبكر خانچه سپهرالدين" زندگينامه عارف ربانى حضرت شيخ يوسف ملقب به شمس‌الدين برهانى (قدس سره)، انتشارات صلاح‌الدين ايوبى، مركز نشر فرهنگ و ادبيات كردى، ارومیه ١٣٦٨، ٤٥٢ ص.

– أ. كاوه: الحملة على باديناں واوضاع اللاجئين، دراسة احصائية عامة. من منشورات الجبهة الكردستانية العراقية، آذار ١٩٩٠، ١٧٢ ص.

– احمد قاضى: دستور زبان كردى (به دو زبان فارسى و كردى)، شامل تست و تمرين، مركز نشر فرهنگ و ادبيات كردى (انتشارات صلاح‌الدين ايوبى)، ارومیه، ١٣٦٧، ١٣٢، ١٢٢ ص.

– امير شرفخان بدليسى: شرفنامه: تاريخ مفصل كردستان. با مقدمه و تعليقات و فهارس بقلم محمد عباسى. ناشر: على اكبر علمى، مؤسسة مطبوعات علمى، چاپ دوم، ١٣٦٤، صدو دوازده + ٩١٧ ص.

– منهاج الحزب الدمقراطي الكردستانى/ العراق (اقرة المؤمتر العاشر في كانون الاول ١٩٨٩) ٣٠ ص.

– القرارات السياسية والبلاغ الختامى للمؤتمر العاشر للحزب الديموقراطي الكردستاني–العراق (المنعقد في كانون الاول ١٩٨٩) ٣٢ ص.

– النظام الداخلي للحزب الديمقراطي الكردستاني/ العراق (اقرة المؤتمر العاشر في كانون الاول ١٩٨٩) ٣٢ ص.

– الدكتور كمال مظهر أحمد: صفحات من تاريخ العراق (دراسات تحليلية)، منشورات مكتبة البدليسي، بغداد، ١٩٨٧، ١٩٦ ص.

– صلاح سعدالله: عن لغة الكرد وتأريخهم (نقد في الثقافة الكردية)، مطبعة شفيق بغداد، ١٩٨٩، ٢٨ ص.

– الدكتور عزالدين مصطفى رسول: دراسة في أدب الفولكلور الكردي، دار الثقافة والنشر الكردى، وزارة الثقافة والاعلام، بغداد، ١٩٨٧، ٢٠٨ ص.

- Kurt ulusal bayrami, Newroz, 1990, Victoria Kurdistanlibar Dernegi, 40 s.

- Kurish National celebrations, Newroz 1990, Information Booklet, produced by the kurdish Association of Victoria. 36 p.

- Line Karisen: Hvad sker der i kurdistan? Danmark? 34 s.

- Ferda Turan: Att arbeta med flyktingar; kurdiska projektet 1984/1990, spånga 1990, 160s.

- Documentation of the internatoinal conference on Human Rights in kurdistan, published by the initiative for Human Rights in Kurdistan, Bremen, FRG, 1989, 236 +xxv pp.

– CEDRI (comitê Européen pour la defênse des refugiês et immigrês): Kriminaliseringen av kurdistans Arbetspartiet (PKK), Stockholm, 1989, 98 s.

- Muhammad Kamal: Hgeles Metalogic: a critical study of Hegeley dialectic, Royal Book company, Karachi, Pakistan 1989, 150 p.

–Per linde: Boendeförhållanden kurder i Tensta och Rinkeby, kurdiska projektet, 1989, 94 s.

پێر لیندە: هەڵومەرجی نیشتەجێبونی کورد لە تێنستا و رینکەبی، پرۆژەی کوردی بڵاوی کردۆتەوە، ١٩٨٩، ٩٤ ل.

– فەهمی کاکەیی: مینای چاو جوان، (چیرۆکی منداڵان) چاپخانەی ئارارات، سوێد ١٩٩٠، ١١٤ ل.

* * *

رۆژنامە و گۆڤار

– کوردنامە: دەنگی کاک. ژمارە ١٥، مارتی ١٩٩٠ / ژمارە ١٦ حوزەیرانی ١٩٩٠ / ژمارە ١٧، ئۆکتۆبەری ١٩٩٠.

– سۆسیالیست: گۆڤارێکی تیۆرییە، حیزبی سۆسیالیستی کوردستانی عێراق دەری دەکات، ژمارە ١٦، ساڵی نۆیەم، مارتی ١٩٩٠.

– خوێندکاری کورد، گۆڤاری ریکخراوی خوێندکارانی سۆسیالیستی کوردە لە ئەورووپا، ژمارە ١٦، مارتی ١٩٩٠.

– بانگ: گۆڤاری کۆمەڵەی نووسەرانی کوردستان، ژمارە: ٢، ئاداری ١٩٩٠.

– جودي: مجلة شهرية تصدرها اللجنة الاعلامية في پارتيا ئيسلاميا كوردستانى (به زمانانى عارەبى، فارسى، كوردى و ئينگليزى)، العدد ١، السنه ٩، اكتوبر ١٩٨٩، ربيع الثاني ١٤١٠ هـ.ق.

– جوودی (بە زمانی تورکی و کوردی): پارتیا ئیسلامیا کوردستانێ دەری دەکات، ژمارە ٢، نیسانی ١٩٩٠.

– پێشەنگ، گۆڤارێکی رامیاری و رۆشنبیرییە، راگەیاندنی ناوەندیی پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان دەری دەکات، ژمارە (١٨)، تشرینی دووەمی ١٩٨٩.

– سروە: گۆڤارێکی فەرهەنگی– ئەدەبی، ناوەندیی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی– ورمێ، ژمارە ٤٥، ساڵی شەشەم، خاکەلێوەی ١٣٦٩.

– هاوسەر: گۆڤارێکی رۆشنبیری ی گشتییە– مەڵبەندی کولتوری کوردستانی لە نەرویج بڵاوی دەکاتەوە، ژمارە ٣، ساڵی یەکەم ١٩٩٠.

– ئاوینە: گۆڤارێکی ئەدەبی، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتییە، هەر دوو مانگ جارێک بڵاودەبێتەوە. ژمارەی یەکەم (رێبەندان و رەشەمەی ١٣٦٨) ژمارە ٢و٣ (جۆزەردان– پووشپەڕ ١٣٦٩)، ژمارە ٤ (گەلاوێژ و خەرمانان) ناونیشان: ایران، تهران– ص. ب. ١٤١٥٥/١٣١٣ قسمت کردی، مجله ئاوینە.

– خەبات (النضال): ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان– عێراق، ژمارە ٥–٦، ناوەڕاستی ئایار ١٩٩٠.

– مەڵبەند: هاوڵانامەیەکی مانگانەی مەڵبەندی رۆشنبیریی کوردە لە لەندەن، ژمارە ٧، تەمووزی ١٩٩٠.

– دەنگوباسی کوردستان: هاوڵانامەی بەشی راگەیاندنی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان– عێراق. ژمارە ١٩٣، ئایاری ١٩٩٠.

–ئاڵا: ئۆرگانی پارتی سەربەخۆیی کوردستان، ژمارە ١٣– ١٤ خەرمانانی ١٩٩٠.

– ئاڵا: ئۆرگانی ناوەندی ئاڵای شۆڕش– کۆنفرانس. ژمارە ١٨ ساڵی سێیەم ئەیلوولی ١٩٩٠.

- سەربەخۆیی: ئۆرگانی ناوەندی پارتی سۆسیالیستی کورد (پاسۆک)، ژمارە ١٩، ٢٠، ٢١، ٢٢، ٢٣ (کانوونی یەکەمی ١٩٨٩- حوزەیرانی ١٩٩٠)

-ریگای ئازادی: ئۆرگانی ناوەندی حیزبی سۆسیالیستی کوردستان- عێراق ژمارە ٦٧ ساڵی دەیەم، ئابی ١٩٩٠.

-راپەرین: پاشکۆی گۆڤاری نەفیرە بە زمانی کوردی لەلایەن بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراقەوە دەردەچێت. ژمارە ١١ ئابی ١٩٩٠.

- بانگ: گۆڤاری کۆمەڵەی نووسەرانی کوردستان، ژمارە ٣ ئایاری ١٩٩٠ ژمارە ٤ ئابی ١٩٩٠

- سوورین: ئۆرگانی لقی سلێمانیی حزبی سۆسیالیستی کوردستان- عێراق ژمارە ٦١، ٦٢، ساڵی شەشەم، ئایار و حوزەیرانی ١٩٩٠.

- بارزان: رۆژنامەیەکی گشتییە، ژمارە ٤ ئەیلوولی ١٩٩٠.

- نووسەر: ئۆرگانی یەکێتیی نووسەرانی کورد لە سوێد ژمارە ١، سێپتەمبەری ١٩٩٠.

- یەکگرتن: گۆڤارێکی رۆشنبیریی تیۆرییە، لە دانمارک دەردەچێ، ژمارە ١١، بەهاری ١٩٩٠.

- رەنگین: گۆڤارێکی مانگانەی سیاسیی گشتییە، دەزگای رۆشنبیری و باڵاوکردنەوەی کوردی لە وەزارەتی رۆشنبیری و راگەیاندن لە بەغدا دەری ئەکات. ژمارە ٢٨ی ساڵی ١٩٩٠.

- کوردستان: گۆڤارێکی رامیاری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و گشتییە. دەنگی کۆنگریسی نەتەوەیی کورد لە ئەمەریکای ژۆری، ژمارە ١، ساڵی ١٩٩٠.

- بەرگەھ: کۆڤارا سیاسی، چاندی، لێکۆلینی، ژمارە ٥ / ١٩٩٠.

- رەنگاڵە: گۆڤاری یەکێتیی هونەرمەندانی کوردستان، کۆمیتەی شاخ، ژمارە ٢، هاوینی ١٩٩٠.

- دەنگی باوەڕ: مانگانەی ئیسلامیی گشتییە. ژمارە ١-٢ ساڵی ٣، موحەررەم - سەفەر ١٤١١ (ئاب- ئەیلوول ١٩٩٠).

- تۆرەڤان: کۆڤارەکە کوردی یا چاندی و تۆرەڤانییە، هەژمار ٣، مەها تەباخ ١٩٩٠.

- کۆمار: باڵاوکراوەی بیروڕای کوردەکانی دەرەوەی وڵاتە کە بۆ سەربەخۆیی کوردستان تێدەکۆشن. ژمارەی یەکەم، خەزەڵوەری ١٩٩٠.

- پێشەنگ: گۆڤارێکی رامیاری و رۆشنبیرییە، راگەیاندنی ناوەندی پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان دەری دەکات، ژمارە ٢٠، ساڵی حەوتەم، تەمووزی ١٩٩٠.

-Kurdernas vänner

(دۆستانی کورد): وەرزنامەیەکی راگەیاندنی مەسیحیانەیە، ژمارە ٢ ساڵی شەشەم، ئاپریلی ١٩٩٠.

- البندقية: لسان حال حركة المسلمين الاكراد الفيليين، العدد ٤٧ (١٥ آذار ١٩٩٠).

- صدى كردستان: يصدره الحزب الديمقراطي الكردستاني- العراق/مكتب لبنان العدد ٣١، اوائل ايار/ العدد ٣٢ اوائل تموز ١٩٩٠.

- أخبار كردستان، نشرة أخبارية يصدرها قسم الاعلام في المكتب السياسي للحزب الديمقراطي الكردستاني- العراق العدد ١٩٢، السنة ١٩٩٠/٣/٤،١١.

- الثقافة الكردية: مجلة ثقافية عامة يصدرها المركز الثقافي الكردي في لندن، العدد ٢، آذار ١٩٩٠.

- گەل (الشعب)، لسان حال حزب الشعب الديمقراطي الكردستاني، العدد ٣٧، اوائل آذار ١٩٩٠.

- زاگروس: صحيفة عامة تصدر عن دار زاگروس الكردية في الولايات المتحدة الامريكية، العدد الرابع، ايار- حزيران ١٩٩٠.

- صدى كردستان: الحزب الديمقراطي الكردستاني- العراق/ مكتب لبنان العدد ٣٣ اواسط آب ١٩٩٠

- طريق الحرية: الجريدة المركزية للحزب الاشتراكي الكردستاني- العراق، العدد ٢١، السنة العاشرة، حزيران-تموز ١٩٩٠.

ئەریستۆ و سەججادی

وتی: من چەند بەرهەمێکی رەسەنم هەیە، لە دووری بنی دنیاوە دەناسرێنەوە کە هی کوردن: کتێبی کوردواری، مێژووی ئەدەبی کوردی، رشتەی مرواری و نرخ شناسی... ئەم کتێبانەم زۆر خۆش دەوێن و خەونی ئەم دیو و ئەو دیومن. ئەمجا وتی کتێبێکی ترم ئامادەیە لەسەر گیانەوەر و ئەندامەکانێتی. وتم مامۆستا، ئەریستۆش کتێبێکی وای هەیە. وتی: بەڵێ، [بەڵام] هێندەکەی من بە کوردییە.

یادی سەججادی، بەغدا - ١٩٨٧، ل ١١٥. □